پەڕتووك
www.pertwk.com
ئەم پەڕتووكخانەیە هی هەموو كەسێكە و هیچ كەسێكیش خاوەنی نیە!

چاپی دووەم

ئاسۆ جەبار

# كۆمەڵگای داخراو

## ڕۆشنبیر ، دەسەڵات ، كۆمەڵگا

وتارو لێكۆڵینەوە

2005

# کۆمەڵگای داخراو

نوسەر : ئاسۆ جەبار
بابەت : وتارو لێکۆڵینەوە
تایپ: رۆشنا غەریب
کلێشەسازی : یادگار ئەورەحمان
تابلۆی سەربەرگ: هونەرمەندی شێوەکار سەروەت ئەنوەر سەوز
چاپی یەکەم : بەڕێوبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە 2004
چاپی دووەم: چاپخانەی چوارچرا 2005
تیراژ : 1000 دانە
ژمارەی سپاردن : (209)ی ساڵی 2004
فەرزی بەرگ : ئەندازیار سامان محەمەد ساڵح

ئەدرەسی نوسەر
asoyasamin@hotmail.com
asoara@yahoo.com

پێشکەشە ...

**بە نەوەیەك كە لەدەرەوەی کەلاوە مەعریفییەکانی سەلەفیەت و کۆمەڵگای داخراو دنیابینییەکی جیاوازو خەیاڵگەیەکی دیکەی هەیە..**

***ئاسۆ جەبار***

## کۆمەڵگای داخراو

# گەندەڵی ڕوناکبیریی

هەموو شتێکی مۆدێرن نەك لەگەڵ نەریتی "دوێنێ"دا بەڵکو لەگەڵ بارودۆخی "ئەمڕۆ"شدا دەجەنگێ. **(بۆدلێر)**

*دەروازە :*

**رۆشنبیری نوێخواز لەگەڵ جەمسەرە کولتوری و فیکرییەکانی دنیادا لەگفتوگۆدایە، بۆیە دروستکردنی کولتورێکی رۆشنبیری سەربەخۆو پێشکەوتوو پێویستی بەسەرنجدان لە پرۆسەی کولتوری لەجیهانی ئیمڕۆدا هەیە، لەیادمان نەچێت کە هەسارەکەمان تەنها لە ڕووی سیاسیو ئابورییەوە بچوك نەبۆتەوە، بەڵکو لەلایەنی کولتوریو فیکریشەوە ئاسمانەکانی جیهانی ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ لێکترنزیك دەبنەوە.[1] لەپاڵ ئەم رۆشنبیرەدا، لە تەنیشت ئەم دنیابینییەوە رۆشنبیرێك هەیە تا سەرئێسقان دنیا پەراوێزەکەی بەسەر خۆیو کۆمەڵگەو حیزبو کولتورەکەیدا داخستووە، بەهەمان شێوە کولتوری ڕوانینی ئەو جۆرە رۆشنبیرییە لە ترادسیۆنێکی فەقیردا دەگوزەرێ، جیهانبینیو دنیابینییەکەی ناگاتە جیاوازییەکی دیکەو فەزایەکی دیکە، هاوکات بەهۆی ئەو داخرانە سەرتاسەرییەوە کە بووەتە سیماو پێکهاتەکەی دنیاکانی دەرەوەی خۆی ناناسێو ناتوانێت لێیان تێبگات، هاوکات ناتوانێت جیاوازییەکانیش قبوڵبکات. ئەو رۆشنبیرەی کە بەلایەنی کەمەوە ناتوانێت دنیاکەی خۆی راڤەبکات، کولتوری خۆی بناسێ، شتێکی دیکەو روانینێکی دیکەی هەبێت لەدەرەوەی ترادسیۆنی باوی ژیانو روانینی مێگەلو کۆمەڵگەکەی، ئەوەی پێی وایە دنیا لە زاراوە داخراوەکانی ئەودا تەواودەبێ، لە ئایدۆلۆژیا داخراوەکەی ئەودا تەواو دەبێ، ئەوەی ژیانی کورتکردۆتەوە بۆ ناوچەیەکی ژێر دەسەلاَتە لۆکەڵییەکەی خۆی، ئەوەشی پێی وایە دەبێت ببێت بەگوێ بۆ بیستنی دروشمەکانی، ئەوا ئەو رۆشنبیرە یان ئەو بوونەرە کەسێکی تاڕادەیەکی بێ مانا داخراوەو تا ڕادەیەکی پێکەنیناوی سەلەفییە.**

**ئەوەمان لەبیر نەچێت" سەلەفییەتو چەمکی سەلەفییەت تەنها دیوێکی نییەو لەیەك ڕووبەردا ناگوزەرێ، دەشێ سەلەفیەت حیزبێك بێت، دەشێ مەزهەبو بزوتنەوەیەکی ئاینی بێت، دەشێت نەریتی پارێزەرانی کولتورو کۆمەڵگەو دەسەلاَت بن، دەشێت بەناو رۆشنبیر یان دەزگایەکی روناکبیریو مەدەنی بێت بۆ پەروەدەکردنی ئەندامانی گوێڕایەڵو بوونەوەری بێدەنگ، سەلەفیەت لەبەردەم لێکدانەوەو راڤەکردنێکی بەختیار عەلیدا دەگاتە دەرئەنجامی دوو قەیرانی گەورە، کە دەڵێ: "سەلەفیەت بەدەست دوو کێشەی گەورەوە دەناڵێنێ یەکمیان/ سەلەفیەت بەردەوام خوازیاری ئەوەیە خۆی لەسەردەمە تازەکاندا دووبارە بکاتەوە هەرگیزیش دەستبەرداری ئەو ئارەزووە نابێت. دووەمیش سەلەفیەت لەبەرامبەر پرسیارو کێشەکانی ئەمڕۆدا هیچی دیاریکراوی نییە بیڵێت، وە لەقەیرانی ئەوەدا دەژی کە وەلاَمی کێشە مەعریفیو شارستانیو فیکرییەکانی ئەم ساتەی بۆ نادرێتەوە"[2]. سەلەفیەت تەنها خاڵی بەتاڵبوونەوە نییە لە کۆنخوازی(کۆنزێرڤاتیڤ)و نەریتخوازیدا، هاوکات شتێك نییە لە مێژوویەکی تایبەتو دیاریکراودا بژیو بەسەرچێ، قوتابخانەیەکی فیکریو مەعریفی نییە میتۆدو شێوازی کارو ئەرکو روانینی دیاریبکرێتو رووبەرەکانی گفتوگۆی بزانرێت، بەلاَم سەلەفیەت لە توانایدایە خۆی لەسەردەمە نوێکاندا دووبارەبکاتەوە، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین قەیران بۆ سەلەفیەت لەلای عەقڵی سەلەف قەیرانێکی ئەوتۆ نییە، چونکە سەلەفیەت شێوازگەلێکی هەمەڕەنگی کولتوریو رۆشنبیریو ژیاری هەیە بۆ ئەوەی زۆر بەئاسانی لەسەردەمە نوێکاندا خۆی دووبارەبکاتەوەو زۆر بەسانایی تەفسیری ژیانو سیاسەتو کۆمەڵگاو کولتورو روناکبیری بکات، هاوکات لەتواناشیدایە خەیاڵگەیەکی بەرفراوان بۆ دروشمەکانی دروستبکات، قەیرانەکەش لێرەدایە.**

**ئەو دروشمو مژدانەی رۆژانە بەر گوێمان دەکەونو بۆ ساتێك خەیاڵمان بەرەو وەهمەکانی رادەکێشێ هەر لەخۆڕا نییەو گوتارێکی راگوزەر نییەو تێپەڕێ، ئەو دروشمانەی مژدەی ژیانو گوزەرانێکی باشتر دەدەن بە چاوو گوێی هاولاَتیاندا، ئەو دروشمانەی بانگی سەرکەوتنو یەکالایکردنەوە دەدەن بەگوێی مندالاَنی کۆمەڵگەو هاولاَتیانی بێئاگادا لەخۆڕا نییەو مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەر لەسەرەتای شارستانییەوە ئەم بارودۆخە بۆ مژدەبەخشو پێغەمبەرانو دەسەلاَتدارانو دیکتاتۆرو فاشییەکانو سەرکردە حیزبییەکان لەئارادابووەو تا ئەوڕۆکەش حاڵەتێکی لەوجۆرە جێی گومانو پرسیار نەبووە لای هاولاَتیانو مەعشەری گوێگرانو سەرلەبەری کۆمەڵگا.**

**لێرەدا ئەگەر بەتەنها بگەڕێینەوە بۆ ئەو گەندەڵییە روناکبیرییەی کە لەپاڵ ئەو رۆشنبیرییە دنیابینو نوێخوازو سەربەخۆیەدا ئەژی، ئەوا دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ تێڕوانینێکی بەختیار عەلی لەسەر رۆشنبیر کە دەڵێ : " لێرەوە ناتوانم بە کادیری حیزبیو بە مامۆستاکانی ئامۆژشکار بڵێم رۆشنبیر، ناتوانم بە ئەندازیارێك کە ڕێگە دەکێشێتو پیاوێکی ئاینی کە پێشنوێژی دەکات، بڵێم رۆشنبیر، بە حاکمێك کە لە**

[1]-مۆدێرنێتە، دیموکراسیو رۆشنبیران، رامین جەیهانبگلو، و. موسڵح ئیروانیو موراد حەکیم. چاپی دەزگای چاپو بلاَوکردنەوەی موکریانی /2002 /لا97

[2]-بڕوانە گۆڤاری رەهەند،ژ 5/1998،دیارو نادیار/ ئیمپراتۆرییەتی وەهم، بەختیار عەلی،ل40

**دادگا حوکم دەکاتو ماموٚستایەك لە ئامادەیی یان لە زانکوٚ وانە دەڵێتەوە، سیاسەتمەندارێك خوتبە دەداتو تەبلیغو تـەحریزدەکات بڵـێم روٚشنبیر[3] . کەواتە روٚشنبیر کێیە، ئایا روٚشنبیر ئەو بوونەوەرە نوێخوازو سەربەخوٚیەیە کە رامین جەیهانبگلو جیای دەکاتەوەو راڤەی دەکـات، یان روٚشنبیر ئەو کەسەیە کە هەڵدەسێت بە سەخترینو ئاڵوٚزترینو وردەکارترین پرِوٚسە کە ئەویش بەشـداریکردنە لـە دیـاریکردنی مانـای وشەی (کوٚن)و (نویٚ)دا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کە بەختیار عەلی بەبەخشینی جورئەتو بوێری پێناسەیان دەکات؟ روٚشنبیر تێکەڵەیەکە لەم دوو تەفسیرە، بەڵام بە تەواوی جیاوازییەکانەوە، بەرِاستی ئەگەر ئـەو جورئـەتو ئازاییـە لـە روٚشـنبیرانی نوێخـوازو سـەربەخوٚ دامـاڵی روٚشنبیرییەکی هەزیلو نەخوٚشو بێدەسەڵاتمان دەستدەکەوێت، بەمانایەك کاتێك روٚشنبیر دەگاتە رادەی سـەربەخوٚیی کـە نـەریتی کـوٚنو ترادسیٚونی باوی روانینی دامەزراوە داخراوەکان قبوڵناکات، کاتێك دەڵێت نەخێر بوٚ داخستنو سەررِاوەشاندن بـوٚ دروشـمو مـژدەکان، بـوٚ پێشنیاری لێکچوونو رەتکردنەوەی جیاوازییەکان، بەلایەنی کەمەوە ئەو جوٚرە لە روٚشنبیری سەربەخوٚ لە گەمەکانی دەسەڵاتو حیزبو دنیا داخراوەکانی حیزبدا بەشداری ناکات بوٚ خوٚشکردنی ئاگری داخستنو ململانێی ناوچەییو دروسـتکردنی رِقو جیاکردنـەوەی روٚشـنبیرە نوێخوازەکان بەوەی کە هیچ شـتێکیان بـوٚ کوٚمـەڵگاو حیـزبو دەسـەڵات نـەکردووە، ئـەوەی پێـی وایـە روٚشـنبیر کـائینێکی گوێرِایەڵـە، بوونەوەرێکی ملهورِە، فەرزەندەیـەکی عاقڵـە، پێشـمەرگەیەکی گیـان لەسەردەسـتە خـەیاڵیان لـە وەهمێکـی سەرتاسـەرییدا دەخولێتـەوە، لەبەرئەوەی روٚشنبیری جدیو نوێخواز ئەو روٚشنبیرە سەربەخوٚو ئازادەیە کە رەخنەی توندو راڤەکردنی جیاوازی هەیـە بەرامبـەر دەسـەڵاتو حیزبو کوٚمـەڵگاو نـەریتو ئـەو خێڵـە روٚشـنبیرانەی لـەپاڵ حیـزبو دەسـەڵاتدا لافـی سـەربەخوٚیی نویخـوازی لێـدەدەنو موزایـەدە بـە گوێرِایەڵیانەوە دەکەنو وێنەی روٚشنبیران لای خەڵكو حکومەتو دامودەزگاکان ناشرین دەکەن. بێگومان لەم رەخنانەوە دەگەینە ئەوەی دەسەڵاتی روٚشنبیر جوٚرە دەسەڵاتێکی رەمزییە، واتە دەسەڵاتێکی ماددیو یان ئابوری نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی رەمزییـە، واتـە دەسـەڵاتی قسەکردنو نوسینی هەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی شمشێرو پـارەدا. بـەڵام دواجـار ئـەویش هـەر دەسـەڵاتە.[4] ئـەوەی پێـی وایـە روٚشـنبیر لـە پەراوێزدایە، یان روٚشنبیران خویان رازین بەو قسەیەی کـە بـەردەوام باسـی لێـوەدەکریٚ کـە دەڵـیٚ روٚشـنبیر لـە پـەراوێزی دامودەزگـاو حکومەتو کوٚمەڵگادایە، ئەوا ئەم رازیبوونە دەستەموٚبوونو دوورکەوتنـەوەی روٚشـنبیرانی لێدەکەوێتـەوە، لەبەرئـەوەی لـەم حاڵەتـەدا ئـەو روٚشنبیرانەی لەناوەوەی حیزبو دەسەڵاتو دامەزراوە حیزبییەکانداندو بیٚ رەخنە ماونەتەوە شانازی بە سەنتەرییوونی خوٚیانو پەراوێزبوونی ئەوانی دیکەوە دەکەن(کە ئەمەش بوٚخوٚی یوٚتوٚبیایەکی ناشـرینو کاتییـە)، لەبەرئـەوە پـتر شـەیدای ئـەو دەسـتەموٚبوونەن، هاوکـات ئـەو روٚشنبیرانەی کە رازین بە پەراوێزبوونی خوٚیانو بەردەوام ئەو بەیتو بالوٚرەیەوە دەڵێنەوە تـا رِادەی داخـران بەسـەر ئـەو رازیبوونـەدا دوور دەکەونەوە لە کوٚمەڵگاو رەخنەکانی، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم رِایانەوە ئەو روٚشنبیرە سەربەخوٚو ئازادانەی خەمی گوٚرِانو راڤەکردنو رەخنە دایگرتوون کاریگەرییەکی ئەوتوٚیان هەیە لەسەر کوٚمەڵگاو جەماوەرو قوتابیانی زانکوٚو توێژی لاوانو نەوە نوێکان، لەبەرئەوەی نوسـەرانو داهێنەران چوٚن مەحکومن بەگەرِان لە دوای ئازادیو جوانی لە تێکستدا، ئاوەهاش مەحکومن بـە گـەرِان لـە دوای ئـازادیو جـوانی لـە ژیاندا، چوٚن مەحکومن بە شکاندنی تابوٚو قەدەغەو حەرامی کایە ئەدەبیو هونەرییەکان مەحکومیشن بە ململانـیٚ دژی هـەموو قەدەغـەو حەرامێك کە رووبەرِێك لە حەقیقەتو ئازادی لەدەرەوەو لە ژیاندا زەوتدەکات،..[5]**

**لە کوٚتایی ئەم سەرەتایەدا دەڵێین کەمنین ئەو دامودەزگا روٚشنبیریو بەناو مەدەنییانـەی موزایـەدە بـە ئـەرکی روٚشـنبیریو روٚناکبیرییـەوە دەکەنو هیچ ئەرکێکی گوٚرانکاری ئەوتوٚیان نەخستوٚتە سەر ئەستوٚی خوٚیان، هاوکات هەندێك لەو دامەزراوانە لە پێنـاو نزیکبوونـەوە لـە حیـزبو بەرەکەتی حیزب دەستبەرداری ئەرکی روٚشنبیری خوٚیان بوونو لە ژێر ساباتی ئەو رِێزەدا دنیایەك جیاوازیو دنیایەك نەوەی دیکەیان فرِێداوەتـە دەرەوەی بازنە داخراوەکانی خوٚیان. هەروەها حەقیقەتێکی تاڵیش لە ئارادایە هەندێك لەو کاربەدەستە روٚشنبیرانە یـان نوسـەرانە یـان حیزبیانـە پێیان وایە روٚشنبیریو بوارە جیاجیاکانی روناکبیری تەنها بە میرات بوٚ ئەوان ماوەتەوەو دەبێت موچەکەیان بگاتە دە ئەوەنـدەی روٚشـنبیرێك یـان**

---

[3] روٚشنبیر ،کوٚمەڵگا، دیموکراسیەت- چەند سەرنجێک بە پێنووسی : بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانع، ئاراس فەتاح. لە بلاٚوکراوەکانی نیٚوەندی رەهەند بوٚ لیٚکوٚڵینەوەی کوردی،2000 ل5

[4] بیری رەخنەیی هاوچەرخ- کوٚمەڵیٚ وتار —و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد- لە وتاری رەخنە لە روٚشنبیر – قەیرانی روٚشنبیر- عەلی حەرب- لا 123

[5] بەختیار عەلی – روٚشنبیر ، کوٚمەڵگا، دیموکراسیەت- لا 7-8

هونەرمەندێكی سەربەخۆو لەسەر ئەو كورسییە میراتییە شەق لە خەونە نوێكانی ئەو شەپۆلە نوێیە بدەن كە لە دەرەوەی ئەواندا دەژین و دنیـابینیو جیهانبینێكی جیاوازیان هەیەو بەئاڕاستەیەكی دیكەو بەڕوانینێكی دیكە دەڕواننە ئەركی ڕۆشنبیریو خەمی گەورەتریان هەیە.

دەرەئەنجامی هەموو بێدەنگییەك بەرامبەر ناعەدالـەتیو سـتەمكاریو لەقاڵبـدان و مۆنۆپـۆلیزەكردنی سەرچـاوە ئـابووریو فەرهەنگییـەكانی هاوڵاتیان بەگشتی دنیایەك دیكتاتۆری بچوكمان بۆ دروستدەكات، كە لەخراپترین حاڵەتدا بارودۆخەكە زۆر بێماناتر دەبێت لەو ژیانەی كـە لـەژێر سایەی دیكتاتۆرە گەورەكان و دەسەڵاتە تۆتالیتارییەكاندا لەئارادایە.

# ڕۆشنبیر و کۆمەڵگای داخراو

**-ڕۆشنبیرو دەسەڵات**

**-مۆدێلی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای داخراو**

**-ڕۆشنبیر بوونەورێکی قسەکەرە**

**-سەلەفیەت و کەلاوە مەعریفییەکانی**

## ڕۆشنبیرو دەسەڵات

"ڕۆڵی ڕۆشنبیر گۆڕینی جیهان نییە، بەڵکو وەفاداربوونە بۆ ئامانجێك کە پارێزگاریلێکردنی بۆ ئەخلاقیاتی ئادەمیزاد پێویستە" ژولین بەندا

**دەروازەی باسەکەمان تەرخاندەکەین بۆ ئاستێکی پێشکەوتوی شارستانی، ئەویش دەروازەیەکە لەسەر کایەو پێکهاتەیەکی جیاواز لە ستراکتۆری کۆمەلأیەتی کۆمەڵگاو دەسەڵاتو کاریگەرییە بنچینەییەکانی ئەو ئاستە دیاریکراوەی ژیاری. کاتێك باس لەڕۆشنبیر دەکەین ناکرێ باس لە وێنەکانی دیکەو مەوداکانی دیکەی نەکەین، ناکرێ باس لە کۆمەڵگایەك نەکەین، کە بەلایەنی کەمەوە قسەکردنە لەسەر دەسەلأتو ترادسیۆنو نەریتە بەرجەستەبووەکانی کۆمەڵگا. هاوکات قسەکردنیشە لەسەر ئاستە جیاجیاکانی مەعریفە، لەکاتێکدا کە ئەو ستراکتۆرە دەخەینە بەرباس، ناکرێ ڕووبەڕوو نەبینەوە لەگەڵ چەمکی ڕەخنەو مۆدێرنەو دیاردە فیکریو فەلسەفییە نوێکانی.**

**لەبەرئەوە دەکرێ بەر لەهەر سەرتاکەیەك باس لەخودی ڕۆشنبیر بکەین، وەك بوونەوەرێکی نوێ لەدنیای نوێی گۆڕانکاریو دیاردەو دنیابینییەکاندا. وەك کاستۆریا دیسدا دەڵێ: "ڕۆشنبیر کەسانێکن کە هەر پیشەو هونەرێکیان هەبێت، هەوڵدەدەن لە بازنەی پسپۆڕی بچنە دەرەوەو چالاکانە سەرنجی ئەو دیاردانە بدەن کە لە کۆمەڵگادا هەنو ڕوودەدەنو بەکارهێنانی گوتەو دەربڕینی ڕاستەوخۆی بیرو هزرە گشتییەکان توانیویانە یان دەتوانن لەگۆڕینی کۆمەڵگەکەیانو ڕێڕەوی مێژوودا کاریگەرییان**

هەبێت"[1]. رۆشنبیر وەك هەموو مرۆڤێکی دیکەی سەر رووی ئەم هەسارەیە بوونەورێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوە بێبەش نییەو تەواوی پەیوەستە بە پەیوەندییەکانەوە، هاوکات هەموو پێکهاتەو کایە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریو شارستانییەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان کاردەکەنە سەر رۆشنبیر. هەڵبەت رۆشنبیر لە دەرەوەی بازنەو ناوەندە دۆگماتیکیو کۆنکرێتییەکاندا ناژی، بەڵکە رۆشنبیر لەناوەوەڕا کاریگەرە بەتەواوی ئەو کایەو پێکهاتانە. لێرەدا دەگەینە سەر رۆشنبیرو دەسەڵات، کاتێك باس لە دەسەڵات دەکرێ، تەنها باس لەدەسەڵاتی سیاسیو دەسەڵاتی حوکم ناکەین، بەڵکە تەواوی ئەو کایەو ئاڕاستەو ناوەندانە جۆرە دەسەڵاتێك بەکاردەهێنن کە تەنها لە رەهەندو مەوداو کاریگەریدا جیاوازن، بەڵام لەماناو بەهاو ستراکتۆردا هەمان رۆڵو کاریگەرییان هەیە. کاتێك باس لە کۆمەڵگا دەکەین کە خوازیاری داگیرکردنی سەرلەبەری پانتاییەکانە، ئەو دەسەڵاتە بەردەوام خوازیارە نەوەکانی لە ترادسیۆنو کولتورو بیرکردنەوەو روانینێکی نەریتیی باودا داگیربکات، کە دەرچوون لێی مەحاڵییەکی گەورە بۆ کەسی جیاواز دروستبکات. هاوکات ئەو دەسەڵاتە ترادسیۆنە مرۆڤەکان لەسەر سیستمێکی بیرکردنەوەی تاکئاراستەییو گونجاو رادەهێنێت، ئەو دەسەڵاتە لە توانایدایە سەرلەبەری بیرلێکردنەوە جیاوازەکانو تەواوی رەخنەکان لەخۆیدا غەرقبکات. لەبەرئەوە رۆشنبیر ئەو رەخنەگرەیە کە لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە قسەی خۆی هەیە، کە لە دەرەوەی ئەو بیروڕوانینە باوەی کۆمەڵگا بیرکردنەوەیەکی دیکەو خەیاڵگەیەکی دیکەی هەیە، لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتە مەودایەکی دیکەی لە جیاوازییەکان لەنێو خۆیدا هەڵگرتووەو ئاڕاستەی دەکات. بەمپێیە رۆشنبیر هاوتەریبە لەگەڵ رەخنەدا، بەڵام بەرامبەر ئەو رۆشنبیرەی کە رەخنە بەرهەمدەهێنێت، رۆشنبیرێك هەیە غەرقی ئەو ترادسیۆنەی دەسەڵاتە جیاوازەکانە، غەرقی ئەو قسەنەکردنو هیچ نەوتنەیە، ئەو رۆشنبیرە دەسەڵاتخوازە نەریتییە بەردەوام خوازیاری هێنانەکایەی جۆرێك لەتەباییە لەگەڵ ناوەندو ئاڕاستە باوەکاندا، بەردەوام لەهەوڵی دابینکردنی سەرزەمینە سەلامەتو تەندروستەکاندایە بۆ هێنانەکایەو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوەندە هەمەئاڕاستەکانی دەسەڵاتدا. رۆشنبیرێك لەزووربەی کۆمەڵگەکاندا لەئارادایە کە ستایشکارو سازشکاری دەسەڵاتو سیتمی حوکمو بەڕێوەبردنە، ئینکاری ئەم جۆرە رۆشنبیرە ناکرێو مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوەو روداوەکانو مێژووی فەلسەفە بۆمان دەسەلمێنێت.

لەراستیدا ئەوە رژێمە تۆتالیتارییەکان نین بەتها خۆیان دەکەن بەتەواوی پانتاییو کایەکانی کۆمەڵگادا، ئەوە دەسەڵاتە دیکتاتۆریو میلیتارییەکان نین بەتەنها خۆیان دەکەن بەماڵێكو کوچەو کۆلانێکداو ترسو دڵەڕاوکێو مەرگ بەرهەمدەهێنن، ئەوە دەسەڵاتو ستەمکاران نین بەتەنها تەواوی هاوڵاتیان دەچەوسێنەوەو مافە مەدەنیو دیموکراسیەکان پێشێلدەکەن، بەڵکە ئەو رۆشنبیرە ستایشکارو دەسەڵاتخوازو نەریتییە کە هاوبەشە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەگشتیو بەرنامەڕێژکردنی ستەمکاری بۆ خەساندنی گروپو دەستەو تاکەکان بەتاییەتی، ئەوە ئەو رۆشنبیرەیە لەپشت ئەو دەسەڵاتانەوە هاوپشتیوانو هاومەبەستو هاوبیری ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرانەیە، لەڕاستیدا لەپشت هەموو دیکتاتۆرێکەوە ڕۆشنبیرێکی گرگنو دەستەیەك لەڕۆشنبیرانی سەرکوتکەر ئامادەن، هاوکات لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا لەپشت هەموو سەرۆکێکەوە بێجگە لەیاریدەدەرانو موستەشارە بێئیشەکانی لەبوارە تایبەتەکاندا دەستەیەکی کەم لەو ڕۆشنبیرانە ئامادەن کە مجامەلەچییەکانی دەسەڵاتنو کار بۆ بچوکی خۆیانو ستەمکارییەکی مۆدرێن دەکەن، کە ئافەرین لەحوکمەتو دەسەڵات دەکەن، کە بەرچاوی دەسەڵاتو بەرچاوی ئاستی بیرکردنەوەی حوکمێکی عادیلانە تاریك دەکەنو یاسای جەنگەڵ(**کێ درەندەترو بەهێزترە ئەوە سەرووەرە**) دێننە ئاراوە، ئەوە ئەوجۆرە ڕۆشنبیرە نییە لەبەردەم مەکرەمەکانی دەسەڵاتدا چۆك دانەداتو نەترسێو ڕەخنە بگرێ، بەڵکە ئەو ڕۆشنبیرە ترسنۆکەیە کە سوژدەبەرو ستایشکاری دەسەڵاتە، ئەو بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بەهەمان ئەو هێزو هەیبەتەی دەسەڵاتە، جائیتر ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرو ستەمکاربێت یان دەسەڵاتیکی عادیلانەبێت، ئەو باکی بەوە نییە کامە دەسەڵات، کامە حوکم دەسەڵاتدارە، کامە کولتوری بیرکردنەوە پانتاییەکانی روانین داگیردەکات، کامە ئاین، کامە ئایدۆلۆژیا

*1-Cornelius Castoridis :le monde morcele.*

رامین جیهانبەگلو، مۆدێرنێتەوەو دیموکراسیو رۆشنبیران،و. موسڵح ئیروانیو موراد حەکیم، ل100

ستەمکارە، کامە جەلادە، کامە دیکتاتۆرە، ئەو بۆ ئەوەی لە سەرزەمینە حەرامکراوەکانی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە لەگەڵ جەلادترین و ناعادلانەترین دەسەڵاتدا پەیوەستنامەی خۆی دەبەستێت و پێبەندی خۆی چەندجارە دەکاتەوە"لەراستیدا کەس ناتوانێت ئەو رۆشنبیرە ئۆپۆرتۆنیست و زۆرناژەنانەی هێتلەر و ستالین و مۆسۆلۆنی و سەدام و دیکتاتۆرە بچوکەکانی کۆمەڵگا داخراوەکان لەیادکات ". ئەم تێڕوانینە بەو مانایە نیە کەئیتر دەسەڵاتێکی عادیلانە لەئارادابوو ئیتر ڕۆشنبیران ببنە ستایشکار و خزمەتکاری ئەو دەسەڵاتە، نەخێر ئەگەر دەسەڵاتێکی لەو جۆرە لەئارادا بوو دەبێت ڕۆشنبیری ڕەخنەگر بەهەمان تەفسیری ڕەخنەگرانەو ناچارکارانەی خۆی خزمەتی جیاوازیەکانی خۆی بکات و زیاتر لەئاستی کۆمەڵگایەکی کراوەو تەندروستدا کاریگەرییەکانی خۆی بەهێز بکات. دەبێت ئەوەشمان لەیادنەچێت؛ کەمنین و کەمنەبوون ئەو شاعیرانەی کە حاشییەی سەرۆك و پاشاو شاکان بوون و لە باخچەکانی پاشادا بەسەرشان و باڵی دەسەڵات و حیزب و حوکمە دیکتاتۆریەکاندا هەڵیان داوە، کەمنین ئەو ڕۆشنبیرانەی کە کاریان تەرجەمەکردنی شفرەو ڕەمزەکانی دەسەڵات بووە بۆ کۆمەڵگاو تەواوی ناوەندو ئاستەکانی ژیان و هاوڵاتیان زیاترو زیاتر چەواشەکردووە بە دەسەڵات، کەمنەبوون ئەو ڕۆشنبیرانەی لەبری چەکەکانی دەسەڵات و حوکوم قەڵەمیان دژی ئازادی و دژی مافەکانی هاوڵاتیان هەڵکێشاوە.

مێژوو پڕە لەو جۆرەو پڕە لە دووبارەبوونەوەی چەندین حاڵەتی لەو شێوە ڕۆشنبیرە دەسەڵاتخوازو و بەرژەوەندیخوازانە کەهیچ ناڵین و لەپشت دەسەڵاتە یەکلەدوایەکەکانەوە کاروئەرکی سیخوری و پاوانخوازی و پاشکۆخوازی و هوتافکێشانیان بەڕێوەبردووە. بەڵام بەرامبەر ئەو رۆشنبیرە رۆشنبیرێکی دیکە هەیە، کە تەواو جیاواز بیر دەکاتەوە، زۆر جیاوازترە لەفۆرم و ناوەڕۆك، رەمز، روانین، راڤەکاری و تێگەیشتن، ئەو رۆشنبیرە؛ رۆشنبیری رەخنەگرە، کە کاری رووتکردنەوەو داماڵین و ئابرووبردنی دەسەڵات و ناوەندە تاریکەکانی حوکم و ترادسیۆنە دخراوەکانە. عەلی حەرب دەڵێ:"رۆشنبیر تەنها رانەوەستاوە لەسەر راگەیاندنی سەربەخۆییەکەی لەدەوڵەت و دەزگاکان یان دەمچەورکردنەکانی، ئەو وەك کەسێکی بەرپرس لە بەهاو ئازادییەکان ئەو لەو باوەڕەدایە ئەرکەکەی خۆی بەوەستان لەریزی بەرهەڵستکاران یان بە بەکارهێنانی چەکی رەخنە جێبەجێدەکات بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە دەوڵەت دەزگاو دەسەڵاتەکان دەگوزەرێنن لەشێوەگەلی جیاوازو ستەمکارو ئیستغلالدا، یان ئابروبردنی ئەو شاردنەوەیەی کە ئالیاتەکانی چەواشەکاری و گەمەکردن بەڕاستییەکان و هەڵکەوتەکان دەیکەن، ئەمە دەربارەی رۆشنبیرێك گەر هەر چۆنێك بێت نمونەکەی: ئەو کێشە لەدەسەڵاتدا دەبینێت، ئیتر ئەو دەسەڵاتە ریفۆرمخواز بێت یان شۆرشگێر، ئەندامساز بێت یان تۆباوی، تێکەڵاو بێت یان ناتێکەڵاو."[2]، لێرەوە دەگەینە سەر کۆمەڵێك چەمکی دیکەو جیاوازو هاوپەیوەست بەیەکەوە، هەر لەرێی ئەم شیکارییەی عەلی حەربەوە رووبەڕوو دەبینەوە لەگەڵ خۆماندا، دووچاری بەرپرسیاریەتییەکی گشگیرو قورس دەبینەوە، دەکەوینە نیو راڕاییەکی گەورەو گرانەوە، لەبەرئەوە قسەکردن لەسەر رۆشنبیر بەجۆرێك لەجۆرەکانی قسەکردنە لەسەر ناوەندێکی گەورەی ترادسیۆن و پانتاییەکی ژیاری و هاوپەیوەست پێکەوە. بەلایەنی کەمەوە ناکرێ قسە لەسەر رۆشنبیر بکەین بەبێ ئەوەی قسە لەسەر دەسەڵات و ئەو ترادسیۆنە بکەین کە رووبەڕووی ئەو رەخنەو جیاوازیانە دەبێتەوە.

دەسەڵات بە هەموو شێوەکانییەوە، مەعریفەیەك لەپشتییەوە ئامادەیە، سەرباری ئەو درکە مەعریفییە ناوەندێکی گەورەو گرانی هێزی لەپشتەوەیە، هاوکات دەسەڵاتێك نییە لەدنیادا بەبێ کۆمەڵگاو بەبێ ترادسیۆن و بەبێ سوودوەرگرتن لەپارێزگارانی کولتورو کۆنزێرڤاتیڤەکان ئەرکی حوکم و داگیرکاری و بەڕێوەبردن جێبەجێ بکات، دەسەڵاتێك نییە لەدنیادا بەبێ هێزی کۆنتڕۆڵکردن و بەبێ ڕووبەڕووبونەوەو بەریەککەوتن ئەو ستەمکاریەی کە دەشێ بۆ ناوەندی ژیان جێبەجێ بکات، کەواتە دەسەڵات بەبێ کۆنتڕۆڵ ناژی، هاوکات فرسەتەکانی ژیانی دەسەڵات بەبێ داگیرکاری سەرلەبەری پانتاییەکان بەشێوازو ئامڕازی جیاجیا زۆرکەمە، ئەو ترادسیۆنی داگیرکارییەی دەسەڵات دەیخوازێ تەنها سیستمی بەڕێوەبردن و یاساو کارگێری مەعریفە نییە، بەڵکە ئەو داگیرکاریە لەو قاڵبە داخراوە دەرچووە کە تەنها داگیرکاریەکی کرداری بێت، بەڵکە داگیرکارییەکی ڕەمزی و

---

[2] عەلی حەرب، اوهام نوخبة او نقد المثقف، مرکز الثقافی العربی.1998،ل56

نەریتیو مۆراڵیو بیروکراتیە. کاتێك باس لەداگیرکاری ڕەمزی دەکرێ یەکرا دەسەلاَتو نەتەوەو ئاستە ژیاریەکەی کۆمەڵگامان دێتەوە بەردەم. یەکرا لەوە تێدەگین کە دەسەلاَت لەرێی ئەو ڕەمزە نەتەوەییو کۆمەلاَیەتیو ئاینیو کولتوریانەوە ئەقڵەکانو سۆزو ویژدانەکانو بیرکردنەوە دوورمەوداکان داگیر دەکات. ئەوەمان لەبیرنەچێت دەسەلاَت دەکارێ سەرلەبەری ڕەمزەکانی کۆمەڵگاو خەونەکانی نەتەوەیەك بکات بەموڵکی خۆی. دەتوانێت لەبری هەموومان خەون ببینێت. ئەگەر ئەو ڕستەیەی دوایی زیادەڕۆیی نەبێت کەمێك پێویستی بە نموونە جیهانیەکان هەیە؛ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەشێوەکانی دەسەلاَت. زۆربەی ئەو دەوڵەتانە کەرژێمە تۆلیتارییەکان بردویانە بەڕێوە، نمونەی بەرجەستەو زیندومان لەبەردەستایە، کە دەوڵەتێتێکی گەورەو زلهێزی وەك ڕوسیا، لەسەروەختی دامەزراندنی دەوڵەتی شیوعیو یەکێتی سۆڤیەتەوە تاکاتی بەڕێوەبردنی ستالینو دوابەدوای ئەو حوکمە ستەمکارییە تۆتالیتارییەش، بەتایبەتی لەتەواوی ئەو سەروەختانەدا دەسەلاَتی گشتیو حوکمی گشتیوخەونی گشتیو ڕەمزی گشتیو ئیرادەی گشتی حیز بیو دەسەلاَت ژیانو گوزەرانو بیرکردنەوەکانی داگیرکردبوو. لەهەناوی هەموو دەسەلاَتێکی تۆتالیتاریدا ڕژێمیکی دیکتاتۆری ئامادەیە، لەژێر هەمو دەسەلاَتێکی لەوشێوەیەدا دنیایەك جەلادو دنیایەك داگیرکەرو دنیایەك ڕەمزی سەروەری ئامادەیە، هاوکات لەژێر ئەو ڕژێمانەدا تاکە یەك ڕەهەندی بیرکردنەوەو تاکەیەك مەودای ڕوانین بۆی هەیە بژیو قسەی خۆی هەبێت کە ئەویش ڕوانینەکانی حیزبی دەسەلاَتەو بیرکردنەوەکانی حیزبی دەسلاَتدارە (هانا ئارنێت بەوردی لەکتێبی بنەماکانی تۆتالیتاریدا باس لەم حاڵتە دەکات)، بەهەمان شێوە لەسەروەختی ئەڵمانیای نازیەکانیشدا بەهەمان شێوە دەسەلاَت داگیرکاری ڕەمزو نەتەوە، خەون، تاکەکەس، کۆمەڵ، پانتایی، کایەو پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو کولتورو ئاینو ئابوریو سیاسیو ڕۆشنبیریەکان بوو. ئالیاتی کارکردنو ئەرکی دەسەلاَتی تۆتالیتاریو میلیتاری بریتیە لەکۆنترۆڵکردنو مۆنۆپۆلکردنی کۆمەڵگاو کولتورو ئاینو سیاسەتو ناوەندە ئابوریو دەزگاو سەنتەرەکان، ئەو دەسەلاَتانە بەبێ داگیرکاریو سەنترالیزەکردنی سەرلەبەری ژیانو جولاَنەوەکان لەخۆیدا ئەو سیستمی حوکمە دەبات بەڕێوە، ئەو بەبێ کوشتنی جیاوازیەکانو جولاَنەوەکانو ڕوانینەکانی دەرەوەی خۆی ناژی، ئەو بۆ ئەوەی ئەو دەسەلاَتە لۆکاڵیانەو ئەو جیاوازیانە لەخۆیدا بتوێنێتەوە پێویستیەکی زۆری بەڕەمزو خەیاڵو ستەمکاریو داگیرکاریو کۆنترۆڵکردنو زەبرو چەکو کوشتن هەیە.

دەسەلاَت بەمانای گشتیی ئەو هێزانە لەیەکەیەکی تایبەتی حوکمو کۆنترۆڵو مەعریفەدا کۆدەکاتەوە، ئەو بەبێ مەعریفەو بەبێ فەلسەفەیك ناتوانێت کاریگەر بێت لەسەر کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگاو کایەو پێکهاتەکانی، ئەو بەبێ کۆنترۆڵ بەئاسانی ناتوانێت حوکم بکات، بەبێ حوکم کردنیش ناتوانێت جەولەی دووەمی مەعریفەو کۆنترۆڵو دەسەلاَتی خۆی بەکاربەرێت، کەواتە دەسەلاَت جوگرافیایەکی دیاریکراوی نییە لە مەعریفەو کۆنترۆڵو داگیرکاری دا، هاوکات تەنها ڕاستەوخۆ کار لەسەر ئەو بەرنامەیە ناکات، بەڵکە دەسەلاَت لەرێی دەروازەگەلێکی ناڕاستەوخۆ کار بۆ دابینکردنی پانتایی زیاتری کۆنترۆڵکراو و ڕەخساو دەکات بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دسەلاَتو هەژموونەکانی. لەم نێوەندەدا ڕۆشنبیر یان ئەوەتا دەبێتە موڵكو پاشکۆکانی دەسەلاَتو ستایشکارو سازشکاری ستەمکاری دەبێت، وەك تەواوی کایەو پانتایەکانی دیکە بەشێوەیەکی ڕەمزی یان ڕاستەوخۆ یان وەکو ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگرو بەرهەڵستکار بەرامبەر دەسەلاَتە نادیارەکانی پشتەوەی ئەو دەسەلاَتو حوکمو دامودەزگاییەی دەسەلاَت. لێرەدا ڕۆشنبیری سەربەخۆو بەرپرسیار دەردەکەوێ بەرامبە ڕۆشنبیرێکی بێقسەو بێ ڕەخنەو تەبا لەگەڵ دەسەلاَتو حوکمو حیزبی دەسەلاَتدارو ناوەندە داخراوەکانی حوکمو ترادسیۆن." بەلاَم ڕۆشنبیری ڕەخنەیی کەسێکە کە دەشێت ئەو چرکەساتانە باشتر بناسێت کەدەسلاَت تایاندا ترسناكو ڕوخێنەرە یان بەرهەمهێنەرەو بوونیادکارە ئەو بۆ ئایدۆلۆژیستەکانو ئەندازیاری دەسەلاَت ئەو گێرشێوێنەیە کە شەرعیەتی پاوانکردنی حەقیقەتیان لێدەسێنێتەوە،چونکە بەرگری لەفرە کولتوریو فرە دەنگی سیاسیو فیکریو ئێستێتێکی ناو کولتوری کۆمەڵگا دەکات، کاتێکیش دیکتاتۆری تۆتالیتاریزمیش کەناڵکانی ئازادی تاكو گروپەکان دەخنکێنێ، ئەو دەبێتە ویژدانی ئەو میلەتە لەزیندان یان لەهاندەران"[3]، ڕۆشنبیری نوێخواز یان ڕۆشنبیری

[3] ڕۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، چەند سەرنجێک بەپێنوسی: بەختیار عەلی، مەریوان وریا، ئاراس فەتاح، ڕۆشنبیران لەنێوان ڕووداو بەرهەمهێنانی گوتاردا،ئاراس فەتاح، لەبلاَوکراوەکانی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، 2000،ل67

جیاواز لەنەوەکانی پێشوو، یان جیاواز لەو ترادسیۆنە داخراوەی بیرکردنەوەو ڕوانینە تاك ڕەهەندانەی کۆمەڵگاو دەسەڵات، ڕۆشنبیرێکە خوازیاری کرانەوەو لادانە لەرەعیەتیەکان، لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی گوتارێکی جیاوازی ئەم ڕۆشنبیریە وەستاوە لەسەر ئاستی دنیابینی ڕۆشنبیرو ئاستی تێگەیشتنی ڕۆشنبیر لەترادسیۆن و حوکم و نەریتی بەڕێوەبردن و ڕەخنە. هەڵبەت ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەو ڕۆشنبیرەیە کەکاری ڕوتکردنەوەو داماڵینە، کە ئەو دنیابینیەی ئەو توانستی بینین و دۆزینەوەی کۆنزێرفاتیڤەکانە لەپشتەوەی ڕوانگەو دروشمە درەوشاوەکانەوە، توانستی لێکۆڵین و ڕەچەڵەکناسی ئەو ڕۆشنبیرە بەئەندازەیەکی جیاوازە؛ کە لەتوانایدایە پێوەرە دۆگماکان بخوێنێتەوەو ئەو پەیوەستنامە ڕەمزیانەش هەڵوەشێنێتەوە کە لەنێوان مرۆڤ و پێشێلکارییەکاندا لەئارادیە، کە لەنێوان کلێشەسازییەکی وەهمی بەناوی سەرمایە ڕەمزی و نەتەوەییەکانەوە کار بۆ ئەو وردەکارییانە دەکەن.

ڕۆشنبیری نوێخواز بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە کاریزمیەی کەجیاوازیەکان و ڕوتبوونەوەو شەفافیەت قبوڵناکات تەنها ڕاڤەکردنی ئەو بارودۆخە ڕاناگەیەنێت، بەڵکە کار بۆ گەڵاڵەکردنی هزرێکی ڕەخنەیی دەکات، تا لەڕێیەوە ئەو ستراکتۆرە کۆنکرێتیە هەڵوەشێنێتەوە کە وێنەکانی دەسەڵاتی لەسەر دامەزراوەو تیایدا بەرجەستە بووە، ئەو ڕۆشنبیرەی خوازیاری هەڵکۆڵین و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کلێشەسازییە وەهمیەکانی ئەو دەسەڵاتە کاریزمییە، دەبێت بەلایەنی کەمەوە ئاگاداری بنەماکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە بێت، واتا دەبێت ئاگای لەو دەرئەنجامەی مۆدێرنە بێت کە دەڵێ:"نوێگەری ئەو جیهانە پیرۆزەی پارچە پارچەکرد کەلەیەك کاتدا خودایی و سروشتی بوو، بوونەوەرو شەفا بوو بەرامبەر بەعەقڵ، بەڵام جیهانی ئەقڵ و جیهانگیری شوێنی نەگرتەوە، هاوکات کاتێ نوێگەری ویستە کۆتاییەکانی بۆ جیهان ڕاگەیاند، مرۆڤ ناتوانێت پێیبگات،جیابوونەوە هاتە ئاراوە لەنێوان خودی دابەزی و لەئاسمانەوە بۆ زەوی کە ڕوخسارێکی بۆخۆی وەرگرت و لەنێوان جیهانی بابەتەکان کە تەکینەکات گەمەی پێدەکات، نوێگەری ئەو یەکبوونە جیهانییەی کە ئیرادەی خودایی درووستی کردبوو داگیرکردوو وێرانکردو خود جێی گرتەوە"[4].لێرەوە دەگەینە سەر مرۆڤی ئیرادەگەر کە بەرهەمی فەلسەفەی مۆدێرنەیە، لەنیتشەوە تا ئەورۆکە، ئەو زاراوەیە ناکەوێتە نێو کلێشەیەکی بەرجەستەوە بۆ ڕاڤەکردن و دۆزینەوەی پێناسەیەکی شیاو، ئەورۆکە باسکردن لەمرۆڤی ئیرادەگەر لەم سەردەمە جەنجاڵەدا کارێکی سەختە، لەبەرئەوەی تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی دنیای تەکنۆلۆژیاو فەلسەفەو جیهانگیری و تێکەڵاوبوونی کولتورەکان و دەسەڵاتی زانیارییە ژمارەییەکان وەك بوونەوەرێکی شەفاف تاسەرئێسقان کاڵبوونەتەوە. لەبەرئەوە ناکرێت لەم بوارە کەمەدا باسی مرۆڤی ئیرادەگەر بکرێت، بەڵام دەکرێت ڕۆشنبیری ئیرادەگەر بخەینە بەرباس و ڕاڤەکاری جیاوازەوە. ئێمە کاتێك باس لەڕۆشنبیرێك دەکەین ڕەخنەگرەو کاری ڕەتکردنەوەو داماڵینی دەسەڵاتە کۆنکرێتی و دۆگماتیکیەکانی ناو کۆمەڵگاو فەرهەنگی ڕوانین و هێزە سەرسەختەکانی سیستمی بیرکردنەوەی ناوەندە هۆشیارەکانی کۆمەڵگا بەگشتی، ئەوە باس لەڕۆشنبیرێکی ئیرادەگەر دەکەین.

بۆ ئەوەی لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتە داخراوەی کە قبوڵی جیاوازییەکان و ڕەخنەو پێشنیار ناکات و بەداخراویەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ سیستمی حوکمدا دەکات، بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو فەزای گۆڕان و جیاوازیانە بکەین، پێویستە بەر لەهەر شتێك باس لەدنیابینینەکانی نەوەیەك بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە سەر ڕوانینە داخراوەکان.

ترسی هەرە گەورەی ڕوانینە داخراوەکان و فەلسەفە داخراوەکان و کلێشەسازییە نەریتییەکان ترسە لەجیهانبینیەکانی دەرەوەی خۆیان، ترسە لەکرانەوەو ئازادییەکان، ئەو نیگەرانە بە هەڵوەشانەوەی ڕەهاکان و بنەماو بنچینە دۆگماکان، ئەو لەخەیاڵە لۆکاڵیەکەی خۆیدا دنیایەکی دروستکردووە داخراوتر لە سنورە نەریتییەکانی ژیانی، ئەو ڕەعیەتێکی پێشخۆی داوە کە لە زەویە بەپیتەکاندا نەبێت ناتوانن بژین، ئەو لەدەرەوەی ئەو زەویانە لەهیچ سەرزەمینێکی دیکەدا فرسەتەکانی ژیان و گوزەران و قسەکردنی لەئارادا نیین، ئەو لەدەرەوەی ڕوانینە داخراوەکانی لەهیچ مەودایەکی دیکەو ڕەهەندێکی دیکەدا قسەی خۆی نییە.

---

[4] -ناڵان تۆرین، نقد الحداثة، ل22-23

بەرلەهەر شتێك دەبێت ئەو ئاستی روانینە جیاوازە راڤەبکەین کە جیهانبینینییە؛ لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر تێڕوانینێکی بەختیار عەلی کە دەڵێ:" جیهانبینی قسەکەرێکی گەورەیە، قسەکەرێکی مێژووییە، بەهانە دەبەخشێتە سیستمێکی مەعریفی، چینێکی کۆمەڵایەتی، رەفتاری نەتەوەیەك، بەبێ جیهانبینی هەموو کایەکان، گوتارەکان، تیۆرەکان، بێ شوناس مێژووی خۆیان پیادەدەکەن، بەبێ جیهانبینی، چینەکانو نەتەوەکان بەبێ شوناس پراکتیکی مێژوویەکی ئاڵۆز ئەنجامدەدەن، مێژوویەك بکەرەکەی لەناو تاریکی(بێ مانایی) خۆیدا دەژی، لەمەعمەعای شوناسی خۆیدا دەژی. بەبێ جیهانبینی، مێژووی ئێمە دەبێتە رستێك رووداوی یەکلەدوایەکی (بێ مانا). خوێندنەوەشمان بۆ مێژوو دەبێتە گێڕانەوەی مێژوو، گێڕانەوەی رووداوەکان، نەوەك گێڕانەوەی ماناو چەمكو بۆچوون."[5]، کەواتە جیهانبینی هەوڵێکە بۆ گەلاڵەکردنی مانایەكو بەهایەکی جیاواز لەمەڕ خۆمان، بیرکردنەوەیەکە لەدەرەوەی کلێشەسازییەکان بۆ ناوەوەوی پێکهاتەکانو دواتر پەخشکردنی ئاڕاستەیەکی دیکەیە بۆ دەرەوەی خۆمان، لەکاتێکدا جیهانبینی ناچێتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی پێناسەو شوناسە نەریتییەکانی ئەو ستراکتۆرە داخراوانەوە. کاتێك دەوترێت جیهانبینی قسەکەرێکی گەورەیە، مانای ئەوەیە بەبێ جیهانبینی قسەیەکی جیاواز ناکرێ لەسەر کایەو ماناو پێکهاتە نامۆکانی ناو کۆمەڵگا، لەکاتێکدا هەموو قسەکردنێكو هەموو هیچ نەوتنێك رەتدەکاتەوە، هەموو بێدەنگییەكو سەرسامییەك قەرەباڵەغ دەکات، جیهانبینی دەتوانێت دیالۆگ لەنێوان دژەکانو جیاوازییەکاندا دروستبکات، ئەوەی کە رازی نییە بە سەرزەمینێکی دیاریکراوی هیچ نەوتن، ئەوە جیهانبینییە کە وێناکراوە دۆگماکان لەسەر شوناسو کۆمەڵگاو نەتەوەو پێکهاتەیەکی ژیاری رەتدەکاتەوە، ئەوە جیهانبینییە منو تۆ دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی گەورەوە لەبارەی خودی خۆمان وەك بوونەوەرێکی شەفافی ئەم هەسارەیە، دەربارەی دیاردەو گۆرانکارییەکان، دەربارەی ژیان لەدەرەوەی پانتاییە داخراوەکانی ئایدۆلۆژیاو ترادسیۆنی نەوەکانی پێشوو.

دنیای نوێ، دنیایەکە کە نەوەی کلێشەسازییەکانی مۆدێرنەیە کە بێبەش نییە لە دنیابینی، هەموو سەردەمێك بەجیاواز خاوەنی دنیابینییەکانی خۆیەتی، سەرجەم رەوتو بزوتنەوەو فەلسەفەکان لە دنیابینییە جیاوازەکانی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرنو هەر لەو وتەزایانەشەوە هزرو روانینو وێناکراوەکان ئاڕاستە دەگرن. لەبەرئەوە ئەگەر لێرەوە بچینەوە سەر تازەگەری، ئەوا تازەگەری کۆمەڵە روانینێکی دیکەی بۆ دنیابینیو روانینو قسەکردن، تێگەیشتنی مرۆڤی هێنایە گۆڕێ، مرۆڤی مۆدێرن بەرهەمی تازەگەرییەو سەرلەبەری ئەو دیاردەو نوێکاریو کارەساتانەی لەدوای دنیابینییەکانی تازەگەرییەوە هاتنە ئاراوە تا ئەوڕۆکە پانتاییەکانی پێشینەی خۆی بەجێنەهێشتووەو لەسەردەمی نوێدا جارێکی دیکە دەمانخاتە نێو کێشمەکێشەکانی خۆیەوە. تازەگەری لەراڤەکردنێکی هەرە سەرەتاییدا تەواوی ئەو رەخنە نوێیانەیە کە ئاڕاستەی دنیای کۆنو کولتوری نەوەکانی پێشوو دەکرێ، هاوکات کۆمەڵێك روانینی نوێیە لەوەرچەرخانێکی درێژخایەنی عەقڵی مرۆڤایەتییەوە هاتۆتە گۆڕێ، کەمتازۆر زۆرێك لە بیریارانی ئەو دیاردەیە دەیگەڕێننەوە بۆ دۆزینەوەی کەرەستە هەرە کاریگەرەکانی پرسیارو گومانی مرۆڤایەتی لەمێژووی دێرینو نوێی سەرهەڵدانی شارستانییەتو ئەو ئاستە ژیارییە ئاڵۆزەی سەردەمی نوێ، بۆ سەروەختێك کە تیایدا زۆرێك لەچوارچێوە دیاریکراوەکانی شوناسو راڤەکردنی دنیا کەوتونەتە بەرمەترسی هەڵوەشاندنەوەو فرە شوناسییەوە، هەڵبەت بەدیوێکدا ئەو پرسیارانە کۆمەڵێك رەخنەی جدی دێنێتە کایەوە، کۆمەڵە رەخنەیەك کە تەواوی نەریتی باوی روانینو بۆچونو تێگەیشتنەکانی مێژووی دێرینی بیرکردنەوەو عەقڵ دەخاتە بەرمەترسی هەڵوەشاندنەوەو راڤەکردنو گۆڕانکاریو ململانێوە.[6]

# مۆدێلی رۆشنبیریی کۆمەڵگای داخراو

[5] بەختیار عەلی، دیار/ نادیار(2)ئیمپراتۆرییەتی وەهم، مانای تازەگەریو پەیوەندی بەمیکانیزمی کارکردنی گوتارەکانەوە، گۆڤاری رەهەند، ژ5،1998،ل57

[6] تازەگەری، ئاسۆ جەبار ، لێکۆڵینەوە، 2002،ل27

کۆمەڵگای داخراو جۆرە کۆمەڵگایەکە کە تەواوی پانتاییەکانی ژیانو گوزەرانو کایەو پێکهاتەکانی بەئیرادەیەکی گشتیو بەخەیاڵێکی سەرتاپاگیر داگیرکردووە، لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا هیچ هێزێك لە هێزەکان، هیچ کایەك لە کایەکانو هیچ ڕێخراوێك لە ڕێکخراوەکانی خاوەنی شوناسی خۆیان نین، لەو کۆمەڵگایەدا تاکە یەك دنیابینیو تاکە یەك ڕوانینی گشتی بۆ دنیاو گۆڕانکاریو کولتورو مۆڕاڵ هەیە، لەکاتێکدا تاکە یەك حیکایەت تەواوی مرۆڤەکان لەخۆی کۆدەکاتەوە. ئەم کۆمەڵگانە تاکە یەك خەیاڵ تیایدا سەروەرە، ئەویش خەیاڵی داخستنو نەزانینی دنیاکانی دەرەوەی خۆیانە، ئەو کۆمەڵگایە لەڕێی کەناڵە جۆراوجۆرەکانییەوە پانتییە ژیارییەکانی دنیابینییە جیاوازەکان داگیردەکاتو لەئیرادەیەکی گشتی دۆگماتیکی هاوشێوەدا تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا تەیاردەکات. کۆمەڵگای داخراو قسەکەرێکی هەژموونگەرە کە بەناوی مۆڕاڵەوە تەواوی مرۆڤەکان جڵەودەکاتو سەرجەم جیاوازییەکان دەکوژێت، ئەو دەکاریٚ تەواوی سەرزەمینەکانی ڕوانین بەشێوەیەك لە شێوەکان بخاتە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو کولتورییەکانی خۆیەوە. ئەو بۆ مانەوەی دۆخی ئێستای داخران پێویستییەکی زۆری بە ستەمکاریو سەرکوتکردنی سەرلەبەری ئەو دەنگانە هەیە کە چیرۆکێکی دیکەیان هەیە بۆ ژیانو دیاردەکان، کە بیرکردنەوەو نەوەیەکی دیکەی دیالۆگیان لە جیاوازییەکانی خۆیاندا حەشارداوە. لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا ڕۆشنبیر دەبێت بە هەزار پارچەوە، لەزۆر شوێندا شوێنگەو جیاوازییەکانی خۆی وندەکات، دەسەڵاتی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە جۆرە ڕۆشنبیرێك بەرهەمدەهێنێت کە زۆر جیاوازترە لە ڕۆشنبیرانی دیکە، هەڵبەت قسەی ئێمە تەنها لەسەر ڕوویەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیر نییە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ڕۆشنبیر تێکەڵەیەکە لەبێدەنگیو ئایدۆلۆژیاو ئیرادەی گشتیو خەیاڵەکانی مێگەل، هاوکات ئەم نوسینە هەوڵێك نییە بۆ بەراوردکردنی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای کراوە بە ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای داخراو، نەخێر ئەم نوسینە پتر نزیکبوونەوەیە لە ئاستە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری لەکۆمەڵگای داخراودا، قسەکردنە لەسەر جیاکردنەوەیەکی پێویست لە ئاستە جیاوازەکانی ڕوانینو دنیابینییەکاندا. بەختیار عەلی سەبارەت بە ڕۆشنبیرو کۆمەڵگا هاوکێشەیەکی تازە پێشنیاردەکات: "تا پرۆسەکانی نوێکردنەوە لەهەندێ جومگەی وردو لەهەندێ دەماری نازکدا چالاکانەتر بن، کۆمەڵگایەکت دەبێت پتر گوتاری ڕۆشنبیرانەو تەفسیرکردنی دی بۆ دنیا قبوڵدەکات، واتە کێشەکە تەنیا ئەوە نییە ئایا ڕۆشنبیر قسەی کردووە یاخود نا، بەڵکو ئەوەیە ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە گوێ لەڕۆشنبیر بگرێت، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە ڕۆشنبیر دەنگدانەوەی بیرکردنەوەی خۆی تیا ببیستێتەوە، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە وەك یەك فرسەت بداتە هەموو ڕەنگەکان، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە لەجیاوازیی ساختەو وەهمی خوێناوییەوە بگوازێتەوە بۆ جیاوازی ڕاستەقینەو هێمنو دیالۆگساز. تەنیا لەو جۆرە کەشو هەوایەدا قسەی ڕۆشنبیر ماناو هێزی هەیەو شایستەی پرسیارلێکردنو بەدواداچوونە"[7]، ئەوەی بەختیار عەلی بەهاوکێشەیەکی میتۆدی قسەی لەسەر دەکات تەنها ڕۆشنبیرو کۆمەڵگا نییە بەتەنها وەك دوو پێکهاتەی پەیوەندیدارو کاریگەر بەیەکەتری، بەڵکە قسەکردنە لەسەر مەترسیدارترین بێدەنگی کە بەرهەمی هاوتەریببوونی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیرو دەسەڵاتە لەسەر ڕوویەکی فلاتی قسەنەکردنو هیچ نەوتنو هیچ نەکردنو داخستنی دەروازەکانی گفتوگۆو دیالۆگو بەریەککەوتن، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا شێوەیەك لە ڕۆشنبیری کۆنپارێزو نەریتپارێزو دۆگماپارێز هەیە کە خوازیاری داخستنی زیاتری ئاستە ژیاریو مۆڕاڵیو کولتورییەکەی کۆمەڵگایە، خوازیاری شێوە پەیوەندییەکی بچوکە لەگەڵ دەسەڵاتو حیزبو کایە ستەمسازەکانی کۆمەڵگادا، خوازیاری هێشتنەوەو نوێکردنەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانە، ئەو جۆرە لەڕۆشنبیر تاکە یەك حیکایەتی هەیە بۆ ئێستا، ئەو بەبێ سەروەرییە زائیفو وەهمییەکانی خۆی ناژی، ئەو بەبێ خەلقکردنی پاڵەوانە فریادرەسەکەی دەسەڵاتو نەوەکانی پێشوو فرسەتەکانی نوێبوونەوەی کەمترو کەمتردەبێتەوە.

لەم هاوکێشەیەوە دەگەینە کۆمەڵێك پرسیاری پێویست لەسەر ئاستی ئەو پەیوەندییە مەعریفیو ترادسیۆنییەی کە لەنێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵاتدا لەئارادایە؛ ئایا ڕۆشنبیر تەنها ئەو بوونەوەرە هەزیلە نییە لەبەردەم دەسەڵاتو تەماحەکانیدا ؟ ئایا کۆمەڵگا بۆ غەرقکردنی تەواوی دەنگەکان لەخۆیدا هێزی خامۆشکردنو فشارە یەك لەدوایەکەکانی بەکارناهێنێت بۆ ونکردنی

[7] بەختیار عەلی، چاوپێکەوتنێکو پاشکۆیەک دەربارەی پەیوەندی نێوان حیزبو ڕۆشنبیران، لەکتێبی: ڕۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسییەت، ساڵی2000،ل17

جیاوازییـەکانو دەنگدانـەوەکان؟ ئایا ئاسـتەکانی رۆشـنبیر تـەنها بچـوکبوونەوەیەکی پێوانەییـە لـەناو دەسـەڵاتو کۆمـەڵگای بەکاربەردا ؟ ئایا دەسەڵات ئەو دەریا بێئامانەیە کە رۆشنبیرانی تیـادا غەرقـدەبێتو ناگەڕێنـەوە؟ ئایـا وتـەزاکانی دەسـەڵات ئـەو بەهەشتی ونەیە بۆ رۆشنبیر؟

هـەموو دەسـەڵاتێك هـەڵقوڵاوی هەلومـەرجی کۆمەڵایـەتیو کولتـوریو ئـاینیو مـەعریفیو کۆمەڵگایـە، بەرهـەمی بەریەککەوتنی هێزەکانو ئاکامە جیاوازەکانە. لەبەرئەوە دەسەڵاتێك نییە لەدنیادا لەململانێی هێزە دیاریکراوەکانی ناو کۆمەڵگا هەڵنەقولابێت، دەسەڵاتێك نییە لە دنیادا لەخۆڕا خەڵقبووبێتو رێکەوتە سەیروسەمەرەکان دروستیان کردبێت، بـەڵام دەسـەڵات هەیە خۆی دەبێتە رێکەوتو لەقەدەری ئەو رێکەوتو ئـەو دووبارکردنەوانـەی خۆیدا دەمانـژێنێت. بەهـەرحاڵ بـۆ وەڵامدانـەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە دەبێت لەتاکە یەك دەروازەی روانینەوە نەڕوانینە ئەو بەریەککەوتنو پەیوەندیانە، دەبێت بگەڕێینەوە سەر ستراکتۆری رۆشنبیر وەك بونەوەرێکی لەبەریەکهەڵوەشاو کە پێوەرێکی دیاریکراو ناتوانێت ئاسـتە مـەعریفیو هزرییـەکانی بپێوێت.

رۆشنبیرو دنیای شتە پیرۆزەکان، دوو مـەودای تـەریبن لـە سـەرزەمینێکی داخـراو یـان کـراوەدا، دوو فـەزان بـۆ گەڵاڵـەکردنی روانینو چەملەو بۆچوونو رەخنەکان، هەردوو چەمکەکە لەسەرزەمێنێکی دیاریکراودا دەژین، بەڵام پەیوەستن بەیەکەوە. دنیای شتە پیرۆزەکان سەرجەم ئەو موقەدەساتانە دەگرێتـەوە کـە لەپانتاییـەکی دیـاریکراوی ژیـاریو کولتـوریو ئـاینیو کۆمەڵایـەتیو سیاسیدا پایەبەرزو بـەنرخو ویـژدانین، هاوکـات تـەواوی ئـەو شـتانەش دەگرێتـەوە کـە لـەلای هەریـەکێکمان بەجیاوازییـە هـەرە گەورەکانی خۆشمانەوە ئەو شتە پیرۆزانە رادەی پیرۆزیان لەئاستی جیاجیای بیرکردنەوەو روانینو هەڵوێستدایە. ئـالێرەوە مـنو تۆ لەتاکە یەك موقەدەسدا یەکدەگرینەوە، لەخاڵێکدا تەواوی نەتەوەیەك، کۆمەڵگایەك، هەموو پیـاوانی دینـیو سیاسـی لەسـەری کۆکن، کە رەنگە تاکە یەك شتی موقەدەس بێت وەك تاکە یەك بۆنەی نەتەوەیی یان دینـی یـان سیاسـیو هیچـی تـر، یـان رەنگـە تەواو موقەدەساتەکانی نەتەوەیەك تەواوی هێزەکانی کۆمەڵگایەكو تەواوی کایەو چینو توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان لەپانتاییـەکی گەورەی بیدەنگیدا یان ئاسایی یان لە هەڵچونێکی شۆڕشگێڕانەدا یان ئاینیدا کۆبکاتەوە.

هەڵبەت لێرەدا ئەم باسە تایبەتە بە قسەکردن لەسەر رۆشنبیرو پەیوەندی بە سەرجەم موقەدەساتەکانەوە، ئـەو رۆشـنبیرەی کە پەیوەستە بەتەواوی موقەدەساتەکانەوە بەبێ جیاوازیو وێناکراوێکی دیکـە لەسـەر هەنـدێکیان، ئـەوا دروشمـی هـیچ نـەوتنو بێدەنگی بەرامبەریان بەرزکردۆتـەوە، ئـەوا ئـەو رۆشـنبیرە بەتـەواوەتی پەیوەسـتە بـە مـۆڕاڵی گشـتی کۆمـەڵگاو ئاسـتی روانینـی نەوەکانی پێشووەوە، هاوکات ئەو رۆشنبیرەشی بەپێی بەژەوەندییە هەنوکییەکانی خۆی کە پێیدەڵێت هزر گەمەیـەکی ئـەخلاقی بەو موقەدەساتانەوە دەکاتو ئالیاتەکانی ونکردنی خۆی بەکاردەبات، تا لەڕێی ئەو دروشمە گەورانـەوە کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـات دەسەڵاتو سەرمایە ماددییو مەعنەوییەکانی خۆی پێکەوە بنێت(بەقەولی هاوڵاتیان ئەم کارە هەڵوێست فرۆشـتنەوەیەو هیچـی تر)، ئەوا ئەو جۆرە رۆشنبیرە تەواوی سەرمایە رەمزییەکانی رۆشنبیریو هزرییـەکانی خسـتۆتە بـەردەم مەترسـی کاڵبوونـەوەو گاڵتەجارییەکی گەورەوە کە لە نوکتەیەکی بێمانا دەچێ وەك ئـەو سـەربەخۆییەی دەروێشـێکی ئایـدۆلۆژیا بانگەشـەی بۆدەکـات، بەلایـەنی کەمـەوە ئـەو پانتاییـە سـیخناخە بەرژەوەنـدیخوازەی بەئەندازییـەك رووی حەقیقـەتو نـاڕەزایی رەخنـەکان بەئاراستەیەکی خراپدا دەبـاتو پـتر لەهـەوڵی داگیرکردنـی ئـەو ناوەنـدە جیاوازانەدایـەو لەهـەوڵی مۆنۆپـۆلکردنی دنیـای شـتە پیرۆزەکاندایە بۆخۆی بەبێ ئاوڕدانەوە لە هیچ شتێك کە ئاستەکانی روانینی هەڵبووەشێنێتەوە.

لەراڤەکردنی ئەم هاوکێشەیەوە، هەر لە سەرەتاوە دەکەوینە بەردەم ئاستە جیاوازەکانی رۆشنبیرو رۆشنبیران لەئاستە ژیاریو زینـدووەکانی بەریەککـەوتنو پەیوەنـدیدا، لێـرەوە دەگەینـە ئـەوەی کـە چیـتر نابێـت سەرسـام بـین بـە کۆمەڵگایـەك کـە جـۆرە رۆشنبیرێکی دەسەڵاتخوازو بەرژەوەندیخوازو موقەدەسات فرۆشەرەوە دروستدەکات، ناکرێ دەسخەرۆ بین بەناوەندێکی سیاسی کە رۆشنبیرانێك تا دەرەوەی ئاستی بینین بەرزدەکاتەوەو هیچ بەرهەمناهێنێت، لەبەرئەوە؛ پێویستمان بەڕاستکردنەوەی ماناکـانی رۆشنبیرو مەعریفە هەیە، پێویستیشمان بـە کۆمەڵگایـەكو سـتراکتۆرێکی سیاسـی هەیـە، ئـەو راسـتکردنەوەیە لـەئامێز بگرێـتو رۆشنبیر وەك راوێژکار یان کەرەستەی جوانسازیو رازاندنەوەی گۆڤارەکانو ئیستگەکانی تەماشانەکات، بەڵکو رۆشنبیر وەك ئـەو

مرۆڤە تەماشابكات كە دەتوانێت شتەكان رووتبكاتەوە، درۆو ئەفسانەكان بشكێنێت، هەموو ستەمە وردو درشتەكان بخوێنێتەوە، هەموو كەلەبەرەكانی ناو ئاكاری كۆمەڵایەتی ئاشكرابكات، دەسەڵاتی رابردوو رووتبكاتەوە، خراپ بەكارهێنانی موقەدەساتو قوربانییەكان بخاتە روو، ئەو میكانزمانە ئاشكرا بكات كە ئایدۆلۆژیاكان بۆ گوتنی نیوەی راستیو شاردنەوەی نیوەكەی دی. ئەو تاوانانە ئاشكرابكات كە كراون‌و لەبیركراون، ئەو تاوانبارانە ئاشكرابكات كە بەدەمامكی ترەوە دێنە سەر شانۆ، سنوری یاساكان گەورە بكات بۆ دابینكردنی ئازادی زۆرتر، سنووری یاساكانیش تەسكبكاتەوە بەجۆرێك پلەوپایەی سیاسی نەبێتە مایەی دادگاینەكردنی هیچ كەس. هۆشیارییەك دروستبكات كۆمەڵ لەسەر بچوكترین بڕ لەسامانی خۆی بتوانێت یەخەی لێپرسراوەكانی بگرێت، هەموو ئەوانە بەرێتە بەر دادگا كە لەمافی خۆیان زیاتر دەفڕێنن. رووبەڕی دەوڵەتو حیزبو دەسەڵاتداران بچووك‌و رووبەری دەزگا مەدەنی‌و كۆمەڵایەتییەكانی دیكە گەورەبكات.[8] ئائەوەیە جیاوازییەكانی رۆشنبیری رەخنەگر، بەرامبەر ئەو رۆشنبیرەی كە تەنها كار بۆ ئیستاتیكای دەسەڵاتو ئایدۆلۆژیاكان دەكات، كار بۆ بچوكردنەوەی قەوارەكانی روانین دەكات، لەهەوڵی شاردنەوەی ستەمكارییەكانی دەسەلاتو ئایدۆلۆژیاو حیزبدایە، ئەو بەردەوام لەهەوڵی جوانكردنی تەلارەكانی دەسەلاتو نەوەكانی پێشوودایە. ئەو جۆرە رۆشنبیرە ناراستەوخۆ خزمەتكارو نۆكەری دەسەلاتە یەكلەدوایەكەكانە، لەبەرئەوەی دەسەلات بۆخۆی پێویستی بەو رۆشنبیرە خزمەتكارو قسەنەكەرو بێدەنگو دەستەمۆییە كە بەردەوام نۆكەری خۆیو روانینەكانی دەخاتە خزمەتی ئەو پاداشتە بافلۆفییەی كە دەسەلات پێیدەبەخشێت.

لەدنیای مۆدرێندا هیچ روداوێك لەرووداوەكان، هیچ دیاردەیەك، هیچ گۆڕانێك، هیچ بابەتێك، هیچ شێوەیەك لە شێوەكان ناكەونە چوارچێوەی تاكە یەك مۆدێلەوە، هیچ شتێك نییە لەدنیادا تاكەیەك روو، تاكە یەك شوناسی دیاریكراوی هەبێتو لەجوڵەو گەشەكردن‌و جیاوازیو ئاڵوگۆڕكێدا نەبێت. لەبەرئەوە ناشتوانین تاكە یەك راڤەكردن‌و تاكە یەك شوناس دیاریبكەین بۆ رۆشنبیر، ئەو ئاستە ژیارییە پێشكەوتووە پتر لە مۆدێلێكو پتر لە مەودایەكی روانین دەخوازێت. لەبەرئەوە ناكرێ بەتەواوی رۆشنبیران بڵێین شوناسێكی سەربەخۆیان هەیە یان مۆدێلێكی دیكەی رەخنەیین، كەواتە ئێمە چۆن سیاسەتمەندارو مرۆڤی بەرژەوەندیخوازو دۆگماتیكیمان هەیە، بەهەمان شێوە رۆشنبیری بەرژەوەندیخوازو دۆگماتیكی‌و كۆنپارێزمان هەیە. هاوكات رۆشنبیری رەخنەیشمان هەیە، رۆشنبیری زارەكی‌و رۆشنبیری ژمارەیی‌و مۆنیتەری‌و زانیارییەكانمان هەیە، رۆشنبیری سیاسی‌و حیزبیشمان هەیە، رۆشنبیری حكومی‌و بیرۆكراتی‌و كۆنپارێزو نەریتپارێزو قسەنەكەرو بێدەنگمان هەیە، رۆشنبیری سەلەفی‌و نوێخوازیشمان هەیە، چۆن رۆشنبیرێك هەیە بەناوی ئازادیخوازەوە؛ كە داكۆكی لەهاوڵاتیان‌و پرۆژە رۆشنبیرییەكەی دەكات، بەهامان شێوە رۆشنبیرێكی كۆنخوازو كۆنزێرڤاتیڤمان هەیە كە خوازیاری داخستنی كولتورو پارێزگاریكردنە لەترادسیۆن‌و روانینی باوی كۆمەڵگاو سەروەرییەكانی ئایدۆلۆژیا. رۆشنبیرێكمان هەیە لەناو موقەدەساتو دنیای شتە پیرۆزەكاندا غەرق بووەو هیچی دیاریكراوی نییە پێشكەشی بكات، روانینەكانی گرفتاری گەڕانەوەن بۆ رابردوو، هاوكات لەنێوان ئێستاو جیاوازی‌و فرەڕوانینەكاندا بۆ دنیا بەدیار كەلاوە مەعریفییەكانی خۆیانەوە دانیشتوون‌و پارێزگاری لەو نەریتە نائەقلانییە دەكەن كە دنیاكەی خۆی چەندجارە بەسەر خۆی‌و دەرەوەدا دادەخات.

كاتێك باس لەرۆشنبیر دەكەین، ناكرێ باس لەیەك مۆدێلی رۆشنبیر بكەین، ناكرێ لە تاكە یەك دەروازەوە بڕوانینە ئەو ئاستی روانینەی كە جیاوازییەكان دروستدەكات، ناتوانین تەنها ئەو ئاستانە پۆلێنبكەین كە ئاستە مەعریفییەكان لەیەكتری جیادەكاتەوە. لەبەرئەوە بەر لەهەر سەرەتایەك دەبێت بگەڕێینەوە سەر تێڕوانینێكی ئیدوارد سەعید كە دەڵێ:"هونەرمەندو رۆشنبیری سەربەخۆ لەو كەسایەتییە زۆر كەمانەن كە سازو ئامادەن بۆ دژایەتیكردنی (لەقاڵبدان)كە مردنی شتە جوانەكانی بەدوادا دێت، چاكردنەوەی تێگەیشتنی نوێ بریتییە لە توانای كاركردنی بەردەوام بۆ ئاشكراكردن‌و ریسواكردنی دەمامكەكان‌و پاشان لەناوبردنی روانین‌و بیروباوەڕی لەقاڵبدراو كە ئامڕازە نوێكانی پەیوەندیكردن فرێمان دەدەنە نێو زۆنگاوی بیروباوەڕە لە قاڵبدراوەكانەوە. جا لەبەرئەوەی دنیای هونەری جەماوەری‌و بیروباوەڕی جەماوەری بەگوێرەی پێداویستییەكانی سیاسەت

---

[8] بەختیار عەلی، لە پەرتوكی(رۆشنبیر، كۆمەڵگا، دیموكراسییەت)،ل12

ئاراستە دەکرێن، دەبێت هاوکاری و کۆششی رۆشنبیران بخرێتە سەر سیاسەت و کاری سیاسی. جا ئەگەر رۆشنبیر لەخەباتی سیاسیدا خۆی بە حەقیقەت و بەهاکانی راستی نەبەستێتەوە، ناتوانێت بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەزموونە زیندووەکاندا بکات."[9] ، ئیدوارد سەعید لەم وێنەیەدا بۆ رۆشنبیر دووڕووی وێنەیەکمان پێشکەشدەکات و دەیخاتە نێو گفتوگۆ و کاریگەرییەوە، یەکەمین رووی ئەو وێنەیە رۆشنبیری سەربەخۆیە کەدژایەتی لەقاڵبدان دەکەن و کار بۆ لابردنی دەمامکە ساختەکان دەکەن و لەلایەکی دیکەوە ئامادەن بۆ تێگەیشتن لە دنیابینییە نوێکان. ئالێرەوە دەبێت باس لەدنیابینی ئەو نەوە رۆشنبیرە بکەین کە جیاوازتر لەنەوەکانی دیکەی رۆشنبیران لەدەرەوەی قاڵب و ستراکتۆرە نەریتییەکان کار بۆ بیناکردنی شێوەیەکی دیکەی روانین و تێگەیشتن دەکەن، کار بۆ بەرهەمهێنانی جیاوازی دەکەن بەرامبەر دنیای کۆنکرێتی نەوەکانی پێشوو، کاریگەری ئەم جۆرە رۆشنبیرە لە دنیابینییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ، لەخەیالگە و کلێشەسازییە سەربەخۆکانییەوە سەرچاوە دەگرێ و بە ئاراستەیەکی جیاواز ئاراستە دەگرێ، مەیدانی جۆراوجۆری روناکبیری دەوروژێنێ و قسەی دیکە و روانینی دیکە دەخاتە سەر ئەو ئاستی بیرکردنەوانەی کە هزر و مەعریفە بەرهەمدەهێنن. جیاوازی رۆشنبیری لە جیاوازی دنیابینییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و دەناسرێتەوە و شوناسێکی جیاواز هەڵدەبژێرێت. لێرەوەیە رۆشنبیر بەمانا گشتییەکەی دەکەوێتە بەردەم جیاوازی و دژایەتی و ململانێ و بەرژەوەندییەکانەوە، لێرەوە ئەو ئاستانەی کە بیرکردنەوە و هزر و پرۆژەی مەعریفی و ترادسیۆنە جیاوازەکان و مۆراڵەکان لەیەکدی جیادەکاتەوە، ئالێرەوە هەموو یەکێك لەئێمە لە بەرامبەرەکەمان جیادەبینەوە و لەخاڵێکدا یەکدەگرینەوە، قسەکردن لەسەر جیاوازی بەبێ قسەکردن لەسەر دنیابینی و روانینەکان بۆ ناوەو دەرەوەی خۆمان دەرئەنجامێکی ئەوتۆ و کاریگەرمان دەست ناکەوێت بۆ راڤەکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستراکتۆرە یەکانگیرەی کە بووەتە کۆڵەکەی ئەو نەریتانە، ئالێرەوە سەرزەمینەکانی راڤەکردن بۆ دنیاکان لەیەکتری جیادەبنەوە، بەمپێیە راژەکان لەیەکتری جیادەبنەوە، مامۆستایەك لەئەندازیارێك و مەلایەك لە سۆفییەك و رۆژنامەنوسێك لەپیاوێکی سیاسی و شاعیرێك لە ئەفسەرێك و، پیاوکوژێك لە گوڵفرۆشێك و جەلادێك لە نێچیرێك و...تاد. بەلاّم لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا کە دنیایەك دیکتاتۆری بچوك حزوریان هەیە، کە دنیایەك گەندەڵی ئابوری و روناکبیری و سیاسی لەئارادایە و بەناوی دیموکراسییەت و مەدەنییەتەوە ژیان بەتالاّندەبرێت، لەتوانادا نییە جەلادێك لە شاعیرێك جیابکرێتەوە، گوڵفرۆشێك لە پیاوکوژێك جیابکرێتەوە.

هەڵوێستەی دووەمی بیریار ئیدوارد سەعید دەربارەی کاریگەری رۆشنبیرە لەوێنەیەکی تێکەڵ بەسیاسەتدا. ئەو وێنەیەی کە بیریار دەیکێشێ وێنەیەکی کۆنکرێتی نییە لەسەر رۆشنبیری دەسەلاّت، ئەو یەکەمین جار قسە لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە رۆشنبیرە دەکات و قسەش لەسەر ناوەندگەرایی سیاسەت دەکات لەئاست ئەو رۆشنبیرەو هەموو مۆدێلەکانی دیکەی رۆشنبیر. بەلاّم دەبێت لێرەدا باس لە دنیابینییەکەی ئەو رۆشنبیرە بکەین کە بە کۆڵێك بێدەنگییەوەو بەدنیایەك دەستەمۆبوونەوە لەدەرگاکانی سیاسەت و دەسەلاّت دەدات، یان لە ژوورەکانی سیاسەتدایە، یان لە دیوەخانەکانی ئایدۆلۆژیادا سەرسامە بە سەروەرییەکان و لە سیحری موقەدەساتەکانی ئایدۆلۆژیادا غەرق بووە. ئەو دنیابینییەی ئەو تێکەڵەیەکە لەخەمی رۆشنبیری و خەمی سیاسی و بژێوی و لەقاڵبدان و ستراکتۆرە وەستاوەکان. لەبەرئەوە ئەو دنیابینییەی ئەو جۆرە رۆشنبیرە دنیابینییەکی ئاڵۆز و لێکدژە. هەندێك جار کاریگەر، جارجار وابەستە بە دنیابینییەکی دیکەوە، ونبوو لە دنیابینییەکانی دیکەدا، جارێك پەرتەوازە، هەزاران جار وابەستە بەخەیالگەیەك و فەنتازییەکی دیکەوە کە ناچێتەوە سەر زادگای بیرکردنەوەکانی خۆی. بۆئەوەی لەوجۆرە روانین و دنیابینانە تێبگەی کە ئەو مۆدێلە لەرۆشنبیر پێی دەژی، دەبێت بچینەوە سەر ئەو هێڵە گشتییەی کە بیرکردنەوەو روانینەکانی ئەو بەخێودەکات، بچینەوە سەر دەرچوونی ئەو مۆدێلە لەقاڵبە دیاریکراوەکانی ستراتیژ و ستراکتۆری هزری دەستەبژێری وابەستە بەرەوتێکی دیاریکراوی سیاسەتەوە.

بۆ ئەوەی پتر لە دنیابینییەکانی رۆشنبیر تێبگەین دەبێت بچینەوە سەر وێنەیەکی دیکەی رۆشنبیر لەلای ئیدوارد سەعید، هەڵبەت ناشکرێت ئەوەش لەیادکەین کە گرامشی رۆشنبیرمان لە دوو ستراکتۆر یان دوو کێشەی پراکتیکی ژیاری بەرێووەبردن

[9] ئیدوارد سەعید، وێنەکانی رۆشنبیر، و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لەکتێبی" بیری رەخنەیی هاوچەرخ، کۆمەڵە وتار، 2001، ل107

پێشکەشدەکات کە بریتین لە ڕۆشنبیری ئۆرگانی یان بیروکرات، ئەو ڕۆشنبیرانەی زادەی کۆمەڵگای پیشەسازیو مۆدێرنەو جیهانگیریو سەرمایە گوزارییەکانن، بەواتایەك کاتێك سەرمایەداری دەگاتە ئاستە جیاجیاکانی گەشەکردن، بەقەولی گرامشی جۆرێك لە ڕۆشنبیرمان بۆ بەرهەمدەهێنێت کە زۆر جیاوازن لەو ڕۆشنبیرە تەقلیدییەی لەسەردەمەکانی پێشوودا کە کاری ئەو لەدەرەوەی دامودەزگاکاندا بووەو پەیوەندی ئەو تەنها پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی سنوردار بووە لەگەڵ کایەو پێکهاتەکاندا. بەواتایەك ئەوەی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە لە ڕۆشنبیرانی پێش خۆی جیادەکاتەوە، ئەو سەرمایە گەورە تەکنۆلۆژیو زانیاریو ئەو ئامرازی پەیوەندییە نوێیانەیە کە دنیابینیو ئاستە جیاجیاکانی پەیوەندیکردنو کاریگەری لەناوەو دەرەوەی ئەو ڕۆشنبیرەدا دروستکردووە. ئەوەمان لەبیرنەچێت ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەڵگاو ڕێکخراو و دامودەزگا جیاوازەکان کلێشەسازییەکی دیکەو خەیاڵگەیەکی دیکە بۆ تەواوی مرۆڤەکان دێنێتە ئاراوە، هەڵبەت بۆ ئەوەی ئەو دنیابینییە بیرۆکراتیو ئۆرگانیکییە لە سەرلەبەری مۆدێلەکانی دیکە جیابکەینەوە دەبێت بچینە سەر ئەو ئاستی پەیوەندیو دیالۆگو سەرمایە ڕەمزیو ماددییەی کە دنیای هاوچەرخ بەرهەمی هێناوەو زادەی مۆدێرنەیە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئیدوارد سەعید وێنەیەکی دیکەی ڕۆشنبیرمان دەداتێ دەڵێ:"جەوهەری مەسەلەکە بەلای منەوە، ئەوەیە کە ڕۆشنبیر نە ڕەگەزێکە بارودۆخەکان هێوربکاتەوە، نەخولقێنەری دۆخێکی گشتیشە، بەڵکو ڕۆشنبیر بوونەوەرێکە هەموو بوونی خۆی بە هەستێکی ڕەخنەگرانە بارمەتە دەکات، ئامادە نییە فۆرمەلە ئاسانەکانو بیروباوەڕە پەککەوتووەکان قبوڵبکات، سازش بۆ کاروکردەوەی هێزە تەقلیدییەکان ناکات، دەبێت ئەم قبوڵنەکردنەش کزو شاردراوە نەبێت، بەڵکە دەبێت بەئاشکراو چالاکانە ئەو شتانە بدرکێنێو بیانخاتە ڕوو."[10]

# ڕۆشنبیر بوونەوەرێکی قسەکەرە

"ڕۆشنبیر کەسێکە خۆی بەدوور دەگرێت لەبیروباوەڕە دۆگماکان" ڕامین جەهانبەگلو

کاری ڕۆشنبیر تەنها پێناسەکردنی چەمکەکان نییە، تەنها دۆزینەوەی شوناس نییە بۆ ئەو چەمكو دەستەواژانەی کە چەند سەدەیەکە بەکاردێتو کاری لەسەر دەکرێو دنیایەك تیۆرو ڕاڤەکردنی جیاوازی لەپشتەوەیەو بەچەندین شێوەو ستراکتۆر پراکتیزەکراون. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێك نییە بۆ دووبارەکردنەوەی ڕاڤەکردنو شوناسە دیاریکراوەکان، بەڵکە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەرییەکانو بەریەککەوتنەکان، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکانو دۆزینەوەی ناکۆکیو لێکدژەکان لە مەودا جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگاو ئەو ئاستە ژیاریو کولتوریو ڕۆشنبیرییەی کۆمەڵگا، دوور لەپێوەرە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکانو پێوەرە داخراوەکانی ترادسیۆنی باوی ڕوانین.

ئەوەی ئەوڕۆکە دەروازەیەك بۆ قسەکردنو ڕاڤەکردنو دیالۆگی جیاواز دەخولقێنێتو دەرەخسێنێت ئەو نەریتە فەقیرەی ڕۆشنبیری ئێمە نییە کە خوازیاری کەمترین قسەو کەمترین ڕاڤەکردنو جیاوازییە بەرامبەر مەوداو ڕەهەندەکانی دیو سەرسامە لە گۆڕانکارییەکانداو دەستەوئەژنۆ بەرامبەر دیاردەکانی جیهانو هزری هاوچەرخو جیهانگیریو ڕاڤەکردنی نوێ بۆ دنیاو دیاردەکان دانیشتووەو هیچی دیاریکراوی نییە بیڵێتو بیکاتو بیریلێبکاتەوە، لەناوەوەڕا ئەو ترادسیۆنە ئاستەکانی بیرکردنەوەو گۆڕانو جیاوازییەکانی خەفەکردووەو گرفتاری سەرلێشێواوییەکی گەورەو خەمساردییەکی بێئەندازەی کردووە بەرامبەر بەخۆیو ئەوانی دیو هەڵکردن لەگەڵ سەردەمە نوێکاندا. هاوکات لەدەرەوەڕا گوتارێکی جیاوازی نییە بۆ ناسینەوەو دۆزینەوەی

---

[10] هەمان سەرچاوە، ل109

شوناسێکی دیاریکراو بۆخۆیو نەریتە داخراوەکەی، ئەو تێکستە پیرۆزانەش دەرئەنجام زیاترو زیاتر وەهمەکانی لەلا گەورەتر دەکاتو دەیگەیەنێتە ئاستێکی بێئەندازەی یۆتۆپیو ئاستێکی گەورەی بێئاگایی بەرامبەر دنیاو دیاردە فیکریو فەلسەفیو ژیارییە نوێکان. بۆنمونە نەوەیەك لەرۆشنبیران هەیە بۆ ئەوەی لە وردەکارییەکانو راڤەکردنە جیاوازەکانو قولاییەکان خۆیان بدزنەوە هەڵئەسن بەدابینکردنی کەرەستەگەلێکی میدیایی بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی گەورەو مەسەلەی گەورە(بەلام بەبێ رەخنەو بەبێدەنگی)، وەك کێشە نەتەوایەتییەکان، ململانێ سیاسییەکان، ئەمنی قەومی، ئاین، دەسەلات، دەوڵەت، شەڕی ناوخۆ...تاد. بەڵێ ئەمەش بەو مانایە نییە کە قسە لەسەر ئەو بابەتانە نەکرێت، نەخێر ئەگەر قسەکردن لەسەر ئەو شتانە خوێندنەوەو ئاگاییەکی مەعریفی جیاوازی لە پشتەوە نەبوو، ئەگەر درۆیەکی گەورە لە دیووە نادیارەکانی ئەو دایلۆگەوە ئامادە بوو، ئەوا بەبێ روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم ئاستە رۆشنبیرییە، کەسانێکی بەناو رۆشنبیرمان دەستدەکەوێت کە بەرژەوەندیخوازو تارادەی ئەوپەڕی سەرلێشێواوی میتۆدی وتەزایەکی گەورەی بێئاگاییو گەمژەییمان دەستدەکەوێت، کە مەحاڵە دوورکەوتنەوە لەدەرئەنجامە خراپەکانی بەتایبەتی لەرووی رۆشنبیریو کارگێڕیو خراپ تێگەیشتن لە ناعەدالەتیو بێ مافیو زۆرێك لەو رەهاگەرایییەی کە دەسەلاتێکی ناعدیلانە مافی رەوایەتی دیکتاتۆریو ستەمکاری دەبەخشێت بەخۆیو گرنتی بەردەوامبوونی خۆشی دەستەبەر دەکات. بێگومان ئەو ئاستی روانینە دوابەرهەمی بێدەنگییەکانە لەسەر زۆرێك لە وردەکاریو ئەو راڤەکردنو رەخنە پێویستانەی کە نەوەیەك لە نەوەکان ناتوانن خۆیان بدەن لە قەرەیو قسەی جدی لەسەر بکەن. دەرئەنجامی هەموو بێدەنگییەك بەرامبەر ناعەدالەتیو ستەمکاریو لەقاڵبدانو مۆنۆپۆلیزەکردنی سەرچاوە ئابوریو فەرهەنگییەکانی هاولاتیان بەگشتی دنیایەك دیکتاتۆری بچوکمان بۆ دروستدەکات، کە لە خراپترین حاڵەتدا بارودۆخەکە زۆر خراپتر دەبێت لەو ژیانەی کە لەژێر سایەی دیکتاتۆرە گەورەکانو دەسەلاتە تۆتالیتارییەکان دایە.

بەلام ئەمرۆ لەسەردەمی ئێستادا بارودۆخەکان گۆڕانو وەك پێشدان نین؛ ئەو رۆشنبیرەی قەیران دروستدەکاو گرفت دەنێتەوە، ئێستاکە خۆی لەقەیراندایە، بەتایبەتی پاش ئەوەی تیۆرو پرنسیپەکان عەیبو عارەکانی ئەویان ئاشکرا کردووە بەوەی رۆشنبیر لەبەرامبەر ئالۆگۆڕو گۆرانکارییە گەورەکانی دنیاداو لەپتر لەئاستێکدا دەستەوەسانو لاوازە. ئەمەش رۆشنبیری لەراستگۆیی چەکەکانی داماڵی. ئێمە ئەمرۆ ئەو شتانە دەبینین کە: ئەو بەها گەورانەی رۆشنبیر داکۆکی لێدەکرد، لەژێر کوتەکی روداوە گەرمەکاندا، دەروخێن، ئێستا روداوە گەورەکانی دنیا گاڵتە بەساکاری دروشمو پرۆژەکان دەکەن، دەریدەخەن بەرنامەو تیۆرەکان چەند کەمدەستو لاوازن.[11] ، لەبەرئەوە ئەو قەیرانەی رۆشنبیرانێکی دەسەلاتخوازو نەریتی دروستیدەکەن ئەورۆکە لەبەردەم ئەو شەپۆلە نوێیەی جیاوازیو گۆرانکاریەکاندا لاوازو لەبەریەك هەڵوەشاوو بێ بەرنامەیە. ئەو قەیرانەی نەریتێك لەنەریتەکان دەیخوازێ لەتاکە یەك سەرچاوەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵگە نەریتییەکانو رەمزو دروشمە سەرسەختەکانو کولتورێکی پڕ بێدەنگی کۆمەلایەتیو بێدەنگی سیاسیو رۆشنبیریو تەباییە نامەنتیقیو سادەو ساکارانەی ئەو رۆشنبیرەی کە لەئاستەکانی گەشەکردنو گۆرانکاریو جیاوازییەکان تێناگات. ئەو سەردەمەی کە بەهاکانو مۆڕاڵە جیاوازەکانو بیرکردنەوە جیاوازەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو نەریتەی مەترسیدارەی بێدەنگییەوە، ئەوکاتە قەیرانی گەورە دێتە ئاراوە، ئەوکاتەی رۆشنبیرێك یان دەستەبژێرێکی رۆشنبیری یان گروپێکی فشار تاکە یەك رەخنەو تاکە یەك خۆپیشاندانو قسە لەسەر ناعەدالەتیو دەسەلاتو گەندەڵییەکانی سیتمی سیاسیو حیزبیو گروپە تەقلیدییەکانو حوکم ناگرن؛ ئەوکاتە دەرئەنجام گەلەرۆشنبیرێکی بێدەنگو بێقسەو بێوەیمان دەستدەکەوێت، کە ئاستێکی داخراوی قەیرانامێز بەرجەستە دەکەن. لەو کاتانەدا نەوەیەك لە شاعیران دێن وەك چەرخی جەهالەت شیعر بەسەر سەروەرییەکانو بێمانایییەکاندا هەڵدەدەنو لەژێر ئەو ساباتە شاراوەیەی دەسەلاتدا بەروبومی ئایدۆلۆژیاکانو ناعەدالەتییەکان دەخۆن، ئەوکاتە ژەمەخواردنی بەرەکەتو مەکرەمە ناشرینەکانی دەسەلات دەخۆنو سفرەی بێدەنگی بۆ یەکتری دەرازێننەوە.

---

[11] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل10

بێدەنگی پەتایەکی گەورەو کارەساتێکی گەورەی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو سیاسیو ئابورییە. کارەسات تەنها جەنگو کاولکاریو وێرانەییەکان نییە، بەڵکە کارەسات ئەو بێدەنگییە بێشومارەیە کە سەرلەبەری چینو توێژەکانی کۆمەڵگاو کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو فەرهەنگیو میدیاکان دەگرێتەوە، گەر تروسکایی رەخنەیەکیش هەبێت، بەڵام کۆمەڵگاو دەسەڵاتی حوکم ئامادەگی گوێگرتنو وەرگرتنی رەخنەو پێشنیارو داواکاریو جیاوازییەکانیان نەبوو، ئەوا ئەو قەیرانە یەکلەدوایەکانەی پەرە بەو بێدەنگییە دەدەن زیاترو زیاتر گەورە دەبنو خەیاڵگە جیاوازەکان دەکوژن. بێدەنگی لە ئاستە رۆشنبیرییەکەدا گەندەڵییەکی گەورەی روناکبیری دەخولقێنێو ئاستە هەمە چەشنەکانی جیاوازی بەداهاتوویەکی نادیار رازیدەکات، دەرئەنجام لەمیانەی ئەو قەیرانانەدا ناوەندە سیاسیو ئایدۆلۆژییەکان قسە لەسەر دواخستنو تەئجیلکردنی گۆڕانکاریو جیاوازییەکان دەکەن بۆ کاتێکی دیکەو زەمەنێکی دیکەی شیاو و ئامادە بۆ وەرگرتنی دیالۆگو رەخنەو جیاوازییەکان، بۆنمونە ئەو کۆمەڵگایەی دەوڵەتی نییەو پڕە لە میلیشیاو دەسەڵاتی لوکاڵی، ئایدۆلۆژیستەکانی بیر لە تەئجیلکردنی هەموو قسەیەکو هەموو پڕۆژەیەك دەکەنەوە بۆ داهاتوویەکی نادیارو بۆدامەزراندنی دەوڵەتو سەربەخۆیی، ئەمەش دەرئەنجام ئاستێکی باڵای قەیرانی بێدەنگی بۆ کۆمەڵگا بەگشتیو رۆشنبیر بەتایبەتی دەخولقێنێت.

ئەو رۆشنبیرەی بەسەر دوو دنیای جیاوازدا دابەشدەبێت، دنیایەك کە زیاتر نزیکە لە رەخنەو جیاوازیو قبوڵکردنی بەرامبەرو سەربەخۆییو داکۆکیکردن لە ئازادی گشتیو تاکەکەسو مافو یەکسانییەکان، دنیاکەی دیکەش پڕ لە سازشکاری لەگەڵ دەسەڵاتو قبوڵکردنی ناحەقیو تەبایيو هزری باوی قسەنەکردنو هیچ نەوتن. زۆرجار رۆشنبیر ئەو بوونەوەرە گوێڕایەڵەیە کە خزمەتی دەسەڵاتو ئەو ئەرکە ئایدۆلۆژیو نەریتییانە دەکات. هەموو ئایدۆلۆژیایەك بۆخۆی رۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە، حیزبێك نییە لەدنیادا کۆمەڵێك رۆشنبیرو چەند ئەدیبێكو چەند شاعیرێکی بەدەورەوە نەبێت، لەبەرئەوە رەخنەگرتن لەو جۆرە رۆشنبیرە تەنها رەخنەگرتن نییە لەو شوناسە ئایدۆلۆژییەی ئەو جۆرە رۆشنبیرانە، نەخێر؛ قسەکردنە لەسەر ئالیاتی ئیشکردنو بیرکردنەوەو روانینی ئەو رۆشنبیرە داخراوەی کە روانینەکانی پڕە لە دوانەی لێکدژو تەبایی نامەنتیقی. لەراستیدا ئەو جۆرە لە رۆشنبیر لە ئیزدواجییەتێکی کوشندەدا دەژی.

رۆشنبیر بوونەوەرێك نییە لەدەرەوەوی کایەو پێکهاتەو کاریگەریگەرییەکاندا بژی، خەیاڵگەیەك نییە بۆ پەروەردەکردنی دابڕانێکی گەورەو هەڵبژاردنی تەنیاییەکی فەلسەفیو فیکری، بەڵکە رۆشنبیر لەهەوڵی داگیرکردنی پانتاییە جیاوازەکانی ژیانو خەیاڵگەو هزرەکاندایە، کارخانەیەکە بۆ بەکاربدرنی کەرەستەگەلێکی پەیوەست بەبەرهەمهێنانی هزریو ئەنتۆلۆژی، رۆشنبیر لەگەڵ ئاڕاستە جیاوازەکانی بیرکردنەوەو روانیندا لە ناکۆکی گەورەو لە تەبایی مەنتیقیانەدایە، هاوکات لەگەڵ تەواوی هەبووکانی ئەو سەرزەمینە ژیارییەی ژیانو ئالگۆڕکێ مادییەکانی مرۆڤدا لەبەریەککەوتنو گونجانو ململانێدایە. رۆشنبیر کایەك نییە لەدەرەوەی کایەکانی دیکە، بەڵکە تەوژمێکە لە ناو هەموو کایەو پێکهاتەکاندا حزوری هەیە، تەنها فەرمانبەرێك نییە لە ماشێنە گەورەکەی حکومەتو حیزبو دەسەڵاتدا، بەڵکە رۆشنبیر هێزێکە لەهێزەکان. بەواتایەك لە واتاکان رۆشنبیرانی دەرەوەی ترادسیۆنو نەریتی باوی روانینی دەسەڵاتو کۆمەڵگاو ئایدۆلۆژیا رۆشنبیرێکن کار لەسەر کاریگەرییەکانو رەخنەکان دەکەن، واتە هێزێك بەکاردەهێنێت بۆ دەرچوون لە هەموو کۆنترۆڵو مۆنۆپۆلەکانی دەسەڵات.

دەسەڵات هەرچییەك بێتو سەرچاوەکەی لەهەر کوێیەکەوە هەڵقوڵابێت، زادەی کۆنترۆڵو هەژموونو بەکارهێنانی هێزو بەڕێوەبردنە، جا ئیتر بەکارهێنانی ئەو ئالیاتانە بەهەر ئاڕاستەیەکدا بڕوات؛ کار لەسەر پانتاییەکانی ژیانو کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەکان دەکات. بەڵام لەبەرامبەر ئەم هێزە هەژموونگەرەی دەسەڵاتدا فشارێك هەیە بۆ بەرپاکردنی خەیاڵگەو هزرێکی جیاواز لەدەرەوەی ئەو کۆنترۆڵو سزایە، لەدەرەوەی ئەو مونۆپۆلیزەکردنەی دەسەڵات کە رۆشنبیرانێکی رەخنەگرو سەربەخۆن.

ئەوەی رۆشنبیر لە بوونەوەرەکانی دیکەی سەر ئەم هەسارەیە جیادەکاتەوە، لە هێزەکانی دیکەو لە فشارەکانی دیکەو لە نەریتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، هزرو روانینو خەیاڵگەو رەخنەو فشارەکانێتی، نەوەك سادەییو قسەنەکردنو بێدەنگیو

قەیران‌و نەریتەکان. ئەو مۆڕاڵە تایبەتییەی ڕۆشنبیر لەمۆڕاڵی گشتی‌و ئیرادەی گشتی جیادەکاتەوە، پەیوەستبوون‌و داکۆکیکردنە لەو ئاستە ژیارییە پێشکەوتووەی کە داوای عەدالەتی زیاتر دەکات لە دەسەڵاتی حوکم‌و دەسەڵات بەگشتی. لەبەرئەوە گەڕانەوە بۆ ئەو بوونەوەرە بێزارکەرەی کە ناوی ڕۆشنبیرە، گەڕانەووەیە بۆ مۆڕاڵ‌و ئەتکێتە نوێیەکانی قسەکردن‌و جیاوازی.

ڕۆشنبیر زادەی نادیارێکە، هەڵبەت ئەو ڕۆشنبیرەی لەنادیارەوە دێ جیاوازە لە ڕەعیەتەکانی دیکەو لەروانینەکانی دیکە، ئەو بەهێزێکی دیکەوەو بە تروسکاییەکی دیکەوە لە نادیارەوە دێ. ئەوڕۆکە لەدنیای نوێی گۆڕانکاری‌و بەریەککەوتنە کولتوری‌و جەمسەرە کولتورییەکانی دنیادا مرۆڤگەلێك دەگوزەرن تەواو جیاوازن لەو بوونەوەرە کلاسیکی‌و واقعییەی کە سەروەختێك گرفتاری هیومانیستی خۆی بوو وەك مرۆڤێك لە ناو ڕاڤەکردن‌و گۆڕانەکاندا، لەناو تەبایی‌و ترادسیۆنەکاندا، لەبەردەم ئەو ڕۆشنبیرە زەردەشتیەی نیتشەو شۆڕشگێڕەکەی مارکسدا، لەبەردەم ئەو مرۆڤە مۆدێرنەی مارکۆزەو ئەو ڕۆشنبیرە بەرپرسیارو مولتەزیمەی سارتەردا،دەرئەنجام ماڵتی ڕۆشنبیرێکمان دەستدەکەوێت کە گرفتاری دەستی ڕووداوە گەورەکانی دنیایەو کار بۆ دنیابینینیە جیاوازەکان دەکات، کار بۆ دۆزینەوەی خۆی‌و رزگاربوونی خۆی دەکات لە هەژموونی ڕووداوە گەورەکانی دنیاو گەمەکانی دەسەڵاتە جیاوازەکان‌و بێدەنگییەکانی کۆمەڵگا.

بەڵام دواجار ئەو مرۆڤە تەقلیدیەی کە پەیوەندییەکانی بەدنیاوە پەیوەندییەکی ناکامڵ‌و سنوردار بوو، ئەوڕۆکە لەبەردەم لێشاوێکی گەورەی زانیاری‌و پەیوەندی‌دایە، عەلی حەرب ئەو مرۆڤە پەیوەندیامێزەی دنیای هاوچەرخمان لەکلێشەیەکدا بۆ دەکێشێ؛ "ئەوڕۆکە لەبەردەم شۆڕشی زانیارییەکاندا ئیمکانیاتێکی بەرفراوان لەبەردەم مرۆڤدا کراونەتەوە، کە لە توانستە کاریگەرەکاندا بە کردەی کارلێکردندا بەرجەستە دەبن. هیچ زیادەڕۆیی نییە لەقسەکردندا کە بڵێین جیهانێکی نوێ لەگەڵ دیاردەی جیهانگیریدا پێکدێت، هاوڕێ لەگەڵ دەرکەوتنی بکەری مرۆڤایەتییەکی نوێدا، کە بەرەهەندو خێرایی تیشك یان هزر کار دەکات، بەقەدەر بەکارهێنانی ڕێگەکانی ڕاگەیاندنی خێراو هەمەڕەنگ"جۆراوجۆر"، یان لەگەڵ ئەو تۆڕە پەیوەندیە ئاڵۆزو لەرادەبەدەرانەدا مامەڵەدەکات. مرۆڤی پەیوەندیامێز کە دەماخێکی ئامێری‌و تەکنیکاتێکی ژمارەیی هزری‌و کارکردن بەرەو گەردونگەرایی‌و بە وێنەیەکی کیشوەربڕو کۆمەڵگابڕو کولتوربڕی بۆ ڕەخساوە."12، ئەوڕۆکە مرۆڤایەتی کەوتۆتە کلێشەسازییەکی تەکنۆژیاری پەیوەندیامێزەوە کە سەرلەبەری بیرو هزرو روانینی بە خەیاڵگەیەکی گەورەی هەستیارەوە بەستۆتەوە، هاوکات بەهەمان تەرز ڕۆشنبیریش کەوتۆتە نێو ئەو تۆڕە گەورەیەوە، بەڵام ئەوڕۆکە ئەو ڕۆشنبیرە کەوتۆتە نێو قوڵاییەکی نادیارەوە لە نۆستالژیایەکی کلاسیکی کە بۆخۆی خەیالگەیەکەو هیچی تر، هەروەها ئەو قوڵاییە پێکهێنەری پەیوەندیگەلێکی تەکنیکی خەیاڵ کوژە، بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێت ڕۆشنبیری نوێخواز نە کایەك لە کایە دیاریکراوەکان، نە پێکهاتەیەك لە پێکهاتە نەریتییەکان قفڵی دەکەن، نە ئایدۆلۆژیایەك لە ئایدۆلۆژیاکان تا ئەبەد سەرسامی دەکەن، ئەو کە بوونەوەرێکی قسەکەرە، دەرئەنجام ئەو ڕۆشنبیرە نوێخوازە لەنێو ئەو قوڵاییە بێهودەیەدا نابێت بکەوێتە سەر ئەو ڕووبەرە داخراوەی بێدەنگی، ناکرێ بێهودە لەبەردەم ئەو گۆرانکارییە گەورانەدا دەستەوئەژنۆ شەپۆلەکان باریبکەن‌و لەو کەنارە دووردەستەی ژیاندا فرێیبدەن، ئەو ڕۆشنبیرەی ئێمە قسەی لێدەکەین جۆرە ڕۆشنبیرێکی جیاوازە، کە بەلایەنی کەمەوە خاوەنی دنیابینییەکانی خۆیەتی‌و روانینێکی جیاوازی لەدەرەوەی ئەو نەریت‌و ترادسیۆنە داخراوانە گەلاڵەکردووە. دواجار ئەوەی بە قەدەرەکان رازی دەبێت، ئامادەشە روانینە جیاوازەکانی خۆی لەو ستراکتۆرە نەریتییانەدا بکوژێت.

---

[12] علي حرب، حديث النهايات، فتوحات العولمة ومازق الهوية، مركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى2000، ص10

* * *

# سەلەفیەت و کەلاوە مەعریفییەکانی

"کێشەی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە پیرەکان هەستناکەن کە پیربوون، هەر کۆمەڵگایەك هەستکردن بەپیری تیایدا لاوازبوو، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە." بەختیار عەلی

سەلەفیەت تەنها کۆنخوازیو پەرستنی رابووردو ناگەیەنێ، بەڵکە تەواوی ئەو ڕوانینو ستراتیژانە دەگەیەنێت کە لەپشت ئەو کۆنخوازیەوە کار بۆ دابینکردنی سەرزەمینە ژیارییەکانی ئەو ڕوانینینە داخراوە دەکات، کە کار بۆ داخستنی دەرگاکانو دەروازە جیاوازەکان دەکات، ڕەنگە سەلەفیەت لەهەلومەرجە جیاوازەکاندا گوتاری خۆیو ڕوانینی خۆی هەبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئێمە دەسخەڕۆبین بە تاك ڕەهەندی بیرکردنەوەو ستراتیژەکانی، سەلەفیەت بەردەوام بۆ شاردنەوەی ڕووە تاریكو جەهەنەمیەکەی، ڕووەگەشەکەی خۆی دەردەخات، کراسی ڕەنگاوڕەنگو ئایدۆلۆژیای ڕەنگاڵەیی دەپۆشێ، بۆئەوەی سەرزەمینەکانی دیکە داگیربکات، دەکارێ تەواوی کەرەستە واقعیو خەیاڵییە دوور مەوداکانی خۆی بەکاربەرێت بۆ لەناوبردنی هەرجیاوازیەكو هەر ڕوانینێکی دیکە لەدەرەوەی خۆی، لێرەوە دەگەیەنە ئەو باوەڕەی کە سەلەفیەت تەنها مانای دواکەوتویو بێئەقڵیو جەهالەتو کۆنەپەرستی ناگەینێت، بەڵکە ماناو بەهای ڕۆشنبیریشی هەیە، کە کەمتازۆر ئەو باکگراوندە ڕۆشنبیریەی بەکاردەبات بۆخزمەتکردنی بەردەوامبونی خۆیو، ئەو خاوەنی پەرستگایەکە بۆ هێشتنەوەی ڕابووردو، مێژوو، یادەوەریو سەروەریەکان، لەهەمانکاتدا خاوەنی ڕۆشنبیرییەکە بۆکوشتنی جیاوازیەکانو خەفەکردنی دەنگەکانو ڕەتکردنەوەی ڕوانینیەکانی دیکەو خەیاڵگەکانی، ئەو کەخاوەنی خەیاڵگەیەك نییە، هەمیشە باس لەخەیاڵگە دەکات، ئەو کەخاوەنی فەنتازیایەکی قوڵ نییە دەکارێ واقع بکات بە فەنتازیا، ئەو کە لەسیاسەت تێناگات، بەڵام خۆی دەکات بەگێرفانی ئایدۆلۆژیاکاندا

تالآنی دەکات، ئەو کەناتوانێت بە بیروباوەڕە کۆنو سواوەکانی خۆیەوە لەئێستادا بژی، بەلآم توراسەکەی پڕە لە کەرەستەو تفاقی جیاجیا کەدەکرێ دایانتاشیّو لەئێستادا بەکاریان بهێنێت، ئەو کە ناتوانێت تاکەیەك خەیاڵ بۆ منو تۆ دروستبکات، بەلآم ئەتوانێت تێکیبداتو بیشێوێنێ یان نەیەڵێت کەس بەفنتازیاکانی خۆی ڕازبێتو لەخۆڕا بە ناشرینییەکانی خۆیەوە گرفتارت دەکات، سەلەفیەت بۆئەوەی سەرزەمینە تاریکیەکانی خۆی ببوژێنێتەوە، کەرەستەی جۆراو جۆر بەکار دەبات، هەڵبەت بۆ مانەوەی خۆی تەواوی ڕووە مەعریفییەکانی خۆی دەشارێتەوە، دەرئەنجام ڕوویەکی پڕ لە سەروەریو پڕ یادەوەری خۆی بەکاردەباتو دروشمی نوێ بەرزدەکاتەوە، ئەو کار لە سەر کاریگەرییەکان دەکات، بەجۆرێك ئەگەر لە سەروەختی کاڵبوونەوەو بەسەرچوونیشدا بێت، لەکاتێکدا شۆڕشێکی نوێ جیاوازتر لەوانی دیکە لە ئارادابن، سەلەفیەت لەو کاتانەدا بۆ مانەوەی خۆی باس لە سەروەریەکان دەکات، ئەو بۆ هێشتنەوەی دۆخی ئێستا فایلە تۆزلێنیشتووەکانی یادەوەری هەڵدەداتەوە، خۆی دەکات بە ژوورە تاریکەکانی مێژووداو خۆی بە لاپەڕە کاڵەوبووەکانەوە بەسەردەبات.

هەڵبەت سەلەفیەت هەمیشە لەمەرگی خۆی دەترسێت، زەندەقی لەئێستاو ئایندە چووە، لەناوەوەڕا ترسێکی کوشندە ئاسۆکانی بیرکردنەوەی هەڵئەکۆڵێ، لەدەرەوەڕا تەنەکورێکی گەورە ئێسقانەکانی ڕابووردوی دەشکێنێ، هەڵبەت سەلەفیت لەسەردەمە نوێیەکاندا هیچی دیاریکراوی نییە پێشکەشی بکاتو بیکات بەگوتارو بە نەوەیەکی تری بفرۆشێتەوە، بەلآم بەختیار عەلی دەڵێ؛ (دەتوانێت لە کەلاوە مەعریفییەکانی خۆیدا بژی)، ئەو دەروازەیەك شك نابات بۆ قسەکردن لەسەر دنیای نوێو گۆڕانکاریەکانو جیاوازییەکان لەپای ئەو نەقسە مەعریفیەو دەستکوورتیە جاهیلانەیە هەڵئەسێت بەخۆگونجاندنو خۆهەڵواسین بەزاراوەو تێڕوانینە نوێیەکاندا. لەڕاستیدا بەختیار عەلی بەر لەهەموومان قەیرانەکانی سەلەفیەتی بەم شێوەیە بۆ ڕاڤەکردوین، بۆیە بۆ جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر ئەو تێڕوانینەی کە دەڵێ : سەلەفیەت بەدەست دوو کێشەی گەورەوە دەناڵێنێت: یەکەمیان: سەلەفیت بەردەوام خوازیاری ئەوەیە خۆی لەسەردەمە تازەکاندا دووبارەبکاتە، وەهەرگیزیش دەستبەرداری ئەو ئارەزووە نابێت. دووەمیش/سەلەفیەت بەردەوام  لەبەرامبەر پرسیارو کێشەکانی ئەمڕۆدا هیچی دیاریکراوی نییە بیڵێت، وە لەڤیرانی ئەوەدا دەژی کە وەڵامی کێشە مەعریفیو شارستانیو فیکریەکان ئەم ساتەی بۆ نادرێتەوە. بەدەستێکی خاڵیەوە لەهەموو کەرەستەیەکی مەعریفی دێتە ناو سەردەمە تازەکانەوە بەلآم سوورە لەسەر ئامادەبوون، لەبەرنەبوونی ئاڵتەرنەتیڤێکی تازەگەرانە تەواوی ڕێگاکەی بۆ کراوەتەوە، بەلآم بێگومان بەبەرگی تازەوە خۆی دەکات بەناو سەردەمە نوێیەکاندا، دەمامکی بیست ساڵ لەمەوبەر دەگۆڕیت دەمامکێکی نوێ لەسەردەکات، بەهەندێ زاراوەو چەمکی بچوك بچوکی وەك مۆدێرنیزمی خۆرئاواو تازەگەری عەرەبیش خۆی دەڕازێنێتەوە.[1] ، سەلەفیەت بۆئەوەی بەناشرینترین شێوە نەمرێت. بۆئەوەی نەبێت بەژێرپێی سەردەمە نوێیەکانەوە، بۆئەوەی لەکۆتایدا پەیکەرێکی ڕەمزی بۆ دروستبکەن، بۆئەوەی شەپۆلی ئەو خەیاڵە نوێیەی ڕوانینە جیاوازەکان نەیکوژێ، وەك گیانلەبەرە خشۆکەکان ڕەنگی خۆی دەگۆڕێت، ئەو پێستە کۆنە ڕزیوەی خۆی فڕێ دەداتو بە سەرزەمینە نوێیەکاندا دەڕوات، بەلآم ئەو کەڕەنگی خۆی دەگۆڕێ، ناتوانێت ڕوحو خەیاڵی خۆی بگۆڕێت، ئەو کە پێستی خۆی دەگۆڕێت ناتوانێت بیرکردنەوەو ڕوانینی خۆی بگۆڕیت، ئەو کە بە سەرزەمینە تازەکاندا ڕێدەکات، گیرفانەکانی پڕە لەتاریکی، پڕە لە رقو کینە بەرامبەر جیاوازییەکانو روانینە نوێکانی نەوەی نوێ.

لە راستیدا هیچ پێوەرێکی دیاریکراو نییە بۆ سەلەفییەت، سەلەفیەت نە تەمەن، نە ئایدۆلۆژیا نە پێوەرەکانی ئەخلاق دیاریدەکەن، بەڵکە بۆ ئەوەی لە سەلەفیەتو لە ئاستەکانی تێبگەیت، دەبێت سەرلەبەری ئەو پێوەرانە بەکاربهێنیت کە رەنگە لەپشت ئەو مەودا مەعرفییەی سەلەفیەتەوە کار بۆ گەلآڵەکردنی ئەو کەلاوە مەعریفییە بکەن کە سەلەفیەت پێی دەژی.

سەلەفیەت بۆئەوەی لەسەردەمە نوێکاندا نەمرێ، فۆرمی جیاجیا دروستدەکاتو رێگاو شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەباتو وێنەی جۆراوجۆر لەسەر خۆیو ئەو میراتییە کولتورییە دروستدەکات. ئەورۆکە نەوەکانی پێشوو بەو کەرەستە کۆنانەی خۆیانەوە لە بێئاگاییەکی گەورەدا دەگوزەرێن، لە خەیاڵێکی پڕ لەیادەوەرییدا دەژین، لە ئاکامێکی سەرتاسەریدا ئێستاو ئایندەو

[1] (بەختیار عەلی،دیار/نادیار،ئیمپراتۆرییەتی وەهم،گۆڤاری رەهەند،1998،5،ل41،40)

مێژووییان پێکەوە گرێداوە، خاوەنی خەیاڵدانێکن بۆ بەخێوکردنی بێماناییەکان، بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی گوێڕایەڵ، بۆ تۆکمەکردنی ناوەندو سەرتاسەرییەکان، بۆ دانانی ئەو کۆڵەکانەی کۆنخوازی لەسەری رادەوەستێ. بۆ داگیرکردنی پانتاییەکانی بیرکردنەوەو تێڕوانینی نوێ، بەلایەنی کەمەوە هزرێکی تاریک لەدیوە نادیارەکانەوە ئامادەیە بۆ داگیرکردنی ئێستاو دووبارەکردنەوەی خۆی، سەلەفیەت نایەوێت لە ئێستادا نەژی، نایەوێت لە ئێستاو داهاتوو خۆی دابڕێت، خوازیار نییە تەنها لە مێژوویەکی تاریکو لە شارستانییەتێکی دووردا بگوزەرێ، بێزارە لە بێمانایییەکانی خۆیو شەیدای ژیانێکی نوێیە لەئێستادا، بەڵام بەهەمان کەرەستەو هزرو عەقڵی پێشووەوە، بەهەمان خەیاڵو رامانو بێئاگاییەکانی خۆیەوە دەیەوێت لە ئێستادا ئامادەگییەکی هەمەلایەنی هەبێت، دەکارێ لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە، دەیەوێت تا دوایەمین ژمارە لەگەڵ نەوە نوێکاندا گوێزی خۆی بژمێرێو کەرەستە کۆنەکانی فەنتازیا داغڵی ئێستا بکات.

دنیای نەوەکانی پێشوو دنیایەکی داخراوە، بەواتایەك سەرلەبەری دەرگاکانی لەخۆیو کۆمەڵگاکەیو رۆشنبیرییەکەی داخستووە. دیارە لەم باسەدا بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەدیووە شاراوەو نادیارەکانی نەوەکانی پێشوو لەرێی کۆمەڵێك دەروازەوە ئەو تەوقە داخراوە دەشکێنین کە قسەکردن لەسەر سەلەفیەت تەنها ڕوویەکی ئاینی یان ئایدۆلۆژی هەیەو هیچی تر، لەبەرئەوە پێویستە باس لە سەلەفیەتو رۆشنبیری بکەین: گەر سەلەفیەت دامالین لە ئایدۆلۆژیاو بەرگی ئاینیو سیاسیو، هاوکات وەك بوونەوەرێکی شایستە بە ژیانی کولتوری قسەی لەسەر بکەین، ئەوا دەکرێ ڕووە شارستانییەکانی ئەو بوونەوەرە دیاریبکەین، هەڵبەت ناکرێ باس لە کۆنخوازی نەکەین. رۆشنبیریو کۆنخوازی دوانەیەکی لێکدژو ناکۆکن، بەڵام بەردەوام پێکەوە دەژین، لەگەڵ یەکدا دێنەوەو یەکدەگرنەوەو جیادەبنەوە.

کولتورێك نییە لەدنیادا برێك کۆنخوازی لەنێو خۆیدا هەڵنەگرتبێت، فەلسەفەیەك نییە لەدنیادا قسەی لەسەر دنیای کۆنو کۆنخوازان نەکردبێت، ئاینێك نییە لەدنیادا دژی کۆنخوازەکانی پێشخۆی نەبووبێت، کاتێکیش قسە دێتە سەر رۆشنبیریی ناکرێت باس لەو کولتورو شارستانییە نەکرێت کە لەپشت ئەو رۆشنبیرییەوە ئامادەیە، ناکرێ باس لەو ناکۆکییە گەورانە نەکرێت کە رۆشنبیرییەك لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتوون، لەبەرئەوە کاتێك باس لە رۆشنبیری دەکرێ مانای ئەوە نییە ئێمە باس لەتازەگەریو نوێخوازیو دنیا نوێو شارستانییەتییەکی دیکەو کولتورێکی دیکەی روانین دەکەین. کەواتە نەوەی کۆنخوازیش بۆخۆی هەڵگری بەشێکی گەورەی توراسی مرۆڤایەتییە، سەرئەنجام سەلەفیەتو رۆشنبیری دوانەیەکی تەبان، لەلایەکی دیکەشەوە دوانەیەکی ناکۆکن لە جەوهەرو ناوەڕۆکدا.

سەلەفیەت بۆ ئەوەی پانتاییەکانی هزرو ئایدۆلۆژیاو دەسەڵات داگیربکات، پێویستی بەجۆرە رۆشنبیرییەکی ئەوتۆ هەیە بۆ رازیکردنی خۆیو دەوروبەرەکەی، لێرەوە ئەو نەوەیە تەنها بەکەرەستە کۆنەکانی خۆیەوە ناتوانێت ئەو کولتورە نوێیە داگیربکاتو قسەی جدی خۆی تیادابکات، لەبەرئەوە بەردەوام لەهەوڵی دابینکردنی کەرەستەگەلێکی بێشوماردایە بۆ رەخساندنی ژیان بۆ خۆیو هاوەڵانی. هەڵبەت کاتێك باس لەسەلەفیەت دەکەین تەنها لە ڕوەیەکی ئاینییەوە باسی لێوەناکەین، هاوکات مەبەستمان ئەو پیاوە ریشدرێژانەش نییە کە سەنگەری دژیان لەهێزەکانی دیکە گرتوە، ئەم باسەی ئێمە تایبەتە بە عەقڵیەتی داخراوی نەوەکانی پێشوو، تایبەتە بە نەوەیەك کە تەنها لەخەمی خۆیدا دەژیو بەردەوام خوازیاری سڕینەوەی نەوەکانی دیکەیە. بە واتایەك سەلەفیەت بەمانا رۆشنبیریو شارستانییەکەی، سەلەفیەت بەناوی رۆشنبیریو شارستانیو تازەگەریو روناکبیرییەوە خوازیاری سڕینەوەی دنیابینییە جیاوازەکانە، لەبەرئەوە لەڕاستیدا من لەو باوەڕەدانیم کە تەنها تیرۆریست سەلەفی بێت(بە مانا زۆر تەقلیدیەکەی)، یان ئەوانەی دژی هێزە علمانییەکانن سەلەفی بن، رەنگە زۆرینەی زۆری ئەوانەی کەوتونەتە ژێر چەتری هێزە علمانییەکانەوەو لەوێدا حەساونەتەوە ئەوپەڕی سەلەفی بن، رەنگە ئەو بوونەوەرانەی بەناوی رۆشنبیریو روناکبیرییەوە موزایەدە بە ئەرکی رۆشنبیریو شارستانیو نوێخوازییەوە دەکەن ئەوپەڕی سەلەفی بن.

لێرەوە دەچینە سەر چەمکێکی دیکەو دەروازەیەکی دیکە: ریشەیەکی گەورەی سەلەفیەت دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی پیربوون یان پیری، هەڵبەت کاتێك باس لە پیری دەکەین مەنزورمان ئەوە نییە کە لە ڕووی بایلۆژیو رووکارییەوە باسی لێوە

بکەین(وەك لە میدیاکانی راگەیاندنەوە باسی لێوە دەکرێت، کۆمەڵێك رۆشنبیری شاشە دەیلێنەوە)، نەخێر لەبەرئەوەی کەسێکی وەك مارکیز کە گەورەترین رۆماننوسی ئەم سەردەمەیە لە پیریداو لە تەمەنێکی زۆردا چەندین رۆمانی سەرکەوتووی نوسی، مارکس‌و ئەنجلس‌و کارل پۆپەرو یۆنگ‌و ئریك فرۆم‌و ..تاد، شاکارە گەورەکانی خۆیان لە پیریدا بە دنیا ناساندووەو رۆشنبیرانی جیهان تا ئێستا کاریگەرن پێیان. نەخێر مەنزوری ئێمە لە سەر پیری مەنزورێکی کراوەترەو پەیوەندییەکی توندوتۆلی هەیە بە هزرو روانینەوە، هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان هزری پیرو کۆنەو مەبەستمان بیروڕوانینی پیرو تەلەفە بۆ دنیاو شارستانییەت‌و رۆشنبیری، بەختیار عەلی پێی وایە؛ "کێشەی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە پیرەکان هەستناکەن کە پیربوون، هەر کۆمەڵگایەك هەستکردن بەپیری تیایدا لاوازبوو، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە"[2] ، دواجار لەبەرئەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەمترین قسە لەسەر پیری‌و نەوە کۆنەکان‌و کەمترین قسەش لەسەر نەوەی نوێ دەکرێ، هۆکارە هەرە گەورەکانیشی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی یەکەمین جار ئێمە وەك کۆمەڵگایەکی داخراو زۆر ئەترسین لە پیربوونی خۆمان‌و هزرو روانینەکانمان کە زوربەی ئەو تێڕوانین‌و رۆشنبیرییەی پێمانە لەم سەردەمەدا پیربوون‌و بەکەڵکی مامەڵەیەکی سادەی رۆژانەش نەماون، هاوکات هەموو پیرییەك بۆخۆی سەر بە ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەیەکی دیاریکراوی ناو ژیانە، لەبەرئەوە ئەگەر هاتوو لەسەرەتادا هەست بە پیربوونی خۆی بکات وەك فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاو بیروڕوانین بەرامبەر فەلسەفەو روانینەکانی دیکە، ئەوا هەست بە مەرگی خۆی دەکات، ئەو هەستەش بۆخۆی هەستێکی کوشندەیە، کوشندەیە بەو مانایەی هەست بە کۆنی‌و کۆنخوازی خۆی دەکات لەبەردەم ئایدیاکانی دیکەدا، بەلایەنی کەمەوە لەبەردەم نەوەکانی دیکەدا.

سەلەفیەت بەردەوام دەخوازێ بڕیاربەدەست‌و بەدەسەڵات‌و خاوەن هێز بێت، بەواتایەك ئەو رۆشنبیرییەی سەلەفییەت دەیخوازێ رۆشنبیری هێزە، رۆشنبیری نفوزو دەسەڵات‌و سەروەرییەکانە(کە بۆخۆی ئەم رۆشنبیرییە لەدنیای نوێدا بێجگە لە بێمانایی‌و پاراستنی ناشرینییەکان هیچی دیکە نییە)، سەلەفیەت خوازیارە بەردەوام دەسەڵاتەکانی دەرەوەی خۆی، رۆشنبیرییەکانی دەرەوەی خۆی، ژیارییەکانی دەرەوەی خۆی‌و تەواوی بیروڕوانینە نوێکان کۆنترۆڵبکات‌و بەناوی ئەوانیشەوە قسە بکات، خوازیاری دابەشکردنی دەسەڵات‌و هێزە لەناو خۆی‌و بۆخۆی. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوە سەلەفییەکان خوازیاری قسەکردنن لەسەر مۆدێرنێتەو جارناجار باس لە جیهانگیری‌و پۆست مۆدێرنەو فەلسەفەی هاوچەرخیش دەکەن، بەڵام کاتێك سەرلەبەری بڕیارەکان کۆنترۆڵ دەکەن‌و قسە لەسەر ژیان دەکەن لەپیاوێکی ئەشکەوتی سەلەفیترن‌و لە ئایدۆلۆژیستێك خراپتر ئەڕوانن دنیاو دەرەوەی سەدەفە داخراوەکەی خۆیان، کاتێك دەسەڵات لەناوخۆیاندا دابەشدەکەن گەمە بە حکومەت‌و حیزب‌و دەسەڵاتی حوکمیش دەکەن‌و ئەو ناوەندانەش گەندەڵتر و ناشرینتر دەکەن.

ئەوانەی کە پێیان وایە پیرنەبوون‌و روانینەکانیان پیرنەبووە لە دنیای نوێدا بە دنیایەك کەرەستەوە لە هەوڵی پەراوێزکردنی ژیان‌و دابینکردنی زۆرترین ئازادی‌و سەروەری‌و دەوڵەمەندییان بۆ خۆیان‌و لە هەوڵی داخستنی دەرگاکاندان بەسەر نەوەی نوێ‌و بیری نوێ‌و فەلسەفەو رۆشنبیری نوێدا.

سەلەفیەت شانازی بە پیربوونی خۆیەوە دەکات، واتە شانازی بە ژیان‌و کەیف‌و سەفاکانی خۆیەوە دەکات، پیربوون خواستێکی گەورەی نەوەکانی پێشووە، فەلسەفەیەکە بۆ هێشتنەوەی دۆخی ئێستا، هەوڵێکە بۆ پیرکردنی دنیاو دەستخەڕۆکردنی هەنوکەو دنیای نوێ، سەلەفیەت بۆ رەخساندنی ئەو پانتاییە گەورانەی ژیان بۆ خۆی پێویستی بە پشتگیری هەیە، پشتگیری یەکەمی لە پیربوونی خۆیەوە دەستپێدەکات، لە سەروەرییە کارتۆنییەکانییەوە دەستپێدەکات، لە ئێستاشدا تەواوی ئەو پشتگیریانەی لە دەسەڵات‌و هێزە جۆراوجۆرەکانەوە پێ دەگات، کە شێوەیەکە لە پشتیوانی مادی‌و مەعنەوی بۆ هێشتنەوەو سەرسامکردنی دەسەڵات‌و گەمەی هێزەکان.

لەکاتێکدا سەلەفیەت تا سەرئێسقان ژیان دۆست نییەو باوکی تاریکاییەکانە، بەڵام زاراوەی ژیان‌و گەشەکردن‌و پێشکەوتن‌و جیهانگیری‌و گفتوگۆی کولتورەکان بەکاردەبات، شتگەلێك بەکاردەبات کە بە چەند پشت ناگەنەوە بە تاریکاییەکانی ناخی

---

2بەختیار عەلی، کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی؟رۆژنامەی هاوڵاتی، ژ101 ،2002/12/2

سەلەفیەت، ئەو بۆ ئەوەی بە ئارامی بژی لەسەردەمە جیاجیاکاندا تەواوی قەیرانەکانی خۆی فڕێدەداتە دەرەوەی خۆیو فرێی دەداتە ژیانی هەزاران کەسەوە. ئەوەمان لەبیرنەچێت بۆ هەموو زاراوەیەك، بۆ هەموو چەمکێك راڤەکردنی خۆیو تەفسیری خۆی هەیەو هەبووە؛ بۆ نمونە سەلەفیەت لە توانایدایە شتێك هەڵکڕێنێ لە دیموکراسییەتو مەدەنییەتو رای ئازادو مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە، بەڵام لەپاڵ ئەو تێگەیشتنە روکەشیانەیدا روانینە داخراوەکانی خۆشی لە پشتییەوە ئامادەیە، ئەو بە شێوازێکی دیکە بیر لە زاراوەکان دەکاتەوە، ئەو پێی وایە مۆدێرنە تەنها مانای نوێو نوێگەریو رەتکردنەوەی کۆنو کۆنخوازی ناگەیەنێت، بەڵکە مۆدێرنە لەلای ئەو تەلقیحکردنی ئێستایە بە کۆنو موتوربەکردنی سەردەمی نوێیە لە بێستانەکانی رابردوودا.. ئەو شەڕ بۆ ئەوە دەکات کە بەسەرنەچێتو نەبێت بەژێر پێوە، دنیایەك تەفسیری سەقەت بۆ دنیا داخراوەکەی خۆی دەکاتو دنیایەك بەڵگەی دۆگماتیکیو ئەنتۆلۆژی بۆ بەردەوامبوونی خۆیو مانەوەی خۆی دەهێنێتەوە.

سەلەفیەت بۆ ئەوەی هەستی مردنو لە ناوچونو لە خۆیدا بکوژێ، ستراتیژێکی تازە بەکاردەبات کە ئەویش ستراتیژی ناو و نێوبانگو مانای نوێیە، بۆ نمونە ئەو دەتوانێت بەرگی ئایندەسازیو سەردەمگەریو جیهانگیری لەبەربکاتو لە کەناڵو دەروازە رەنگاڵەییەکانی خۆیو هاوبیرەکانییەوە بانگەشەی سەقەت بکات بۆ ئایندەو سەردەمو دنیابینی (کە نییەتیو لەو لایەنەوە زۆر کەمخوێنە).

بەشێکی دیکەی باسەکەمان تەرخاندەکەین بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی سەلەفیەت بە چەمکەکانو ماناکانی دیکەوە، سەلەفیەتو خاوەنداریێتی؛ دوو چەمکن تەواو پەیوەستن بەیەکەوە، بێگومان خاوەنداریێتی لە سادەترین تەفسیردا موڵکایەتیکردنێکی بێ قەیدو مەرجی کەسێکە یان چەند کەسانێکە بۆ شتێك لە شتەکان، بۆ کاڵایەك لە کاڵاکان، بۆ سەرزەمینێك لە سەرزەمینەکان. بەڵام بەهەمان شێوە ئەو موڵکایەتیکردنە خاوەن موڵك دەستکراوەتر دەکات کە چۆن مامەڵەبکات بە موڵکەکانی خۆیەوە، هەڵبەت ئێمە قسەیکمان لەسەر ئەمە نییە، لەبەرئەوەی ئەمە بۆخۆی نەریتێکی چەند هەزار ساڵەی مرۆڤایەتی بووە. بەڵام قسەی ئێمە لەسەر خاوەنداریێتیکردنی روحیو کولتوریو رۆشنبیریو ئایدۆلۆژییەکانە. ئالێرەدا سەلەفییەت لەگەڵ چەمکی خاوەنداریێتیدا جۆین دەبێت، ئالێرەدا لەیەکتری جیاناکرێنەوە، ئالێرەوە موڵکەکانی سەلەفیەت سەرسامان دەکات.

سەلەفیەت بۆ ئەوەی خۆی بەکوڕی هەموو سەردەمەکان بزانێت، بۆ ئەوەی لە هەموو بارودۆخەکاندا خۆی دووبارەبکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بکات بە ماڵی هەموو زاراوەکانداو جارێکی دیکە بەسەقەتی تەفسیریانبکاتەوە؛ هەڵئەسێت بە بەکارهێنانی شێوازی خاوەنداریێتیو خۆی بە خاوەنی سەرلەبەری هەبووەکان، سەرلەبەری روانییەنەکان دەزانێت. هاوکات خۆی بە خاوەنی رۆشنبیریو کولتورو فەرهەنگی گشتیو تایبەت دەزانێت، خۆی بە دایکی هەموو گروپەکانو هەموو هەموو روانینەکان دەزانێت، خۆی دەکات بە مەرجەعی شارستانیو روناکبیریو ئاستە جیاجیاکانی دنیابینیدا، ئەو دەیەوێت بڵێت هەموو ئەو قسانەی تۆ دەیکەیت .. من دەیزانم( هەڵبەت هەموو وێناکراوەکانی سەلەفیەت درۆیەکی گەورەو فەنتازیایەکی ناشرینی لەپشتەوەیە)، ئەو ئەگەر لە توانایدا بوایە دەیوت: هەمووتان لە منەوە سەرچاوە دەگرنو لە مندا کۆتایتان دێت .. لە منەوە بیردەکەنەوە لە منیشدا خەیاڵتان تەواو دەبێت .. ئەو دەیەوێت بڵێت ئەم سەردەمە نوێیە من خولقاندوومەو منم خاوەنی هەموو سەردەمەکان(سەلەفیەت هێندەی لە مەرگی خۆیو کاڵبوونەوەی خۆی دەترسێت، هێندە لە تەوژمی نوێو دنیابینی نوێ ناترسێ، بەڵام مەرگی ئەو لە نادنیابینییەکانیو گەندەڵییە مەعریفییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ).

قەیرانێکی دیکەی سەلەفیەت ئەوەیە؛ کاتێك ئەو دەکەوێتە بەردەم لە ناوچوونو کاڵبوونەوە، خۆی فڕێدەداتە ناوەندو دەزگاو پێکهاتە فەرهەنگییەکانەوە، لەوێڕا ستراکتۆرێکی دیکە بۆ خۆی دروستدەکاتو جارێکی دیکە خوێن وەردەگرێتەوە. بەردەوام سەلەفیەتو دەسەڵات دووانەیەکی هاوجوتو لێکنزیكو ستراتیژ هاوبەش بوون، هەڵبەت درۆیەکی گەورەیە سەلەفیەت بەبێ دەسەڵات بژی، فرسەتەکانی ژیانی سەلەفیەت بەبێ دەسەڵاتو ئایدۆلۆژیا زۆر کزو لاوازە، هاوکات دەسەڵاتیش بەبێ

سەلەفیەت بیرناکاتەوەو ناتوانێت فەنتازیای خاوەنداریێتی گشتیو تایبەت پیادەبکات. ئەم هاوکێشەیە هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە پەیوەندییەکانی سەلەفیەتو دەسەڵاتو ئەو جومگە هەستیارانەی هەردووکیان پێکەوە گرێدەدات.

سەلەفیەت بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بخاتەگەڕ شێوازی جۆراوجۆری دەسەڵات بەکاردەبات، ئەو کە دەیەوێت هەتاهەتایە بمێنێتەوە، هەڵبەت پێویستی بە پشتیوانییە یەکلەدوایەکەکانی دەسەڵات هەیە، ئەو جارناجار تەنانەت پێویستی بە حیزبو گروپە مشەخۆرەکانیش هەیە پشتگیری بکەنو بە هەڵەکانی بڵێن ئافەرین گەورەمو موجامەلەی بەرەکەتەکانی بکات، بە هەمان شێوە دەسەڵاتیش پێویستی بەو ئافەرینە یەکلەدوایەکانەو ئەو موجامەلە درۆزنانەی سەلەفیەتیش هەیەو پێی دەژی، چۆن سەلەفیەت پێویستی بە خوێنی دەسەڵاتە، بە هەمان شێوە دەسەڵاتیش پێویستی بەو بانکی خوێنە هەیە کە سەلەفیەت بۆری لێبەستووە بۆ شادەمارەکانی دەسەڵات.

سەلەفیەت دەکارێ بەناوی رێکخراوێکەوە، بەناوی حیزبێکەوە، بەناوی حکومەتێکەوە، بە ناوی دەزگایەکی رۆشنبیرییەوە، بەناوی مۆدرێنترین خەیاڵەوەو بە ناوی تەواوی هاوڵاتیانیشەوە قسەبکات، لەبەرئەوە ئەو دەسەڵاتێك بەکاردەبات کەمتازۆر ناوەندو گروپە نوێکانو تاکەکەسەکان ناتوانن بەکاریبهێنن. سەلەفیەت بەردەوام بەدوای درێژکراوەکانی خۆیو لێکچووەکانی خۆیدا دەگەڕێ، بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی بۆشاییە گەورەکاندایە بۆ جێکردنەوەی خۆی لە دنیابینییە نوێکاندا.

دواجار سەلەفیەت بەبێ حیکایەت ناژی، کە دوو دەروازەن دەچنەوە سەر یەك، دوو جۆگەلەن دەچنەوە سەر هەمان گونجو هەمان ئاوەڕۆ. لە کاتێکدا سەلەفیەت دەروازەیەکە پڕە لە حیکایەتی یەك رەنگو دەمامککراو و خورافیو نەریتامێز، هاوکات درۆیەکی گەورەیە سەلەفیەت بەبێ حیکایتی گەورە گەورە لەسەر خۆیو سەروەرییەکانی خۆیو سەروەریەکانی ئایدۆلۆژیاو یادەوەریو رابردووی خۆی بژی، ئەو کە ناتوانێت بەبێ حیکایەت بژی، ناشتوانێت بەبێ شەوانی گوێ ئاگردانی گێڕانەوەی حیکایەت بژی، سەلەفیەت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، هەمیشە گیرفانی پڕە لە حیکایەتەکانی مانەوە، هەمیشە کۆمەڵێك پاڵەوانی دەمامك لە ڕوخسارکراوی هەیە بۆ زیندووکردنەوەی خۆی لە ئێستاکانداو لە سەردەمە نوێکاندا.

سەلەفیەت بەبێ کاریزماو نەرجسیەت ناژی، ئەو کە خۆی بە خەلیفەی خواو ئایدۆلۆژیاکانو سەرچاوەکانو فەرهەنگو زاراوەکان دەزانێت، لە تاکە یەك کەناڵی مەعریفییەوە ئەو سیفاتە خورافیانەی خۆی پەخش ناکات، یەکەمین جار ئەو پێویستی بە ئەفسانەی نوێو بە حیکایەتی تازە هەیە بۆ سەلماندنی بوونی خۆیو ئەو کەلاوە مەعریفیانەی سەرچاوەی لێوە دەگرێ. ئەو کە رازی نییە بە تاکە مەرجعێك بۆ دووبارەکردنەوەی خۆی، رازیش نییە بە تاکە یەك دەروازەو تاکە یەك کەناڵی ژیان، ئەو کە لە مەرگی خۆی دەترسێت لە کاڵبوونەوەی دەسەڵاتو لاوازبونی خۆشی دەترسێت. لێرەدا سەلەفیەت دەکەوێتە بەردەم ئیزدواجیەتە بێشومارەکانی خۆیەوە، کە پڕە لە ناکۆکیو تەلزگەو لێکدژەکانییەوە لەگەڵ خۆیو ئەوانی دیکەدا. دەرئەنجام دەگەڕێتەوە سەر بەرپرسیارێتی، لێرەدا سەلەفیەت دەکەوێتە ناکۆکیو لێکدژییەوە لەگەڵ خۆیدا، لێرەدا هەست بە بەرپرسیارێتیو ئەو خاوەنداریێتییە هەژمونگەریانەی خۆی دەکات، لێرەدا ئەو بیردەکاتەوەو روانینەکانی خۆی لە خورافەو حیکایەتەکانی هەڵدەکێشێ. ئەو بۆ ئەوەی کاریزمایەك بۆ خاوەنداریێتی خۆی بخوڵقێنێت پێویستی بەحیکایەتو ئەفسانەو خورافەی گەورە هەیە، ئەو کە باکی بەوە نییە کە چیتر سەردەم سەردەمی حیکایەتە گەورەکانو پاڵەوانە سەرکێشەکان نییە، هەڵئەسێت بە وێناکردنی ئەفسانەییو خورافی لەسەر خۆی، ئەو سیفاتی خاوەنداریێتیو دەسەڵاتخوازی بەکاردەهێنێت، تا لەرێیەوە ئەو کاریزما بچوکانەی نێو ناخی خۆی پێ بەخێوبکات. مەرجەعی هەرە سەرەکیو هەرە فەرهەنگی سەلەفیەت یەکەمین جار کەلاوە مەعریفییەکانی خۆیەتیو دواتر تەواوی کایەو پێکاتە رۆشنبیریو فەرهەنگییەکانی دیکە وەك سەرچاوەو سودی کولتوری ئەو کانگایانە بەکاردەبات.

ئەو کە سەر بە زادگایەکی دیاریکراو نییەو بەرەچەڵەك ناچێتەوە سەر پشتاوپشتی ئەو پاڵەوانە وەهمیانەی کە دواجار دەبنە باوكو باوەگەورەی ئەو، بەڵام کار لەسەر دروستکردنی ئەو جومگەو پەیوەندیانە دەکات کە دەچنەوە سەر مەوداکانی یادەوەریو رابردوو و مێژوو، بەمانایەك سەلەفیەت بۆ ئەوەی لە ئێستادا بژیو سەروەرییەکان بخاتە خزمەتی بەکاریزماکردنی

خۆیــەوە، هەڵئەسـێت بــە کــارکردن لەســەر زاکـیرەی مێـژوو، هــەروەها یــادەوەری نەتــەوەو ســەروەرییەکانو خــەیاڵو وەهمــە بەسەرچـووەکانی کۆمـەڵگا، لـەڕێی ئـەو سەرچـاوانەوە دەگـەڕێت بـەدوای حیکایەتێکدا، بـەدوای بەسـەرهاتێکی رزیـو و مـردووی رەعیەتـداو زینـدویان دەکاتــەوە، ئــەو بــەدوای شـتە مردووەکــانو پاڵەوانــە بەسەرچـووەکانو شۆڕشــە کاڵــەوبووەکانو نەکسـەو خیانــەتو رەمـزە نەتـەوەیی‌و مێـژوویی‌و ئـاینی‌و ئایـدۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتییەکانـدا دەگـەڕێ‌و لـە یادەوەرییـە تۆزلێنیشـتووەکانی خۆیەوە بە منو تۆی دەفرۆشێتەوە. ئەو بۆ زیندووکردنەوەی ئـەو مردووانـە توانـاو وزەی تاقـەتپڕوکێن بـەکاردەبات، یـادەوەری خۆی ئەزێت دەدات‌و سەردەکێشێ بـە تـوراس‌و کولتـوری نـەوەکانی پێشـووداو بـەری هـەڵوەری بێسـتانەکانی ئـەوان کۆدەکاتـەوە. لەکاتێکدا تەنها بەزیندووکردنەوەی ئەو وەهمە ناتوانێت بژی، وەهمەکانی سەلەفیەت زۆر لـەوە گـەورەترن کـە لێـرەدا راگـوزەرو زۆر سادە بەسەریدا تێپەڕین‌و کەمترین شیکردنەوەو راڤەکاری بۆ بکەین.

ئــەو وەهمــەی ســەلەفیەت لــە ئێسـتادا دەیخـوازێ، تــەنهاو تــەنها بــۆ ئامادەکردنــەوەی نییــە لەئێسـتاداو تــەواو، بــەڵکو بــۆ زیندووهێشتنەوەی زاکیرەو ئەو توراسە بـەجێماوەی نـەوەکانی پێشووە. هـەروەها ئـەو دەکـارێ ئـەو وەهمـە ئاڕاسـتەی سـەردەمە نوێکان‌و ئایندە نادیارەکان بکات، ئـەو بـۆ ئـەوەی هێشتنەوەی خـۆی لەئێسـتاو ئاینـدەدا زامـن بکـات، وەهمـەکان گـەورە دەکاتو حیکایــەتی جۆراوجــۆر دروســتدەکاتو دنیــا تاڵانــدەکاتو وەهمــی سەیروســەمەرە بــۆ نــەوەکانی دیکــەو خەیاڵگــەکانی دیکــە دروستدەکات. تەواوی ئەم پرۆسەیەش بۆ کامڵکردنی هاوکێشەی دروستبوونی کاریزما بچوکەکانێتی.

لەکاتێکدا لـەلای سـەلەفیەت دەسـەڵات دوو ڕووی هەیـە، ڕوویـەکی تـەواو واقعییـە، بەتـەواوی هەبووەکانـەوە لـە چوارچـێوەی پانتاییەکی داخراوی جوگرافی‌دا، ڕووەکەی دیکەشی تەواو وەهمییە، بەڵام ئەو دەسەڵاتە وەهمییەی سەلەفیەت زۆر جیاوازترە لە واقـع‌و دەرکەوتـەو هەڵکەوتـەکانی ژیـان‌و پرینسـیپەکانی کاریگـەری‌و کـۆنترۆڵ. هاوکـات ئـەو دەسـەڵاتە هیچـی کـەمتر نییـە لـە فەنتازیا، سەرچاوەکانی ئەو دەسەڵاتە وەهمییە سەرچاوەگەلێکی کاریگـەرو ناڕاسـتەوخۆن، سـەلەفیەت بـۆ ئـەوەی ئـەو دەسـەڵاتە وەهمیانــە بخاتەگــەڕ، ناوەنــدە هەســتیارەکانی ژیــان‌و فەرهــەنگ‌و کولتــورو ترادســیۆن کۆنترۆڵــدەکات؛ وەك دەزگــا رۆشــنبیری‌و فەرهەنگییــەکان، وەك حیــزب‌و ئایــدۆلۆژیا علمــانی‌و ناعلمانییــەکان، وەك وەزارەتــەکانی حکومــەت‌و ئەنجومــەنی وەزیــران‌و حکومەت‌و دەسەڵات‌و مونۆپۆلیزەکردنی ئابوری. . .تاد.

بێئاگاییەکی گەورەیە گـەر لـەو بـاوەڕەدابین سایکۆلۆژیای سـەلەفیەت سایکۆلۆژیایەکی داخـراو و لاوازو ترسـنۆکە، نـەخێر سەلەفیەت خاوەنی سایکۆلۆژیایەکی توندوتۆڵی کاریزمییەو دانسـقەترین بوونـەوەرە لـە نەرجیسیەت‌و خاوەنـدارێتی‌دا. هاوکـات خــاوەنی کەســایەتییەکی وەهمــی کاریگــەرە، بۆیــە کــار لەســەر کاریگەرییــەکان دەکــات، ســەلەفیەت بۆئــەوەی ژیــان‌و گــوزەران‌و هەژموونەکانی لە سەرزەمینە داخراوەکاندا پراکتیزەبکات، خاوەنی سیفاتێکی جیاکەرەوەی بەهێزە بۆ داگیرکاری‌و کۆنترۆڵکردن، ئەو بۆ ئەوەی خۆی دووبارە بکاتەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەلاوە مەعریفییەکانی نەوەکانی پێشوو، دواتر هەژموونە فەقیرەکەی خۆی بەســەر ناوەنــدو ژینگــەو شــوێنگە دیــاریکراو و نادیاریکراوەکانــدا پەخشــدەکات. ســیفاتی داگیرکــاری ســیفاتێکی گــەورەی ستەمکارییەکانی سەلەفیەتە لەنەوەکانی دیکەو لە هزرو مەعریفە جیاوازەکانی دیکە. ئـەو بـۆ ئـەوەی جیاوازییـەکانی دەرەوەی خـۆی بکوژێ، بـۆ ئـەوەی ناوەنـدەکانی ژیـان‌و پرسـیارو گومانـەکان لـە کـۆڵ خـۆی بکاتـەوە کـاری داگیرکـاری‌و مونۆپـۆلیزەکردن بەکاردەبات. ئەوەمان لەبیرنەچێت کە سەلەفیەت کار لەسەر خەلقکردنی پانتاییە ژیارییەکان دەکات بـۆ گـەورەکردنی وەهمـەکان لەلای نەوەکانی دیکە، ئەو کە ناتوانێت لە ئێستادا بەو کەرەستە کۆنانەی خۆیەوە بژی، کار بۆ داگیرکردنی سەرچاوە مـەعریفی‌و هۆشیاری‌و کولتوری‌و ماددییەکان دەکات. ئەو بۆ ئەوەی لە ئێستادا بەدنیایەك فەنتازیای کۆنەوە لەگـەڵ نـەوەکانی دیکـەدا بـژی، هەڵئەسێت بەدووبارەکردنەوەی خۆی‌و دۆزینەوەی درێژکراوەکانی خۆی.

# کۆمەڵگای داخراو

-نەوەی نوێ و کۆمەڵگای داخراو

-کۆمەڵگا، کولتور، ئاین

-تازەگەری کۆمەڵگای داخراو

-کۆمەڵگای حیزبسالاری لەبری

**کۆمەڵگای مەدەنی**

**-نەوەی نوێ لەنێوان کرانەوەو داخراندا**

# نەوەی نوێ و کۆمەڵگای داخراو

**(نەوەی نوێ و کولتوری نەوەکانی پێشوو)**

نەوەیەك لەبەردەم کۆمەڵگای داخراو و سیحری تازەگەریو جیهانگیریو کرانەوەدا، لەبەردەم کولتوری نەوەکانی پێشووداو خەیاڵەکانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا، لەبەردەم فەنتازیای ئایدۆلۆژیاو فەنتازیای نەوەکانی پێشوودا.

**لە کولتوری نەوەکانی پێشوودا فەلسەفەیەك هەیە بۆ داخرانو پەڕاوێزکردنی عەقڵ، بێبایەخکردنی ئازادی، بەلادەرو بە بێئەخلاق زانینی کولتورەکانی دەرەوەی خۆی، هەوڵێکی گەورە لە ئارادایە بۆ خزمەتکردنی ترادسیۆنی باوی ئەو میراتییە کولتورییە بەجێماوەی کە شانازی بە سەروەرییە ئاینیو کولتوریو کۆمەڵایەتیو نەریتیو ئەقلانییەکانی خۆیەوە دەکات، شانازی بە دژایەتیکردنی ئێستاو رازیکردنی نەوەکانی پێشووە دەکات. فەلسەفەیەك هەیە بۆ هێشتنەوەی دۆخی ئێستایەکی وابەستە بە رابردووەییەکی دوورەوە، گرێدراو بە بنەما بنەڕەتییەکانی لۆکاڵییەتو پەیوەندییە هاوشێوەکانی نێو کۆمەڵگا، لە کاتێکدا سیتمی کارکردنی ئەو فەزایە بەتوندی پەیوەستە بە رەگوڕیشەیەکی قوڵی سایکۆلۆژیو ئەنترۆپۆلۆژیی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو وابەستەگییە میراتییەی کە کلێشەسازییەکی مێگەلی بۆ سەرلەبەری پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەپانتاییەکی دیاریکراودا نەخشاندووە، لە سەرچاوەگەلێکی کۆمەڵایەتیو ئاینیو دەرونیو ئیلاهیو ئەفسانەییو مەلحەمییەوە هەڵدەقوڵێو لە رابردووی**

مێژوویەکی نادیاریکراوەوە هەڵئەکشێ بۆ ئێستایەکی ژیاری، سەرلەبەری دامودەزگاکانی ئێستاو هەنوکە دەبنە خزمەتگوزاری ئەو کۆمەڵگا داخراوە، هاوشان لەگەڵ ئەو داخرانە کولتوریو کۆمەڵایەتییەدا؛ میراتێکی ئەخلاقی ئامادەیە، ترادسیۆنێکی شیاوی پەیوەندی دێتە ئاراوە. بێگومان ئاینێك نییە لە دنیادا نەریتێکی ئەخلاقی دیاریکراوی خۆی نەبێت، فەلسەفەیەك نییە لەدنیادا بەرهەمهێنی ئەخلاقیاتێکی نوێی خۆی نەبێت، هیچ رەوتو بزوتنەوەیەکێش لە دنیادا، هیچ دامەزراوەو گروپ کولتورێك نییە لە دنیای هاوچەرخو لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا ئەخلاقناسیو سیستمێکی ئەخلاقی دیاریکراوی وابەستە بە ناوەندییان نەبێت، کاری جدی بۆ نەکەن، لە کاتێکدا ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەرەتاوە تا نەفەسەکانی کۆتایی بەردەوام لە گەڕانەوەدایین بۆ کولتوری بیرکردنەوەی نەوەکانی پێشوو لە ئاینو کولتورو کۆمەڵگاو ئەو ترادسیۆنە گەورەیەی کە لە ئێستادا ئامادەگییەکی هەمەلایەنی هەیە، لەبەرئەوە هەر بەهەمان ئەو کەرەستانە دنیای داخراوی کولتوری نەوەکانی پێشوو، هزری هاوچەرخی دنیای مۆدێرنو ئەو مۆراڵە میراتییە راڤەدەکەینو کایەو پانتاییە ژیارییەکانی لێکدەدەینەوە، لەبەرئەوە کاتێك، "کە ئاین ڕوو لە لاوازی دەکاتو مۆدێرنە وردە وردە دنیایەکی نوێ دروستدەکات لە دەرەوەی نەخشەو خەریتەکانی ئایندا، یەکەمین پرسیارێك کە سۆسۆلۆژیا دەیکات ئەوەیە چی جێگای ئاین دەگرێتەوە لە بەیەکەوەگرێدانی پارچە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، کامە مۆراڵ دەچێتە شوێنی ئەو چوارچێوە ئاخلاقییەی ئاین دروستیکردبوو، ئەگەر خودا نەما چی دەبێتە ناوەندو سێنەتەری بەرهەمهێنانی ماناکان؟ چی رۆڵی ئەو هاوبەشە دەبینێت کە بەرلە مۆدێرنە ئاین دەیبینی؟ کە ئاین نەما چۆن لە کوێدا بە دوای خوداوەندێکی دیکەدا بگەڕێین ماناکانمان پێبەخشێت؟ لێرەوە پرسیاری مۆراڵ دەبێتە یەکێك لە گرنگترین پرسیارەکانی فیکر لە سەدەی رابردوودا."[1] مەریوان وریا لەم پەرەگرافەداو لە کۆی لێکۆڵینەوەکەیدا ئەخلاقناسی یان سیتمی مۆراڵ بەسەر سێ ئاستی ژیارییو فەلسەفی گەورەدا دابەشدەکات، لەیەکەمین ئاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ مۆراڵی رۆشنگەری، دواتر لەڕێی راڤەکردنو بەرباسخستنی مۆراڵی مۆدێرنەوە وەك ئاستی دووەمی مۆراڵ ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن شیدەکاتەوە، لە راستیدا بۆ تێگەیشتن لە ئاستە ژیاریو کولتوریو فەلسەفییەکانی مۆراڵ بەدەر لەو مێتۆدە، بەلاَم نزیك لەو فەزای راڤەکردنە، چەند سەرچاوەیەکی دیکە بەکاردەبەین لە ڕووی سۆسۆلۆژیو ئەنترۆپۆلۆژییەوە لە کولتوری نەوەکانی پێشوودا. لەم باسەدا ناوەندگەرایی بەپێی ئەو ئاستە فەرهەنگیو ژیارییە راڤەدەکەین؛ ناوەند سەرەتایەکە بۆ کۆبوونەوەی دەستەیەك لە هەڵبژێردراوەکانی کولتور، کاتێك باس لە دەستەیەك دەکەین بەو مانایە نییە کە ئەو دەستەیە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك مرۆڤی دیاریکراو بێت، بەڵکو مەبەست لە دەستەیەکی دیاریکراوی دەستەواژەگەلێکی هاوفەرهەنگە پێکەوە، وەك فەلسەفەیەکی دیاریکراو، کولتورێکی دیاریکراو، دنیابێنییەکی دیاریکراوو سنوردراو یان ئایدۆلۆژیایەکی هەڵبژێردراو، ئەفسانەو داستانو حیکایەتو مۆراڵێکی دیاریکراو، ئەم راڤەکردنە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی شوناسەکانی ناوەند لەڕووی کۆمەڵایەتیو کولتوریو ئاینییەوە، بە ئەندازەیەك لێرەوە پێدەنێینە سەرزەمینێکی دیکە بۆ راڤەکردنو دۆزینەوەی شوناسەکانی ناوەند.

بە شێوەیەکی گشتی ناوەند کارخانەیەکی گەورەیە بۆ دروستکردنو بەرهەمهێنانی مۆراڵو ترادسیۆن لەڕێی کەرەستەگەلێکی جیاوازو هەمەڕەنگەوە، ناوەند وابەستە بە حیکایەتەکانی نەوەکانی دەرەوەی بە سەر دوو بازنەدا دابەشدەکات، لە بازنەی یەکەمدا سەرلەبەری ئەو بوونەوەرە هاوشێوەو یەك ڕەنگانە جێدەکاتەوە کە یەك ئاستی بینیان هەیە بۆ خۆیانو کۆمەڵگاو فەرهەنگو ئاینو تاکە یەك حیکایەتیان هەیە بۆ دنیابینیو کە زادەی رابردوویەکی نادیارە. لەهەمان کاتو شوێنی ئەو هاوکێشەیەدا بازنەی دووەمیش دابەشدەکات بەسەر تەواوی جەستەو خەیاڵگەو هزرو ئەو روانینە جیاوازو لادەرو هەمەڕەنگانەی کە لە دەرەوەی ناوەندا دەژین، واتە ئەوانەی دەکەونە پەراوێزی ناوەندەوە. لەکاتێکدا ئەگەر روانینی ئێمە بۆ کۆمەڵگای داخراو لەڕێی ستراکتۆری ناوەندەوە بێت، ئەوا بێگومان ئەو ناوەندە فەرهەنگیو ئەخلاقییە لەئاستێکی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیخوازدا میراتێکی کولتوریو مۆراڵی بەسەر سەرلەبەری تاکەکانی کۆمەڵگاو دەستەو گروپو پێکهاتەکانیدا دابەشدەکاتو

---

[1] مەریوان وریا قانع ، ئەخلاقناسی لەدنیای پۆست مۆدێرندا، گۆڤاری رەهەند، 8/1999،ل21

کاریان پێدەکات (ئەوڕۆکە زۆر زەحمەتو گرانە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا گروپەکانی فشار دروستببن، بەلاّم ئەگەر درووستببن بە سانایی لەلایەن دەسەڵاتە ستەمکارەکانەوە یان لەڕێی ناوەندەوە لە ناونابرێن، بەڵکە بۆخۆیان دەبنە دیاردە).

لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ جومگە هەستیارەکانی باسەکەمانو یەکرا باس لە نەوەی نوێی کۆمەڵگا داخراوەکان دەکەین، بێگومان نەوەی نوێ دەکەوێتە بەردەم هەردوو بازنە ژیارییەکەی ناوەندی کۆمەڵایەتییەوە، کەوتۆتە بەردەم رازیبوون بە مانای گوێڕایەڵیو سەرسامی بەمانای دەرچوون لە فەرهەنگ، لە ئاستی یەکەمدا رازیبوون شتێك نییە باس لەجیاوازییەکانی خۆی بکات، فەلسەفەیەك نییە لەدەرەوەی فەرهەنگو مۆڕاڵ، تەنها گوێڕایەڵییەکی سەرتاسەری ئەو بوونەوەرەیە کە لە هەستیارترین ساتەوەختە سایکۆلۆژیو ژیاریو کولتورییەکانی خۆیدا نەکەوتۆتە بەردەم بەرپرسیارییەتێکی ئەوتۆی ژیاریی واوە کە ئەرکی بەریەککەوتنی ئاستە جیاجیاکانی ژیاری لەئەستۆدا بێت، هاوکات شوێنگەی ئەو بوونەوەرە لە نەخشەی ژیاندا دەکوێتە سەر هێڵە بەرفراوانەکەی ژیانی کۆمەڵایەتیو ترادسیۆنی باوی روانینی مێگەل، مرۆڤی گوێڕایەڵ دابراو نییە لە ستراتیژی ناوەندو ستراکتۆری ژیان، بەڵکە پێکهاتەیەکی پەیوەندیخوازی ئاسایی نێو کۆمەڵگایە، کایەکی تێکەڵە لە مۆڕاڵی کۆمەڵایەتیو میراتی کولتوریو کەلەپوری بەجێماوی نەوەکانی پێشوو، ئاوێتە لەترادسیۆنی روانین، ترادسیۆنی هەڵسوکەوت، فەنتازیای دەستەجەمعی، حیکایەتی گەورەی وەك ئاینو فەلسەفەیەکی وەهمیو یۆتۆبی بۆ کۆمەڵگا، فەنتازیای سەروەرییەکانو فەنتازیای حیکایەتە بچوکەکان. دواجار مرۆڤی گوێڕایەڵ بچوکترین پارچەی ئەو ئامێرە گەورەیەیە کە ناوی کۆمەڵگایە، بچوکترین بزماری ئەو ماڵە داخراوەیە کە ناوی کۆمەڵگای داخراوە. لە هەمانکاتدا لەکۆمەڵگا کراوەکانیشدا ستراکتۆری ناوەند ئەو مرۆڤە گوێڕایەڵەمان بۆ بەرهەمدێنێت، هەرچەندە لە فۆرمو ناوەڕۆکی ستراکتۆری جیاوازدایە، لە بوونەوەری بیرۆکراتو لە ستراکتۆری تەنیاییدا، بەلاّم لە ئاستێکی ژیاری پێشکەوتوودا، ئەوەی لەکۆمەڵگا کراوەکاندا تایبەتمەندی وەرگرتووە نەبوونی حیکایەتێکی گەورەیە، کولتورو کۆمەڵگا بەگشتی لە ئاستی نەوەکانی پێشخۆیدا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لە دروستکردنی ئەو ستراکتۆرەدا. هاوکات هەنوکە ستراکتۆرێکە بۆ نەخشەکانی ئەو ئاستە ژیارییە پێشکەوتوەی کۆمەڵگای کراوە، تاکەکەس لەگەڵ ئازادییەکانیدا دابەشدەبێتو مافەکانی لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەپێی یاسا بەسەر خۆیو ئەوانی دیکەدا دابەشدەبێت. لەڕاستیدا کاری ئێمە لەم باسەدا پێشکەشکردنی جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگای داخراو و کۆمەڵگای کراوە نییە، بەقەدەر ئەوەی قسەکردنە لە کایەو پێکهاتەو ستراکتۆرەکانی کۆمەڵگای داخراو لەڕێی سەرچاوەگەلێکی هاوپەیوەند بە باسەکەوە.

لە پاڵ نەوەی گوێڕایەڵدا، لە پاڵ ئەو نەوەیەدا کە رازییە بەسەرتاپای ژیانو فەنتازیاکانی، رازییە بە نەبوونی خۆشگوزەرانیو ئەلفو بێکانی ئازادییەکانی تاکەکەس، رازییە بەو میراتە کولتورییە، رازییە بەو نادنیابینییەی کە ناگاتە ئەودیو سنورەکانی بازنە داخراوەکانی کۆمەڵگاو مۆڕاڵەکەی، لەپاڵ ئەو بوونەوەرە دەستەمۆیەدا؛ نەوەیەك هەیە لەبەردەم کولتوری باوی کۆمەڵگاو کرانەوەی دنیادا، دەستەوئەژنۆ لەبەردەم پەیوەندییە بێحاسڵەکانی ژیانو جیهانگیریدا، دابڕاو لەبەردەم خودئاگاییەکانی خۆییو ناخودئاگاییەکانی مێگەلدا، کوژراو لەنێوان چەپاندنەکانی کۆمەڵگاو ئاینو وێنە گەرمو پڕ لە خرۆشەکانی سێکسی ئازاددا، لە نێوان داخرانی کۆمەڵگاو فەلسەفەی سەفەرو مرۆڤی گەشتیارو مرۆڤی مۆدێرندا، سەرسام لەبەردەم کەناڵە لۆکاڵییەکانی کۆمەڵگاو کەناڵە کراوەو ئازادو هەمەڕەنگەکانی دەرەوەی خۆی.

ئەم مرۆڤە کە مرۆڤێکی گوێڕایەڵ نییە بەمانا سایکۆلۆژیو مۆدێرنەکەی لەکۆمەڵگای داخراودا، تاڕادەی مرۆڤی گوێڕایەڵ نەتواوەتەوە لەئەتکێتە وێرانەکەی ئەو میراتە فەرهەنگییەدا، تاڕادەی گوێڕایەڵی دەستەمۆی دەستی مێگەلو کولتورو ئاینو حیکایەتە گەورەکان نییە. بوونەوەرێکە تا ئەندازەی هەلاّتن بوونەوەرێکی سەرسامە، تا ئەندازەی دوورکەوتنەوەو نا کاریگەریو بوونەوەرێکی پارچەپارچەیە، نەوەی کلیپەکانە، شەیدای سەرشەقامەکانو مانەوەیە لە کڵەپە وەهمییەکانی نێو خەیاڵیدا. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمە باسی لێوە دەکەین، ئەوڕۆکە جێی بایەخی کۆمەڵناسی ئەزموونگەرایی یان جێبەجێکاری نییە، لە کاتێکدا ئەو تەقلیدە وێرانەی سەرلەبەری بواری کۆمەڵناسی رۆژهەلاّتی گرتۆتەوە، کەرەستەکانی کۆنو سەرچاوەگەلێکی تەقلیدی بەکاردەبات بۆ راڤەکردنی ئێستاو قسەکردن لەسەر ستراکتۆری پێکهاتەکانو شیکردنەوەی کایەو دەروازە کۆمەڵایەتییەکانی

کۆمەڵگا، بەڵام دواجار ئەم تەقلیدە پرسیارگەلێکی هەنوکەیی ناوروژێنێت، دەروازەیەکی دیکەش بەسەر مرۆڤی مۆدێرنی ئەم سەردەمەدا ناکاتەوە .

لە راستیدا گەڕانەوە بۆ دەرئەنجامو دنیابینییەکانی سەردەمی مۆدێرنو چەمکی مۆدێرنە، فەزایەکی دیکە بۆ سەرسامییەکانی ئێمە فەراهەمدەکات، فۆناغێکی دیکەی روانین بۆ سەرلەبەری کۆمەڵگاکان تەرخاندەکات، هاوکات کۆمەڵگایەك نادۆزیتەوە لە دنیادا دەستی مۆدێرنە نەیگەیشتبێتێ، وێرانەیەك نییە لەجیهاندا کارلێکراو نەبێت بە کەرەستەو تەکنیكو بیرکردنەوەکانی مۆدێرنە، دەرگایەك نادۆزیتەوە لە دنیادا مۆدێرنە لەپشتییەوە رانەوەستابێت، ئەوڕۆکە خەیاڵێك نییە کاریگەری خەیاڵو فەنتازیاکانی مۆدێرنەی بەسەرەوە نەبێت، لێرەوە بەختیار عەلی پێمان دەڵێ :" دیارە مۆدێرنە لە سەرتاسەری دونیادا جوڵەیەکی ناوەکی خێراتری دروستکرد، هاریکاری گەورەی مۆدێرنە تەنیا هاریکارییەکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکو هاریکارییەکی ریشەی دیکە بوو، کە تایبەتبوو بە ستراکتۆری فەلسەفی مۆدێرنە، مۆدێرنە چۆن بەرهەمهێنی ناشونالیزم بوو، لەهەمانکاتدا بەرهەمهێنی ئەنتەرناسیونالیسو کۆسمۆپۆلییەتیش بوو. دۆزینەوەو یەکدیناسینی کولتورەکان بەشێکی گرنگی کۆی پرۆسەی مۆدێرنەیە، مۆدێرنە کۆی کۆمەڵگاکانی خستە پێشدەم راستییەکی گەورە کە هێزی کۆمەڵگا لەناسینی خۆیدا نییە بە تەنیا، بەڵکە ناسینی جیهان مەرجی سەرەکیو گەورەی هەموو ژیانێکی داهاتووە، مۆدێرنە جۆرە چێژێکی دیکەی خستە سەر چێژەکانی مرۆڤ، چێژی گەشتو ناسینو تێکەلاوبوون بە کولتورەکانو بینینی زەمینە تازەکان. ئەوە زەمینەی بۆ فەلسەفە سەرتاسەرییەکانیش خۆشکرد، ئەو فەلسەفانەی چارەنوسی مرۆڤایەتییان بەستەوە بەیەك هێڵی گەشەی سەرەکییەوە"[2]، لێرەوە بە پێویستی دەزانم بگەڕێینەوە سەر سێ کارخانەی گەورەی بەرهەمهێنانی مۆراڵو پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەو ئاستە ژیارییەوە کە کۆی بەرهەمهێمنانی ستراکتۆرێکی کۆمەڵایەتی دانەبڕاوە لەیەکتری.

# کۆمەڵگا، کولتور، ئاین

کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی گەورەی سەرەتایی پێکەوەگرێدراوی سەرلەبەری کایەو پێکهاتەکانی دیکەی نێو بونیادێکی گەورەیە، سەرەنجام پێکهاتەیەکی مەزنی تۆڕی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هەمەلایەنە، جەستەیەکی هەمەڕەنگی خانەو شانەکانە لە پانتاییەکی بەرفراوانی ژیاریدا، ئەو پانتاییە بەرفراوانەی سەرلەبەری خێزانو دامودەزگاو تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئاینیو کولتوریو ئابورییەکانی تیادا کۆدەبێتەوە؛ ئەو سەرزەمینە دیاریکراوەی تەواوی کایەو پێکهاتەو ئاراستە جیاوازو تەباو کولتورە باوەکانو کولتورە دژەکانی تیادا کۆدەبێتەوە، ئەو ناوەندە گشتگیرەی تەواوی تاکەکەسو گروپو ناوەندە کۆمەڵایەتیو کولتوریو ژیاریو ئاینییەکانی گرتۆتەخۆ و لەناوەندێکی بەرفراوانی ژیاری دیاریکراودا کۆی کردوونەتەوەو بە نێوی کۆمەڵگاوە ناودێرکراوە. کەواتە کۆمەڵگا برِی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیو کولتوریو ژیارییە نادیاریکراوەیە کە بووەتە شوناسێکی دیاریکراوی کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ناوەندە: بە واتایەکی دی کۆمەڵگا ناوەندێکی رێکخراوی نوێی مرۆڤایەتییە بۆ کۆبوونەوەو پەیوەندیو گەشەکردنو بەرهەمهێنانی هێزو ئاستە جیاجیاکانی دەسەڵاتو کولتوری باو و توراسی ئایدۆلۆژیی. ئەوەمان لەبیرنەچێت کۆمەڵگایەك نییە لەدنیادا خاوەنی کولتور و شوناسی سەرەتاییو رواڵەتی ژیاریو ئاینی خۆی نەبێت؛ گروپێك نییە لەدنیادا زمانێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگایەکی هاوبەش یان کولتورێکی هاوبەش کۆیان نەکاتەوە، هاوکات ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەسێك نییە لەدنیادا لەدەرەوەی کۆمەڵگادا بژیو لە دەرەوەی ئەو کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگا فەرامۆشییەکی گەورە لە ئارادا بێتو بە کردەوە هیچ بوونو کاریگەرییەك لە ئارادا نەبێت.

[2] بەختیار عەلی، کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی، خوێندنەوەیەک لە وێنەو ئەفسانەکانی سەفەرو تاراوگەبووندا، بەشی یەکەم، گۆڤاری رەهەند،ژ(12-13) ساڵی 2001 ، ل34

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر جیاکردنەوەیەکی سەرەتایی‌و پێویست بۆ کۆمەڵگاو ئاین‌و کولتور؛ لە ڕاستی‌دا کۆمەڵگا ئەو پانتاییە بەرفراوانەیە کە سەرلەبەری پێکهاتەو کایەو کولتورو ئاستە ژیارییەکانی کۆمەڵ‌و گروپ‌و تاکەکەس‌و ئاین‌و ئاستی ڕوانین‌و ئایدیاکانی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگای داگیرکردووەو تەواوی ئەم پێکهاتانەش لە تەواوی پەیوەندی‌و بزاڤی هەنووکەیی‌و مێژووییاندا دەبنە پێکهێنەری بەشە پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو بونیادی ئەو ئاستە ژیارییە مرۆییەش دەخولقێنن کە کۆمەڵگایە، لە ڕاستیدا ئاینێك نییە بەبێ کۆمەڵگا، بەڵام کۆمەڵگایەك هەیە بەبێ شوناسای ئاینی‌و بەبێ سەرچاوەگەلی ئاینی (لە تەواوی باسەکەدا، بەپێی میتۆدێکی کۆمەڵناسیی ئەنترۆپۆلۆژی چەند ڕوویەکی ئەو ڕووبەرە گەورەیەم ڕاڤەکردووە کە ئاینە، هاوکات هەر لەو مەیدانی گفتوگۆو ڕاڤەکردنەدا تاوتوێی شوناسی ئاین‌و کولتورو کۆمەڵگاو ڕەگەزە هەرە دیارەکانیان کراوە).

دواجار ئەوەی پێی وایە باسکردنی کایەیەك لە کایەکان، ڕاڤەکردنی پێکهاتەیەك لەپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، توێژێك لەتوێژەکان، کولتورێك لە کولتورەکانی دەرەوەی کولتووری باو لەڕێی باسکردنێکی ئەبستراکت‌و دابڕاوەوە دەبێت، یان بەپێی تاکە یەك سەرچاوەو کەناڵەوە ئەو شیکاری‌و ڕاڤەکردن‌و لێکۆڵینەوەیە گەڵاڵەدەبن ناتوانێت لە میتۆدی نوێی ڕاڤەکردن‌و شیکاری‌و لێکۆڵینەوە تێبگات، لەبەرئەوە لە کاتێکدا بەشێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر نەوەی نوێی کۆمەڵگای داخراو ناکرێ سەرچاوەگەلێکی بێئەندازەی دەرەوەی ئەو ترادسیۆنە بەکار نەبین بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لەنەوەی نوێ‌و کایەو پێکهاتەکانی ئەو ئاستە ژیارییەی کە تەواوی ڕووبەرەکانی ئەو بازنە داخراوەی کۆنترۆڵکردووە. هاوکات ئەو سەرچاوانە یەکەمین جار کولتورین‌و لە بەردەوامبوونیشدا پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەشدار دەبن‌و توڕاسی ئاینیش بەشێکی گەورەیە لەو ناوەندە داخراوەدا.

ڕەگەزە هەرە دیارەکانی کولتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەك لە تەواوی جیاوازی کۆمەڵگاکانی دیکەدا، لە پێناسە گشتییەکەیدا بریتین لەتەواوی ئاگایی گشتی کۆمەڵگایەك، لە هۆشیاری گشتییەوە بەرەو دابونەریت‌و یاساو ڕێکخەری باو و بیروباوەڕی گشتی،هێما،فەنتازیاو نمایشی هەماهەنگی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەك، هەڵبەت ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمە دیاریدەکات، بە تایبەتی لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، کاریگەری‌و پێکهاتەی ستراکتۆرە دیارەکانی پێکهاتەو سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان، هاوکات قسەکردن لەسەر سەرەتاکانی گەڵاڵەبوونی ڕوانین‌و سەیرکردنی کۆمەڵگەیەك بۆخۆی‌و دونیاو ژیان‌و گوزەران، ئاین، سیاسەت‌و گۆڕانکارییەکان، کۆمەڵە ڕەگەزێکن نامۆنین لە ڕەگەزەکانی دیکەی کولتوردا، لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك بەپێی ڕوانینەکانی خۆی ژیانی شارستانی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایدۆلۆژی دەبات بەڕێوەو ڕاڤەیان دەکات، بەڵام تەواوی ئەو جیاوازیانەی سەرلەبەری کۆمەڵگەی گرتۆتەوە لە پانتایی هێڵێکی گشتیدا یەکدەگرنەوە، ئەو هێڵەش بەدیوێکدا پێناسە جیاوازەکانی کولتورە، بەدیوێکی دیکەشدا واقعی کایەو فەزای ڕوانینی کۆمەڵایەتی کولتورە، کە تەواوی ڕەگەزو توخمەکانی کولتور و پەیوەندی‌و دامودەزگا کولتوری‌و ناکولتورییەکانی تێدا لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

هەر لەسەرەتای ئەم باسەدا. دەروازەیەك لەسەر ناساندنی کولتورو پێکهاتەو ڕەگەزەکانی دەخەینە بەردەم تاوتوێ‌و ڕاڤەکردن، کەواتە ئەوەی لەڕێی فەرهەنگەوە کولتورمان پێدەناسێنێ، بەم شێوەیە دەڵێ: کولتور ***Culture*** تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو لە دابونەریت‌و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتیی ژیانی گروپێك یان چەند گروپێك لەخەڵك. ڕەگەزەکانی کولتور، وەك دابونەریت‌و بیروباوەڕەکان، هەروەها بەهاو بیروڕا هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێ دەبەخشێت.[3]

لێرەوە دەروازەی باسەکەمان تەنها ئاشنابوون نییە بە پێکهاتەی ئاین‌و کۆمەڵگاو پانتاییە کۆمەڵایەتییەکان‌و سەرجەم پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە کایە ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی‌و ژیاری‌و ئاینی‌و کولتورییەکانەوە، هاوکات تەنها ناساندنی ئەنترۆپۆلۆژیاش نییە لەڕووی فەرهەنگی‌و زمانەوانی‌و زانستییەوە، بەڵکە ئەم باسە ئەو پرسیارانە دەوروژێنێت کە لەئاوەزی

---

[3] دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنو چیهر وەسنی، و. ڕێبوار سیوەیلی، موسڵح ئیروانی، موراد حەکیم، دارا سوبحان، ئەبوبەکر عەلی، دڵشاد حەمە، تەحسین تەها. لە چاپکراوەکانی دەزگای موکریان- هەولێر 2002. ل 103.

مرۆڤایەتیدا گەلاڵە بووەو خۆمانی لێ هەڵدەکەین‌و ڕاگوزەر بەسەریدا تێدەپەڕین، یان نامانەوێت بیدرکێنین‌و ئاشکرای بکەین، ڕەنگە سەرچاوەکەی ترسێکی هەرە گەورەی بوونی ئێمە بێت لەگەڵماندا بژی‌و هەڵکەوتەی بیرو هزرو ڕوانینەکانمان بێت، کەواتە با پێکەوە لە دەروازەی ئەم پرسیارانەوە بڕۆینە نێو باسەکەوە: ئاین چییە؟ کاریگەرییەکانی ئاین چین لەسەر مرۆڤو مرۆڤایەتی‌و کولتورو ژیاری‌و ئاستە جیاجیاکانی ژیان؟ ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتییانەی سەرجەم پەیوەندی‌و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی تیادا بەرجەستە دەبێت‌و گەلاڵە دەبێت‌و دەگۆڕێ‌و گەشە دەکات، کەواتە ئەو ئاکارە کۆمەڵایەتیانە چین کە سەرلەبەری مرۆڤەکانی پانتاییەکی جوگرافی لەجیهاندا لە ناوەندو پانتاییەکی پیرۆزدا خستۆتە نێو مامەڵەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی‌و کولتوری‌و ئاینییەوە؟ ئایا چ ئاکارو ئەرکێکی هەیە لەدەرەوەی چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لادەرو ناچیز و قێزەوەنە، بە مانایەك لەماناکان لەدەرەوەی پانتایی ژیارییەکانی پیرۆزیدایە، ئایا لەدەرەوەی ئەو حیکایەتە گەورانەی کۆمەڵگاو کولتورو ئاین‌و ئایدۆلۆژیا حیکایەتێکی دیکەو موقەدەساتێکی دیکە لەئارادایە؟

ئەو هەوڵەی ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ قسەکردن‌و باسکردنێکی جدی‌و ڕۆژانە لەسەر ئاین یان کولتور، سەرجەم پەیوەندییە ئاڵۆگۆڕکێکانی ئەو ناوەندەیە کە هۆشیاری مرۆڤ ناکەوێتە پەراوێزی ژیانەوە لەگەڵیدا، بە واتەیەك هەرگیز ئەو بونەوەرەی کە ناوی مرۆڤە لەدەرەوەی ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتییە گەورەیەدا ناژی کە ناوی ئاین‌و کولتورو ترادسیۆنە، هەڵبەت ئاین‌و بیروباوەڕی ئاینی لەدەرەوەی ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتیەدا ناگوزەرێ‌و شایستەی ژیان نییە، کەواتە ئایا ئاین تەواو سیستمێکی کۆمەڵایەتییە، یان پەیوەندییەکی فەرهەنگی مرۆڤەکانە بە سەرلەبەری بوونەوە، ڕەنگە ئەو پەیوەندییە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئەندازەیەك کولتوری بێت‌و ڕووچوبێتە ناخی مرۆڤەکانەوە لە تواناد نەبێت سەرەداوەکانی بدۆزرێنەوەو لەڕووی فەرهەنگییەوە شاڕێگەکانی دیاریبکرێت‌و تەواوی پێکهاتەکەی هەنووکەبژێر بکرێ‌و پۆلێن بکرێت، لێرەوە دەگەینە دەروازەیەکی دیکەی پرسیارە حەشاردراوەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی سەرەتایی نییە، واتە ناتوانرێت لە دیدگایەکی داخراوەوە یان بەپێی پرنسیپ‌و بناغەی ڕاڤەکردن‌و شیکردنەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لێکبدرێتەوەو هاوشێوەی ئەو ڕاڤەکردنانە بێت. هاوکات ئەم پێکهاتەیە بۆخۆی دنیایەکی داخراو نییە لەبەردەم لێکۆڵەرەوەو ڕاڤەکردن‌و کردنەوەی پانتاییەکانیدا، سەرباری دیاریکردنی پێکهاتەکەی بەپێی جۆرو شوێن‌و کاریگەرێتی، شوناسی یەکەو فەرهەنگ‌و کایە کۆمەڵایەتییەکانی.

کۆمەڵگا بەسەر دوو بازنەی کراوەدا دابەشدەبێت، بازنەی یەکەم هەڵگری سەرجەم پەیوەندییە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگایە، کە پێکهاتووە لەسەرجەم پانتاییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك خێزان‌و خێڵ‌و گروپ‌و دەستەبژێرو ڕێکخراو. دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان، فەرهەنگی‌و سیاسی‌و ئابوری‌و مەدەنییەکان، هاوکات ئەو بازنەیە هەڵگرو خاوەنی کایەو یەکە کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگایەو سەرجەم پەیوەندییەکان تیایدا بە تەواوی جیاوازییانەوە دەگوزەرێ‌و ئاڵوگۆڕ دەبێ، دەگونجێ یان دەگۆڕێ، تەواوی ئەم ئاڵوگۆڕکێیانە لەڕێی دامەزراوە فەرهەنگییەکەی کۆمەڵگاوە دێننە ئاراوە. ڕەنگە بازنەی دووەم جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لەڕووی پێکهاتەییەوە لەگەڵ بازنەی یەکەمی کارو ئەرکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا، بەڵام لەڕووی ئەرك‌و پێکهاتەی کایەکانیەوە ئاڵوگۆڕکێیەکی فەرهەنگی، ئاینی‌و سیاسی دەخولقێنێ، تەواوی ئەو پێکهاتەیە پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵگا دەیخولقێنێ، واتە لەم بارەدا کۆمەڵگا تەواو لە ئاڵوگۆڕکێ‌و جوڵەدایە، ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە کەمێکن ئەو کۆمەڵگایانەی تەواو بە داخراوی‌و سەرەتاییبوونی خۆیانەوە ماونەتەوە، هاوکات هیچ کۆمەڵگایەك لە دنیادا شك نابەین جوڵەو کاریگەری خۆی بەسەر ئەرك‌و کارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە نەبێت، کە باس دێتە سەر ئاڵوگۆڕکێ هەڵبەت مەبەستمان ئاڵوگۆڕکێی فەرهەنگی‌و ئاینی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە لەڕووی بەهاو ئەرك‌و ئاکارەوە، هاوکات ئەو پەیوەندییە سەرجەم پێکهاتە مادی‌و ڕوحی‌و دەروونیەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بۆ نمونە ئاڵوگۆڕکێی مادی دیاری‌و یادگارییەکان لەنێوان مرۆڤەکاندا هەڵگری بەهاو ئەرکی نوێبوونەوەو پابەندبوون‌و تۆکمەبوونی کۆمەڵایەتییە لەنێو سەرجەم کۆمەڵگا جیاجیاکانی دنیادا لەوپەڕی سەرەتاییەوە بۆ ئەوپەڕی کۆمەڵگای پێشکەوتوو و تازەپێشکەوتوو "لەسەر ڕۆشنایی ڕاکانی مۆریس گۆدۆلییەو فرانس بواس"، بۆ نموونە ئاڵوگۆڕکێی دیاری لەنێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بە تایبەتی لەنێو هندۆسەکان‌و کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی کەنارو

دورگەکانی ئوستوراليا بە سەرجەم جياوازیو بەراوردکارييەکانيانەوە هەلگری دنيايەك هێماو ئاماژەی جۆراوجۆرن، کە بەردەوام گوزارشت لەتەواوی ئەو پەيوەندييانە دەکەن کە سەرجەم پابەندبوونە کۆمەڵايەتیو ئاينیو سياسيەکانيان دەکەوێتە مامەڵەيەکی کۆمەڵايەتييەوە، کەواتە ئاڵوگۆڕکێی بەها ماديیەکانی وەك ئاژەڵو خواردنو سەدەفو پەڕوباڵی باڵندەيەکی تايبەتو ئێسكو پروسکی پەلەوەرە پيرۆزەکانی وەك بازو هەڵۆ، دياردەيەکی پێکهاتەيی ژيارييەو پەيوەندييەکی ڕاستەوخۆی هەيە بە ژيانو گوزەرانو فەرهەنگی کۆمەڵايەتی کۆمەڵگاو ئەركو پەيوەندييە ئاينييەکان. هەروەها سروتە ئاينييەکانی کۆمەڵگا بۆخۆی نوێکردنەوەيەکی سەرتاسەری جيهانی دنيای شتە پيرۆزەکانە، ئەوەش ئاڵوگۆڕکێيەکی ئاينييە لەنێوان مرۆڤەکان خۆيانداو لە نێوان مرۆڤو پێکهاتەی چوارچێوەداری پيرۆزيدا کە ئەرکێکی ئاينيیو کۆمەڵايەتييە، سروت هەماهەنگی مرۆڤ لەتەك کۆمەڵگاو پانتاييەکانی ژيانو فەرهەنگدا، هاوکات توندوتۆڵکردنەوەی سەرجەم ئەو پەيوەنديانەيە، کە لەپێشدا وەك کولتوری قسەکردن هاتبووە گۆڕێ، بەڵام لەئێستادا، واتە لە ساتەوەختی بە ئەنجامگەياندنی سروتدا، گەر سەما بێت يان پەيوەستبوونی ئاينی بێت لەساتەوەختێکی دياريکراودا يان سروتی جەختکردنەوە بێت لەباوەڕو وێناندنی کۆمەڵگاو وێناکردنی بوونەوەرە ڕوحييەکانی سەروسروشت لەڕێی مرۆڤەوە. کەواتە لێرەدا سروتو پەيوەندييەکانی ئاين پيرۆز دەکاتو دەيخاتە نێو مامەڵەيەکی کۆمەڵايەتی ژيانەوەو هاوکات بەردەوام ئەو پيرۆزييەش نوێ دەکاتەوە، ئەوەی باسمان لێوە کرد پێش مەرجێکی سەرتاسەری قبوڵکردنی ئاينە، هاوبەست لەگەڵ ئەم فەزای پەيوەستبونە کولتورييەدا، وردەکارييەکانی ژيانو تەواوی پەيوەندييەکانی مرۆڤ مەحکوم دەبێت بەو دونيايەوە. ئەکرێ بڵێين ئەو شتانەی کە پيرۆز نين قێزەوەنو ناشايستەی دەستێوەردانو باوەڕپێبوون و ئاڵوگۆڕکێن؟ ئايا لە کامە دونيادا ئەو پيرۆزييە ئاينييە دەخولقێ؟ بوونەوەرە پيرۆزەکان لە کامە پانتايی ژياريدا دەستکاری هزر و ڕوانينی مرۆڤەکان دەکەن، ئەو بەهەشتە هەمان ئەو دنيا پيرۆزەيە کە بوونەوەرەکانی سەر ئەم ئەستێرەيە دەيخوازن؟ ئايا پەيوەندييەکانی ئاينو کۆمەڵگاو فەرهەنگ چ شوناسێك وەردەگرێ؟ خاڵی پەيوەندی نێوان پانتاييە کۆمەڵايەتييەکانو ئاين لەکوێ دايەو بە چ ئاڕاستەيەك کاريگەری ئەرکی کۆمەڵايەتيان بەردەوامی وەردەگرێو دەکەونە ئاڵوگۆڕکێوە؟ ئايا شاڕێگاکانی پەيوەندی نێوان فەرهەنگو ئاينو کۆمەڵگا کە تەواوی پانتاييەکانی ژيانی داگيکردووە، چۆنو بە چ شێوەيەك دياری دەکرێن؟ چوارچێوەی مەعريفی ئاين هەمان چوارچێوەی مەعريفی کۆمەڵگاو فەرهەنگە؟ ئايا ئەرکە کۆمەڵايەتييەکان گوزارشتێکی کاران بۆ تەواوی پەيوەندييە ئاڵوگۆڕکێ ئامێزەکانی نێو کايە کۆمەڵايەتييەکان؟ خۆشگوزەرانیو ئاسودەگييە ژيارييەکان تەنها پەيوەستە بە گۆڕانکارييە سياسیو ئابورييەکانەوە يان پەيوەستە بە تەواوی پێکهاتە کۆمەڵايەتیو فەرهەنگی ئاستە ژيارييەکانەوە؟ ئايا تەکنۆلۆژيا لەسەرەتای شارستانيەتەوە، واتە لەوپەڕی سەرەتايبوونی خۆيەوە تا ئەوپەڕی گەشەکردنو ئاڵۆزیو مەترسييەوە، گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕکێيەکی مادیو هۆشياریو ژياری هێناوەتە کايەوە؟ ڕەنگە ئەنترۆپۆلۆژيای سياسی لەدوای جەنگی  جيهانی دووەمەوە لەهەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسيارەدا بووبێو بەردەوام تا ئەم سەروەختەش لێکۆڵينەوەی وردو کاريگەر لەگۆڕێدايە.. خوێنەر لێرەدا دەپرسێ: ئەو پرسيار و ئاماژانە چين، لێرەو لەوێ دەروازەی باسەکەی ئاڵۆز کردووە؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو پرسيارانەو پرسيارگەلێکی ديکەش کە پەيوەندی هەبێت بە باسەکەمانەوە کەمێك چڕوپڕ و شيکاريی بێت، کەواتە لێرەدا دەبێت لەڕێی ئەنترۆپۆلۆژياوە چانسەکانی ڕاڤەکردن دەستەبەر بکەين، ئەو زانستەی ميللەتە دواکەوتووەکانی دنياو کۆمەڵگە داخراو و سەرەتاييەکانی جيهان ئاگاداری نينو هاوکات تەواو بێبەشن لەو لێکۆڵينەوەو توێژينەوە مەيدانيانەی يان ئەکاديمييانەی لەم بوارەدا پێشکەش دەکرێنو کاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆيان پێدەکرێت لەڕووی سياسیو کۆمەڵايەتیو ئابوریو فەرهەنگیو ژيارييەوە. هاوکات بێئاگايیو کەمتەرخەمی ئەو کۆمەڵگايانە گەيشتۆتە ڕادەيەك کە بە هيچ جۆرێك زانستی مرۆڤناسیو کۆمەڵناسیو فەرهەنگناسیو نەژادناسی جێی بايەخيان نييەو هيچ ناوەندو دامەزراوەيەك نييە بە کردار ئەو ئەرکەی گرتبێتە ئەستۆ. لێرەدا مەبەست لەئەرك؛ تەنها قسەکردنو ئاماژەکردن نييە بەو زانستانە، هاوکات مەبەست لەوە نييە کە ئەو بوارانە لەو ناوچانەدا يان لەو کۆمەڵگايانەدا دەخوێنرێتو وەك ڕۆتينێکی وێنەيی کاری پێدەکرێ، بەڵکە ئەرکی هەرە گەورەی ئەو زانستانە لەڕووی کرداریو جێبەجێکارييەوە لەناو کۆمەڵگاو پانتايی

فەرهەنگی، ژیاری‌و پەروەردەییەکاندا شایەنی تاوتوێکردن‌و ڕاڤەکردنی جیاواز نییە، هاوکات ئەوەی ئەو فەرهەنگانە لەسەر کۆمەڵگاو ئاینی خودی کۆمەڵگەکەیان لێی حاڵی دەبن‌و دەیزانن‌و کاری پێدەکەن کۆمەڵە ڕستەیەکی دووبارەو بێ بەرهەمە.

وێنانـدن‌و تێڕوانینـەکانی مـرۆڤ لـەو جـۆرە کۆمەڵگایانـەدا سـنوری ئـەو ئەرکـە نائاگاییـەی کۆمەڵگـە تێناپـەڕێنێت‌و دووبارەبوونەوەی ئەو ئاڵوگۆڕکێ هزریانەی نێوان فەرهـەنگ‌و ئـاین‌و مرۆڤـی ئاسـتە جیاجیاکـانی ژیـاری، کەواتـە ئـەنترۆپۆلۆژیا چییە؟.. واتە مرۆڤناسی، زانستی مرۆڤ، بە تایبەتی لەم بوارە دیاریکراوانەدا:

سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌و ژیارییەوە، ئەم زاراوەیە لەڕووی فەرهەنگییەوە "***Anthropology***" پێکهاتووە لـەدوو وشـەی یۆنـانی، یەکەمیان ***Anthropos*** واتە "مرۆڤ"و ***Logos*** واتە "زانست" هەردووکیان پێکەوە "زانستی مـرۆڤ یـان مرۆڤناسـی" دەگەیـەنێت، ئەنترۆپۆلۆژیای هاوچەرخیش بەپێی فەرهەنگ‌و گۆشـەنیگای مرۆڤناسـانی بـەریتانی ئـەنترپۆلۆژیای سروشـتی‌و ئـەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی‌و ئەنترۆپۆلۆژیای جێبەجێگەری‌و ڕەگەزناسـی دەگەیـەنێ، بـەڵام لـە ئـەمریکا ئـەم زانسـتە زیـاتر بـەلای فەرهـەنگ‌و لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستە جیاجیاکانی فەرهەنگ‌و ژیاریدا دەڕوات‌و هاوکات ناونیشانەکەشی دەبێتـە ئـەنترۆپۆلۆژیای فەرهـەنگی، هەروەها ئـەم زانسـتە لـە جیهانـدا پەیوەندییـەکی زۆر کاریگـەرو وردی هەیـە بـە "زماننـاسی"و نەژادشوناسـی‌و فەرهەنگناسـی‌و دیاردەی جیهانگیری‌و لێکۆڵینەوە زانستییە هەمەلایەنەکانی ئەو بوارانە.[4]

ئەوڕۆکە زانستی مرۆڤناسی لەڕووی فەرهەنگییەوە پێناسەی دیاریکراوی خۆی وەرگرتووە، ڕەنگە پێویست نـەبێت جـارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵێك پێناسەی دیکە، چونکە ئەرکی ئێمە نییە، هاوکات باسەکەشمان دیاریکردنی ڕووە فەرهەنگییەکەی ئـەو زانسـتە نییـە. ئـەنترپۆلۆژیای هاوچـەرخ پەیوەندییـەکی تونـدوتۆڵ‌و زانسـتیانەی هەیـە بـە تـەواوی ئاسـتە ژیـاری‌و شارستانییەکانی دنیاوە، هاوکات تەنها کۆمەڵگا سەرەتایی‌و دواکەوتووەکان. جێی باس‌و لێکۆڵینـەوەی ئـەنترۆپۆلۆژیا نییـە، بەڵکـە ئەوڕۆکـە ئـەو بـوارە ئاسـتی ژیـاری‌و فەرهـەنگی، کولتـوری، سیاسـی، ئـاینی، کۆمەڵایـەتی‌و ئـابوری کۆمەڵگـە پێشـکەوتوو و تەکنۆلۆژییـەکانی ئـەم سەردەمەشـی خسـتۆتە سـەر سـلایدی لێکۆڵینـەوەو پرسـیار، بـەراوردکاری‌و توێژینـەوەی وردەوە. بـۆ سـەلماندنی زیـاتری ئـەو ڕایـە، ئێسـتاکە وڵاتـانی پێشـکەوتووی خۆرئـاوا بـواری سیاسـی، کۆمەڵایـەتی‌و ئایـدۆلۆژی‌و فەرهـەنگی، ژیارییەکان پۆلێك مرۆڤنـاس‌و کۆمەڵناسـی ئـەکادیمی دەیبـەن بـەڕێوەو لێکۆڵینـەوەی زانسـتی جۆراوجـۆر پێشـکەش دەکـەن لـەو بـوارەدا، کـە زیـاتر ئـەرکی ڕاڤـەکردن‌و لێکۆڵینـەوەی ئـەکادیمی‌و مەیـدانی‌و نمونەکارییـەکانیان گرتۆتـە ئەسـتۆ، ئـەوەش وەك باکگراوندێکی تیۆری‌و کرداری لەپشت ئەو دامودەزگا فەرهەنگی‌و سیاسی‌و کولتوری‌و ئاینی‌و ئابورییانەوە، زۆرێك لەوەزارەتەکان پسپۆڕی زۆر کارای ئەنترۆپۆلۆژی کاری تیادا دەکەن‌و تواناو توانستە کۆمەڵایـەتی‌و سیاسـییەکان بـە بـەراورد لەتـەك فەرهـەنگ‌و ئاستی ژیـاری کۆمەڵگـەو ئاڵوگۆڕکێکانـدا دەیـانگونجێنن‌و دەیانخەنـە گـەڕ، بـەڵام لـە وڵاتـە دواکـەوتووەکانی دنیـادا؛ وەك وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئاسیا، کە ئەوەی جێی مەبەست‌و بیرکردنەوەی جدی نەبێت بواری ئەنترۆپۆلۆژیایە، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بۆ ئاستی نزمی ژیاری‌و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و پشتگوێخستنی پلانڕێـژی ئـەکادیمی لـەبوارە جیاجیاکـانی ژیـان‌و فەرهـەنگ‌و کۆمـەڵگا، ئـاین، ناوەنـد، دامـەزراوە کۆمەڵایـەتی‌و ڕۆشـنبیری، سیاسـییەکان، خوێندنـەوەو لێکۆڵینـەوەی نـوێ لەسـەر دیاردەو مەسەلە هەنوکەییەکانی نێو کۆمەڵگاو چوارچێوەی ژیان‌و دنیای ئاڵۆزی‌و جیهانگیری‌و سەردەمی زانیارییەکان.. هاوکـات ئێمە تەواو نەشارەزاین بە مێژووی ئەم زانستەو قوتابخانەو ڕەوتە فیکری‌و ئەزمونییەکانی لەسەرەتاوە تـا ئەوڕۆکـە: لەبەرئـەوە لێرەدا ئەوەی پێویستە لەڕێی شیکردنەوەی قوتابخانـەی ئـەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییـەوە دەروازەیـەك بەسـەر باسـەکەماندا واڵا بکەین‌و لە ڕێیەوە دیوە شاراوەو نادیارەکەی ئـەم زانسـتە بـە تـەواوەتی ڕوون بکەینـەوە، ئـەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایـەتی ***Social Anthropology*** کە قوتابخانەیەکی دیکەی ئەنترپۆلۆژیایەو ئەرکی لێکۆڵینەوەی سەرتاسەری کولتورو کۆمەڵگاکانی بە پانتـایی جیهان گرتۆتە ئەستۆ، لە سەرەتادا ئەم بوارە بە پلەی یەکەم لێکۆڵینەوە مەیدانییـەکانی زیـاتر لەسـەر کۆمـەڵگا ناڕۆژئاواییـەکان

[4] موسوعة علم الأنسان- شارلوت سيمور- سمس 2000.

دەخستە ژێر کارو توێژینەوەوە، هەر لەڕێی ئەو دەستە لێکۆڵەرەوەیەوە زاراوەی "کۆمەڵگا سەرەتاییەکان" هاتە گۆڕێ، هاوباس چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەم بوارەو کۆمەڵناسیدا، بەڵام کۆمەڵێك جیاوازی بنەڕەتشیان هەیە، بۆ نمونە لەڕووی مێژووییەوە کۆمەڵناسی بەرەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان ئاڕاستەی گرتو ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵە جیاوازییەك لەنێوان هەردوو بوارەکەدا، لەڕووی میتۆدیو تیۆرییەوە، هاوکات لەڕووی توێژینەوەشەوە کۆمەڵە جیاوازییەك کەوتە نێوانیانەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو زانایانی کۆمەڵناسی بۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان هەڵدەستان بە وەرگرتنی چوارچێوەیەکی کۆمەڵی بەو نیازەی ببێتە بابەتێکی دیاری توێژینەوە، بەرلەوەی هەست بەدیاریکردنی هەندێك لایەنەکانی ئەو کۆمەڵگایانە وەك کۆمەڵە تێزێك بۆ لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانیان. بەڵام زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا بە پێچەوانەوە بابەتێکی دیاریکراویان پێشوەخت وەردەگرتو وەك چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی هەڵیاندەبژارد، هەروەها دواتر ئەوان میتۆدڕێژێکی سەرتاسەرییان دامەزراند بەرلەوەی کۆمەڵە تێزێك داڕێژن کە دەکەوتە بەردەم قەدەری دروستیو نادروستی، کۆی ئەم هەوڵانەش ئەرکێکی گەورەتری کەوتە سەرشان کە چوونە دەرەوە بوو لە چوارچێوەی سنوردارو دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتیو کولتوریو ئاینی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان.[5]

ئەنترۆپۆلۆژیا لە دەرئەنجامی هەوڵو ئارەزووی بەدواداگەڕانو ناسینی کولتورەکانی دیکەو ئاینەکانی دیکەو کۆمەڵگاو نەتەوەکانی دیکەو نەتەوەو خوونەریتو بیروباوەڕی گەلانی دیکەی جیهانەوە هاتە گۆڕێ، ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ڕۆڵو کاریگەری گەشتیارو بازرگانو نێردراوە مژدەبەخشو ڕۆشنکەرەوەکان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە بەدواوە وەسفیان کردووە، زۆرێك لەو کۆمەڵگاو گروپو کولتورە جیاوازانەیان پێ ئاشناکردووین. مرۆڤناسی وەك لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، ڕێکخراو لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا هاتە کایەوە کە ڕێکخراوە زانستییەکانی ئەم بوارە لەوڵاتانی وەك فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتووەکانو بەریتانیاو ئەڵمانیا دامەزران. کۆنترین تیۆرییەکانی مرۆڤناسی تیۆری (گەشەسەندنە). دواتر تیۆری ئەنیمیزم (واتە زیندەگەرایی، بە مانایەکی دیکە؛ واتە بەخشینی ڕوح و ژیان بە سەرجەم بونەوەرو کەرەستە کولتورییەکانی سەروسروشت). لەسەر دەستی لێکۆڵەرەوەی بەناوبانگ ئیدوارد تایلۆر، دوابەدوای ئەو قوتابخانە تیۆرییە کۆمەڵایەتییە هاتە گۆڕێ، هاوکات جیمس فرێزەرو ڕۆبرستن سیمسو ڕادکالف براونو.. ئەوانی دیکە لەسەر ئاستی پێشکەوتنی ئەو زانستە ئاستە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنی ئەوتۆیان هێنایە ئاراوە کە تاکو ئێستا جێی گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی جدین.

کەواتە ئەنترۆپۆلۆژیا زانستێکی زۆر هەمەلایەنەو فرەبوارو فرەمەیدانەو دنیایەك پانتایی کۆمەڵایەتیو کولتوریو ئاینیو سیاسیو ئابوری کۆمەڵگا جیاجیاکانی دنیای لەبەردەستدایە بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیان بە تەواوی جیاوازییەکانیانەوە.

گەر لێرەدا ئاوڕێك لە پێناسەیەکی زۆر کورتی (لوسی مێر) بدەینەوە، ئەوا ئەنترپۆلۆژیا باسکردنی مرۆڤە وەك چۆن دەروننناسی باسکردنو تاوتوێکردنی دەروونو عەقڵو ئاگاییو نائاگاییەکانە، هاوکات هەندێك لەوە دەکۆڵنەوە کە ئەم زانستە هەموو شتێکمان دەربارەی مرۆڤ پێ دەڵێت، ئەوەی ئەم بیرۆکەیەی هەیە دەربارەی ئەنترپۆلۆژیا، لەڕاستیدا ئەو بابەتانە بوون کە زیاتر لەسەدەی نۆزدەدا هاتنە ئاراوە، لە کاتێکدا (زانستی مرۆڤ) بۆ یەکەمین جار دروست بوو، کە سەرەتا ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتگەرایی، ئەنترۆپۆلۆژیای ژیاری یان کۆمەڵایەتی، شوێنەوارناسی، زانستی زمان بووە. ڕەنگە لێرەدا کەمێك لە ڕووی فەرهەنگییەوە زاراوەکەمان واڵا کردبێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا زۆر دەبێتە پێویستییەکی هەنووکەیی بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە، پێکهاتەی ئەو زانستەیە لەڕووی ئەکادیمییەوە، کەواتە لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە؛ ئایا ئەنترپۆلۆژیا چۆن باس لەمرۆڤ دەکات؟ چیرۆکی مرۆڤمان بۆ دەگێڕێتەوە یان مێژووی دێرینی مرۆڤایەتیمان بۆ تاوتوێ دەکات؟ یان جیاوازی شارستانییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات؟ لە پرسیاری یەکەمدا ئەو ناکۆکییە گەوهەرییە دێتە ئاراوە کە خودی بوارەکە خاوەنێتیو هەڵگری کۆمەڵێك دەرودەروازەی جیاوازو هەمەڕەنگە، باسکردنی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیو کولتوری، ژیاری، ئاوێتە

---

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

به ژیارییەکی تایبەتو ژیارییەکی گەردوونیو جیهانی، هەڵگری کۆمەڵێك جیاوازی ڕەوشتیو ئاکاریو ئاینییە، کەواتە باس لەمرۆڤێك دەکات کە تەواو هەڵگری جیاوازییەکانی خودی خۆیەتی لەبەرامبەر بوونەوەرەکانی دیکەدا، کە تەواو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هاوکات باس لە کۆمەڵە خەسڵەتێك دەکات کە تەنها زمانحاڵی ڕووکاری هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیو ژیارییەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکە ئەم زانستە بە تەواوەتی ڕۆئەچێتە کونجە تاریکو لابەلاکانی جیهانی ژیاریو فەرهەنگی مرۆڤەوە، یان ناوەڕۆکی سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە کۆمەڵگاو گروپو یەکەو خێزانو یەکەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئاینییەکان، سەرباری ئەوەش ئەرکی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پانتاییە کۆمەڵایەتیو کایە، پێکهاتەو دامەزراوەکانی لە ئەستۆدایەو بە دوای وێناکراوە ترادسیۆنییە پۆلێنکراوەکانی هزری نائاگاییو مرۆڤایەتیدا دەگەڕێو لەڕێی ئاستە ژیارییەکانەوە دووبارە پۆلێنیان دەکاتەوە، بەڵام قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ئەم زانستە بەپێی میتۆدێکی زانستی پێکهاتەکانی شیدەکەنەوە، بۆ نمونە مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی، کە زۆرێك لە پەیڕەوکارانی کۆمەڵناسی پێیان وایە بەشێکە لەزانستی کۆمەڵناسیو هیچ جیاوازییەکیش لە نێوانیاندا لەئارادا نییە، بەڵام زانایانی خودی ئەم بوارە بەدەر لەو ڕایە بۆچوونی زۆر تایبەتی میتۆدی خۆیان هەیە، وەك ئیمێل دۆکاریمو مالینۆفسکیو فرانس بواس، ئەم قوتابخانەیە پتر لە پێکهاتەو کایەو یەکە کۆمەڵایەتیو ئاینیو فەرهەنگییەکان دەکۆڵێتەوە، هاوکات سەرلەربەری ئەو پەیوەندییانەی مرۆڤ بە کایەو پێکهاتەکانەوە تاوتوێ دەکات، هاوکات بابەتی هەرە سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو بونیادی کۆمەڵایەتیو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگایە.

# تازەگەریو کۆمەڵگای داخراو

"مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژووی شارستانییەکان. هاوکات ناکرێو لە تواناشدا نییە بیر لە شێوەیەکی دیکەی گەشەکردنی مرۆڤایەتی بکەینەوە "(سامویل هنتنگتۆن)

تێکەڵاوبوونی کولتورەکانو ئەو بەریەککەوتنە ژیارییەی سەرلەبەری جیهانی گرتۆتەوە لەهزری مۆدێرنەوە سەرچاوەی گرتووە، جیهانگیریش بە تەواوی پەیوەندییە گشتگیرو هەژموونەکانییەوە دوابەرهەمی مۆدێرنەیە. لەبەرئەوە بێئاگاییەکی گەورەیە. گەر لەو باوەڕەدابین بە داخرانی ئەو ماڵە فەقیرەی خۆمان بەربە مۆدێرنەو جیهانگیریو بەریەککەوتنی کولتورەکان دەگرین، گومڕاییەکی گەورەیە رازیببین بە کەرەستە سەرەتاییەکانی روانینی خۆمان بۆ دنیاو دەرگاکان بەڕووی دنیابینیو دیاردەو کارەساتەکانیدا دابخەین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی تازەگەریو تاوتوێکردنی مەوداو دنیابینیو سروشتو خەسڵەتە هەرە جیاکەرەوەکانی تازەگەری، کارێکە بۆ نزیکبوونەوە لە کاریگەرییە پڕ لەچالاکیو هەمەڕەنگییەکانی ئەو دنیا پەنهانەی کە لە نادیارەوە نەهاتووەو ئێمە ئاگامان لێ نییە، بەڵام ناڕاستەوخۆ کەوتوینەتە ژێر کاریگەرییەکانییەوە، هاوکات ئەرکی هەرە گەورەی ئێمەی مرۆڤ لەم سەردەمە نوێیەدا نزیکبوونەوەیە لەمەوداو ڕەهەندە هاوچەرخەکان، گەڵاڵەکردنی پرسیارگەلێکی هەنووکەییە

لەژیانو سروشت بە تایبەتی، مێژوو و ئێستامان بە گشتی، لەڕێی ئەم ڕیتمی ئیشکردنەوە، دەرئەنجام دیالۆگێکی سەرتاپاگیرمان دەستدەکەوێت بۆ نزیکبوونەوە لەخۆمان وەك تاکەکەسو خودێکی بەرپرسیار لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو ژیاریو کولتوریو هاوچەرخبوونو هاوچەرخ نەبوون، ئەو دیالۆگەی دواجار بووەتە تەکنۆلۆژیایەکی کارای ژیاریی بۆ پێکەوەبەستنەوەی دنیابینییە جیاوازەکانو کولتورەکانو ئاینەکانو دەوڵەتو نەتەوەکانی دنیا، لە سەرەتاوە ئەم تەکنۆلۆژیایە پێکهاتەی سەرجەم کەرەستە کولتورییەکانی ژیارییە دێرینەکان بووە، بۆ مامەڵەکردنو بەکارهێنانی سروشت لە بازنەیەکی ژیاریو زیندەگی ڕۆژانەدا، بۆ دەستەبەرکردنی خودی ژیان لە چوارچێوەی جوگرافیای ماڵو هەرێمێکی چەند کیلۆمەتریدا، بەڵام دواجار هەمان خودی ئەو کەرەستە تەکنۆلۆژییانە، لەڕێی گەشەکردنی کولتورو دروستبوونی کۆمەڵگاو خێزانی هاوچەرخەوە دەبێت بە دیالۆگێکی سەرتاپاگیر بۆ دروستکردنی پەیوەندیگەلێکی هەمەلایەن لەنێوان باقی کولتورەکانی دیکەدا، لەنێوان سەرلەبەری گوندو هەرێمو کۆمەڵگاکانی دیکەدا. ئاشکرایە ئەوڕۆکە هەر ئەو کەرەستانەیە لەعەقڵێکی مۆدێرندا بەکاردەبرێو لەئاستێکی کۆمەڵایەتیو کولتوریو نەتەوەییو ئابوریو سیاسی بەهێزدا وەك ئاستێکی ژیاریو تەکنۆلۆژی بەکاردەبرێو کەوتۆتە نێو تۆڕێکی گەورەی سیستماتیکی بەرفراوانەوە، بە ئەندازەیەك سەرجەم کەرەستەکانی دابینکردنی خواردنی دێرین ئەوڕۆکە لە نەکوڵاوەوە گۆڕاوە بۆ کوڵاو، لەبری بەردی تیژ، چەقۆ و بڕەڕی هەمەجۆری پێشکەوتوو بەکاردەبرێ، لەبری ئەو ئاشپەزخانە گەڕۆکەی سەر بەردو سەکۆکانی مرۆڤی دێرین، ئەوڕۆکە چێشتخانەی گەورە گەورە، ئاشپەزخانەی مۆدێرن لە ئارادایە، بە ئەندازەیەك سەرلەبەری ئەو کەرەستانەی لەم بوارەدا بەکاردەبرێ بە جۆرێك مرۆڤی مۆدێرنی پەیوەست کردووە، کە ناکرێ تایبەتمەندیو شوناسەکانیان لەیاد کەین، ئامێری جۆراوجۆری ئاگریی بۆ بەتامکردنو تێکەڵکردنی سەرلەبەری خواردنو چێژەکان بە یەکتری "ئەمەش بۆ خۆی لەبری ئەو ئاگرە سەرەتاییەی کە مرۆڤی دێرین بۆ بەخێوکردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەکاری بردوون" هاوکات سەرلەبەری ڕیتمی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەسو کۆمەڵو گروپەکان گۆڕانکاریو وەرچەرخانی گەورەیان بەسەردا هاتووە، تەواوی ئەو زەمەنو سەروەختو شوێنو بونیادو سیستمانە گۆڕانکاری ڕەگوڕیشەییان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە ئەو کاتەی تەواوی ژیان لەچاخە دێرینەکان تایبەتمەندییەکی هەنووکەیی درێژخایەنی وەرگرتبوو بۆ بەکاربردنی سەرلەبەری کەرەستە سەرەتاییەکان لە سروشتو ژیاندا، بەڵام لەمڕۆدا ئەو مامەڵەو تاوتوێکردنە بە کەرەستە ژیارییەکانەوە لە گۆڕانێکی بەردەوامو لە هەنووکەیەکی پێشکەوتوو؛ پڕ لە پەیوەندیدان، پەیوەندییەکانی مرۆڤی مۆدێرن تەنها پەیوەندییەکی ئۆتۆماتیکی یان تەکنیکی ڕێکخراو نییە بۆ بەرجەستەکردنی واقعی ژیانو کۆمەڵگاو ئاستی ڕاژەی تاکەکەسو کارگێڕی لەژیانی تایبەتیو گشتی تاکەکەسەکاندا، بەڵکە ئەو پەیوەندییە سەرئەنجامی پەیوەندیگەلێکی سەرتاپاگیرن لە نێوان مرۆڤو ژینگەو ژیاریو کولتورو کۆمەڵگای مۆدێرندا ئەو پەیوەندییانە لەلایەن سادەکردنەوەو دامالینی مرۆڤە لەخودی خۆیو لەتەواوی سەردەمەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ داهاتوشی، لە لایەکی دیکەشەوە بە تایبەتمەندیکردنی مرۆڤی مۆدێرنە لە سەردەمەکەی خۆیداو دابڕانێتی لەو بەرواره ئەفسانەییو مێژووییو مەلحەمییەی ژیاری، کەواتە تەواوی ئەو دوو هەوڵە تەرخانکردنی کەرەستەگەلێکی ژیاریو کولتوریو تەکنۆلۆژییە بۆ مرۆڤی مۆدێرنو هێشتنەوەیەتی لە هەنووکەدا، هەروەها تەکنۆلۆژیا دیالۆگی سروشتی لە مرۆڤی سەرەتاییو دێرینو مرۆڤی سەردەمە کۆنەکان سەندەوەو خستییە بەردەم سەردەمێکی جەنجاڵو دیالۆگێکی دیکەو ئارەزوو و دەربڕینێکی دیکەو پڕ لە ئاڵۆزی. ئەوەمان لەبیر نەچێت مرۆڤی مۆدێرن لەبەردەم وێنایەکی جەنجاڵو ئاڵۆزدایە بە مرۆڤو چێژی وێنەییو ژیارییو ڕەمزی، لەبەردەم خەیاڵدانێکی گەورەی دابڕاودایە لە ئێستاو داهاتوودا، لەبەردەم سەرلەبەری تایبەمەندییە دابڕاوەکاندایە، هاوکات لەنێوان سەرلەبەری پەیوەندییەکانی خۆیو پەیوەندییە هەنوکەییەکانی شارستانیەتو تازەگەریو فەلسەفەی نوێی ژیانو کاڵبونەوەی ئایدۆلۆژیاکانو حیکایەتە گەورەکان، لەبەردەم نوێبوونەوەو دابڕانە یەکلەدوایەکەکاندایە، لەنێوان دابڕانی خۆیو دابڕانی ئەوانی دیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندییە هەنووکەییو ژیارییەکانی ئەو مرۆڤە لەبەردەم چەند ریتمو بونیادو کەرەستەو سەرچاوەگەلێکدا وەستاوە کە لێرەدا بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بارو بواری تایبەتی ئەو مرۆڤە مۆدێرنە دەکارین روکارە هەرە دیارو ژیارییەکانی باس بکەین : ئەو مرۆڤە سەرلەبەری کەرەستەکانی کۆنترۆڵە؛ تەلەفزیۆنەکەی بۆ سەتەلایتو سیدیو هەواکێشو ساردکەرەوەو گەرمکەرەوەو ئۆتۆمبێلو دەرگاو

زۆرێك لەو كەرەستانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەكاریان دەهێنێت بە سستمێكی شیاو بە كۆنترۆڵ كاردەكات، هاوكات ماڵی مرۆڤی مۆدیرن، ئەو شوێنەی تیایدا دەژی زۆر جیاوازە لەمرۆڤی سەدەكانی پێشوتر، ئەو ماڵەی سەرلەبەری هەنووكە ژیاریو كەرەستە هاوچەرخەكانی تیادا كۆبووەتەوە بۆ خزمەتكردنی مرۆڤ لەم سەردەمە نوێیەدا، دەرئەنجامی بیركردنەوەی تەكنۆلۆژیای ماڵو خزمەتگوزارییەكانە، دەرئەنجامی ئەو سیستمە ژیارییە كە لەئەمڕۆدا بە دابڕاوی سەیری دەكرێ، ماڵ كە پێكهاتووە لە كەرەستەگەلێكی ژیاریو كولتوری هەنوكەبژێری ئێستاو ڕابردوومان دەكات، سەرجەم پەیوەندییەكانمان بە ئاستە ژیارییەكانی ئێستاو ڕابردووەوە گرێ دەدات، باڵەخانە گەورە چەند نهۆمییەكان، مەنزڵە تەنهاكانی، كابینە دابڕاوەكان، بە ئەندازەیەكی بیناسازی ئەوتۆی پێشكەوتووی سەردەمی مۆدێرنە دروستكراون، بەڵام مۆدێلێكی دیكەی ژیانە. لەئاستی پەیوەندیگەلێكی جیاوازدا، باڵەخانەكان هەمان ئەو ئاستە مێگەلییە بە كۆمەڵەی كۆمەلگای شارە لە سەرەتای شارستانییەوە تا ئەمڕۆ، بەڵام دابڕاوەتر، تەنهاتر، لە ڕاستیدا تەكنۆلۆژیای مۆدێرنو جیهانگیریو پێشكەوتنی ئابوریو كارگێڕیی كۆمەلگەی مرۆڤایەتی هۆكارگەلێكی بەهێزبوون بۆ تەنهاكردنی مرۆڤو دابڕاوكردنی سەرلەبەری پەیوەندییەكان لەڕێی بێشوماركردنی پەیوەندیگەلێكی هەمەڕەنگەوە(وەك تەلەفۆنو فاكسو ئیمێلو فڕۆكەو شەمەندەفەری تیژڕەو و كۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەوە)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئۆرگانیزاسیۆنی دنیای نوێ سەرلەبەری كایەو پێكهاتەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتیو كولتوریو ژیارییەكانی لەبەریەك هەڵوەشاندۆتەوە، بە واتایەك ئەو پێشكەوتنە ژیاریو تەكنۆلۆژییو كارگێڕیو ئابورییە تەواوی كەرەستەكانی مرۆڤی كۆنترۆڵ كردووە، بە ئەندازەیەك لە دەرەوەڕا مرۆڤی وەك بوونەوەرێكی ئۆتۆماتیكی بەبێ خواستی خۆی بە ناچاری، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرلەبەری پەیوەندییەكانی گرێدراوی ئەو ئاستە ژیارییەی ئێستایە، هاوكات هەمان ئەو بوونەوەرە لە ناوەوەڕا سەرلەبەری ئارەزوو، خواستو داواكاریو ڕوانینەكانی لەخودئاگاییەكی ئامێریدا وابەستە بە كەرەستەكانیەوە كەوتۆتە نێو تۆڕی پەیوەندییەكی گشتگیرەوە، كە چانسەكانی بەشداربوونی ئەو بوونەوەرە لە كایەكانیدا نەوەستاوە لەسەر بەهایەكی كۆمەڵایەتی یان كولتوری یان ئایدۆلۆژی یان ئیرادەگەریی تاكەكەسیانە، بەڵكو پەیوەندییەكانی ئەو بوونەوەرە لە ئاست بەهایەكی دیكەی دەرەوەی بەهای چانسەكانی ژیان بە گشتی مامەڵەی لەگەڵدا ناكرێ، بە واتایەك مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا بوونەوەرێكی پەیوەندیامێزو پەیوەندیخوازە، بەهاكانی پەیوەندی مرۆڤی هاوچەرخ جڵەودەدەنو لەم سەردەمە جەنجاڵەدا گەلاڵەی دەكەن.

ئەنتۆنی گیدنز وێنەیەكی تەواو دۆكۆمێنتاریمان دەداتێ لەسەر پەیوەندی تازەگەری وەك توانستێكی گشتگیر بۆ بەرهەمهێنانی سەروەریكردن كە پێكهاتووە لە چوار ڕەهەندی بنەڕەتی كە ئەم توانستە كۆدەكاتەوە، ئەوانیش: پیشەسازیكردن (دروستكردن)، سەرمایەداری، پیشەسازی جەنگ، چاودێریكردنی سەرلەبەری لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی.[1]

بێگومان ئەم دەروازەیە هەوڵێكە بۆ ناساندنو دیاریكردنی شوناسی تازەگەریو پێشكەوتنو ئاستە ژیارییەكانی ئەو سەردەمە نوێیەی ئێمەی تیادا دەگوزەرێین، هاوكات ئەوەمان لەبیرنەچێت لەپاڵ پانتاییە گەورەكانی ئەو پێشكەوتنو تەكنۆلۆژیا نوێیەی ژیاندا نەوەیەك لەمرۆڤ دەژی، كە بكەرو كاریگەرو سەرسامە لەبەردەم ئەو ئاستە ژیارییەی كە دەستكردی خۆیەتی. ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵێك نییە بۆ ناساندنی خۆرئاوا، لە ڕاستیشدا لەم لێكۆڵینەوەیەدا ناكرێ دیوە شاراوەو دیارەكانی دنیای خۆرئاواو فەلسەفەی خۆرئاوا ڕاڤە بكەین، نەخێر ئەوەی مەبەستی لێكۆڵینەوەكەمان دەیگرێتەوە قسەكردنە لەسەر نەوەی نوێی كۆمەلگا داخراوەكان، قسەكردنە لەسەر سەرسامییە ژیارییەكانی ئەو بوونەوەرە لە بەردەم كولتوری داخراوی كۆمەلگاو كولتوری كراوەی دنیای نوێی خۆرئاواو ئاستە ژیارییەكانی تەكنۆلۆژیای نوێو بەهاكانی تازەگەری، لەبەرئەوەی دەكرێ بگەینە ئەو باوەڕەی كە سەرلەبەری شارستانیەكان، تەواوی نەتەوەكانی دنیا، تەواوی شارەكان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداریان كردووە لە تەیاركردنی تازەگەریدا ئەویش بە كەلەپوورێكی ژیاریو ڕاڕاییەكی كۆمەڵایەتیو سیاسی تایبەت بە خۆیان، بە واتایەك هەموو كۆمەلگایەك تایبەتمەندی نیشتیمانی خۆی هەبووە كە خستویەتە سەر تازەگەری.

---

[1] الان تورين، نقد الحداثة، ترجمة: انور مغيث، المشروع القومي للترجمة،سنة 1997 ل53

یەکێك لەو هۆیانەی کە لە پشت ئەم تایبەتمەندییانەوە بووە، وەك "مالکولم برادبری" نووسەری گوتاری "جوگرافیای تازەگەری" دەڵێ: ئەو شارانە کۆمەڵێك شوێنگەی سروشتی بوون بۆ تازەگەری، دواجار ئەو شارە نێوخۆییانە گەشەیان کرد بۆ نێوەندە جیهانییەکان.[2]

ئاستێکی دیکەی باسەکەمان تەرخان دەکەین بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی کۆمەڵگای داخراو، ڕاڤەکردنی ئاستە ژیاری‌و کولتوری‌و ئاینی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی ناڕاستەوخۆ کەوتونەتە نێو بازنە گەورەکانی سەردەمی نوێوەو بە ناچاری کاریگەرییەکانی ئەو ئاستە ژیاریەیان لەسەرە کە بەرهەمی تازەگەری‌و تەکنۆلۆژیای پەیوەندی‌و جیهانگیرین لە جیهاندا.

کۆمەڵگای داخراو لەم سەردەمە جەنجاڵەدا لە ئاستێکی ژیاری داخراودایە، کولتورێکی سەرتاپاگیر سەرلەبەری پەیوەندی‌و پانتایی‌و جومگەکانی کۆمەڵگای داگیر کردووە، توراسی ئاینی ئامادەگێکی کۆمەڵایەتی‌و کولتوری‌و سیاسی‌و گشتگیری هەیە، تێکەڵەیەکە لە سەروەرییەکانی کولتوری نەوەکانی پێشوو و هەژموونەکانی توراس، وێرانەیەکە لە ئایدۆلۆژیای بچوك‌و ئایدۆلۆژیای کۆن‌و فەندەمینتالیزم‌و شەڕانگێزی‌و میراتە گەورەکانی توندوتیژی‌و مەحفەلی دیکتاتۆرە بچوکەکان. نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان کۆمەڵگای کوردییە لە ئاستە ژیارییەکانی ئێستایدا، لە ڕاستیدا کاتێك باس لە کۆمەڵگای کوردی دەکەین بەو مانایە نییە ئێمە باس لە مێژوو دەکەین، ئێمە نایەین بەروارەکانی ئەو مێژووە قەرەباڵغە لە ئێستادا بەرباس بخەین، نایەین بگەڕێینەوە بۆ بەسەرهات‌و ناوەندە مێژووییەکانی ژیاری، هاوکات قسەکردنی ئێمە لەسەر ئەو ئاستە ژیارییە تەنها قسەکردن نییە لە کایەو پێکهاتە سیاسی‌و ئابورییەکانی، بەڵکە قسەکردنە لەسەر تەواوی کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌و کولتوری‌و ئاینی‌و سیاسی‌و هۆشیارییەکانی، ڕاڤەگەلێکە بۆ لێکدانەوەو تاوتوێکردنی ئەو ئاستە ژیارییە دابڕاوە کە کەمتازۆر قسەی لەسەر ناکرێ‌و ڕاگوزەر بەلایدا تێدەپەڕین‌و کەمترین هەڵوێستەی ڕاڤەکردنی کایەو پێکهاتە نوێیەکانی وەردەگرین، کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەك نییە بە تەنها لەپەراوێزی دنیادا، یان لە پەراوێزی تازەگەری‌و جیهانگیری‌و سەردەمی نوێدا، بەڵکە کۆمەڵگایەکە کەوتۆتە بوحرانی سەرسامییەکی گەورەوە لەبەردەم کولتوری داخراوی نەوەکانی پێشووی ئاستە ژیارییە سەرەتاییەکەی خۆی‌و کولتوری کراوەی ئەو ئاستە ژیارییە جیهانییەی هەنووکەوە. هاوکات لەم سەردەمەدا ئەنترۆپولۆژیای هاوچەرخ‌و کۆمەڵناسی نوێ بایەخدەدات بە تاك لە ئاستە ژیاری‌و کولتوری‌و هاوچەرخەکەیدا، لەبەرئەوەی تاك بەرلە کۆمەڵگە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ناوەندو کایەو پێکهاتە شارستانی‌و مۆدێرن‌و روانین‌و باوەڕە جیاجیاکانەوە، یەکێك لەو ئەنترۆپۆلیژستە هاوچەرخانە( لە کتێبی دەروازەیەك بۆ ئەنترۆپۆلوژیای سیاسی‌دا ) هۆکارەکانی ئەو بایەخپێدانە ڕاڤەدەکات‌و دەڵێ :

"ئەو هۆیەی کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بدەین بە تاکەکەس لەبری گروپ بریتییە لەوەی کە چەند سیستمێکی جیاواز کۆئەبنەوە لە تاك دا.. ئەشێت گروپ تەنها یەك دەور ببینێت لەکاتێکی تایبەتدا، بەڵام زۆرجار تاکەکەس نمایشی ڕۆڵی جیاوازو دژ دەکات، وەك باوك و کور، شەڕکەرو ئاشتیخواز، بەمەش تاکەکەس گوزارشت لەو بەربەرەکانیانە دەکات کە نەبینراوە لە گروپێکدا"[3]

## میراتێکی شێواو

کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگە داخراوانەی کە هەر لەسەرەتای شارستانیەتەوە پەیوەندیەکی کاریگەری نەبووە بە جیهانی دەرەوەی خۆیەوە، نەبونی دەوڵەت‌و کیانێکی سیاسی‌و ئابوری سەربەخۆ، بۆتە هۆی بەربەست‌و دیوارێکی گەورە لەنێوان خۆمان‌و جیهاندا. هەروەها کوردستان پانتایەکی لەباربووە بۆ داگیرکردن‌و کۆڵۆنیالکردن. دواجار سەرئەنجام هەموو ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی شێواندنی فەرهەنگ‌و ڕۆشنبیری‌و شارستانیەت. هەر لە مێژەوە کوردستان کۆڵۆنیالێکی نێو دەوڵەتی بووە، بێبەش لەمافە مەدەنی‌و کولتوری‌و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بەناچاری دوچاری ململانێیەکی گەورە بۆتەوە لەگەڵ دراوسێکانیدا.

---

[2] مالكولم برادبري، الحداثة، جزء الأول،ترجمة: مؤيد حسن فوزي، سنة 1987 ل95

[3] *TEDS Lewellen- An Introduction Policy anthropology – London- 1993 – P.114.*

جوگرافیای کوردستانیش نەخشەیەکی لەباربووە بۆ داگیرکردنو شێواندنی کولتوری لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بە تورکو عەرەبو فارسەوە. هەمیشە سەرقاڵی دابەشکردنی کوردستانو کۆنترۆڵکردنی شارستانیەتی کورد بوونو بەڕاستی کەم تەرخەم نەبوون لە سڕینەوەی مافە مەدەنیو ڕۆشنبیرییەکانی کورد، هەمیشە لەهەوڵی داخستنی سنورەکانی کوردستاندا بوون، هەرچوار پارچەکەی کوردستان بەجیا زیندانێکی ئارامبەخشو خەڵوەتگەیەکی ئاینیو کولتوری بووە بۆ خەڵکانی کوردستان، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کولتوری کورد تا ئەوپەڕی داخران سەرەتایی ببێتەوەو بەبەردەوامیش شارستانیەتی بکەوێتە بەر هەڕەشەی کاڵبوونەوەو پاشەکشێ. لە گۆشە نیگایەکی ئەنترۆپۆلۆژییەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردی پێکهاتووە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی باوکسالاریی خزمایەتیو پەیوەندی خوێنو باڵادەستی بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی نەوەکانی پێشوو، باڵادەستی ئاینو بیروباوەڕە کۆنەکان کۆمەڵی کوردەواری داگیرکردووە. خێزانی کوردیش هاوشێوەی ئەو خێزانە سەرەتاییانەیە کە سیستمی دەسەڵاتی سەرەتایی نێرینە " واتە باوكو کوڕ " بەسەریدا زاڵەو ڕەوشتو ئاکاری ئاینی تیایدا زاڵەو پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی خێزان ببنە مرۆڤێکی خەفەکراوو و فەرامۆشکراو لەڕووی ئیرادەو خەونو پرسیارو خواستو ئارەزووەکانییەوە، کۆمەڵگەی کوردیش ڕشتەیەکی گەورەو هاوشێوەی کۆمەڵە خێزانێکە لەشێوە خێڵێکی هاوچەرخ دا " واتە خێڵێکی مەدەنی " کە دەسەڵاتی نێرینەو شەڕانگێزیو چەپاندن بەڕێوەی دەبات لە شێوەی فۆرمێکی ئاینیدا دونیای ئارەزووە ڕەواکانو دونیای ئارەزووە ناڕەواو قەدەغەکراوەکانی جیایکردۆتەوە. واتە "حەرام و حەڵاڵ، ڕەواو قەدەغەکراو " سنوری دیاریکراوی خۆی هەیەو سیستمی تابۆ *Taboo* بەڕێوەی دەبات. "لەبەشەکانی دیکەدا لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانتر بۆ ستراکتۆری ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە بەرباسدەخەینو راڤەیدەکەین ".

بەمپێیە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی داخراوەو ئارەزوەکانی تاکەکەسی تیادا خەفە دەبێت. تاکەکەس هیچ مافێکی مەدەنی نییە، ئەو مافە سەرەتاییەی کە شانازیشی پێوە دەکات سنوری ژیانێکی داخراو تێناپەڕێنێت. لەبەرئەوە هەمیشە ماناکانی ژیان وەك ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤی کورد خامۆش دەبێو فەرامۆش دەبێت.

لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیو زانست، ڕۆشنبیریو تەکنۆلۆژیاو تێکەڵاوبوونی فەرهەنگی میللەتانو جیهانگیریو پەیوەندییە شارستانیو ڕۆشنبیرییەکاندا، دەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهانداو لەسەردەمی کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێتو سەتەلایتو مانگی دەستکردو خۆشگوزەرانیو ئاسودەگیدا؛ کۆمەڵگەی کوردی لە پەراوێزی جیهانو پێشکەوتندا بە کۆڵێ دواکەوتنەوە ڕووبەڕوی ئەم سەردەمە بووەتەوە، ئەو سەردەمەی مافە مەدەنیو مرۆییەکان تیایدا گەشتۆتە ئەوپەڕی پێشکەوتنو جیاوازی " بەدەر لەدەوڵەتە دواکەوتوەکانو سەرەتاییو ئاینییەکان کە مافە مەدەنییەکان تیایدا بێ مانایە "، کوردستانماڵێکی داخراوەو دونیایەکی سەیروسەمەرەی مرۆڤە خەسیوو خەفەبووەکانە لەڕووی سێکسو پانتاییە ژیارییەکانی جەستەوە، دونیای شەڕو شەڕانگێزی و مەرگە، دونیای مرۆڤە کوژراوەکانە، ئەو مرۆڤانەی لەمەرگو خوێنو شەڕەنگێزییەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەڵبەت بە دیوێکی تردا تامەزرۆی ژیانو پرسیارو ئارەزوەکانن. هۆکارەکانی ئەم دواکەوتنەش بریتین لە (دواکەوتنی ئابوری، نەبوونی شوناسێکی نەتەوایەتی سەربەخۆ، سەرگەردانی سیاسی، مونۆپۆلیزەکردنی سەرچاوە ئابوریو مەدەنیو رۆشنبیرییەکان لەلایەن دەسەڵاتو ئایدۆلۆژیاوە، سەپاندنی جینۆسایدی ناوچەیی بەسەر کوردستاندا لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، هەروەها دەسەڵاتی ئاینیو ئەقڵی خێڵ، شەڕی ناوخۆ، گەشەکردنی کۆنەپەرستیو سڕینەوەی ئازادییە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکەس لەکۆمەڵگەی کوردیدا).

دواجار ئەو ماڵە داخراوەی کورد، ئەو سەرزەمینە وێرانەی ئێمە، ئەو حیکایەتە گەورانەی ئێمەی پەراوێزو دابڕاو کردووە لە دنیا، دەکەوینە ژێر کاریگەرییە هەرە ژیارییەکانی تازەگەرییەوە. لەسەرەتای ئەم باسەدا ڕووە جوانەکانی مۆدێرنەمان باسکرد، بەڵام ناکرێ دەستخەڕۆببین بە ڕووبەرە قەشەنگو پڕ میهرەکانی تازەگەری، لەبەرئەوە مۆدێرنە بەرهەمهێنەری تەکنۆلۆژیای جەنگو کاولکاریشە، داهێنەری چەکی ئەتۆمیو بایلۆژیو کیمیاوییە، خستنەوەی دەرئەنجامی مەترسییە گەورەکانی هۆلۆکۆستو هێرۆشیماو ئەنفالو هەڵبجەو تیرۆری جیهانییە، کوردستانیش ناڕاستەوخۆ کەوتۆتە نێو ڕووبەرە جوانو پڕ لە

کارەساتەکانی مۆدێرنەوە، لەلایەك نوێترین چەکی سەردەمی مۆدێرنەی تیادا تاقیکراوەتەوە، لەلایەکی دیکەش کۆمەڵێك تەکنۆلۆژیای هاوچەرخیش هاتۆتە کوردستانەوە، لە کوردستاندا لەبری سەفەرو گەشتیاری کۆچێکی بەلێشاو لە ئارادایە، بەڵام ئەو میراتە کولتوریی‌و ئایدۆلۆژییەی کۆمەڵگای کوردی دەکارێ ئەو دنیا کراوەیە بەسەر خۆی‌و کولتورەکەی‌دا دابخات، بەڵام لەو کێشمەکێشە گەورەیەدا مۆدێرنە لەڕێی هەزاران کەناڵەوە خۆی دەکات بەو ماڵە داخراوەدا، خۆی دەکات بەو میراتە کولتورییەدا، خۆی دەکات بەو سەرزەمینە تاراجکراوەی ئەو حیکایەتە گەورانەدا کە جیاوازییەکانی دەرەوەی خۆیان پێ قبوڵناکرێت.

لە دەروازەکانی بەشی یەکەمی ئەم باسەدا باسمان لە ستراکتۆری کۆمەڵگاو کولتورو ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کرد بە گشتی، هاوکات باسیشمان لە ئاستە ژیارییەکانی کولتور و ترادسیۆنی ڕوانینی ئەو میراتییە کولتورییە کرد کە لە پشت کۆمەڵگاوە کلێشەسازییەکی کارای هەمەلایەن بۆ کۆمەڵگا مونتاژ دەکات‌و هێڵە گشتی‌و باو و لادەرەکانی لە ستایلێکی تایبەتدا دەکێشێ، لەبەرئەوە لێرەدا وەك نمونەیەك تەنها باس لە ستراکتۆری حیزب‌و دەستە‌و گروپە ئایدۆلۆژییەکان دەکەین لەکۆمەڵگای داخراوی کوردیداو لەڕێی ئەو ستراکتۆرەشەوە کۆمەڵگەی کوردی ڕاڤە دەکەین. کەواتە لێرەوە بە پرسیارێك ئەو تەوقە دەشکێنین‌و دەچینە سەر پانتایی ئەو ستراکتۆرە گەورەیەی کە ناوی حیزبە، پرسیاریش لەوە دەکەین؛ ئایا کۆمەڵگای کوردی لەم ئاستە ژیارییەی ئێستایدا کۆمەڵگایەکی حیزبسالارییە؟ بە واتایەك ئایا کۆمەڵگای حیزبسالاری چییە؟و بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی‌دا ...؟

* * *

# کۆمەڵگای حیزبسالاری
# لەبری کۆمەڵگای مەدەنی

"لە کۆمەڵگای مۆدێرندا هەر تاکەکەسێك دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی‌و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە لە گیرفانی خۆی‌دایە " ( مارکس)

دۆزەخیترین کۆمەڵگا لەدنیادا کۆمەڵگای داخراوە، ناشرینترین کۆمەڵگاش کۆمەڵگای ئەمارەتی حیزبی‌و ئەمارەتی میلیشیاکان‌و ئەمارەتی دەسەڵاتە بچوکەکان‌و کاریزما بێماناکانە. کۆمەڵگای حیزبسالاری جۆرە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزو شێواو، سەرگەردان‌و پڕ لە جیاوازی بێسەروبەرو پڕ لە تەبایی نامەنتقیانە، بەمانایەك لە ماناکان ناهاوسەنگ لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و مەدەنی‌و ئابوری‌و سیاسی‌و شارستانییەوە. زۆر بەسادەیی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ژیان هێندەی کۆڵانێکی دەربەست بچوك دەبێتەوە، هێندەی شەقامێکی درێژی پڕ دروشم‌و ڕۆتین بەرتەسك دەبێتەوە، بژێوی ژیان کورتدەبێتەوە بۆ کارو ڕۆتین‌و بیرۆکراتیەتی حیزبی‌و دامودەزگا حکومی‌و ناحکومییەکانی. کۆمەڵگای حیزبی ناعەدالەترین کۆمەڵگاکانی دنیایە، کۆمەڵگایەکی

داخراوه، داخراوه لەڕووی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو سیاسیو تەواوی کایەو پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای مەدەنییەوە. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا موچەی کارمەندێکی حیزبی، بەرپرسێکی حیزب، کادرێکی حیزب، گوێڕایەڵێکی حیزب، جاسوسێکی حیزبو ریشسپییەکی حیزب دە ئەوەندەو چەند ئەوەندەی موچەی نوسەرو هونەرمەندێكو مامۆستاو کارمەندێکی ئاسایی نێو دامودەزگاو وەزارەتەکانە. داهاتی ساڵانەو مانگانەو کادرێکی حیزب بژێوی ژیانی کارمەندێکی ئاسایی دەشارێتەوە، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا تەواوی ئازادیو سەفەرو خۆشگوزەرانییەکان بۆ پیاوانی حیزب فەراهەم دەبێ، خۆشگوزەرانی لەدنیای شتە بچوکەکانی ئەواندا تەواو دەبێ. لە کۆمەڵگای حیزبسالاریدا حیزب بە تەواوی دروشمو مژدەو وێرانکارییەکانییەوە خۆی دەکات بەسەرجەم هەرێمەکانی ژیاندا، بەتایبەتی دامودەزگاکانو سەندیکاو زانکۆو پەیمانگاو میدیاکانی راگەیاندنو مزگەوتو کەنیسەو چاخانەو پرۆژەو کەرتە گشتیو تایبەتییەکانداو ژیان تاڵان دەکات.

ئەم بابەتی لێکۆڵینەوەیە ئیشکردنە لەسەر دوو تەوەری ئاڵۆزو هەستیارو پڕ لە گۆڕانکاری، قسەکردنە لەسەر دوو دنیای تەواو جیاواز، دوو ناوەندی کۆمەڵایەتیو سیاسی تەواو لێکدابڕاو، کە پێکهاتوون لە تەوەری کۆمەڵگای حیزبسالاریو کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ جیاکردنەوەو ناساندنو دیاریکردنی تەواوی جیاوازییەکانی ئەم دوو جۆرە کۆمەڵگایە شێوازی جۆراوجۆرمان گرتۆتە بەر، یەکێك لەو شێوازانە ناساندنی کۆمەڵگای حیزبسالارییە، یەکێکی دیکەش راڤەکردنو باسکردنی کۆمەڵگای مەدەنییە، هاوکات شێوازی بەراوردکاریش پەیڕەوکراوە، رەنگە بەپێی پێویست لەم بوارە کەمەدا تەواوی ڕووەکانی ئەو دوو دنیایەمان بۆ راڤە نەکرابێت، بەڵام بەلاینی کەمەوە (بە شێوازێکی تایبەت بە کۆمەڵگا داخراوەکانی دنیا ) لەسەر بناغەو شوناسی هەردوو کۆمەڵگاکە کاردەکەین بۆ زیاتر ناساندنیانو تێگەیشتن لێیان.

لەبەرئەوە لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم لە دەروازەیەکی دیکەوە کۆمەڵگای مەدەنی راڤەبکەین، کۆمەڵگای مەدەنی لە سادەترین شێوەی خۆیدا کۆمەڵگایەکە لەسەر فرەلایەنی حیزبیو جیاوازییەکانو هەمەڕەنگی سیاسیو دیموکراسییەتو پاراستنی مافی مەدەنیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، دادوەدادوەری، سەروەری یاساو کەرامەتی نیشتیمانی، سەروەری ژیانی هاوڵاتیان، دوورکەوتنەوەی حیزب لەژیانی ئازادانەی تاکەکەسو کۆمەڵگاو دامودەزگاکانی دامەزراوەو بینادەکرێ، هاوکات هاوپشتیوانی ئەم کۆمەڵگایە خودی هاوڵاتیان خۆیانن و لەگەڵ ئەوەشدا جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤو مافی هاوڵاتیان کۆمەڵە بەندێکن بۆ دەستەبەرکردنی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هاوکات حکومەتو سەروەری یاسایش بەبێ جیاوازیو جیاکاری سیاسیو پۆستو حیزبایەتیو بەرپرسیارێتی، ئەمانە هەمووی زەمینەسازکارێکی عەقلانین بۆ خزمەتکردنی کەشوهەوایەکی ئازادانەی لەو جۆرە.

بەلایەنی کەمەوە لەکۆمەڵگای مەدەنیدا حیزبو دەسەڵات دروستکارو داڕێژەرو پرۆگرامدانەری دامودەزگا مەدەنیو روناکبیرییەکان نین (لە کۆمەڵگا داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم مۆدێلە بەدیدەکرێ)، سەروەری یاساو حکومەت ئەو کارانەیان لەسەرەو هاوڵاتیان خۆیان بە جیاوازی کاروئەرکی رۆشنبیرییانەوە ئەرکی دامەزراندنو داڕشتنی ئەو جۆرە ناوەندو دەزگایانەیان لەسەرە، حیزب نایەت ئەندامو کادرەکانی فڕێبداتە ئەو شوێنانەوەو وەك بووکەسەماکەرە هەڵیانپەڕێنێت، حیزب دووردەکەوێتەوە لەژیانی ئازادانەی تاکەکەسو دەست ناخاتە مافەکانی هاوڵاتیانەوە بە جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگای حیزبسالاریدا کە بەحیزبکردنی کۆمەڵگاو هاوڵاتیانو دامودەزگاکان ئەرکێکی هەنووکەییو راژەیەکی درێژخایەنی دەسەڵاتە جیاوازەکانە، لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکان سەروەرو حاکمی موتڵەق نین، هاوکات دەسەڵاتو حیزب کایەگەلێکی رەها نین بۆ بەخێوکردنو بەڕێوەبردنی ژیانی ئازادانەی خەڵكو دامودەزگاکان، تەنانەت هاوڵاتیان بۆیان هەیە یاساکانیش بگۆڕن، بۆیان هەیە ئاین جیابکەنەوە لە یاساو حکومەتو داروبەرد، بەلایەنی کەمەوە رەخنە لە دەسەڵاتو یاسا دەگرنو دەسەڵاتەکان ناچاردەکەن گوێبگرنو ستەمکار نەبن، وەك بۆدون بۆرکیۆ دەڵێ :" توانای دەرکردنی حوکمێکی رەخنەیی لەلایەن هاوڵاتیانەوە گرنتییەکی کارا رێکناخات دژی داگیرکاریو ستەمکاری، بەڵام حاکمەکان ناچاردەکات دادوەرێکی راستبن، یان بەلایەنی کەمەوە لە

هەوڵی ناساندنی ئەو بارودۆخەدابن، ئەوەش لە ڕێگەی ملکەچپێکردنی ئەو دەسەلاّتەوەیەو گۆڕینێتی بۆ دەسەلاّتێکی شەرعی"[1]، ئەگەرچی کۆکردنەوەی تەواوی نارەزاییەکانو پرسیارو هەوڵەکانی هاولاّتیانو ناوەنـدو دەزگا مەدەنییـەکان بـەردەوام لەهـەوڵی دەستەبەرکردنی ئازادیو بەرفراوانکردنی سەرزەمینەکانی ژیانی سەربەخۆو ئازادانەدان، بەلاّم حکومەتو دەسـەلاّتو حیزبـەکان بە پێچەوانەوە لەهەوڵی داگیرکردنی ئـەو پانتاییانـەدانو بـەکارهێنانیان لـەپێناو نفـوزی حیـزبو دەسـەلاّت. بـەلاّم لەکۆمەڵگەی مـەدەنیدا ئـەم کارانـە لـەڕێی هەڵبـژاردنو نوێنەرایـەتیو جیاوازییەکانـەوە دێتـە گـۆڕێو هـەر لـەو دەروازەیەشـەوە شـێوازی جۆراوجۆری مەدەنیانـە بـەکاردەبرێ بـۆ دروسـتکردنی ململانێیـەکی شـەرعیو دادوەرانـەی لایـەنو ڕێکخراوەکـان، دواجـار هـەر دامودەزگاکان خۆیـان بۆخۆیـان دەبنـە زمانحاڵی خۆیـانو دەرکردنـی بڕیـاری شـیاو بـۆ کۆمەڵگەی مـەدەنی. بـەلاّم لـە کۆمـەڵگای حیزبسالاریدا ناوەندەکانی حیزب خوازیاری بارگـاویکردنی سـەرلەبەری کۆمـەڵگاو دامـەزراوەکانن بـە حیـزب، ئـەم پڕۆسـەیە لـە سـەرەتادا لـە مامۆسـتایەكو کرێکارێكو کارمەنـدێكو مەلایـەكو پرۆفیسـۆرێکی زانکـۆو بەڕێوبـەرێكو سایەقێكو پۆلیسـێكو فەراشێکەوە دەستپێدەکات، دواتر بەرەو خوێندکارانو منداڵێكو فوتابیـانی زانکـۆ دەڕوات. لـەکۆتاییدا حیـزب دەسـەلاّتی بەسـەر ناوەنـدو دەزگـا جۆراوجۆرەکانـدا دەکێشـێو ژیـانو گـوزەرانو تـەواوی بەرپرسـیارییەتییەکان کورتدەکاتـەوە بـۆ دۆسـتەکانیو لایەنگرەکانیو ئەندامو کارگێڕەکانی. لەهەمووی خراپتر دروستکردنی ئەو فـەزا ناکۆکەیـە کـە حیزبـەکان لـەنێو ناوەنـدو دەزگا هەستیارەکاندا دەیخولقێنن، ئەو ناکۆکییانـەی کـە لـە سـەرەتادا لـە ململانێـی حیزبـیو سیاسـیو مەدەنییەکانـەوە دەسـتپێدەکات، دواتر هەڵدەئاوسێ بۆ ناکۆکییە گەورەکان، کە تیایدا ئەندامانی حیزبەکان بۆ ڕازیکردنی حیزب هەڵئەستن بە زۆرکردنی دۆستو لایەنگرانی خۆیانو خزمـەتکردنی مـادیو مەعنـەوی ئـەو لایەنگرانـەیانو دژایـەتیکردنی قـەوارە حیزبییـەکانی بەرامبـەریانو سـەرکوتکردنو لێسـەندنەوەی بەرپرسـیارێتیو خولقانـدنی هەڵبـژاردنی نوێنـەرانی خوێنـدکارانو لاوانو سـەندیکاکان بـەپێی مەنسەبی حیزبیو پێبەندی بە لایەنگیریو دۆستایەتی بۆ حیزب. بەڕاستی کاتی ئـەوە هـاتووە شـێوازێکی دیکەو دۆزێکـی دیکـە بخولقێنین بۆ بیناکردنی ریکخراوگەلێکی سەربەخۆ کە بەکردەوە بتوانن گوزارشت لە بەریەککەوتنو وتووێـژە جۆراوجۆرەکـانی کۆمـەڵگاو دەوروکاریگـەری ئەوتۆیشـیان بـدرێتێ بـۆ داکـۆکیکردن لەمافـەکانیان، ئەوڕۆکـە سـاتەوەختێکە کـە پـەراوێزکردنی دامودەزگای مەدەنی زەرەرێکی زۆر قورس دەگەیەنێ بە کۆمەڵگاو حکومەتو خودی دەسەلاّتیش.

ماکس فیبەر دەروازەیـەکی دیکـە بەسـەر باسـەکەماندا والأدەکـات، لـە شـوێنێکدا دەڵێ : " دەسـەلاّت بـەدوو ڕێگـە گەنـدەڵ دەبێـت، ڕێگـەی یەکـەم گـۆڕینێتی بـۆ ڕوتـینو دووەمـیش بـەکارهێنانی سـتەمکارییە" ، بـەلاّم کاتێـك تـەواوی دەسـەلاّتو سەروەرییەکانی ژیان لە نفوزو مـەزنی حیزبـدا کۆدەکرێنـەوە، کاتێـك تـەواوی یاسـاو دیموکراسییەتو مەدەنیـەت بـە عەقڵیـەتی حیزب ڕێکدەخرێتو لێکدەدرێتەوە، ئەوکاتە دەسەلاّت لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەگاتە ئاسـتێکی وێرانـی بیرۆکراتیـەتو ڕۆتـینو گەندەڵیو جیاکردنەوەی چەمکی دڵسۆزی حیزب" بەمانای ئەو دڵسۆزە چیرۆکێکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، وەك ڕێبین هەردی لە میانەی کتێبەکەیدا(لەبارەی دیموکراسیەوە) بە ووردی باسـی لێوەدەکـات "و چـەمکی هاولاّتیـانی ئاسـایی، شۆڕشـگێر بـەمانا زۆر تەقلیدییەکـەی لـە کۆمـەڵگای داخـراو و حیزبـیدا ئـەو مرۆڤـە حیزبییەیـە کـە ژیـانی کورتبووەتـەوە بـۆ حیزبایـەتیو لـەڕێی دروشمەکانی حیزبو پەیڕەوپڕۆگرامی حیزبو دەسەلاّتە لۆکاڵیەکەیەوە دنیا راڤەدەکاتو هاولاّتیانی دیکە دەبینێت. لێـرەدا کـە باس لەچەمکی شۆڕشگێڕ دەکرێ باس لەخودی شۆڕشگێڕ ناکرێ"باس لـە جیڤارایـەك نـاکرێ"لـەڕووی پێکهاتـەو ئـازادیو خـودو فەزای ڕوانینەوە، بەڵکە بەشێوەیەکی زۆر تەقلیـدی کورتبووەتـەوە بـۆ کـادرێکی حیزبـیو بەرپرسـێكو پۆلیسـێكو کارمەنـدێکی ئاسایشو ڕێکخەرێکی حیزبیو بنکەو بارەگایەکی حیزبو سیاسەتمەدارێك، کە ئەم ستافانە ناوەندی هێزن بۆ دەسەلاّتو حیزب، حیزب سەروەرییەکانی خۆی، مەکرەمەکانی خۆی بەسەر ئەو ناوەندانەدا دابەشـدەکات، حیـزب بیردەکاتـەوە، حیـزب بڕیـاردەدات شەڕبکات یان ئاشتی، لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا کە حیزب شەڕی کرد دەبێـت تـۆش لەشـەڕدا بیـت، گـەر حیـزب ئاشـتبووەوە دەبێـت هەموان ئاشتببنەوە، گـەر شـەڕەکانیش گەنـدەڵترینو ناشـرینترین شەڕیشبن؛ دەبێـت تـۆش ناڕاسـتەوخۆ بکەویتـە ئـەو شـەڕەوە،

---

[1] بودون بوركيو، سوسولوجية الدولة، ل144)

لەوانەیە هاولاَتیان بەگشتی چەك بۆ شەڕێکی لەو جۆرە هەڵنەگرن، بەلاَم برسی دەبن، قێزەون دەبن، بێهودە دەبن، بێباك دەبن، رادەکەنو هەڵدێن، هاوکات سەرلەبەری کۆمەلگا دەکەوێتە بەردەم ترسێکی گەورەو دڵەڕاوکێیەکی گەورەوە، بەلاَم دڵەڕاوکێکانی شەڕ زۆر بێماناو تووڕەهاتن، لەم کۆمەلگایەدا حیزب بڕیاردەدات نەسریەی چەند ملوێن دینار سالاَنە بدات بە بزوتنەوەیەکی مەزهەبیو موچەی دامودەزگاکان دوابخات، حیزب بڕیاری پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەردەکات یان تەواوی ئەو بڕیارانە ڕادەگرێو شەڕ دەکات، حیزب کە بارەکەی کەوتە لێژی موچەی کارمەندانو هاولاَتیان نادات یان دوای دەخات، بەلاَم کە بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە دەیکات بە مەکرەمەو فەیزی حیزب.

بەلایەنی کەمەوە پرۆسەی بە حیزبکردنی کۆمەلگاو دامودەزگاو پێکهاتەو ناوەندەکانی هەوڵێکە بۆ دەستەمۆکردنی هاولاَتیانو پەروەردەکردنیان لەسەر میتۆدێکی داخراو و مۆدێلێکی شیاو بە حیزبو ئەرکو پێشبینیەکانی کە لەو فەزایەدا دنیایەك چەمکی وەك کۆمەلگای مەدەنیو دیموکراسیەتو مافی هاولاَتیان دەکەونە بەر رەحمەتو ئارەزووەکانی حیزب، کاتێك حیزب دەبێتە سەروەرو جێبەجێکارو خزمەتگوزارو بەهێزو بە دەسەلاَتو خاوەن یاساو داڕێژەری تەواوی بڕیارەکان لەکۆمەلگا داخراوەکاندا، ئەوا دیاردەی حیزبسالاری دێتە گۆڕێو جێشوێنی کرانەوەو کۆمەلگای مەدەنیو ژیانی ئازادانەی تاکەکەسو کایەو پێکهاتەو دامودەزگاکان دەگرێتەوە. کەواتە پرۆسەی داخلکردنی حیزب بۆ نێو تەواوی کۆمەلگا پرۆسەیەکە بۆ شەرعیەتدان بە ستەمکاریی دەسەلاَتی رەهای حیزبسالاری بە تەواوی کایەو پارتو مەزهەبەکانەوە، ئەم پروسەیەش بەدەر نییە لە ئەرکی ستەمکارانەی ئەو هێزانەو هاوکات داگیرکردنێکی موتلەقیانەی حیزبە لەڕێی کایەکانییەوە. بەلاَم بەپێچەوانەی ئەم دەسەلاَتەوە دنیایەکی دیکەو ناوەندێکی دیکە هەیە پێی دەوترێت کۆمەلگای مەدەنیو ئازادی هاولاَتیانو سەربەخۆیی تاکەکانو ناوەندەکان لەکایە حیزبیو مەزهەبیو بزوتنەوە دینییەکان.

بەختیار عەلی دەلێ :" هێزی حیزبی ئێمە لەدوای راپەڕینەوە پابەندی توانایەتی لەسەر پاوانکردنی زیاتری ئابوریو ئیدارەو هێزی میلیشیایی بۆخۆی. واتە خودی هێزی حیزبەکان، ئەو هێزەیە کە لە کۆمەلگەی دەدزن، چونکە ئابوری مولکی کۆمەلگایە مولکی حیزب نییە، هەر کاتێکیش ئابوری حکومەت لە ئابوری حیزب جیانەکرایەوە، قسەکردن لە دیموکراسیەت نوکتەیەکی گەورەیە"[2]، بەختیار عەلی ئەم دۆخە بە ئەمارەتی حیزبی ناودەبات، دواجار ئەو ڕۆتینەی حیزب یان ئەمارەتی حیزبەکان دەیخوازێ، دەرئەنجام داخستنی ئەو دنیایەو بچوککردنەوەیەتی بۆ سەرلەبەری پەیوەندییە حیزبییەکانو ئاستی رۆشنبیرییەکی بەراوردکارانەی گشتیو بەخشینی مەکرەمەی دەسەلاَت بە سۆفییەکانی تەریقەتی حیزب. حیزب لەم رەوتو پەیڕەوەدا لەڕێی دروشمەکانییەوە خۆی دەکات بەو ناوەندو کایەو پێکهاتە کۆمەلاَیەتیو رۆشنبیریو سەندیکاییەکانەوە، لەڕێی مژدەکانییەوە سەرلەبەری ژیان کورتدەکاتەوە بۆ ئایندەیەکی چاوەڕوانکراوی هاوشێوەی سەرزەمینی بەلێنپێدراوی ئیمانداران. لەڕێی کردەی هەژموونگەریانەیەوە هاوکێشەی دەسەلاَتو کۆمەلگاو حیزبو ناوەندەکان ڕێکدەخات، لەڕێی سنوردارکردنەوە دنیا بەسەر ناوەندو پەراوێز، سەنتەرو دەرەوەی بازنەدا دابەشدەکات. هاوکات لەبەرامبەر ئەم هەژموونەدا دەسەلاَتە لۆکالییەکانی دەرەوەی حیزبی بەهێز یان دەسەلاَتدار خۆیاندەکەن بە ئۆپۆزسیۆن، بەلاَم چ جۆرە ئۆپوزسیۆنێك، کە هاوشێوەی دەسەلاَتی بەرامبەرێتی لە ئەركو کارو گوزەراندنی حیزبدا، ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی ناوەند دەکەوێتە لیستی دووەمو سێیەمی بایەخو گرنگی پێدانەکانەوە کە خەڵكو هاولاَتیانە، هاوکات ئەوەی دەکەوێتە ناوەندیشەوە دەکەوێتە لیستی یەکەمی بایەخپێدانی حیزبو دەسەلاَتو ئۆپۆزسیۆن.

لۆکالیزەکردنی دەسەلاَتو حیزبو هێز لەلایەن ناوەندەکانی دەسەلاَتەوە هەژمونێکی سەرتاسەری شێواوی کۆمەلاَیەتی دەخولقێنێت بۆ بەرجەستەکردنی حیزب لەناوەندو دەستەو کایەکاندا، بەلاَم ئەم لۆکالیزەکردنە سەرزەمینێکی بەرفراوانیشی خولقاند بۆ شێواندنی شوناسی دامودەزگاکان، یان شێواندنی مەهامی تاکەکەسو هاولاَتی لە کۆمەلگاو ناوەندەکانیدا،

---

[2] لە گوتاری دیموکراسیەتو وەبیرهێنانەوەیەکی زۆر سادەی بنەما نەگۆڕەکانی دیموکراسییەتی زۆرو دیموکراسییەتی کەم،دیموکراسییەتی گەنجو دیموکراسییەتی پیر،لەکتێبی رۆشنبیر،کۆمەڵگا،دیموکراسییەت،ساڵی2000،ل25

**بچوككردنەوەی سەرزەمینە ژیارییەكانی ئاستی پێشكەوتنی كۆمەڵگایە لەتەواوی رووبەرەكانی ژیانو ئەركو راژەی تاكەكەسو گروپەكان، ئەم كولتورە سەپاندنێكی ناچارانەی دەسەڵاتە لۆكەڵییەكانە بەسەر تەواوی سەرزەمینە وەهمییەكانیدا. كاتێك باس لەسەرزەمینی وەهمی دەكەین بۆ حیزب لە خۆڕا نییەو هاوكێشەیەكی باوی ژیانی سیاسی حیزبەكانە، بۆنمونە حیزب پێی وایە تەواوی ئەو بوونەوەرەی پێی دەوترێت خوێندكار یان گەنج بەسەر رێكخراوە جیاجیاكانی حیزب یان خوێنكارییەكاندا دابەش بوون، زۆرجار دەسەڵات سەرزەمینە وەهمییەكانی خۆی لە كۆبوونەوە جەماوەرییەكاندا دەستنیشان دەكاتو دەیانپێوێت. بەلایەنی كەمەوە حیزبێك لە حیزبەكان دەگاتە ئەو باوەڕەی كە خەڵكانی پەراوێزی شار لە خزمەتی ئەوانو حكومەتدانو لایەنگیری ئەو دەكەن، پاش ئەو بەئاگاهاتنەوەیە سەیردەكات مەعشەرێكی گەورەی لە ئۆپۆزسیۆنی نەخوێنەواری مەزهەبی بۆ دروستبووە. كاتی واهەیە حیزب دەگاتە ئەو باوەڕەی سەرزەمینی زانكۆ سەرزەمینێكی تاراجكراوە بۆ حیزبو دەسەڵات، سەرجەم مامۆستاو خوێندكارانی لەژێر سایەی حیزبدا لەو سەرزەمینە وەهمیانەدا ستایشی حیزب دەكەنو سەندیكاكان موڵكی ئەون، زانكۆو مزگەوتو ناوەندە رۆشنبیریو مەدەنییەكان موڵكی ئەونو خاوەنداری یەكەمی ئەو ژیانو گوزەرانەیە. لەڕاستیدا حیزب كاتێك دەگاتە ئەو باوەڕەی سەرلەبەری ناوەندەكانی ژیانو گوزەرانی مەدەنی موڵكی موتڵەقی ئەون، ئەوكاتە كۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نابێتو بەو شێوەیەی ئەو دەیخوازێ بونیادنانرێ، تا حیزبو دەسەڵاتو ناوەندە حیزبییەكان دوورنەكەونەوە لە دامودەزگا مەدەنییەكان، كۆمەڵگەی مەدەنی دروستنابێتو ناشتوانرێت بەم حاڵەی ئێستاوە باس لە چوارچێوەیەكی شیاوی دیموكراسیش بكرێت بۆ ژیانی ئازادانەی هاوڵاتیان. بەڕاستی دیموكراسی تەنها دەستەبەركردنی ئازادی نییە بۆ تەواوی حیزبە سیاسییەكان، دیموكراسی لە خراپترین حاڵەتدا ژیانی ئازادانەی هاوڵاتیانە لەژێر سایەی یاساو تاكە یەك حكومەتو دامەزراندنی ناوەندو دەزگای مەدەنی. دواجار وەك ماركس دەڵێ "لە كۆمەڵگای مۆدێرندا هەر تاكەكەسێك دەسەڵاتی كۆمەڵایەتیو پەیوەندی بە كۆمەڵگاوە لە گیرفانی خۆیدایە "؛ نەوەك لە گیرفانی حیزبو دامودەزگا حیزبییەكانی ئەمارەتدا.**

*(بەشێک لەم وتارە بەدوو بەش لە هەفتەنامەی هاوڵاتی بڵاوکرایەوە 2003)

# نەوەی نوێ[7]

## لەنێوان كرانەوەو داخرانی فەرهەنگدا

"سەردەمی ئێمە، بەشێوەیەكی تایبەت، سەردەمی رەخنەگرتنە، هەموو شتێك دەبێت قابیلی رەخنەلێگرتن بێت" كانت

**نەوەیەك لەبەردەم دیاردە هەرە گەورەكانی جیهاندا، لەبەردەم كرانەوەی گەورەو خەیاڵی گەورەو دنیای بێ سنور و كەناڵی ئاڵووالای فەزایی، لەبەردەم ژیانگەلێكی جیاوازو هەمەڕەنگ، لەنێوان تێكەڵاوبوونێكی بێشوماری كولتورەكانو كولتورە داخراوەكەی خۆیدا، لە نێوان توراسێكی گەورەی ئاینیو كولتوری ئاینیدا كە ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی ئەو خەیاڵدانە ئەنتۆلۆژییەی**

مرۆڤ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەلف‌و بێکانی تەوتەم‌و خوداناسی، دەگەڕێتەوە بۆ کەلەپورێکی بەرفراوانی ئاینی تێکەڵاو بە ئارەزووگەلێکی مەیدانی بەرفراوانی بیروباوەڕی کۆن‌و نوێ. ئەم بوونەوەرە ئاڵۆزەی کە تا ئەوڕۆکە قسەی زۆری لەسەر نەکراوەو لەبەردەم بێبایەخییەکی گەورەدایە، کە تا ئەم سەروەختە پرۆژەیەك نەبووە بۆ خوێندنەوەی ئەو و جوگرافیاکانی ژیانی ئەو نەوەیەی کە لەناوەندی ئەو ژیانە جەنجاڵەدا دەگوزەرێ‌و لە پەراوێزیشدایە، لە کرۆکی ئەو دیاردانەدا ئەژی، سەرباری فەرامۆشبوونی لە سەرەتاکانی ئەو وێنانەدایە، لە کۆمەڵگە داخراوەکانی دنیادا سەرلەبەری تاکەکانی کۆمەڵگا لەبەردەم ترادیسیۆنێکی باوی کولتوری‌و کۆمەڵایەتی‌و ژیاری‌و ئاینی دان، هەڵبەت نەوە نوێکانیش بێبەش نین لەم کاریگەرییانە. ترادیسیۆنەکانی نێو کولتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پانتاییەکی بەرفراوانی ژیارییە بۆ بەرهەمهێنانی ماناوو ڕەمزو وێنەو مامەڵەکردن، ڕێکخەرێکی زەبەلاحی مرۆییە بۆ بەگەڕخستنی ژیانێکی دیاریکراو بۆ جڵەوکردنی سەرلەبەری ئارەزووەکان، بۆ هێورکردنەوەی سەرلەبەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکەس‌و گروپ‌و چینە کۆمەڵایەتییەکان. ماشێنێکی گەورەیە بۆ لێخوڕینی مرۆڤ‌و پەیوەندی‌و ئارەزووەکانی، ترادسیۆنی کولتوری ناوەندێکی ژیارییە بۆ تەفسیرکردنی دنیاو کۆمەڵگاو دیاردەو ویست‌و ئارەزووە مرۆییەکان. بە ڕاستی کاتێك باس لە نەوەی نوێ دەکەین ناکرێ باس لە کولتورو کۆمەڵگاو ترادسیۆن‌و کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاو دنیای دەرەوەی کۆمەڵگا نەکەین، لەبەرئەوە لەم دەروازەیەوە دەچینە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای داخراو، یەکەمین تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی وەك کۆمەڵگایەکی داخراو لەم ئاستەی ئێستادا کۆمەڵگایەکە لەئاستێکی ژیاری دابڕاودا تەواوی کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌و کولتورییەکانی بەداخراوی ماوەتەوە.

بەر لەهەر شتێك، دەبێت باس لە کۆمەڵگای کوردی بکەین، یان ئەوەتا پرسیار لەوە بکەین، ئایا کۆمەڵگای کوردی چ جۆرە کۆمەڵگەیەکە؟ بە واتایەکی دی ئێمە لەبەردەم چ کۆمەڵگاو کولتورو فەرهەنگێکداین؟ بۆ وەڵامدانەوە چەندین پرسیاری لەو جۆرە، ئەکرێ بگەڕێینەوە بۆ ناساندنی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و کولتورییەوە، ئەوەمان لەبیر نەچێت، بەر لەهەر سەرەتایەك کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی داخراوە، سیستەمێکی نەریتی باوکسالاری ژیانی کۆمەڵایەتی‌و تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییەکان دەبات بەڕێوە. کەواتە بۆ ناساندنی کۆمەڵگای داخراو دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، هەر لەم ڕاڤەکردنەدا ئەو پێکهاتانەش دەهێنینە بەرباس‌و ڕاڤەکردن کە کۆمەڵگای کوردی لێپێکهاتووە، بۆ نموونە خێزان یەکێکە لەو پێکهاتەو پانتاییە کۆمەڵایەتییە توندوتۆڵانەی کە سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و کولتوری تاکەکەسی لێوە دەست پێدەکات، هەڵبەت سەرەتای چرۆکردنی پەروەردەو کۆنترۆڵکردن‌و ڕێکخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە. خێزان وەك سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا داخراوەکان دەکارێ ببێتە گەورەترین پێکهاتەو گەورەترین سەرەتا بۆ کۆنترۆڵکردنی تاکەکەس لەنێو چوارچێوەیەکی سنورداری کولتوری‌و ئەخلاقی‌و هۆشیاریدا، ڕواندنی جۆری بیرکردنەوەو هۆشیاری بەدنیاو کۆمەڵگاو ئەخلاق‌و نەریت‌و ڕوانینی باو لەناخی تاکەکەسدا، میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ کۆکردنەوەو پەیوەستکردنی تاك بە نەریتی باوی کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقی کۆمەڵگاوە. ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتییانەی دیکەش، کە لە سەرەتاوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتین، بە ناچاری تاکەکەس ناتوانێت لە کۆت‌و پەیوەندی ئەو ناوەندانە دەرچێت، لە دەرەوەی خێزان سیستمێکی گەورەتر لە ئارادایە، ماشێنێکی گەورەتر تەواوی تاکەکەسەکانی کۆمەڵگای هەلگرتووەو لە نەریتێکی باودا لێیاندەخوڕێ، ئەو ماشێنە گەورەیە پانتایی‌و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە، لە دوای خێزان تاکەکەس فڕێ دەدرێتە ئەو ماشێنە بێ ڕەحمەی کۆمەڵگاوە.

ناکرێ لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی کولتورو گەڵاڵەبوونی فەرهەنگ‌و ڕەوشت‌و ئاکاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو بوون بە کۆمەڵگا، بەڵکو لەو نێوەندو پانتاییە کۆمەڵایەتییانە نزیك دەبینەوە کە تاکەکەس‌و گروپ‌و چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا زۆر لائیرادیانە دەستەمۆ دەکەن‌و کەم تازۆر دەیخەنە پەراوێزی ژیان‌و گوزەران‌و خۆشگوزەرانییەوە، باس لەو ناوەندە تەقلیدییانە بکەین کە دنیایان پڕکردووە لە ڕۆتین‌و بێباکی‌و دووبارەبوونەوە، دەکرێ بگەڕێینەوە سەر سەرەتاکانی زەبرو زەنگ‌و کپکردن‌و چەپاندن‌و خەساندنی تاکەکەس لە سەرەتاکانی تەمەنەوە تا کۆتاییەکانی ژیانی، هەڵبەت بەڕای زۆرێك لە کۆمەڵناس‌و دەروونناسە هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمە زەبروزەنگ تەنها کردەیەکی دەرەکی نییە کە بە تەنها هۆو دەرئەنجام‌و ئاکامی دیاریکراوی خۆی هەبێت، بە ڕادەیەك کە بتوانین سەرەتاو شوێنگەو دەورو کاریگەرییەکانی دیاریبکەین. کەواتە لێرەدا خواستێك بەرەو باسکردنی شەڕانگێزی‌و توندوتیژی هەڵماندەگرێ، بە ڕاستی کاتێك باس لە کۆمەڵگای داخراو دەکەین ناکرێ ئەو ڕاستییەش لەیادکەین کە لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا

کانگاکانی زەبرەوزەنگ لە ئازادییەکی سەرتاسەرییدا بە پێچەوانەی خواستو ئیرادەی تاکەکەسەوە ژیانو کولتورو فەرهەنگو پەیوەندییەکان داگیردەکات.

یەکێك لە سەرچاوە هەرە کاریگەرییەکانی شەڕانگێزی چەپاندنی سێکسیو چەپاندنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەرەوەی نەریتی باوی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگای داخراو بۆخۆی پانتاییەکی گەورەیە بۆ چەپاندنی تاکەکەسو نەوە نوێکانی، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا تاکەکەس وەك بوومەیەکی کردەیی بوونی نییەو لە پەراوێزی ژیاندا دەگوزەرێ، گەر تاکەکەس ئەو خەیاڵی دەرچوونە لەلای گەڵاڵە بوو، ئەوا نەریتی کۆمەڵایەتی تۆڕە ئەخلاقییەکانی تێدەگرێو وەك نێچیرێکی جەنگەڵی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا نەریتی باوی پەیوەندیەکانی سەرتاسەری ژیانو پەیوەندیو جوڵەی تاکەکەسی کۆنترۆڵکردووە، بۆ نموونە سێکس یەکێکە لەو گوزەرە حەرامانەی کە هەر لەسەرەتای ژیانی تاکەکەسەوە لە خێزانەوە بۆ نێو کۆمەڵگاو پەروەردەی کۆمەڵایەتیو قوتابخانەو تا زانکۆو ژیانی کۆمەڵایەتیو بگرە تا مردن حەرامو قەدەغەکراوە، ئەو چەپاندنە سێکسییە، یان نەبوونی ئازادییەکی سێکسی، یان ئازادییەکی کەم تازۆر کراوە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، دەروونێکی شێواو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری ناکامڵ لە نێوان تاکەکەسەکاندا دروستدەکات، ئەوە ڕاستییەکە ناتوانین خۆمانی لێ گێل بکەین، هاوکات گەمژەییە گەر لەو باوەڕەدا بین لەو داخرانو زەبروزەنگو کەمتەرخەمیو پەیوەندییە ناکامڵو کۆمەڵگا شێواوەی خۆمانەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی تەندروستو پێشکەوتوو ملدەنێین، گەر کردنەوەی زانکۆو پەیمانگاو سەنتەرو ناوەندەکانی گەنجانو ڕێکخراوە خوێندکاریو پیشەییەکانی لاوان لە خراپترین حاڵەتدا گوزارشت لەخواستو داواکارییەکانی خۆیان بکەن وەك دروستکردنی شێوە پەیوەندییەکی مەدەنیو دیموکراتیو مۆدرێن لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوا بەر لەهەر شتێك شوناسی دیاریکراوی خۆیان لەدەستداوە کە تازەییو شەڕکردنە لەسەر ئازادییەکان.

## فەنتازیای کایەو پێکهاتەکان

لە راستیدا کۆمەڵگایەك هەیە لەدەرەوەی ستەمکارییەکانی دەسەڵات، دنیایەکی دیکە هەیە، خەیاڵێکی دیکە هەیە، نەوەیەکی دیکە هەیە کە باوەڕی بە ئایدۆلۆژیا نەماوە، لەگەڵ حیکایەتە گەورەکاندا ناژی، باوەڕی بە داخران نییە، پتر خەمی گۆڕانو کردنەوە دایگرتووە، بەڵام سەرجەم ئەو خەمانە دەروازەگەلێکی شیاون بە سەرەتایەك بۆ دەرچوون لە داخرانو کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ئەو تەوقە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایدۆلۆژیو کولتوریو ئاینییانەی کێشراوە بەدەوری نەوەکانو کرانەوەکاندا.

ستراکتۆری کایەو پێکهاتەکان بەسەر تەواوی پانتاییو دروستکراوە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو ژیاریو کولتوریو ئاینییەکاندا دابەشدەبن، پانتاییە ژیارییەکانی ئەو سەرزەمینە چالاکانە داگیردەکەن، ستراتیژی کارکردنی ئەو بوونەوەرە ئایدۆلۆژییانە ستراتیژێکی کورتبینی دوورمەودایە، خەونێکە لەئێستادا ناژی، ئەمەش بەو مانایە نییە کە بۆ داهاتوو دەژی، بەڵکە ڕوویەکی ئەو مەترسییە مێژوو و سەروەرییەکانە، رووەکەی دیکەی یۆتۆپیایەکی نەبڕاوەیە. ئایدۆلۆژیایەك نییە لەدنیادا بەبێ یۆتۆپیا بژی (بەپێی تێڕاوانینەکانی هۆرکهایمەر)، خەونێك نییە یۆتۆپیایەکی گەورەی لە پشتەوە نەبێت، فەنتازیایەك نادۆزیتەوە یۆتۆپیا کارخانەیەکی گەورەی وەهمی بۆ دروست نەکردبێت.

لێرەدا ئەو ستراکتۆرە دەکەین بەچەند پێکهاتەو هۆبەیەکەوە: پێکهاتەی فەنتازیای نەوەکانی پێشوو؛ ئەم پێکهاتەیە پێکهاتووە لە: کولتوری نەوەکانی پێشوو، خەیاڵدانی فەرهەنگی مێگەلو دەستەو کایە ژیارییەکانی پێشخۆی، هۆبەی مێژوو، هۆبەی دابوونەریت، هۆبەی گەڵاڵەکردنی روانین. هەریەکێك لەم هۆبەو کایانە دەبنە پێکهێنەری بەشێك لەو ستراکتۆرەی کۆنترۆڵی کایەو پێکهاتەکانی کردووە، لەبەشەکانی پێشەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەووردی باسمان لە کولتوری نەوەکانی پێشوو، ستراکتوری کۆمەڵگاو ئاینو کایەو پێکهاتەکان کرد، بەڵام گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئەو نێوەندانە گەڕانەوەیەکی جیاواز دەبێت، بەو مانایەی بەهەمان کەرەستەکانی پێشوو، بەهەمان ئەو ئامرازی راڤەکردنانەی لەسەرەتادا بەکارمان بردوون نایەین ئەو راڤەکردنو شیکاریانە بۆ ئەو پێکهاتانە گەڵاڵەبکەین.

لەراستیدا تاکەیەك حیکایەتی گەورە ناتوانێت کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان، شارستانییەك لە شارستانییەکان بۆ هەمیشە گرفتاری فەنتازییەکی گەورە بکات، لەبەرئەوە کۆمەڵێك حیکایەتی گەورەو بچووك لەپشت ئەو ترادسیۆنەی ژیانەوە ئەو خەیاڵو فەنتازیایانە

گەلاڵەدەکەن. لەکاتێکدا سەروەرییەکانی نەتەوە تێکەڵ بەسەروەرییەکانی ئایدۆلۆژیاو کایە سیاسییەکان دەبێت، هاوکات حیکایەتی نەوەکانی پێشوو تێکەڵ بە حیکایەتەکانی کولتورو فەرهەنگو کۆمەڵگاو کایە سیاسییەکانی دەبێت، لەکاتێکدا کۆمەڵگای داخراو لەڕێی ستراکتۆری حیزبو دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانەوە بەردەوام لە بەرهەمهێنانی حیکایەتدان، بوونەوەرە بچوکەکانی ئایدۆلۆژیا لۆکاڵییەکانیش لەهەوڵی پەخشکردنی ئەو حیکایەتانەدان، لەڕاستیدا کەناڵەکانی پەخشکردنی ئەو حیکایەتانە لەتاکە یەك کەناڵدا بەندناکرێت، بەڵکە لەڕێی کەناڵگەلێکی هەنووکەییەوە ئەو کارانە دەکرێت، بۆنمونە دەسەڵاتە بچوكو لۆکاڵییەکان لەکۆمەڵگا داخراوەکاندا سەرزەمینی هاوشێوە دەخولقێنن بۆ دووبارەکردنەوەو کۆپیکردنی خۆیان، بێگومان کۆمەڵگا دەبێتە ئەو سەرزەمینە وەهمییە بۆ ئایدۆلۆژیاو تاك ئاڕاستەیی بیرکردنەوەو روانین بۆ دنیا، هاوکات کایەو پێکهاتەکانی وەك دەزگاو ناوەندو ئاستە ژیاریو کولتوریو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاش بە زانکۆو پەیمانگاو سەندیکاو دەزگا مەدەنییەکانیشییەوە دەبن بە کەناڵە بچووکەکانی بەخێوکردنی کاریزماکانی دەسەڵاتو حیکایەتەکانی.

لە فەنتازیایەکی دیکەشدا، کایەکی دیکە بەناوی فەنتازیای تەقلیدییەوە پێکهاتەیەکی تەقلیدی چەند نەهۆمیو چەند کەناڵی بەرهەمدەهێنێت: کۆمەڵگاو کولتورو ئاینو خێزانو مزگەوتو دامودەزگاکانو سیستمی پەروەردەو سەندیکا پیشەییو فێرکارییەکانو رادیۆو تەلەفزیۆنو کەناڵەکانی دەسەڵات بەگشتی دەبنە هۆکارگەلێکی شیاو بۆ بەرهەمهێنانو بەکارخستنی حیکایەتەکان. لەنێوان ئەم دوو فەنتازیایەدا، لەنێوان بێسەروبەری ئەو حیکایەتانەدا، لەنێوان کولتورە سەرسەختەکانی داخرانو حیکایەتەکانیدا، لەنێوان خەیاڵی نەوەکانی پێشوو و فەنتازیای بوونەوەرە بچووکەکانیدا، نەوەیەك دەژی، دابڕاو نییە لەئاستە ژیاریو کولتوریو فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگاو، لە پەراوێزی ئەو حیکایەتانەشدا نییە، بەڵکە کەوتۆتە نێوەندی بەکاربەری ئەو حیکایەتانەوە، ئەو نەوەیە بوونەوەرێکی بچووكو هەزیلی نێو ئەو حیکایەتانە نییە، بەڵکە کارئەکتەرو حیکایەتخوانی ئەو مەودا فەنتازییەن کە لە سەرچاوەگەلێکی بەرفراوانەوە سەرچاوەی گرتووە.

نەوەیەك هەیە لەنێوان داخرانی کۆمەڵگاو دەروازە رەنگاڵەییەکانی کرانەوەدا سەرسامە، نەوەیەك هەیە بەجدی دەیەوێت ماڵەکەی، قوتابخانەکەی، شەقامەکانی، ژیانی کەسێتی خۆی، فەنتازیاکانی بەڕووی ئەو حیکایەتانەدا دابخات، دەکارێ لەو خەیاڵە داڕزاوە خۆی قوتاربکاتو هەڵبێت، نەوەیەکت هەیە لەبەردەم ئارەزووە فەرامۆشکراوەکانو واقعی کرانەوەی دنیادا دۆشداماوە، ئەو بوونەوەرە لەناوەوەڕا کەرەستەگەلێکی کولتوریو کۆمەڵایەتیو ئاینی لە ترادسیۆنێکی فەقیردا بەندیانکردووە، لەدەرەوەڕا هێزە بچووکەکانی کایەو پێکهاتەکان لەترادسیۆنی باوی ویستو ئارەزوو و داواکارییەکانیان فەرامۆشدەکات. لە ئەنجامی ترازانی ئەو ئاستە ژیارییەدا، کە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەستنامەی نێوان نەوەکانە، لە ئەنجامی خەیاڵەکانی دەرەوەو کۆنی کەرەستەو ئامرازو یۆتۆبیاکانی کۆمەڵگای داخراو نەوەیەك لەدایکبووە، ئەو نەوەیە بە کردەوەو زۆر راستەوخۆ پابەند نییە بەهیچ مۆراڵێکەوە کە لەناوەندە داخراوەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، تاڕادەیەك پابەند نییە بە شوناسی نەتەوایەتیو وڵاتو نەتەوەو ئاستی ژیاری کۆمەڵگاوە، سەرسامە لەبەردەم ئەو کولتورەدا، ناکەوێتە بۆتەی هیچ حیکایەتێکی گەورەوە، بێئومێدە لە حیزبو دامودەزگاو پاشکۆکانی، بێئومێدە لە ئەو ترادسییۆنە کۆنەی ژیان، بێئومێدە لەخودی ژیانو گۆڕانکاریو چالاکییەکانی، بێئومێدە لەو نوێنەرایەتییەی دامودەزگا تایبەتییەکانی وەك رێکخراوە حیزبییە بەناو خوێندکاریو لاوانیانەی موزایەدە بە تەمەنو خولیاو ئەو ئاستە ژیارییەی روانینەکانو دنیابینییەکانەوە دەکەن، بەلایەنی کەمەوە بێئومێدە لە ئایدۆلۆژیاو حیکایەتەکانیو دەسەڵاتو دەزگاکانی، بێئومێدە لە کۆمەڵگاو کولتورو ئاینو هێزەکانی. بەختیار عەلی پێیوایە :" وشەی نەوە لەگەڵ هەستێکی قوڵدا بە تاریکی دەستپێدەکات، لەگەڵ ئەو هەستەدا کە دڵنیا دەبین ((بینینی ئێستامان)) چیتر سودێکی نییە بۆ تێپەڕینو پەڕینەوەو تێگەیشتنو مانادان بە ژیان. نەوەی نوێ هەمیشە لە تاریکییەوە دێتە دەرێ، تاریکییەك کە لەبنەڕەتدا دەرئەنجامی کۆنبوونو کاڵبوونەوەو تاریکبوونی ماناو سیستمو تامو ئارەزووەکانە. بۆ ئەوەی نەوەیەك درووستبێت، توڕەبوون، تاریکی، گۆڕان، بەشدارینەکردن، هاوارکردنو، هەستکردن بە پووچی، نەهلستییەت، ئانارشیەت، کەمبوونەوەی چێژی ژیان، گەڕانو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شتێکی دی سەرەتای هەرە گەورەن، بەڵام هەموو ئەوانە

سەرەتان، سەرەتان بۆ دروستبوونی شتێکی دی کە دەشێت هەرگیز دروست نەبێت."[1]، لەڕێی ئەم تێڕوانینەوە، لەڕێی ئەم وێناکردنەوە بـۆ نـەوەی نـوێو تاریکییـەکانی نـاوەو دەرەوەی نـەوەی نـوێ دەگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو وێرانەیـەی یادەوەرییـەکانی نەوەیـەکی گـەورەی هەڵکۆڵییەوە، دەگەڕێینەوە سەر ستراکتۆری ئەو تاریکییە بەرفراوانەی بووەتە باکگراوندی ئەو نەوەیەی کە هەنووکـە باسـی دەکـەینو دنیاکـەی راڤەدەکـەین، تاریکییـەکانو تاریکاییـەکان زۆر لـەوە گـەورەترن کـە بـە وتاریـك یـان لێکۆڵینەوەیـەك یـان بـە گفتوگۆیـەکی تەلـەفزیۆنی ببڕێتـەوەو دۆسـێکەی دابخرێـت. ئایـا ئـەوە تـاریکی نییـە نەوەیـەك لـە ئێسـتادا دەژی بـەلام زادەی سـەردەمە تاریکـەکانی سەرکوتکردنو ستەمکاریو وێرانەییەکانی کۆمەڵگایە؟ ئایا ئەوە تاریکی نییە نەوەیەك رازی نییە کلیلی دەرگا کلۆمدراوەکانی کۆمەڵگاو کولتورو فەرهەنگو مۆڕاڵی خەساندنی ئارەزووەکان تەسلیمبکاتەوە، ئەو حیکایەتە گەورانەی کۆمەڵگاو دەسەلاتو ناوەندە وێرانەکەی کولتوری داخراوی کۆمەڵگادەبنە پانتاییە بەرفراوانەکانی ئەو تاریکییە سەرتاسەرییە، لەلایەك ترادسیۆنی ئەو مۆڕاڵە گشتگیرە داخراوە دەبێتە زادگایەکی تاریكو سەرچاوەیەکی داخراو بـۆ هەنوکـە ژیارییـەکانی تاکەکـەسو نـەوەکان، لەلایـەکی دیکـەوە ئـاین دەبێتـە ئـەو خەیاڵدانە سەرتاسەرییە بۆ داخرانی دنیای نوێو فەلسەفەی نوێی ژیـان، دەبێتـە سـتراکتۆرێکی تـاریکتر لەکۆمـەڵگاو خێـزانو ناوەنـدە سیاسـیو ئـابوریو حیزبـیو کۆمەڵایەتییـەکان. بێگومـان لـەدنیادا بێزارییـەکان دەبنـە سـەرەتایەکی گـەورە بـۆ گەڵاڵـەکردنی گومـانو پرسیارگەلێکی جیاواز لە تاریکییەوە بۆ سەرزەمینێکی دیکـە لـەدەرەوەی یۆتۆبیـا تاریکـەکانی نـەوەکانی پێشـوو، لـەدەرەوەی کۆمـەڵگا، حیزب، دەسەلات، کولتور، ئاین، مۆڕاڵی گشتیو ترادسیۆنی باوی ڕوانین.

لەڕاستیدا گەمژەییەکی گەورەیە گەر بمانەوێت بەو کەرەستەو ئامرازە کۆنانەی بیروڕوانینو مۆڕاڵەوە مامەڵە لەگەڵ دنیـای نـوێی ئەو ئاستە ژیارییەدا بکەین کە لە هەنووکەدا تـەواوی ژیـانو بـیرو ئارەزووەکـانی ئێمـەی سەرسـامکردووە، تەمەڵییـەکی گەورەیـە گـەر لەڕێی ئەو ترادسـیۆنە تاریکـەی خۆمانـەوە فەنتازیایـەك گەڵاڵەبکـەین بـۆ خەملانـدنی یۆتۆبیایـەکی دیکـە بـۆ کرانـەوەو بـەکاربردنی کەرەستەکانی مۆدێرنەو ژیان لەگەڵ ئاستە هەنووکەییەکانی جیهانگیریدا، نەفامییەکی گـەورە لەئارادایـە ئەگـەر دەسـەلاتو حیـزبو ناوەندە حکومییەکان لەو باوەڕەدابن لەڕێی کەناڵە حیزبیو سیاسیو پاشکۆییو ناوەندە هەزیلەکانیانەوە مامەڵە لەگەڵ نـەوەی نـوێدا بکەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەرەتاوە تانوسینی ئەم وشانە، هەوڵێکە بۆ تەرخانکردنی زەمینەیەکی بەرفراوان بۆ گفتوگۆو راڤەکردنی دنیای نوێو کۆمەڵگای داخراو، وروژاندنی پرسیارگەلێکە لە دەرەوەی تاریکاییەکانو ئەو داخرانـە سەرتاسـەرییەی باڵیکێشاوە بەسـەر ژیانو هەنووکە ژیارییـەکانی ئێسـتاماندا، قسـەکردنە لەسـەر دنیـای مۆدێرنـەو شـتێك دەربـارەی جیهـانگیریو کولتـورە داخراوەکـانی دەرەوەی ئەو مەودا فیکریو ژیارییانەی کە لە ئەوڕۆکەدا بە خەیاڵێکی دیکەوە، بە سەرسامییەکی دیکەوە ئەڕواننە دنیا.

هەرچەند ئاشناییەکانی ئێمە بە دنیا داخراوەکەی خۆمـان لـە زیادبوونـدا بێـت هـەر کەمـە، بێگومـان شـەڕی نـەوەی نـوێ لەسـەر دەسەلاتو ململانێی هێزەکان نییە، ئەو شەڕە لە تاریکییەوە بـۆ ئێـرە دێ، لـە تاریکییـەوە سـەفەر دەکـات بـەرەو خۆشـگوزەرانییەکانی خۆرئاوا، کۆمەڵە چێژێکی دیکەیە، جیاوازتر لەو چێژەی کە لە تاریکیدا دەکرێت، بـەرەو ئەفسـانەکانی سـەفەر، تاڕادەیـەك سـەفەرێکە بەرەو بێئومێدی، سەفەرێکە بۆ تێگەیشتن لە فەرامۆشبوونو بێبایەخی، تێگەیشتن لە خەساندنو چەپاندنو حەرامەکان، لە راستییدا لەتاریکاییە سەرتاسەرییەکاندا دنیاك قسەو گفتوگۆ لەسەر حەرامو حەرامکراو قەدەغەکان دەکرێت، دنیایەك قسـە لـە پووچییەکانو وێرانەییەکان دەکرێ، نەخێر دنیایەك جوێن ئـەدرێ بـە دەسـەلاتو کۆمـەڵگاو هێـزو حیـزبو ئـاین، لەبەرئـەوە دەبێـت بگەینـە ئـەو باوەڕەی کە:"تازەگەری ئەو جیهانە پیرۆزەی پارچە پارچەکرد کە لەیەك کاتدا خوداییو سروشتی بوو، هاوکات بوونەوەرو شەفاف بوو بەرامبەر بە عەقڵ، بەلام جیهانی عەقڵو جیهانگیری شوێنیان نەگرتـەوە، هـەروەها کاتێـك تازەگـەری ویسـتە کۆتاییـەکانی بـۆ جیهـان راگەیاند، مرۆڤ ناتوانێت پێیبگات، جیابوونەوە هاتە گۆڕێ لەنێوان خودی دابەزیو لە ئاسمانـەوە بـۆ زەوی کـە روخسارێکی مرۆیـی بـۆ

[1] بەختیار عەلی، کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی؟ بەشدارییەک لەو گفتوگۆیانەدا کە دەربارەی (شوێنی گەنجان لە کۆمەڵگادا) سازدەکرێت.ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(101) دووشەممە 2/2/2002.ل9

خۆی وەرگرتووەو لە نێوان جیهانی بابەتەکان کە تەکنیکسازی گەمەی پێدەکات. تازەگەری ئەو یەکبوونە جیهانییەی کە ئیرادەی خودایی دروستیکردبوو داگیرکردوو و وێرانکرد، یان عەقڵ یان مێژوو، بەعەقلانیکردنو سەرئەنجامکردنی، خود جێیگرتەوە."[2]

لە ڕاستیدا پووچییەکی گەورەیە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا دەسەڵات یان حیزب بیەوێت لەڕێی کەناڵە پاشکۆکانی خۆیەوە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی یان لەژێر هەر ناوێکی دیکەدا کار بۆ ڕاڤەکردنی ئاستە ژیارییەکانی کۆمەڵگاو کولتوری نوێو گۆڕانکارییەکان بکات، لەبەرئەوەی ئەو ناوەندو دەسەڵاتانە بەهەمان ئامڕازی ئەو ترادسیۆنە باوە کۆنە ڕاڤەی ئێستاو داهاتووی تاریکییەکانو هەنووکەو پێوەرە مۆدێرنەکان دەکات، لەڕاستیدا هەرگیز کۆمەڵناسێکی پاشکۆ یان دەروونناسێکی بێئاگا لەدنیا، یان دەروێشێکی حیزب ناتوانن لە ئاستی پێشکەوتنی دنیاو مۆدێرنەو جیهانگیریو ژیانی نوێو مۆڕاڵی تێبگەن، لەبەرئەوەی ئەو بوونەوەرە ڕازییە بە کەرەستە کۆنەکانی خۆیو ڕازییە بە حیزبو دەسەڵاتەکەی خۆیو ڕازییە بە ژیانە داخراوەکەی کۆمەڵگاکەیو ڕازییە بە یۆتۆبیاکانی دەسەڵاتو فەنتازییای حکایەتە گەورەکانو سەرسامە بە سەروەرییە کارتۆنییەکانو خەساندنە بێشومارەکانو تاریکاییە سەرتاسەرییەکانو چ پرسیارو ڕاڤەکردنو شیکارییەکی دیکەو جیاواز ناهێننە ئاراوەو هیچ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی بەو شێوە تەقلیدییە دەرگایەك، بگرە تروسکاییەکی لاوازیش بۆ ئەو داخرانە گەورەیە ناخولقێنێتو بێهودەییەکی پڕ لە ناچاری بۆخۆی دەسەڵاتو کۆمەڵگاش دەخولقێنێت. لەڕاستیدا دەبێت دەسەڵات لەوە تێبگات کە هیچ کادرێکی حیزبیو ئەندامو دۆستێکی حیزب ناتوانێت بەو کەرەستە کۆنو بێبایەخانەی ئێستایەوە لەدنیا تێبگات، دەبێت حکومەتو ناوەندەکانی دەسەڵاتی حکومەتی کۆمەڵگا داخراوەکان بەو قەدەرە ڕازیبین کە چیتر بەو ئامڕازو ڕەمزو گەمە سەرەتاییانەوە ناتوانن نەوە نوێکان ڕازیبکەنو وەك مەڕوماڵات بیانلەوەڕێننو شمشاڵیان بۆ لێدەن. ئەوڕۆکە سەردەم سەردەمی دامەزراندنی دامودەزگای سەربەخۆو پڕۆژەی مەدەنیو ئاستی ژیاری نوێو هەڵکردنە لەگەڵ دنیای نوێو جیهانگیریو کرانەوەی کۆمەڵگاکاندا، ئەوڕۆکە ڕۆژگارێکە دنیابینییە جیاوەزەکان بۆ جیهانو گۆڕانکارییەکان ئاستی پێشکەوتنی ڕوانینو گۆڕانو پراکتیك دیاریدەکەن.

## لێکۆڵیا

[2] ناڵان تۆرین، نقد الحداثة ، ترجمة: انور مغیث، دار الحداثة، ساڵی 1997 /ل22-23

# ئاین و کۆمەڵگا

- ئاینە سەرەتاییەکان و کولتوری مەرگ
- بەهەشتی ون و قەیرانی زەمەن
- ئاین و تارماییەکانی/ترادسیۆنی گەڕانەوە

# ئاینە سەرەتاییەکان و کولتوری مەرگ

1

**لێکۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە دەربارەی**

**سەرچاوەی بیروباوەڕە ئاینییەکان**

**دەروازە:**

**بیرۆکەی مەرگ**

رەنگە مەرگ هێزێکی لەڕادەبەدەری ئەفسانەیی بێتو هەر لەسەرەتای دروستبوونەوە پنتە شاراوەکانی خەیاڵی ئێمەی مرۆڤی داگیرکردبێت. هەر لەسەرەتاوە مرۆڤایەتی بۆ رازیکردنی ئارەزووە شەرانگێزەکانی خۆی هەستاوە بە خەڵکردنی روحە شەرانگێزو مەرگپەرستەکانی دەرەوەی خۆی، بۆ ئەوەی بیکاتە پارسەنگێکی دەرونیو گەردونی بۆ ترسو دڵەڕاوکێکانی خۆی، زەمەنیش بۆخۆی بۆتە زمانحاڵی مرۆڤی سەرەتاییو رابوردووی بەشێوەیەکی ئەفسانەیی گرێداوە بەخەیاڵەکانی ئێستاو داهاتووە. هەر لەبەر ئەمەشە ئێمەی هاوچەرخ کاتێ دەڕوانینە ئەفسانەو بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەو ناکۆکییە نامۆیەی کە چەندین راڤەکردنی جیاواز لە خۆدەگرێ، بۆ نمونە بونەوەرەکانی ئەودیو تاریکی برێك لەناپاکیو شەڕانگێزیو مەرگ گەمارۆیداونو پانتاییەکی وێنەیی گەورەی خولقاندووەو بوونەتە کارخانەیەکی گەورەی ئەفسانەیی دەرەوەی ئەو ترادسیۆنە داخراوەی ژیانی خێزانو مێگەلو ناوەندە نەریتییەکانی مۆڕاڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا. هەر لەوێشەوە هێماو شفرەکان ئاڕاستەی وێنە زەینییەکان دەکرێتو بەپێی هاوکێشەیەکی زەمەنی دەبێتە خولقێنەری وێناکراوە سەرەتاییەکانی ئەفسانەو بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی ئاین.

گەر زەمەن درێژکراوەی ئێستایەکی ئەفسانەیی بێت؛ ئاخۆ مرۆڤ لەکام پانتایی ژیاندا ئۆقرە دەگرێو جێگیر دەبێت؛ ئاخۆ هێماکان نابنە زمانحاڵێکی ئەفسانەیی بۆ لێکدانەوەو رازیکردنی ئێمەی مرۆڤ بەوەی کە مەرگ درێژکراوەی زەمەنێکی یەزدانی پیرۆزەو گرێیەکی ئاڵۆزی وێنە زەینیو ژیانیو ژیارییەکانی خۆمانە لەگەڵ ئەو نادیارەدا ؟ دواتر گەر مەرگ ئەمبارێکی ئەفسانەیی بێت بۆ شەرانگێزیو شەڕو ترسو دڵەڕاوکێ وجودییەکانی مرۆڤ، ئەوا پێویستە جارێکی دیکە بچینەوە نێو قوڵایی ئەو پەیوەندییە خەیاڵییەی کە ئێمە بە زەمەنەوە دەبەستێتەوە، بەڵام بەرلە هەر لە راڤەکردنێکی نوێ پێویستە ئەو پەیوەندییە ئەفسانەیەی نێوان "مەرگو زەمەن" راڤەبکەین. گەر جیهانی دەرەوەی مرۆڤەکان تەنها پەیوەندییەکی تەکنیکی بێتو بەتەرزێکی گەردوونی چەمکی مردنو لەدایکبوونی لەنێو خۆیدا حەشار دابێت، ئەوا زەمەن داماڵراوە لە روخسارە ئەفسانەییەکانی پیرۆزیو زۆر بەسادەیی زەمەن دەبێتە ئەو چرکە دووبارەبوانەی کە رۆژانە بەسادەیی بەسەردەچنو ناگەڕێنەوە، لەلای ئیماندارێك زەمەنی پیرۆز درێژکراوەی ئەو رابردووە ئەفسانەییە کە رۆژو شەوگارە پیرۆزەکانی تیادا خولقاوە، لەوانەیە زۆر جار بەووردی کاتی ئەو زەمەنە دیاریکراوە پیرۆزە داڕێژراوە ئاشکرا نەبێت، واتە کاتێکی پێوانەیی نەبێت، بەڵام بۆ ئیماندارێك دەبێتە شفرەیەکی گەردونیو ئەفسانەیی بۆ دانانی وادەی پیرۆز، هەر بەهۆی ئەم شفرەیەشەوە ئیمانداران لەگروپێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوودا کۆدەبنەوە، بۆ نمونە ئەو زەمەنە پیرۆزانە لەلای کەسێکی ئیماندار دیاریکراوە، جا هەر ئیماندارەو بەپێی ئاینو بیروباوەڕی خۆی دەبێتە بەرپرسێکی کۆمەڵایەتیو واقعی بۆ دووبارە ژیاندنەوەی چەمکی پیرۆز و دیاریکردنی وادەیەکی گەردونی پیرۆز بۆ نمایشکردنی سورتێکی دیاریکراو، بۆ نمونە؛ وەك جەژنو ئاهەنگە ئاینییەکان، وەك جەژنی سەری ساڵی مەسیحییەکان، جەژنی رەمەزانو قوربانی ئیسلام"و خوانی تەوتەمی پیرۆز لەلای کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەگشتی ...هتد".

لەدیدگای ئیماندارێکەوە زەمەن وێکچووی شوێنە، واتە تەنها شێوەیەك نییەو ناپەیوەستەیەکی دابڕاوە، لەبەرئەوە چەند ساتەوەختێکی زەمەنی پیرۆز هەیە. وەك زەمەنی جەژنەکان، "زۆربەی کات جەژنە دووبارە بووەکانە"، لەلایەکی دیکەشەوە زەمەنی ناپیرۆزو ئاسایی لەدەرەوەی ئەو مەودا پیرۆزە ئامادەگییەکی پێوانەیی هەیە. هەڵبەت بەردەوام دووبارەبونەوەی زەمەنی ئاسایی کە کارو ئەرکە هەنوکەییەکانی رۆژانەی تیادا بەرجەستە دەبێت دوورن لەماناکانی ئاینەوەو، لەنێوان ئەم دووجۆرەی زەمەندا بەتەواوەتی دابڕان هەیە، بەوەی کە ئیماندار بەهۆی هەڵبەستەکانەوەو بەبێ هیچ مەترسییەك توانای گواستنەوەی هەیە لە بەردەوامی زەمەنی ئاساییەوە بەرەو زەمەنی "پیرۆز"[1].

بەمپێیە زەمەنی هەنوکەیی ژیان درێژکراوەی زەمەنێکی ئاساییەو ژیان تیایدا بەسەر دەبرێ، وەك کاروفرمانو پەیوەندیو بژێوی ژیان، بەنسبەت کەسێکی بێ ئیمانەوە زەمەن تەنها دووبارەبوونەوەی ساتەکانەو کارو فرمانی رۆژانەی تیادا بەسەر

---

[1] -مرسیا نهلیاد، المقدس و العادي- فصل الثاني- الزمان و المقدس و الاساطیر،ل 67-ترجمه د. عادل عوا.

دەبڕێ. بۆ نمونە لەلای مۆسیقییەك زەمەن ئەو ئاوازو نەغمە جیاوازانەیە كە سات بەسات خۆی لەدوبارەبونـەوە رزگـار دەكـاتو هەمیشـەش لەهـەوڵی رزگاربووندایـە لەزەمـەن بۆگەیشـتن بەدنیایـەكی پیرۆزیـی تاكەكەسـیانە واتـە فـەردانی ***individualities***".
بەهەمان شێوە لەلای كەسێكی عاشق زەمەن دووبارەبوونەوەی ئاوازی ئەو ساتە خەیاڵیانەیە كە رۆمانسیەت دابەشی دەكات.

لەلای سەربازێك "جا ئیمانداربێت یان بێ ئیمان"زەمەن دەبێتە دوو بەشەوە. بە شێكی تاریك، كە بۆ خۆی دەبێتە هەڵگری ماناكانی مەرگو شەڕانگێزیو شەڕو خوێنو كوشتنو كوشتار، بەشەكەی دیكەش، بەشێكی رووناكە، ئـەم بەشـە بۆخـۆی هـەڵگری ماناكانی ژیانو پێكەوە بوونو ئاسودەگییە، بەڵام لەلای ئیماندارێك زەمەن درێژكراوەی ئەو مێژووە ئەفسانەییەیە كە نـەوەكانی پێشوو "باووباپیران" بۆیان جێهێشتووە، ئیماندار بە بەردەوامی لەچاوەڕوانی ئەو رۆژانەدایە كە لە هەموو رۆژەكانی دیكە پیرۆز ترو ئەفسانەیی ترن، بۆ نمونە لەلای ئیماندارێكی مەسیحی یەكشەمان رۆژێكی هێندە پیرۆزەو بەتاسەوە چاوەڕوانی ئـەو رۆژەن- وادەی بەردەوامی ئەو رۆژەش هەر لەكۆنەوەو بـەپێی رێچكەیەكی ئەفسانەیی پیرۆزییـەكی بـاڵای بەبـەرداكراوە، هـەروەها رۆژی سەریساڵی هەموو ساڵێكی تازە بۆ مەسـیحییەك درێـژكراوەی ئـەو رۆژە پیرۆزەیـە كـە "مەسـیح- یەسـوع" تیایـدا لـەدایك بـووە، هەموو سەری ساڵێكی تازەش هەڵگری مانایەكی ئاینیو ئەفسانەیی پیرۆزە، لەو رۆژە پیرۆزانەدا زەمەن دەگاتـە ئەوپـەڕی بـاڵاییو رەهەندێكی دوورتر لە خۆدەگرێ، ئەو رەهەندەی دەگاتەوە بەڕابردویەكی ئەفسانەیی دیاریكراو، هەروەها دەگاتەوە بەو رەهەنـدە ئارامبەخشەی كە ماناكانی ژیان بۆ ئیماندارێك راڤەدەكاتو بەهۆی چـەند پێناسـەو هێمایەكـەوە وێنـە زەینییـەكانی لـەلا گەڵاڵـە دەكات.

ئیمانداری كولتورە كۆنەكان یان سەرەتاییەكان بەتەرزێكی جیاوازتر ئەڕوانێتە زەمەن: هەموو بونەوەرەكان، هـەموو بـوون، لەزەمەنەوە سەرچاوە دەگرن، لەوێشدا تەواو دەبێت، ئەو كۆتاییەش كۆتاییەكی درێژخایەنی وادەیەكی ئیلاهییـە لـەنێوان ژیـانو مەرگدا : پێش ئەوەی هەر شتێك هەبووبێت مومكن نییـە زەمـەنێكی تایبـەتی دیـاریكراو هـەبووبێت، واتـە بـەر لـە دروسـتبوون زەمـەنێكی ناكۆتـا بـوونی هـەبووە. بـەم پێیـە لـەلای ئیمانـدارێك سـەرجەم بوونـەوەرەكانی سروشـت بـوونێكی ئـەزەلیان هەیـەو درێژكراوەی ئەو ئەفسانە گەردونیەی زەمەنن. ئەو زەمەنەی لەدیدگایەكی ئاینییەوەو بەپێی بیروباوەڕێكی دیـاریكراو و تایبـەت سەرجەم دڵەڕاوكێو ترسو تێڕامانەكانی خۆی تیادا ئارام دەبێتەوە.

گەر لەپرسیارێكی ئەنترۆپۆلۆژییەوە بڕۆین بەرەو دەروازە ئاڵۆزەكانی چەمكی پیرۆزی، ئەوا بەپێویستی دەزانم كاریگەرییـە ئامێرییەكانی دونیای شتە پیرۆزەكان راڤەبكەین، بەناچاری دەبێت بڕۆین بەرەو سەرچاوەی ئـەو پەیوەندییـە ئاینییـە پـیرۆزەی كـە لـەنێوان پەرسـتگاو پـیرۆزیدا لەئارادایـە، پەرسـتگا وەك دەروازەیـەكی زەمینـیو یاسـاو رێسـایەكی دیـاریكراوی سـروتەكانی پەرستن، وەك ماڵێكی پیرۆزی ئاسمانی لەسەر زەوی سەیر دەكرێت، ئەم شوێنە شوێنگەیەكی كراوەیە بەڕووی گەردوونـدا لـەوێدا هێماو شفرە یەزدانییەكان لەئاسمانەوەو لەشێوەی داخوازیەكدا دێنە خوارێ، لەوێ دەرگاكـان بـەڕووی ئاسمانـدا واڵایـە. لەمێـژەوە مرۆڤایەتی پانتاییەكانی ئاسمانی لێبوەتە دەروازەیەكی نـامۆو ئـاڵۆز بـە هـۆی ئـەم هۆیەشـەوە مـرۆڤ لەهـەوڵی بەرجەسـتەكردنی وێنـە زەینییـەكانی خـۆیدا سەرچـاوەی بیروبـاوەڕێكی سـەرەتایی گەڵاڵـە كـردووە، وەك ئـەوەی ئاسمـان خوایـەكی باڵادەسـتو میهرەبانـە، ئاسمـان سەرچـاوەی ژیـانو ئاسـودەگیو پیتوبەرەكەتـە، ئاسمـان هـەڵگری ماناكـانی ژیانـە، خواوەنـدی خـۆرو مـانگو ئەستێرەكان لەوێدا نیشتەجێن. هەر بۆیە لەسەرەتاوە مرۆڤ هەستاوە بە مامەڵەكردنێكی رەمزی لەتەك ئاسمانو پێكهاتـەكانیدا (وەك خۆرو ئەستێرەكانو مانگو درەوشانەوە بێكۆتاییەكان).

دونیای شتە پیرۆزەكانی سەرزەویش بـەهۆی بـارانو خـۆرو دیـاردەی بەدوایەكداهاتنی شـەوو رۆژەوە بووەتـە شـوێنگەیەكی تایبەتی پیرۆز بۆ ئاراستەكردنی سكاڵاو نزاو گازندەكانی مرۆڤ.

پیرۆزی ئاسمانو سروشتو دیاردەكـانی سروشـت خوازیـاری دامەزرانـدنی پەرسـتگایەكی سـەرەتایی بـوون بـۆ كۆكردنـەوەی بیروباوەڕە سەرەتاییەكانی دەستەو كۆمەڵگە مرۆییەكان. پیرۆزی ئاسمانو خواوەنـدەكانی لـەوێناكراوەكانی مرۆڤـدا پـەلكێش بـوو

بەرەو پانتاییەکانی ژیانو مانایەکی خەیاڵی وەرگرت "وەك پەرستنی داروردەختو بەردو ئاوو کانیاو دەریاکان"[2]، دواتر بۆ کۆکردنەوەی ئەو شێوازە پەرستنە تاکەکەسییە بەناچاری پێویستی بەوە دەکرد کە شوێنگەیەك هەبێتو هەموان پێکەوە هەماهەنگ بەشداری لە سروتێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەدا بکەن. بۆئەوەی پێکەوە سەرجەم گلەییو گازندەکانی خۆیان ئاراستەی نادیارێك بکەن کە ئاسمانو گەردوونو هێزەکانی سەروسروشت بوون، لەم سەرەتایەوە ئاین دەبێت شتێکی هەستپێکراوی ژیاریو ماناو بەهایەکی دەستەجەمعیی نەریتی وەردەگرێت.

بەڕای "میرسیا ئەلیاد" تەنها تێڕامان لەئاسمان بەسە بۆ دەستپێکردنی ئەزموونی ئاینی، کە ئاسمان دۆزەرەوەی ناکۆتاییە، باڵایە، هەروەها بەپلەی یەکەم، ئاسمان تەواو جیاوازترە لەو پوچگەراییەی کە مرۆڤو ژینگە نوێنەرایەتی دەکەن. تەنها هەستکردنی بە بەرزیو ناکۆتایی، لەئاکامدا باڵایی بەدی دەکرێ، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی "باڵایی" دەبێتە سیفەتێك لەسیفاتە یەزدانیەکان، هەروەها ئەو ناوچە بەرزانەی کە مرۆڤ دەستی ناگاتیو پێی ناگات، سیفاتی باڵایی وەردەگرن، سیفاتی واقعێکی رەها، سیفاتی نەمری.[3]

لەئاکامدا باڵایی ئاسمانو تێڕامانی مرۆڤ بوونبە دوو سەرچاوەی سەرەتایی بیروباوەڕە ئاینیو نەریتییەکان، هەر بۆیە مرۆڤایەتی لەبەردەم توانستە غەیبانییەکانی ئاسماندا کەوتە تێڕامانو گومانو پرسیارکردنەوە، بەڵام ئەو ترسو دڵەڕاوکێیەی مرۆڤ لەئاسمان وای کرد شوێنگەیەك دروستبکەن بۆ پەرستنو جێبەجێکردنی سروتە ئاینیەکان، ئەو شوێنگەیەش پەرستگابوو، بەم پێیەو بەڕەنگێکی دیکە پەرستگا بووبە کۆکەرەوەی سەرجەم ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤ لەشێوە تەرزێکی جیاوازدا، بەهۆی رەبەنو کاهینەکانیشەوە پەرستگا توانی سەرجەم توانستەکانی مرۆڤ بۆ دروستکردنی وێنەو وێناندن لەشێوەیەکی کامڵداو لەپانتایی چوار رەهەنددا کۆبکاتەوە، پەرستگا ماڵی خوایەو لەوێوە سکاڵانامەکانی مرۆڤ دەگاتە بەردەرکی ئاسمانو رەحمەتی یەزدان. هەر لەمێژەوە پەرستگاکان "وەك کڵێساو پەرستگای یەهودییەکانو مزگەوتو پەرستگەی بوزییەکانو هیندیەکانو ئاتەشگەکانی زەردەشتیو...هتد" ماڵی خواو پێغەمبەران بووە، لەوێوە دیوە تاریکەکانی دونیا راڤەکراوەو دەروازەیەك والاکراوە بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییە، لەوێوە بوونەوەرە نادیارەکانی ئاسمان پێناسەکراوە، لەوێدا خەونو خەیاڵە رەمزیەکانی مرۆڤ بەشێوازێکی دیکە لێکدراوەتەوەو کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

رەمزە نادیارەکانی خەونی مرۆڤایەتی لە ئارەزووە خەفەکراوەکانی خۆیەوە سەرچاوە دەگریو بەرەو پنتە شاراوەکانی گەردون کلێشەیەکی کۆمەڵایەتی وەرگرتووەو خوازیاری راڤەکردنێکی ئارامبەخشو هێورکەرەوە بووە، کاروانی ئەو زەمەنە پیرۆزەی جیهانیش کە لە رابردوویەکی نادیارو پەنهانەوە سەرچاوەی گرتووە ئێستایەکی پڕ پرسیارو گومانی نەخشاندوە. لەبەرئەوە هەرگیز بۆ ئیمانداریك ئاینده نابێتە پانتاییەکی ئاسودەو ئارام کە پرسیارەکان تیایدا وەڵامی راستی خۆیان وەربگرنو گومانەکانیش تیایدا بڕەوێتەوە، بەم هۆیەشەوە مرۆڤ هەمیشە لەبەردەم قەدەرێکی گەورەی بێئاگاییو ئارامی سروتەکانو فەرمانەکاندایە.

ئایا مرۆڤ لەبەردەم باڵادەستی ئەو هێزو توانستە غەیبیانەدا ناچارنییە ملکەچی ئەو زەمەنە پیرۆزە بێت کە درێژکراوەی رابردوویەکی ئەفسانەیی پیرۆزە، ئایا دۆشدامانی مرۆڤو مرۆڤایەتی لەبەردەم ئەو هێزانەدا نەبووەتە دروستکردنی وێنەی بونەوەرێکی شکستخواردوو و بێدەسەڵات؛ وەك لە تەوراتدا هاتووە "کە ئیبراهیم دەڵێت: بڕیارمدا لەگەڵ یەزداندا بدوێم کە من تەنها خۆڵو خۆڵەمێشم."[4]

---

[2] مرسيا ألياد- المقدس و العادى-المقدس السماوى والالهة السماوية –ص96

[3] **ه.س.پ، ل**142

[4] **سفر التكوين –اصحاح.** 18: 27"

کەواتە پەرستگا مانایەکی باڵای هەیەو کۆکەرەوەی سەرجەم ئاماژەکانی سەرو سروشتەو ئاستێکی نوێی پەرستنە، پەرستگا لەتوانایدایە ببێتە درێژکراوەی زەمەنێکی پیرۆزو نادیار، هەروەها لەتواناشیدایە ببێتە مەنزلگەیەکی ئارامبەخش بۆ سەرجەم ئیمانداران و هەوادارانی ئاین، هەر بەهۆی ئەم مانا باڵایەشەوە پەرستگا لەتوانایدایە هەژمونێکی کۆمەڵایەتی بخوڵقێنێت و سنووری دیاریکراوەکانی پەرستگاو مزگەوتەکان ببەزێنێت و بگاتە ئەوپەڕی پانتایەکانی کۆمەڵگەو سوپایەك لەئیمانداران بخوڵقێنێت، میرسیا ئەلیاد پێی وایە زەمەنی درێژکراوەی ئاین و دونیای شتەپیرۆزەکان دەگاتە سادەترین کەسی کۆمەڵگا، نموونەی جوتیارێکی کەمدەرامەتی یەهودی دێنێتەوە، نمونەی کرێکارێکی چەوساوەو برسی دێنێتەوە کە چۆن بەئاسانی دەبنبە ئیماندارو رووەدەکەنە پەرستگاکان.

پەرستگا کۆکەرەوەی رەمزو شفرە گەردونییەکانەو بەهیچ شێوەیەکیش رێبە بەفیرۆچوونی زانیاریەکان نادات بۆ دەرەوەی خۆی، هەموو زانیاریەکانیش لەپەرستگادا برێك لەئەفسانەو خەون و فەنتازیاو هێماو وێنەی جۆراوجۆر دەورەیداون. لەبەرئەوە زۆر بەئاسانی هەموو ئاینێك بەهۆی پاڵپشتێکی غەیبانی ئەفسانەسازو گروتینێکی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانێت کاربکاتە سەر لایەنە سۆزداریەکانی مرۆڤو پانتایەکی بێ سنووری کۆمەڵایەتی داگیربکات. واتە ئاین بەهۆی ئەو توانستە رەمزیەی خۆیەوە لەتوانایدایە ببێتە شۆڕشێکی گەورە، یان بەلایەنی کەمەوە کۆمەلگا کۆنترۆڵ بکات و توانستێکی ئەفسانەیی پەخش بکات و هەژمونی کۆمەلگا بکات، بەمپێیە پەرستگا لەتوانایدایە ببێتە سەربازگەو سوپایەکی شەڕانگێز بخوڵقێنێت، هەروەها لەتواناشیدایە ببێتە مەنزلگەی مەرگپەرستی و وێنەی مەرگو شکست و شۆڕش و جیهانگیری و نێونەتەوەیبوون پەخشبکات. بۆنموونە وەك کڵێساکانی سەدەی ناوەڕاست و رێنیسانس هەستان بەسوتاندنی گالیلۆو دژایەتیکردنی زانست و نوێخوازی و رۆشنبیری و سوتاندنی کتێب و تیرۆرکردنی کەسانی رۆشنبیرو جادوگەرو یاخی و دژایەتیکردنی قەرەجەکان و ئەو رەگەزە جیاوازانەی دەرەوەی کڵێسای کریستیانی.

دواجار پەرستگا لەتوانایدایە ببێتە زیندانێکی گەورەی هەمیشەیی بۆ گەلاڵەکردنی زانینێك و فەلسەفەیەك بۆ خوێندنەوەی دنیاو تاك رەهەندی راڤەکردنی دنیاو ژیان و پێکهاتەکانی زیندەگی و بونەوەرەکانی، هەروەها ببێتە زیندانێك بۆ زەمەن و پیرۆزی و تێڕامان و راڤەکردنی جیاواز، پەرستگا خەڵوەتگەیەکی ئارامە بۆ رەبەن و کاهن و ئیمانداران و هەواداران، هەموو پەرستگایەکیش لەدونیادا سیاسەتێکی دونیایی خۆی هەیە بۆ بەرجەستەکردنی گەردونگەراییەکانی خۆی لەجیهانی دەرەوەدا. دواتر پەرستگا بەپێی یاساو رێسایەکی ئاینی دێتە مەیدانی کۆمەڵگاوەو خۆی پەلکێش دەکات بەرەو زوربەی پانتایی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، وەك دونیای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی خێزان و خزمایەتی و خێڵەکایەتی و پەروەردەو رەوشتی کۆمەڵایەتی.

مرۆڤناس ***Anthropologist***و ئایینناسە ***Religionist*** هاوچەرخەکانی دونیا لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە ئاین بەدەرلەوەی کە پێکهاتووە لە ئەفسانەو سروت و بیروباوەڕەکان دوو پێکهاتەی کاریگەریش بەپراکتیکی کاری ئاینی بەرجەستە دەکەن، کە بریتین لە سیستمی رەوشت "ئاکاری کۆمەڵایەتی ئاین دەرهەق بەئاین و یەزدان و دەقی ئاینی و کۆمەڵگا"، هەروەها پێکهاتەی دووەمیش بریتییە لەیاسای ئاینی، لەبەرئەوە ئاین لەتوانایدایە ببێتە یاسایەکی رەوشتامێز بۆ کۆمەڵگەو دونیای شتە پیرۆزەکان لەکۆی روانینەکانی دیکە جیابکاتەوەو هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی تاکەکەس و دەستەو گروپ و کۆمەڵ بەپێی یاساو رێساکانی پیرۆز و تابۆ "قەدەغەکراو ***Taboo***" واتە "حەرام و حەلاڵ" کۆنترۆڵ بکات.

هەروەها ئاین لە توانایدایە دونیای شتە قەدەغەکراوەکان بسەپێنێت بەسەر مرۆڤەکانداو سەرجەم ئارەزووەکانی تاکە کەس خەفەبکات و لەخەیاڵگەیەکی پیرۆزدا ویست و داواکاری و ئارەزووەکانی تاکەکەس وەك بووەیەکی کردەیی جیابکاتەوە لە ئیرادەیەکی گشتی و خەیاڵگەیەکی مێگەلی ئەفسانەساز.

"مـايرۆن ئـارانۆف" لـەکتێبی "سیاسـەتو ئاینـدا *Religious and Politics*"دا دەڵێـت: هـەر لەسـەرەتای شارسـتانیەتەوە سیاسەتو ئاین ئاوێزانی یـەکتریبوون"[5] ، بـەم پێیـە، هـەر لەمێـژەوە ئـاین لـەپێناو مانـەوەی خـۆیدا پانتاییـە کۆمەڵایەتیـەکانی داگیرکردوە، بۆ نموونە لەسەدەی ناوەڕاستەوە تا سەدەی بیستەمیش لە ئەوروپادا بەگشی سیستەمی خوێنـدنی کڵێسایی مەسـیحی بووبووە پەروەردگەیەکی ئاینی لە هەموو قوتابخانەو قۆناغەکانی خوێندنو هەتا کۆلێژو زانکۆکانیش.

بـەدەر لـەوەش یاسـاو رێسـای ئـاینی مەسـیحی کاریگەرییـەکی ئـەوتۆی یاسـاییو سیاسـی هـەبووە لەسـەر دادگـاو دەسـەڵاتو دەسەڵاتداریو سیاسەتو ئابوری دەوڵەت، ئەم نموونەیە بەڵگەیەکی مێژوویيو ئەنترۆپۆلۆژی زۆر گرنگە تـا لـەوێوە ئـەو کاروانـە ئەفسـانەییەی زەمـەنی پـیرۆزی ئـاینی بناسـینەوە، کـە چـۆن هـەر لەسـەرتاوە تـوانی دونیـای شـتە پیرۆزەکـانو دونیـای شـتە قەدەغەکراوەکان جیابکاتەوە.

"ئاین پێکهاتووە لەسیستمێکی رێکودروستی بیروباوەڕو هەڵسوکەوت کـە دەوری بابەتـە پیرۆزەکـانی داوەو لـەجیهانی دونیـایی جیاکردۆتـەوەو بەچـەندین جـۆر تـابۆ *Taboo* دەوری داون، ئـەم بیروبـاوەڕو رەفتارانـە ئیمانـدارانو هـەوادارانی خـۆی لـە تاکـە کۆمەڵێکی مەعنەویدا کۆکردۆتەوەو پێی دەوترێت کلێسە"[6].

ئەتوانین بڵێین کاریگەرترین راڤەکردن کە تاوەکو ئێستاکە جێی مشتومڕو لێکۆڵینەوەیـە ئـەو راڤەکردنـەی دۆرکایمـە بـۆ ئاین، بەڕای دۆرکایم کە مرۆڤناسێکی کۆمەڵناسە، مـرۆڤ هـەر لـە مێـژەوە وەك تاکەکەسـێکی کۆمەڵایـەتیو بـەبێ دەسـتەوکۆمەڵ هیچ بوونێکی کاریگەرو دیاریکراوی نەبووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، بە بەردەوامیش پەیوەنـدی هەیـە بـە دیاردەکـانی سروشـتەوە، لەلایـەکی دیکەشـەوە سـەرقاڵی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانی خۆیـەتی، کـەدواتر ئـەم پەیوەندیانـەش بووەتـە ئاکـارێکی کۆمەڵایـەتیو ئـارەزوو و رەفتـارە خۆییـەکانی تاکەکەسـی کـۆنترۆڵ کـردووە. دواتـر لـەڕێی گەشەکردنی ئاستە ژیارییەکەوە ئەم ئاکارە کۆمەڵایەتیانەش لەچوارچێوەی سیستمی ژیانداو بەپێی دابوونەریتـە ناوچەییەکانو کولتورو روانین گەشەی کردووەو گەیشتوتە ئاستێکی هاوچەرخی ژیاری.

بەهەمان شێوەش ئاین دەرئەنجامی کۆبوونەوەی بیروباوەڕە سەرەتاییەکانە لەسەر هێزەکانی سەروسروشتو توانـاو توانسـتی روحی نەوەکانی پێشـووەو تێڕامانـە لـەمردنو تارمـاییو تاریکاییـەکانی نـاخی ئـەو نادیـارەی کەجەنگـەڵو ئاسمـانو دیاردەکـانی سروشت لە روانینێکدا بەرجەستەدەکەن، هەر کۆمەڵەو بەپێی بیروباوەڕی خـۆی هەسـتاوە بـەتێڕامانو راڤـەکردنێکی سـەرەتایی ئەو دیاردانەو بیروباوەڕێکی ئاینی سەرەتایی بۆ داڕشتووە.

## تیۆرییەکانی رەگوڕیشەی ئاینە سەرەتاییەکان

لەم بەشەدا کۆبەندی ئەو تێورییانە دەخەینە روو بۆ نزیکبوونەوە لە میتـۆدێکی ئـەکادیمی شـیاو بـۆ بابەتەکـە، سەرچـاوەی ئەو تیوریانەش لە بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگە سەرەتایەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها ئەم تیوریانە بـۆ خـۆی پشـتی بەستووە بە رەگوڕیشەی ئەو ئاسەوارو شوێنەوارانەی ئاین کە تاکو ئەوڕۆکە گەیشتۆتە بەردەستی ئاسەوارنـاسو شوێنەوارناسـانی *Archeologist* جیهان.

ئەمەش کۆبەندی ئەو تیۆریانەیە کە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای هاوچەرخ :

1-تیۆری روحانیەت: *Animism*

خاوەنی یەکەمی ئەم تیۆرییە مرۆڤناس "ئیدوارد تایلۆر"ە، ئەم زانایە لەو باوەڕەدایە کەمرۆڤی کۆن هەستی بەوەکردووە کە بەناچاری پێویستە لەسروشـتی خـەونو خـەیاڵاتو خـەوتنو مـردن تێبگـاتو، ئـەم خـەیاڵاتو وێناندنانـەش پـاڵی پێوەنـاوە بـۆ دۆزینـەوەو پشـکنینی روح و، دواتـر ئـەم چـەمکانەی بـەرفراوانکردوەو روحـی دامـاڵڕاوی تێپەڕانـدووەو رۆیشـتوە بـەرەو ئـاژەڵو رووەكو گژوگیاو شتە بێگیانەکان.

---

[5]*Arnooff ,Myron .j. Religion and politics :Political Anthropology Books, 1984* .

[6]Emile Duarkheim , The Elementary forms of Religions Life- P 50.

"ئیدوارد تایلۆر" لەکتێبی کولتوری سەرەتاییدا "*Primitive Culture*"دا بەم شێوەیە ئاین پێناسە دەکات: "ئاین تەنها باوەڕکردن نییە بە بوونەوەرێکی بالاّ *Supernatural* لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ئیمانە قۆناغێکی پێشکەوتووی پێشکەوتنی ژیانی ئاینی‌یە، پێویستە سنورێکی دیاریکراوی سەرەتایی دابنێین بۆ پێناسەکردنی، کەپێکهاتووە لەباوەڕکردن بە بونەوەرە روحییەکان، واتە ئەو بونەوەرانەی کەخاوەنی هێزن‌و تایبەتمەندییەکی وایان هەیە کە زۆر بالاّترە لەچاو هێزو توانای مرۆڤو، ئەم بونەوەرانە دەچنە ریزی هەموو ئەو جۆرە روح‌و بونەوەرە زەبەلاح‌و جنۆکەو خودایانەوە، ئەو بوونەوەرانە هێزێکی دەبەنگ‌و بێئاگاو کوێرنین، بەڵکە خاوەنی هۆشیاری‌و ئیرادەن، بەم پێیە پەیوەندیکردن پێوەی وەستاوە لەسەر هەوڵدان بۆ کارکردنە سەری‌و مەیلپێدانی بۆ پشتیوانیکردنی مرۆڤ، جا ئەمە بەهۆی وشەی شیاوەوە بێت یان بەهۆی قوربانی‌و بەخشینەوەبێت یان بەهۆی هەرشتێکی دیکەوە بێت جیاوازی نییە."[7]

لەم پێناسەیەی "ئیدوارد تایلۆر"ەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە مرۆڤایەتی هەر لەکۆنەوە هەوڵیداوە رەمزو وێنەکانی سروشت لێکبداتەوە. هەروەها بەبەردەوامی لەهەوڵی دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەفسانەییدا بووە لەگەڵ هێزو توانستە نادیارەکاندا، وێنەی ئەو هێزانەش لەوێناندنە سەرەتاییەکاندا وەك ڕوحێکی بالاّو نادیار سەیری کراوە، وەك دیارە ڕەگوڕیشەی ئەوهێزە نەناسراوە، بەلاّم ڕەسەنەو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بەخەیاڵ‌و وێنە زەینییەکانی مرۆڤی کۆنەوە، ئەم تێڕامانە ئەنتۆلۆژییە بۆتە هۆی دروستکردنی بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی ئاین.

هەروەها (تایلۆر) ململانێی گەیشتنی مرۆڤ بەبیرۆکەی ڕوح ڕاڤەدەکات‌و لەو باوەڕەدایە کە ئەم گرفتە زیاتر لە هەوڵ‌و تەقەلاکانی مرۆڤی سەرەتاییدا ڕوون دەبێتەوە، کە بەتەواوەتی گرێدراوە بەڕاڤەکردنی خەون‌و خەیالاّت‌و ئەو شتانەی کە لەئەزمونە دەرونییە ئالۆزەکانن. مرۆڤی سەرەتایی لەهەمبەر پێناسەکردنی دیاردە سروشتییەکانی ژیاندا "وەك خەون‌و خەیاڵ‌و مردن‌و نەخۆشی‌و سێکس‌و منالبون و...هتد " دۆشداماوەو بەسەرسوڕمانەوە ڕوانیویێتییە ڕوخساری دەرەوەی ئەم دیاردانە. بەلاّم لەپێناو ئاشکراکردنی ناوەڕۆك‌و گەوهەری ئەم دیاردانەدا هەوڵی داوە وێناندنەکانی خۆی بەخەیاڵ‌و وێنەو بیروباوەڕ کامڵ بکات‌و پانتایەکانی ژیان‌و ژینگەو دەوروبەری خۆی بە وێنەو وێناندن‌و ئەفسانە گەمارۆبدات، تابتوانێت هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو هێزە نادیارانەدا بژی‌و ژیانی وەك بونەوەرێکی لاواز زامن بکات .

**بنەما سەرەکییەکانی تیۆری ڕوحی *animism* لەلای " تایلۆر" پێکهاتووە لە دوو باوەڕی بنەڕەتی:**

1 – ڕوحی ئەو بونەوەرانەی کە بەتوانستی مانەوە لەبووندا دیاریکراون، وەك مردن یان لەدوای لەناوچونی جەستە"واتە بونەوەرێکی نەمرن یان لەدوای مردنەوە ڕوحیان بەزیندوویی دەمێنێتەوە".

2- باوەڕی دووەمیش گرێدراوە بەڕوحەکانی دیکەوە، کە قۆناغ بەقۆناغ بالاّدەبنەوە تا دەگەنە ئاستی یەزدان.

بەم پێیە ترس‌و تێڕامان لەمەرگ‌و جیاکردنەوەی بونەوەرێکی زیندوو لەبونەوەرێکی مردوو گرفتێکی گەورەی ئەنتۆلۆژی مرۆڤی سەرەتایی‌و کۆن بووە. بۆنمونە جوڵەو وزەی بوونەوەرێکی زیندو وەك مرۆڤو ئاژەڵ‌و باڵندەو... هتد؛ جێی سەرسوڕمان‌و تێڕامان‌و پرسیار بووە، بەلاّم مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی نەبوونی پێناس‌و ڕاڤەکارێکی زانستییەوە تاڕادەیەك نەیتوانیووە لەو دیاردانە تێبگات. ڕەنگە وێناندنی ئەو دیاردانە بۆ خۆی هێوربونەوەیەکی دەرونی‌و کۆمەلاّیەتی بوبێت بۆ مرۆڤی سەرەتایی، دواجار هەموو هێوربوونەوەیەکی دەرونی خوڵقێنەری دەرئەنجامێکی گەورەی کۆمەلاّیەتی وێنەو وێناندنی هێزەکانی سەروسروشت بووە، کە وەك ڕوحێکی بەتواناو بەزەبرو بەخشندە سەیرکراوە، هاوکات ئەم وێناندن‌و بیرکردنەوانە لەکۆتاییدا بووەتە هۆی دەرکەوتنی ڕوح‌و تارماییەکان، بۆ نموونە کاتێك کە مرۆڤێك مردووە بووەتە هۆی نیگەرانییەکی سەرتاپاگیری کۆمەلاّیەتی بۆ خێزان و کۆمەڵگا(کە ئەمەش بۆ خۆی لەهەموو سەردەمەکاندا بەبێ جیاوازی ڕەگەزو نەتەوەو ئاین کۆستکەوتنێکی کۆمەلاّیەتی‌و دەرونییە)، کەخەمۆکیەك‌و تەئزێبارییەکی گەورەی بۆ هاوەلاّن‌و کەسوکاری خوڵقاندوە، لە بەرئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی هۆشیارو کۆمەلاّیەتی‌یە، بەهۆی مردنەوە دونیایەك یادەوەری‌و یاداشت‌و فرمانی کۆمەلاّیەتی

[7]*Edward Taylor - Primitive Culture P63 (animism*

غەیبانی بۆ هاوەڵانو خێزانو خێڵەکەی جێدێڵێ، هەر بۆیە زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی دونیای ئێستای ئێمە وەك هندۆسو کۆمەڵگە خێڵەکییە سەرەتایەکانی ئەفریقیاو مالیزیاو دورگەکانی بۆلۆنیزو ناوچەی زەریای ئەتلەسیو ناوچەکانی ئوستڕالیاو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەو باوەڕەدان کە مردووەکانی ئێستاو باووباپیرانیان لەگەڵیاندا دەژین، واتە بە ڕۆحو بەگیان لەگەڵیاندا دەژین. هەر بۆیە زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لە شوێنی ناشتنی مردووەکانیاندا زۆرجار خواردنو خشڵو زێڕو چەند بابەتێکی تایبەتی مردووەکە "وەك تیروکەوانو خەنجەرو چەند بەردێکی پیرۆز" لەگەڵیدا دەنێژن.. لەکۆندا باشترین بەڵگە بۆ ئەم نمونە ژیارییەی ئێمە فیرعەونە مۆمیاکراوەکانی میسرە، هۆکارەکانی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێورەسمە سروتامێزە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤی کۆن هەر لەسەرتاوە لەو باوەڕەدا بووە کە مردووەکان لەگەشتێکی غەیبانیدا بەرەو مەملەکەتی روح سەفەر دەکەن، جا بۆ ئەم گەشتە پێویستیان بە چەند پێداویستیەکی ژیان هەیە؛ وەك خواردنو پێخەفو جلوبەرگو تیروکەوانو چەكو تفاقی جەنگو خشڵو زێڕو بەردو مورووە پیرۆزەکان.. هتد. بەهۆی ئەم بیروباوەڕە سەرەتاییەوە، بوونەوەرە مردووەکان وەك تارماییەکی ڕۆحی لەگەڵ بوونەوەرە زیندووەکاندا دەژین، بەبڕوای "تایلۆر" ئەم بیروباوەڕانە بووەتە هۆی ئەوەی بەناچاری مرۆڤ وەك بونەوەرێکی جێبەجێکاری ئەو پەیوەندییە غەیبانیو خەیاڵییە لەپرۆسەی سازشکردنێکی بەردەوامدا بێتو بە شێوازی جیاجیا بیانپەرستێو پێبەندیو خۆشەویستی خۆی بە نزاو سکاڵا دووپات بکاتەوە.

بەهەمان شێوە مرۆڤ بۆ ڕازیکردنی روحە نادیارەکانی دەرەوەی مەوداکانی بیرکردنەوەی هەستاوە بەپەرستنیانو پێشکەشکردنی قوربانی، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە لەو باوەڕەدا بووە کە ئەم روحانە بەرپرسی یەکەمی مردنو خامۆشکردنی ژیانو هەروەها بەڕەنگێکی دیکە بەرپرسی سۆزو خۆشەویستیو بەخشندەییو پیتوبەرەکەتو منداڵبونن، واتە بە دیوێکدا میهرەبانن بەدیوێکی دیکەشدا شەڕانگێزو مەرگپەرستن.

لەمێژەوە مرۆڤ هەستاوە بەپێشکەشکردنی قوربانی بەهێزەکانی سەرو سروشت، جا ئەو هێزانە لەشێوەی یەزداندا بووبن، یان لەشێوەی ڕۆحێکی باڵادا، یان دیاردەیەکی سروشتی بووبێت. بابەتی قوربانیش زیاتر.. خواردنو میوەهاتو ئاژەڵو باڵندە بووە، لەزۆر شوێندا مرۆڤ کراوە بە قوربانی وەك لەلای عەرەبە کۆنەکانو شارستانی مایاو ئەفریقییەکان.. هتد. دەبینین ئەو بابەتانەی کە هەر لەمێژەوەو تائێستاکە دەکرێت بەقوربانی زیاتر پێداویستییە گرنگەکانی مرۆڤ بوون، چونکە مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە لەو باوەڕەدا بووە هێزەکانی سەروسروشت ***Supernatural*** وێکچووی مرۆڤن بەڵام باڵاترنو بە تواناترن.

بەڵگە ئەنترۆپۆلۆژیو ئەرکۆلۆژیەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە سەرجەم دیاردە سروشتییەکان.. وەك بارانو زریانو تۆفانو لافاو و هەورەتریشقەو سوتانو هەروەها جوانی سروشتو باڵندە ڕەنگاو ڕەنگەکانو ئاژەڵە سەیروسەمەرەکان.. هتد جێی بایەخو سەرسوڕمانی مرۆڤی کۆنو سەرەتایی بووە. مرۆڤ لەپێناو هێورکردنەوەی پرسیارو دڵەڕاوکێ دەرونییەکانیدا وەك ترس لەنادیاریو تاریکیو رووداو و دیاردە سروشتیەکانو ئەزموونی ژیانو وێنانەدنی ڕۆحە زیندووەکان هەستاوە بەخوڵقاندنی دونیایەك وێنەی زەینی جۆراوجۆر بۆ کۆکردنەوەی بیرو باوەڕێکی بنچینەیی لەمەڕ ئەو هێزانەی لە سەروسروشتەوە دیاردەکانی سروشتو ژیانیان کۆنترۆڵ کردووە، بۆ نموونە لەپێناو هێورکردنەوەی لافاو زریاندا هەستاوە بە پێشکەشکردنی قوربانی بە دەریا، لەزۆر ناوچەی جیهانی کۆندا جوانترین ئافرەت کراوە بەقوربانیو فڕێدراوەتە دەریاوە. بەڕای "تایلۆر" ئەم ململانێ ئەنتۆلۆژیەی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا بووەتە ململانێیەکی گەورەی فەلسەفیو بووەتە هۆی پێکهێنانی فەلسەفەیەکی بەرفراوانی تێڕامانو خوڵقاندنی وێناندنو دروستبوونی ئاکاری کۆمەڵایەتی ئاین، ئەم فەلسەفەیەش پێکهاتووە لەدووبەشی بەرفراوان یەکەمیان باوەڕ ***Belief***، دووەمیشیان پەرستنە ***Worship***."[8]

بەم پێیە سەرجەم بیروباوەڕو وێناندنەکانی مرۆڤی سەرتایی سەرئەنجام بووەتە هۆی پابەندبوونو دروستکردنی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئاینی لەتەك هێزەکانی سەروسروشتداو ئەم پەیوەندیەش بۆ خۆی خوازیاری سیستمێکی ناچارکار

---

[8]*E. B. Taylor - Primitive culture P12-84.*

بووه بۆ کۆکردنەوەی بیروباوەڕو وێناندنەکان، ئەم فەلسەفەیەش بە فەلسەفەی پەرستن ناوزەد دەکرێ، بەهۆی پەرستنی ئەو هێزانەوە مرۆڤی کۆن توانیویێتی پەیوەندیەکی توند و تۆڵی ئاینی سۆزدارو دەرونیو کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو هێزانەدا دروست بکات، هاوکات ئەو پەیوەندییە ویژدانییە کۆمەڵایەتییە هۆکارگەلێکی بەهێزبوون بۆ دروستکردنی شێوە پەیوەندییەکی دیکە بەو هێزانەی کە وەك تارماییەك، وەك خەونێك دەهاتنە پێش چاوی "وەك رۆحی جەنگەڵو چۆڵەوانیو رۆحی تۆفانو زریان... هتد" بەڵگەش بۆ ئەمە مانای وشەی روحە، بۆ نموونە لەلای "تسمانیەکان"، ئەم ووشەیە لەتارماییەوە هاتووە"*Shadow*"هەروەها هەر ئەم وشەیە لەلای هندۆسەکان بە روحو سێبەرو تارمایی دێت.

**هەنوکە مرۆڤناسەکان سەرقاڵی دوو کێشەی بنەڕەتین لەلای کۆمەڵگە سەرەتاییەکان:**

یەکەمیان: راڤەکردنی ئەوەی کە چ شتێك هەیە جەستەی بونەوەرێکی زیندو دەجوڵێنێو چ جیاوازیەك هەیە لەگەڵ جەستەیەکی مردودا، هەروەها هۆکارەکانی بێداریو خەوو خەونو بورانەوەو نەخۆشیو مردن.

دووەمیان: پرسیارکردن لەو شێوە ئادەمیانەی کەدێنە خەونو خەیاڵاتی مرۆڤەکانەوە.

بەرای "تایلۆر" ئەم گرفتە بەسەر دوو دونیای جیاوازدا دابەش دەبێت، ئەویش بریتین لە"ژیان"و "بونی داماڵراوی شتەکان *Phantom*، ژیان بۆخۆی بەرهەمهێنەری سەرجەم وێناندنو خەیاڵاتەکانی مرۆڤی سەرەتاییە، بونی داماڵراوی شتەکانیش کە خەونو خەیاڵو تێڕامانو دواجار وێناندنە، کە تامەزرۆبوونێکی گشتگیرە بۆ راڤەکردنی ئەو هێماو شفرە ئاڵۆزانەی کە ژیانی داگیرکردووە، وەك هێزەکانی سەروسروشتو مردنو چەمکی روحو تارماییو دیاردەکانی سروشت.

هەروەها بەڕای "تایلۆر" ئاینیش لەقۆناغە سەرەتایەکانی مێژوودا" بریتی بووە لە.. باوەڕکردن بەبونەوەرە روحیەکان *Spiritual beings*.[9] تائێستاکە بۆچوونەکانی "ئیدوارد تایلۆر" جێی مشتومڕو پرسیاری هەنوکەیی ئەنترۆپۆلۆژیایە و بووەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ زانکۆ ئەنترۆپۆلۆژیەکانی جیهان. بەڵام ئەو رەخنانەی کە تاکو ئێستاکە هاتۆتە سەر بیروڕاکانی "تایلۆر" ئەوەیە کە "تایلۆر" هەڵەیەکی گەورەی کردووە لە لێکۆڵینەوەکانیدا کەهەستاوە بەوێکچواندنی دانیشتوانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بە منالیی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان "واتە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان منالێتی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانن".

2-**تیۆری زیندەگایی "ژیانی"***Animatisms*

دامەزرێنەری ئەم بیروڕایە "ماریت"ە، لەو باوەڕەدایە کە قۆناغێك هەبووە پێش دەرکەوتنی چەمکی روح، ئەویش قۆناغی چەمکی ژیان بووە *Animatisms* بەم پێیە مرۆڤی کۆن دۆشداماوەو سەری سوڕماوە لەبەردەم ئەو هێزو توانستە نادیارانەی کە سروشتی پڕ کردووە لەسەرسوڕمان، هەر بۆیە هەستاوە بە داڕشتنی بۆچونە سەرەتاییەکانی خۆی سەبارەت بەو هێزە دیارینەکراوەو ناکەسایەتیانە. هەروەها هەستاوە بەدەستنیشانکردنی وزەو تواناکانیانو ناوی وزەی ژیانی کاریگەری لێناون، کە ئەم وزەیە لە پۆلێنی "مانا *Manna*"یە واتە"هێزی سروشتی داماڵراوی دینامیکی" کە زیاتر دورگەکانی زەریای ئەتڵەسی باوەڕیان بەم هێزە هەیە.

3-**تیۆری پەرستنی تارمایی** ***Ghost worship***

ئەم بیروڕایە بیرۆکەی "هربەرت سپنسەرە" بەبڕوای ئەو ئەم جۆرە پەرستنە کۆنترین جۆری پەرستنە، لەلای ئەو ئەم دیاردەیە لەو بایەخە گەورەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگە کۆنەکان سەپاندویانە بەسەر ناوی باووباپیرە پاڵەوانەکانی خۆیاندا.

4-**تیۆری جادوو:**

ئەم تیۆریە لەسەر دەستی زانای مرۆڤناسی ئینگلیزی "جیمس فریزەر" گەشەی کردووە "فریزەر" دیاردەی دروستبونی ئاین دەباتەوە بۆ سەرنەکەوتنی جادو لەدەستەبەرکردنی ئەو باڵادەستیەی کە مرۆڤایەتی خواستویەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی

---

[9] *E. D. Taylor - Primitive Culture Part: 1- P23*.

سروشت. ئەمەش مرۆڤی كۆنی پەلكێشكردوە بۆ ئەوەی لەو باوەڕەدا بێت كە چەند هێزێكی لەرادەبەدەر هەن كە "جادو- سحر" لەتواناىدا نییە كاربكاتە سەریان، هەر بۆیە ناچار بووە ملكەچی ژیان ببێتو بیانپەرستێت.

نزیكایەتیەكی ئەوتۆ هەیە لە نێوان بیروڕاكانی "فریزەر"و "تایلۆر"دا "فریزەر" لەكتێبی چڵی ئاڵتونی دا ***The Golden Bough*** پێشنیاری بڕیارەكەی "تایلۆر" دەكاتو دەڵێ: ئاین بریتییە لە پرۆسەی خاوبونەوەو داوای كۆمەككردن لە هێزەكانی سەرو مرۆڤ، باوەڕیش بەو هێزانە دەكرێت كە لە توانایاندایە كۆنترۆڵی سروشتو ژیانو مرۆڤایەتی بكەنەوە. ئەم پرۆسەیە لەدوو ڕەگەزی سەرەكی پێكهاتووە، كە بریتین لە ڕەگەزی تیۆری‌و كرداری. هەر لەسەرەتاوە باوەڕكردنە بەهێزەكانی سەروسروشت، دواتر هەوڵی رازیكردنی ئەم هێزانە دەخرێتە گەڕ، ئەگەر ئاین پێكهاتەی ئەم دوو ڕەگەزە نەبێت، ئەوا دورە لە راستییەوە، واتە ئەو باوەڕەی بەدوایدا كردارو رەفتار نایەت تەنها سۆفیگەرایەتی هزرە، هەروەها ئەو كردارەی بێ بەشە لەهەر بیروباوەڕێك كە هەبێت بە هیچ شێوەیەك ناچێتەوە سەر ئاین.[10] ، بەم پێیە، بەدیوێكی دیكەدا ئاین تیۆرێكی شاراوەی لەنێو خۆیدا حەشارداوە، كە پێكهاتووە لە بنەما بنچینەییەكانی بیروباوەڕی ئاینی دیاریكراو، راڤەكردنێكی رەهای دونیای شتە پیرۆزەكان، راڤەكردنی دونیاو جیهانی دەرەوەی مرۆڤ، كۆتو بەندە ئەخلاقیەكان، جیابوونەوەی حەرامو حەڵاڵ، پاكیزەیی شتە پیرۆزەكان، ناپاكی‌و قێزەونی بیرو رەفتارە بەدڕەوشتیەكان، بیروباوەڕەكان لەسەر یەزدانو روحو پەیامبەرانو فریشتەو جیهانی شەیتان، یاساو رێسای ئاینی، ئەفسانەو سروتو بیروباوەڕ. رەوشتو ئاكاری ئاینی، دیوی دووەمی ئاینیش لایەنە پراكتیكیەكەیەتی "كرداریەكەیەتی" كە بریتییە لە كۆمەڵایەتیبونەوەی ئاین، جێبەجێكردنی یاساو دەسەڵاتی ئاین، بڵاوكردنەوەی رەوشتو ئاكاری ئاینی لەناو خەڵكدا، پەروەردەو فێركردنی ئاینی، ناساندنی ئەزمونی ئاینی، داگیركردنی پانتایە كۆمەڵایەتیەكانو كۆنترۆڵكردنی ئارەزووەكانی تاكەكەس.

**5-تیۆری بێ دەسەڵاتی زمان:**

مرۆڤناس "ماكس مۆلەر" ئەم تیۆریەی پێشكەش كردووە، بەبڕوای ئەو ڕەگوڕیشەی ئاین لەهۆكارە بنەڕەتیەكانی زمانەوە هاتووە، واتە ئاین پێكهاتووە لە گوزارشتكردن لەدیاردە سروشتییەكان بەهۆی ئەو دەستەواژانەوە كە شێوازو سیفاتی ئاوەزو مەرام بەسەریاندا زاڵە، بۆ نموونە كاتێك كە دەڵێین: گەردەلولێك لادێیەكی وێرانكردووە، یان تەقینەوەی گركانێك دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی لەناوبردووە، ئەم گوزارشتانە پاڵپێوەنەری هێوركردنەوەی مەرامی هۆكارە سروشتییە ناماقوڵەكان بووە. هەروەها ئەمەش هاندەری مرۆڤی كۆن بووە، دەرئەنجامی گەشەكردنی بیروباوەڕەكانی خۆی بووە لە كۆنترۆڵی عەقڵو كاریگەریدا بۆئەوەی بیانپەرستێت. بەڵام "ماكس مۆلەر" لەكتێبی "دەروازەیەك بۆ زانستی ئاین ***Science of Religion Introduction***"دا بەم شێوەیە پێناسەی ئاین دەكات: "ئاین چەپاندنێكە لەپێناو شێوە وێناندنێكدا كە بۆخۆی لەتوانای وێناندندا نییە، وتەیەكە كە لە توانادانییە گوزارشتی لێ بكرێت، كەواتە ئاین كۆتوبەندێكی ناكۆتایە(نەبڕاوەیە)"[11]

**6-تیۆری لاوازی‌و بێ دەسەڵاتی مرۆڤ:**

"بڕۆس" دامەزرێنەری ئەم بیرۆكەیەیە، بەبڕوای ئەو مرۆڤی كۆن ماوەیەكی زۆر داماوی دەستی بێ دەسەڵاتی‌و لاوازی خۆی بووە بەرامبەر سروشتو دیاردەكانی سروشتو، ئەم دواكەوتنە تەكنۆلۆژییەی مرۆڤی كۆن پاڵپێوەنەر بووە بۆ سەپاندنی بیروباوەڕێكی سەقامگیر، ئەو بیروباوەڕەی كەدەڵێ : هێزەكانی سروشت لەناونەچنو نافەوتێن، هەر بۆیە بەناچاری بەهۆی بنەماكانی پەرستنو ترسەوە هەستاوە بەدروستكردنو بیناكردنی پەیوەندیەكی توندوتۆڵ پێیانەوە.

**7-بیردۆزی پەرستنی ئەستێرەكانی ئاسمان:**

دەقی ئەم تیۆرییە ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە كۆنترین ئاین بەشێوەی پەرستنی ئەستێرە ئاسمانییەكان دەركەوتووە وەك پەرستنی خۆرو مانگ‌و ئەستێرەكان، ئەمەش لەئەنجامی وێناندنو دیدگای مرۆڤەوە بووە، بەوەی كە لەنێو ئەم دیاردانەدا چەند

---

[10] *James Frezar- the Golden Bough P: 164*.

[11] ***Max Muller - introduction to the Science of Religion. P13 London Oxford 1988***

تایبەتمەندییەکی زەینیو خەلقی بوونیان هەیەو. ئەم شێوازی پەرستنەش پێی دەوترێت: **Psychic Paganism** "الوثنية النفسية"

**8-تیۆری غەریزەی ئاینی:**

**ئەم تیۆرە لەو باوەڕەدایە کە ئاین سەرەتا لەغەریزەی ئاینەوە دروستبووەو بوونی خۆی سەپاندوە بەسەر مرۆڤدا مرۆڤیش هەر لەئەزەلەوە لەئەنجامی ترسو دڵەڕاوکێ بەرامبەر هێزە نادیارو ئاڵۆزەکان کە بونی مرۆڤیان بە ژینگەوە گرێداوە هەستیکردووە بە پاڵپێوەنانێکی روحی بۆ پەرستن.**

**9-تیۆری تەوتەم: *Tautam Theory***

**زانای فەرەنسی "دۆرکایم" ئەم تیۆریەی پێشکەش کردووە. دۆرکایم لەو باوەڕەدایە کە دەرکەوتنی ئاینی کۆن لە وەلامدانەوەی مرۆڤەوە هاتووە بۆ پێویستی گرێدانی کۆمەڵایەتیو توانەوە لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگادا، بەبڕوای ئەو مرۆڤ، دواجار گەیشتۆتە بیرۆکەی تەوتەم کە بۆخۆی کۆنترین هێمای ئاینییەو لە بەرجەستەکردنی یەکێتیو یەکگرتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانەوە هاتووە.**

**10-تیۆری یەزدانی گەورەو باڵا:**

**مرۆڤناس "ولیەم شمس" پێشنیاری ئەم تیۆریەی کردووە. ناوەڕۆکی ئەم تیۆریە باس لەوە دەکات کە لەکۆندا ئاینە دێرینەکان پشتیان بەستوە بەسیستەمی پەرستنی تاکەیەك خودا. دواجار، بە تێپەڕبوونی کات ئەم سیستەمە شێواوەو پەرەیسەندوە، ئەم پەرستنە گۆڕا بۆ شێوە قاڵبونەوەیەکی مەبدەئی فرە یەزدانی.**

**11- تیۆری نەمرکردن و پیرۆز کردنی پاشاکان:**

**مرۆڤناسە ئینگلیزییەکانی ئەم تیۆرییە لەو باوەڕەدان کە ئاین دەرئەنجامی شانازیکردنە بەیادکردنەوەی پاشاکانەوە لەدوای مردنیانو، دواجار ئەم شانازیپێوەکردنەش گۆڕاوە بۆ ئارەزوی نەمرکردنو پیرۆزکردن، دواتر ئەم بیرۆکەیە گەشەی کردووەو گۆڕاوە بۆ پیرۆزکردنی یادکردنەوەیان، هەروەها کەسایەتی پاشا بووەتە جێی رێزو پیرۆزی.**

**12-تیۆری ئەزمونی مناڵێتی:**

**زانای دەروونناس "فرۆید" خاوەنی ئەم تیۆرییەو بیرۆکەیەکی تازەی پێشکەش کردوە کە دەڵێت: ئاین لەئەزمونی مناڵیتی سەرەتاییەوە داماڵراوە، ئەو ئەزمونەی لەمێژووی دێرینی مرۆڤایەتیدا روویداوە، ئەم ئەزمونە پێکهاتووە لە گەلەکۆمەکیکردنی کوڕەکان لەباوکیان کە یەکەمین کۆمەڵی مرۆڤایەتی بوونو یەکێکیان هەستاوە بەکوشتنی باوکیو بەڵام دواجار بەهۆی ئەم تاوانەوە پەشیمانی باڵیکێشاوە بەسەریانداو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە یادی باوکە کوژراوەکەیان نەمرو پیرۆزبکەن، کە ئەمەش بەرێگەو شێوازی پەرستنی شوبهێنراوی تەوتەمێك کە هێمای یادکردنەوەی بێت.**

**13-تیۆری قوربانی: *Offering Theory***

**مرۆڤناسی سەرکەوتوو "رۆبرتسن سمیس" ئەم تیۆریەی دامەزراندوە، ئەم تیۆریەش ئەوە روندەکاتەوە کە ئاینی یەکەم دەرئەنجامی بیرۆکەی قوربانیەکان بووە. قوربانیش لەداهێنانی مرۆڤەوە بووە بۆ دروستکردنی خاڵی پەیوەندی لەنێوان خۆیو هێزەکاندا "واتە هێزەکانی سەرو سروشت *Supernatural force*"هەروەها بەهۆی خواردنی گۆشتی قوربانییەوە مرۆڤ پەیوەندییەکی توندو تۆڵێشی لەنێوان خۆیو ئەندامانی کۆمەڵگەکەیدا دروستکردووە.**

**بێجگە لەم سیازدە تیۆریەی ئاین چەندین لێکۆڵینەوەو تیۆری تازە هەیە کە ئێستاکە لەجیهاندا قسەی لەسەر دەکرێ، بەپێویستی دەزانم لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند تیۆریەکی هاوچەرخ بخەمە روو؛ ئەو تیۆریانەش پێکهاتوون لە:**

**یەکەم: چەمکی دونیای شتە پیرۆزەکانو دونیای شتە ئاساییەکان**

*The Sacred and the Profane*)، زانای مرۆڤناسی فەرەنسی "میرسیا ئەلیاد" لەپێناو راڤەکردنی ئاینو بیروباوەڕە سەرەتاییەکاندا هەستاوە بە پێشکەشکردنی جیاکارییەکی زانستی دونیای شتە پیرۆزەکانو دونیای شتە ئاساییەکان "واتە ناپیرۆزەکان"، "میرسیا ئەلیاد" لەهەوڵی دۆزینەوەی ئەو جیاوازیانەدا شیکارییەکی ئەنترۆپۆلۆژی پێشکەش دەکات بۆ زیاتر رونکردنەوەی دونیای شتە پیرۆزەکانو ئاینو بیروباوەڕە سەرەتایو هاوچەرخەکانی ئاین. مرسیا ئەلیاد لەشیکاریەکدا دەڵێت: "هەمیشە پیرۆزی وەك راستیەك لەلایەکی دیکەوە نەك لەلایەن راستییەکانی سروشتەوە، دەرەوشایەوە، مرۆڤ هەست بەپیرۆزی دەکات لەبەرئەوەی درێژکراوەی پیرۆزییە، هەروەها خۆی وەك شتێکی جیاواز دەبینێتەوە جیاوازتر لەشتە دونیاییەکان، دەشتوانین بڵێین مێژووی ئاینەکان، لەسەرتایی ترینیانەوە بۆ پێشکەوتوترینیان پێکهاتووە لەکەڵەکەبوونی درێژکراوەی راستیە پیرۆزەکان، هەروەها هیچ دابچڕانێك نییە لەبەردەوامی دەرکەوتنە یەزدانییەکاندا. هەر لەسەرتای دەرەوشانەوەی شتە پیرۆزەکانەوە لەهەر شتێکدا وەك بەردودرەخت. دواتریش بەکۆتایی هێنانی ئەو دەرەوشانەوە باڵایەی کە لەنێو مەسیحێکدا کە یەسوعی مەسیح ئەدرەوشێتەوە؛ واتە کردەیەکی شاراوەیەو خۆی بۆخۆی، دەرەوشانەوەی شتێکی تەواو جیاوازە، واتە راستییەکە لەو راستیانەی کە ناچێتەوە سەرجیهانی ئێمە بەوەی کە ئەو شتانەن کە پێکهێنەری بەشێکنو ناتوانرێت لەجیهانی سروشتی دنیای خۆمانی جیابکەینەوە."[12] لە بەشەکانی دیکەدا هەوڵئەدەیەن زیاتر بیروڕاکانی "میرسیا ئەلیاد" رونبکەینەوە.

**دووەم:** قوتابخانەی کەماڵگەرایش کە "شلوماخر" دامەزرێنەرێتی، بەشێوەیەکی بەرفراوان هەستاوە بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر سیستمە ئاینیەکانو ئەزمونە ئاینییەکان، بەبڕوای ئەوان رەگەزە ئاینییەکانی سیستمی ئاینی لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

1-باوەڕکردن بەبوونی بوار یان نێوەندی پیرۆز *—Sacred Sphere*-جیاواز لەنێوەندی دنیاییو ئاسایی.

2-باوەڕکردن بەبوونی سیستمێکی گەردونی *Cosmoses System* لەهەمبەر نێوەندی پیرۆزدا، کە دەبێتە شانۆیەك بۆ چالاکی یەزدان "جا یەزدانێکی نێرینە بێت یان مێینە"، کە بەناچاری پێویست بە ملکەچبوون دەکات بەیاسای *Nomas* یان "لۆگۆس"وە *Logos* عەقڵ، بەم پێیە دیاردە سروشتیو روداوە کۆمەڵایەتییەکان رێچکە دەگرن، بەڵکە پابەندیش دەبن بەهێزە غەیبانییەکانەوە.

3-باوەڕکردن بەبوونی کۆمەکردن "بەدەنگەوەهاتن"و بونی کاریگەری دوولایەنەی نێوان نێوەندی پیرۆزیو دونیای "علمانی"دەوە ئەمە بۆخۆی لەهەڵبژاردنی خواوەندو پەرستراوەکانو بونەوەرە پیرۆزەکاندا رەنگدەداتەوەو، وێناندنی ئەو شتانە وەك شێوە بونەوەرێکی سەر زەویو دنیایی وەك تەوتەمیزم یان بەخواکردنی ئاژەڵ *Tieromorphism* و بەخواکردنی ئادەمیزاد "*Anthropomorphism*".

4-هەستان بەجێبەجێکردنی کۆمەڵێ کارو سروت بە مەرامی زیاتر نزیکبوونەوە لەنێوەندی سروشتی مرۆڤایەتیو سروشتی شتە پیرۆزەکان، هەروەها تەسەوفو خەڵوەتیش بەشێکن لەم جۆرە سروتانە.

5-چڕکردنەوەی کارو سروتەکان لە کۆمەڵێ بیروبۆچونی تیۆریدا کە بە "بیروباوەڕەکان *Beliefs* ناسراوە، کە ئەمەش بۆخۆی بنەما فەلسەفیەکانی "لاهوتیە"و ئەفسانەکانی ئاین دیاریدەکات.

6-داکۆکیکردنێکی توند لەکۆمەڵێ قەدەغەکراوی زۆرەملێ کەسەرچاوەی باڵادەستی خۆی لەپیرۆزیەوە وەرگرتووە.

7-پێشکەشکردنی قوربانیو بەخشش بەمەملەکەتی پیرۆزی.

8-چڕکردنەوەی ئەو پەیوەندییە ویژدانیی سۆزئامێزە بە خوداو تێکستو بنەماو راڤەکردنە سەرەتاییەکانی ئاینیو بیروباوەڕەوەوە.

---

[12] الصور و الرموز –مرسيا ئەلياد- 1998 – ترجمە: حسيب كاسوحە،ل20

9-بەخشینی قوربانیو دروستکردنی پەیوەندییەکی غەیبانی بە هێزەکانی سەروسروشتەوە.
10-وێناکردنی قودرەتو خەلقی گروپو دەستە ئاینییەکان.

لەڕاستیدا لەدەرەوەی هەموو ئاینێك، لەدەرەوەی ناوەندە نەریتییەکانی کولتورو نائاگایی کۆمەڵایەتی کۆمەلگا، خەیالگەیەکی جیاوازو دنیابینییەکی جیاواز هەیە، بەلایەنی کەمەوە کۆمەڵە پرسیارێکی سەرەتایی ئەو گومانە لەلای تاکەکەسو کۆمەڵەکان گەڵاڵەدەکەن، هاوکات لە کۆمەلگا داخراوەکاندا بەتایبەتی کۆمەڵە ناوەندێکی نەریتی هەن کە پارێزگاری لە کەلاوە مەعریفییەکانی سەلەفیەتو ترادسیۆنە کۆنەکان دەکەن، بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێت کە ئاین پێکهاتەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی کۆمەلگایەو پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە ستراکچەری ئاگاییو نائاگایی تاکەکەسو گروپو کۆمەلگاوە بەگشتی، لەبەرئەوە بۆئەوەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر کۆمەلگا ئەنجامبدەیت، دەبێت ئاینو پێکهاتەکانی وەك سەرچاوەگەلێکی کاریگەر بەکاربەرین بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ستراکچەری کۆمەڵایەتی کۆمەلگاو کولتورو گۆرانکارییو ستاندەرەکان. دواجار بۆ ئەوەی لە ستراتیژەکانی سەلەفیەتی نوێی ئاینیو ترادسیۆنی ئەو ناوەندە داخراوانەی کۆمەلگا تێبگەین، دەبێت ئەو ستراکتۆرە هەڵوەشێنینەوە کە ئەو ناوەندانە وەك باکگراوندێك بەکاریدەهێنن.

# بەهەشتی ون و قەیرانی زەمەن
# *2*

"بەڵام پێویستە زۆر بە وریاییەوە بگەڕێین بە دوای ئەو شتەی کە پێی دەوترێت ئەفسانەی "بەهەشتی ون"، بە وێنەی مرۆڤێکی کامڵ، هەروەها بە نهێنییەکانی ئافرەتو خۆشەویستی، بەڵکە ئەوەی پێویست بە یادهێنانەوە دەکات لەگەڵ هەندێك بابەتی دیکەدا ئاماژەی پێدەدەین. تا ئەوکاتەی "علمانیەت"کاری تێکردووە. هەروەها تا ئەوکاتەی شوێنگەی ئەفسانەیی شێواوە، لێرەوە دەبینین کە درێژبوونەوەیەکی نیمچە هۆشیاریانە باڵیکێشاوە بەسەر شێوەکانی بووندا، بە شێوەیەکی هیچ و گاڵتەجاڕ، ئەوەی لەخەونی بێداریدا خۆی نمایش دەکاتو لە خەمۆکییەکی دامەزراوەدایە، هەروەها لە بێهودەیی ئەو وێنانەی کە هەستو شعور داگیردەکەنو لەوساتە چۆڵو خەمۆکانەدا خۆی نمایش دەکات: کاتێك کەسێك بە تەنها بەسەر شەقامەکاندا دەگوزەرێو پیاسەدەکات، یان ئەوکاتەی لەناو شەمەندەفەرێکی تیژڕەودایەو بە تونێلەکاندا دەڕوات یان ئەوکاتەی دەچێت بۆ کەیفو سەفاو

ڕابواردن، پێویست بەوە دەکات بە وردی سەرنجی ئەم دیاردانە بدەین، بەوەی کە ئەم گەنجینە ئەفسانەییەی لێرەدا ڕاکشاوە، لە هەموو ئەو بارودۆخانەدا. شێوەیەك لە شێوەکانی "علمانیەت"ی وەرگرتووە بە شێوازێکی نوێ چەسپاوە."[1]

گەر بە هۆی ماناکانی ژیانەوە هەوڵ بدەین درێژکراوەی ئەو گەنجینە ئەفسانەییەی بەهەشتی ون ڕاڤە بکەین: ئەوا پێویستە زۆرێك لەو پەیوەندییە نادیارانەی بیرەوەری‌و خەون‌و خەیاڵی مرۆڤایەتی یەکالا بکەینەوەو بە سەلیقەوە لە گرنگی ئەو بابەتانە تێبگەین. واتە.. بە بڕوای من جێی بایەخە، کە دەبینین ئەفسانەیەك بە بەردەوامی لە هەوڵی کۆکردنەوەی وێنەو وێناندنەکانی خۆیدایە بۆ ڕاڤەکردنێکی سەرەتایی بوون‌و درورستبوون‌و گەردوون.

بەوپێیە دەکرێ ڕوانینەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان‌و مرۆڤی سەرەتایی‌و دێرین گاڵتەجاڕانەو ڕەخنە ئامێزانە سەیر نەکەین، گەر هاتوو پێ لە ڕۆحی مرۆڤایەتی بنێین‌و ڕەخنە هاوچەرخەکانی خۆمان ئاڕاستەی خوونەریت‌و بۆچوون‌و ڕوانینەکانی ئاینی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بکەین، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناگەینە سەرەتایەك بۆ ڕاڤەکردنی ئەفسانەو سروت‌و بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی، زۆربەی مرۆڤناس‌و ئەفسانەناس‌و ئایینناسەکانی دونیا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە پێشنیار دەکات؛ ڕاڤەکردنی هەر چەمکێکی سەرەتایی ئەفسانەو تێڕوانینە دێرینەکانی ئاین‌و ئەفسانەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی تێگەیشتنە لەئێستای خۆمان، ئێستایەکی پڕ نهێنی‌و نادیارو ئاڵۆز کە بووەتە گرفتێکی گەورەی مرۆڤی هاوچەرخ، بە بڕوای ئێمە مرۆڤی هاوچەرخ بە ناچاری پێویستە لەسەری سەرجەم وێنەو وێناندنە زەینییەکانی مرۆڤێکی سەرەتایی بخاتە ژێر پرسیارو دوور بکەوێتەوە لە ڕەخنەو گاڵتەپێکردنیان، بۆ نموونە لەدوای دۆزینەوەی دورگەکانی "هند" لە لایەن کۆڵۆمبۆسەوە "مرۆڤایەتی گەشتە ئەو باوەڕەی کە خۆی وەك خۆراواییەك مرۆڤێکی هاوچەرخەو هیچ مرۆڤێکی دیکە نییە بگاتە ئاستی عەقڵ‌و بیرو ئاین‌و ڕوانینەکانی ئەو، بەڵام ئەو ڕوانینە بووە هۆی ئەوەی شتێك لە ئاڵۆزی‌و دونیایەکی تەمومژاوی بۆ کۆمەڵگەکانی دەرەوەی سنوری ژیانی هاوچەرخ بخوڵقێنێت، بۆ نموونە، دەوترا مرۆڤی سەرەتایی، مرۆڤێکی سەیرەو هیچ ئاینێك پەیڕەو ناکات، بەدڕەوشت‌و بێ پۆشاکن، ئەمە بووە هۆی شێواندنی ئەو پەیوەندییە سەرەتاییەی کە ئێمەی هاوچەرخ خوازیاری دروستکردنی بووین لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دەرەوەی خۆماندا. بەهەرحاڵ لەو کاتەشدا خەڵکانێك هەبوون بە هۆی گەشت‌و گەڕان‌و زانینەوە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە چیتر پێویست بەوە ناکات بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە بڕوانینە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی دەرەوەی خۆمان، چونکە دونیایەکی نەزانراو و نادیار هەیە ئێمەی ئالودەی ڕامان‌و تێڕامان کردووەو پرسیارو گومانە جدییەکانیان بۆ دروستکردوین، هەر بۆیە بە ناچاری پێویستە بگەڕێین بەدوای سەرچاوەی ئەو بیروباوەڕە وەحشیگەری‌و دەشتەکییەی ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەدا.

هەر لە سەرەتاوە بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بوو بە دەروازەیەکی ئاڵۆز و ئێمەی هاوچەرخی گیرۆدەی چەندین پرسیارو تێڕامان کرد؛ بۆ نموونە وێکچوونی ئەفسانەو چیرۆکە کۆنەکانی خۆمان لەگەڵ بەشێك لە ئەفسانەو چیرۆك‌و تەهلیلەکانی ئەواندا.

لێرەدا پێویستە کەمێك بوەستین و سەرجەم ڕوانینەکانی خۆمان چڕکەینەوە لەسەر ئەو گەنجینە پڕ بایەخە ئەفسانەییە کە کۆمەڵگە سەرەتایی‌و دێرینەکان بۆ ئێمەیان جێ هێشتووە. بەڵام، ئەگەر ئێمە لەم دەروازەیە هەوڵ بدەین چەند ئەفسانەیەك ڕاڤە بکەین ئەوا پێویستمان بە هەزارەها لاپەڕە هەیە تا بۆ ئەم مەبەستەی تەرخان بکەین. لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانین چەند چەمکێکی گەردوونی ئەفسانەو بیروباوەڕە سەرەتاییەکان بخەینە ژێر پرسیارو ڕاڤەکردنەوە؛ بۆ نموونە ئەفسانەو چیرۆکی بەهەشتی ون.. لە کۆنەوە تا ئەوڕۆکە ئەم بەهەشتە دونیای بەڵێنپێدراوی دڵفرێن‌و کەیف‌و سەفای مرۆڤەکان بووە، لەسەرەتای گەلاڵەبوونی بیروباوەڕەکانەوە لەسەر دنیایەکی دیکەی باشتر لەو ژیانەی هەنوکە، تا ئاینە سەرەتاییەکانی وەك فرە یەزدانی‌و تاك خودایی رەگەزیی‌و ئاینە سەرەکییەکانی وەك مەسیحیەت‌و ئیسلام‌و بودیزم بیرۆکەی بەهشتی ون بیرۆکەیەکی

[1] مرسيا نه لياد- الصور و الرموز- ترجمة: حسيب كاسوحة ص112-سنة 1998.

کاریگەرو هەستیاری ژیارییە بۆ بەرپاکردنی خەیالگەیەکی زەینی باوەڕپێکراو دروستکردنی هەستێکی غەیبانی بۆ چاوەڕێکردنی ئەو باشترو جوانترو دنیا ئەفسانەییە جیاوازەی کە دابەشبووە بەسەر دوو دنیای تەواو جیاوازدا کە یەکێکیان تەواو واقعییە، ئەوی دیکەشیان تەواو خەیاڵیو غەیبانییە، لەم نێوەندەشدا مرۆڤ دەبێتە ئەو بوونەوەرە ئەفسانەسازە عارفەی کە لەڕێی روانینە سەرەتاییەکانی ئایننەوە پەیوەندییەکی باوەڕگەڕایی هەستیار بەو ناوەندە غەیبانییەوە دروستدەکات.

لێرەوە ئارەزووەکان مانایەکی باڵاو جوانی هەبووە، سروشتیش وەك توانستێکی باڵادەست لەم ساتە نادیارەدا لەپاڵ ئەو بوونەوەرە هۆشیارەدا دەژی. سروشت ئەو ساتەی دەبێتە حەشارگەی سەرجەم شتە خەیاڵییەکانو دەبێتە نهێنیو گوزارشتکارێکی ڕیشەیی ئەفسانەساز بۆ ڕاڤەکردنێکی ئاڵۆزی ئەفسانەیی، هەروەها سەپاندنی سەرگوزشتەی نەزانراوی باووباپیرانو نەوەکانی پێشوو بەسەر ئەم دونیا ئەفسانەیەدا خەیاڵی مرۆڤیش هێندە باڵادەستە لە توانایدایە جیهانێکی خەیاڵی ئەفسانەساز بخولقێنێت، بەڵام ئاخۆ هەر لە ڕەچەڵەکەوە مرۆڤایەتی خوازیاری ڕاڤەکردنێکی سەرەتایی جیهانو شتەکانی دەوروبەری خۆیو دیاردەو ڕووداوەکان بووە، یان گریمانەکانی ئێمەی هاوچەرخ سەبارەت  بە دونیای هێزە نادیارەکان کامڵ نییەو نەگەیشتووینەتە ترۆپکی ڕاڤەکردنێکی ئەکادیمی زانستی کە لە توانایدا بێت هێماو شفرە ئەفسانەییەکانی بیروباوەڕی دێرینو سەرەتایی مرۆڤ تێبگاتو بە دیوێکی دیکەدا شیکاریان بکات..!!

دەکرێ لە دەروازەی (سروشت- پیرۆزییەوە) جارێکی دیکە بڕوانینە بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی ئاینو ئادەمیزاد- بەپێی ئەم ڕێچکەیە پێویستە بگەڕێینەوە سەر ڕەسەنایەتی ئەو بیروباوەڕانەی کە لە توانایاندایە ئێمەی مرۆڤ ئاڕاستەی هێماو شفرە سروشتیو ئاینییەکان بکەنو لەوێشەوە بمانخەنە نێو مامەڵەیەکی تەمومژاوییەوە لەگەڵ خۆماندا، وەك ئیستایەکی بەردەوام، درێژبووەیی دونیای شتە پیرۆزەکان- مرۆڤیش وەك بونەوەرێکی هۆشیارو ئالودە بە زەمەنو یادەوەریو دونیای شتە پیرۆزەکان. هەر لەمێژەوە بە ناچاری کەوتۆتە ژێر کاریگەری هێزو توانستە غەیبانییەکانەوە- هەر بۆیە پێویستە لە نموونەیەکی دونیایو جیهانییەوە بچینە نێو شیکارییەکی فرەلایەنەوە لە پێناوی یەکالاکردنەوەوی ئەو پەیوەندییە پیرۆزەی کە لەنێوان ئێمەی مرۆڤدا لەئارادایە، وەك بوونەوەرێکی هەڵگری چەمکی دیاردەکانی سروشتو جیهانی دەرەوەی حۆمان- بۆ نموونە لە زوربەی ناوچەکانی جیهانداو لە مێژەوە شوێنە بەرزەکان.. وەك قەتپاڵی چیاکان، شاخە بەرزەکان، گردو سەرکۆ بەرزەکان، کەنارە بەرزەکانی دەریا.. هتد، جێی پەرستنو شوێنگەی پەرستگاکان بووە. هەروەها ئێستاکەش زۆربەی پەرستگاکان لەشوێنی بەرزو دیاردان. بۆ نموونە شاخەکانی (تبت)و بوزیەکان، زەردەشتییەکانو زنجیرە چیاکان. پەرستگاکانی هندستانو بیروباوەڕی هندیەکانو ئیسرائیلو پەرستگا بەرزەکانیان.. هتد، لە کۆنەوە یەهودییەکان گردو تەپۆڵکە بەرزەکانیان لە لا پیرۆز بووە- زۆربەی شوێنە بەرزەکانیان کردۆتە پەرستگاو سروتە ئاینییەکانیان لەوێدا نمایش کردووە، هەر لەوێدا پەیوەندیە ئاینییەکان گەلاڵەدەبنو مرۆڤو سروشتو دەسەلاتە غەیبانییەکان یەکدەگرنەوەو سەرەتایەکی پێویست بەرجەستە دەبێت بۆ بەرپاکردنی روانینێکی سەرەتایی لەسەر دەسەلاتە غەیبانییەکانی سەروسروشتو ئەو سۆزو خەیاڵە ئارامبەخشەی ئاین.

بۆ نموونە کاتێك کە (یەعقوب) لە ناوچەی (کەنعان) بووە (لە خەویدا پلیکانەیەکی دامەزراوی بینیوە کە لەزەوییەوە بەرەو ئاسمان بەرزبۆتەوەو سەرێکی گەیشتبووە ئاسمانو، لەوێڕا فریشتەکانی دەبینی (من خوداکەی ئیبراهیمم) -یەعقوب لە خەو هەستاو هاواری کرد: ئەم شوێنە چەند سامناکە، تەنها ئێرە ماڵی خوایەو ئەمەش دەرگای ئاسمانە، دوابەدوای ئەوە بەردەکەی ژێر سەری دەرهێناو بەرێکی دایناو سەری بەردەکەی بە ڕۆن سواغداو ئەو شوێنەی ناونا ماڵی (ئیل) واتە ماڵی خودا[2]. لەم نموونەیەوە بە تەواوەتی ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە شوێنە پیرۆزەکان بە هۆی ئەفسانەسازییەکی ئاینییەوە گشتیر دەبنەوەو دەچنە ناخی وێنەیەکی پەنهانی زهنی مرۆڤایەتییەوەو دێرینیو ڕەسەنایەتی خۆی وەك شتێکی پیرۆزی گەمارۆدراو بە برێك ئەفسانەو چیرۆكو وێناندن نمایش دەکات.

---

[2] مقدمة: الاديان في تاريخ الشعوب العالم، سيرغي ا. توكاريف، و: د. محمد.م. فاضل

لێرەوە دەتوانین بڵێین سەرجەم هێماکانی پیرۆزی.. هەروەها شاخو کانیاو و سەوزاییو ئاسمانو دەریاو.. هتد دەبنە هۆکارگەلێکی دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕوحانی لەنێوان مرۆڤو سروشت، ئەم پەیوەندییەش بەبێ ڕاڤەکردنو شیکاریو تێگەیشتن دەمێنێتەوە، بۆ نموونە هیچ ئیماندارێك باوەڕی بەوە نییە بێتو سەرجەم شتە پیرۆزەکان بۆ منو تۆ ڕاڤە بکات، بەس ئەوەندە دەڵێت: هەموو ئەم شتە پیرۆزانەی دەورمان دەستکردی پەروەردگارە. ئەم وتەیە درێژکراوەی چەمکی پیرۆزییەو پنتە نائاگاییەکانی ئەفسانەیە، ئیماندار بە بەردەوامی دوور دەکەوێتەوە لە پێناسەو دۆزینەوەی شوناسی دیاردەو ڕووداو و زەمەنو دونیای شتە پیرۆزەکان.

ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەش درێژکراوەی خەیاڵو خەونو فەنتازیا تاك ئاڕاستەو تاك مەوداکانی مرۆڤو نائاگایی کۆیە. گەر بگەڕێین بە دوای شیکارییەکی هاوشێوەدا بۆ ڕاڤەکردنی ئەو پەیوەندییە ئەوا پێویستە ئاماژە بدەین بەو ڕاڤەکردنە ئەکادیمیەی "مۆریس گۆدۆلیە کە مرۆڤناسێکی فەرەنسی هاوچەرخە، بە بڕوای ئەم بیریارە ئەنترۆپۆلۆژیستە مرۆڤ دوو بەشە، بەشێکی واقیعییەو دونیای شتەکان وەك خۆی دەبینێتو مامەڵەیەکی کرداری ڕۆژانەیان لەگەڵدا ئەکاتو دوورە لەخەیاڵو خەونو فەنتازیاوە. بەشەکەی دیکەش تەواو پێچەوانەی بەشی یەکەمە، ئەم بەشەی مرۆڤ خەیاڵیەو پڕە لەخەونو وێنەو وێناندن، واتە مرۆڤ بۆ ڕاڤەکردنێکی سەرەتاییو تێگەیشتنێکی ئاسایی جیهانی دەرەوەی خۆی دەکەوێتە ناکۆکییەکی وجودیانەوە، هەروەها بەهۆی پانتاییەکانی خەیاڵو وێنە زەینییەکانی خۆشیەوە بە بەردەوامی هەوڵدەدات بگاتە باوەڕێکی هاوسەنگو سەنگین. لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە خۆی ڕزگار دەکات لە بێهودەیی چەمکە جیاوازەکانی ڕاڤەگردنێکی ئاڵۆزو نادیار.

واتە مرۆڤ بە هۆی خەیاڵو فەنتازیاوە خۆی لە دونیای شتە ئاڵۆزو پەنهانەکان ڕزگار دەکات، لەوێشەوە پێناسەو بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی خۆی ئاڕاستەی نادیارێکی دیکەو حەشارگەیەکی دیکە دەکات، بەڵام ئەم دونیا نادیارو پەنهانەی دوایی برێك لە ئەفسانەو خەیاڵو وێناندن دەوری داوەو بووەتە پارسەنگی هێزو توانای زەینی مرۆڤی دێرینو سەرەتاییو تا سنوورێك مرۆڤی هاوچەرخیش، بۆ نموونە: وێنەی "مەسیح" لەلای مەسیحییەك درێژکراوەی یەزدانو دونیای شتە پیرۆزەکان لە "مەسیح"دا پیرۆزی بەرجەستە دەبێتو ڕەنگێکی دیکەو شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێت، دواجار بە هۆی ڕەوایەتی ئەو بیروباوەڕە ئاینییەوە "مەسیح" دەگاتە ئەوپەڕی پیرۆزی، ئەویش بە وێناندنی مەسیحی یەزدانی؛ دواجار "مەسیح" خۆی بۆ خۆی دەبێت بە یەزدان.

لەم نمونانەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە لەمێژەوە دەرگاکانی ئاسمان بووەتە وێنەیەکی زەینی مرۆڤایەتیو هەر لەم وێنەیەشەوە مرۆڤی کۆن هەوڵی داوە پەیوەندییەکی خەیاڵیو ئەفسانەیی لەگەڵ ئاسمانو دیاردەکانی ئاسمانو ئەستێرەکانی ئاسماندا دروستبکات، بۆ نموونە شێوەو درەوشانەوەی مانگ، هەروەها دووبارەبوونەوەی وێنەکانی مانگ بووەتە هۆی دروستبونی چەند بیروباوەڕێکی سەرەتایی دەربارەی بوونو دروستبوونو جوانیو مردنو نەمریو ڕەسەنایەتیو ژیانو بیروباوەڕی نەوەکانی پێشوو، وەك چۆن مانگ وێکچووی ئافرەتێکی جوان بووە؛ بە هەمان شێوەش لە کۆنەوە تا ئێستاکە شاعیران لە هەوڵی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی خەیاڵی مێینەیی مانگدا بوونو کردوویانەتە کۆپلەیەکی تەڕی شیعری، هاوشان لەتەك دروستکردنی سروتێکی زاتی و کۆمەڵایەتیدا، هەوەرها تەمەنی مانگ وەك خەرمانەو نیوەو مانگی چواردە "تابان" بووەتە وێنەو نیشانەیەکی زەینی بۆ ڕاڤەکردنی مردنو ژیاندنەوە، بۆ نموونە؛ بەهۆی تێڕامانێکی سەرەتاییەوە لە مانگ هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ بە شێوەیەکی زۆر ئاساییو ئەفسانەیی ڕاڤەی کردووە، تەمەنی مانگی وەك تەمەنی مرۆڤ ڕاڤە کردووە کە "خەرمانە"؛ کاتی منداڵییەو بەرەبەرە گەورە دەبێتو دەبێتە کاتی لاوێتی دواتر مانگ گەورە دەبێت دەبێتە مانگی تابان، وەك مرۆڤێکی کامڵو جوان سەیر دەکرێت، دواتر بەرەبەرە بچووك دەبێتەوە، وەك پیربوونی مرۆڤو تا وای لێدێ دیارنامێنێت، واتە وەك مرۆڤێکی پیر دەمرێت، بەڵام دوای دوو سێ ڕۆژ مانگ خەرمانە ئەدات "بەکزی"و دووبارە خۆی نیشانی مرۆڤ دەداتەوە. ئەم دووبارە دەرکەوتنەوەیەی مانگ بە سەرلەنوێ ژیاندنەوەو زیندوبوونەوەی مرۆڤ شوبهێنراوەو ڕاڤە کراوە، واتە مرۆڤ لەدایك دەبێتو بەرەبەرە گەورە دەبێتو ژیانی لاوێتی خۆی بەسەر دەباتو دواتر پیردەبێتو دەمرێت، بەڵام لە دوایيدا وەك مانگ زیندو دەبێتەوەو لە شوێنێکی خۆشو دڵفڕێندا دەژێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ ژیان. لێرەشەوە گەر بە وردی بڕوانینە ئەو

بیروباوەڕە سەرەتاییانە، دەبینین کە ئەفسانەی بەهەشتی ون لـەم خـەیاڵو وێناکراوانـەوە سەرچاوە دەگرێو ئاڕاستەی ئـەودیو سروشت کراوە، بۆ نموونە؛ دەرگاکانی ئاسمان لەکولتوری چیرۆکئامێزو ئەفسانەیی میللەتاندا لە مێـژەوەو تـا ئێستاکەش بووەتـە وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ ڕاڤەکردنی ئەودیو دەرگاکانی ئاسمان، بەپێی ئەو بیروباوەڕانە لەوێدا ژیـان جوانترو دڵفـڕێنترە، لەوێـدا خۆشەویستیو کەیفو سەفا باڵی کێشاوە بەسەر ژیانو پێکەوەبوونی هەمووانـدا، مـەنزڵگای باووباپیرانمانـە، لـەوێ مردووەکانمـان پێکەوە دەژینو پێکەوە خوان دەڕازێنینەوە، لەودیو دەرگاکانەوە بەهەشتێکی دڵفـڕێن چاوەڕێمانە ئـەو بەهەشـتەی کـە عەرشـی خواکانی لێیەو فریشتەو حۆریەکان لەو کەنارانەدا روتدەبنەوە، باخچەکانی ئەوێ هەمەڕەنگە، لەوێ پاڵەوانەکان دەژین، خواکـان لەوێ پاڵکەوتوون، لە کەنار دەریاکانی ئەوێدا بە نەمری دەمێنینەوە، ئازادانە لەگەڵ حۆریـەکانی گـوێ دەریـادا ڕووت دەبینـەوەو لەخەیاڵو عیشوەتی ئەوێدا مەست دەبـین، لـەوێ مـاچ هەیـە، ژیـان هەیـە، خۆشەویستی هەیـە، پێکەوەبوون هەیـە، شـەڕ نییـە، نەمری هەیە، چەپاندن نییە، مەرگ نییە، لێدانو سزا نییە، لەوێ سێو هەیە بەڵام پیاوکوژ نییە، لەوێ مـرواری هەیـە بـەڵام دز نییە.. هتد، چەندین وێنـەو وێنانـدنی دیکـە کـە درێـژکراوەی وێنـە خـەیاڵییـەکانی مرۆڤـی کۆنو سـەرەتایین، هـەروەها مرۆڤـی هاوچـەرخیش بـە بـەردەوامی لـە وەهمـی ئـەو بەهەشـتەدا دەژی، چـونکە مرۆڤـی هاوچـەرخیش بێبـەش نییـە لـەم وێنانـدنـە ئەفسـانەییانەی ئـەو خەیاڵـە بەڵێنپێـدراوەی نائاگـایی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگا، هـەروەها لەبەرئـەوەی تـا ئێسـتاکە مرۆڤایـەتی درێژکراوەی ڕابردوویەکی ئەفسانەسازی ئاینییەو ئاینیش پێکهاتێکە لە ئەفسانەو سروتو بیروبـاوەڕ، هـیچ ئـاینێکیش لـەدونیادا بێبەش نییە لە وێنەو وێناندنی خەیاڵیو فـەنتازیی جۆراوجۆر لەسـەر بەهەشـتو زیندووبوونـەوەو ئـەو دونیـای بەڵێنپێـدراو، بەردەوامیش وێنەی ئەو دونیـا بـۆ ئیمانـدارێك بەهەشـتێکی دڵفـڕێنو پڕعیشقەو پەریـەکان لـەوێ چاوەڕێنو میوەکـان لەوێـدا تامەزرۆن، بەڵام بۆ کەسێکی بێباوەڕ بـەپێی یاسـاو ڕێسای ئـاینی "چ سـەرەتایی بێـت یـان پێشکەوتوو" "ئـەو دونیـا دۆزەخێکـی بەرینـەو پـڕە لەجـەلادو خـوێنو ئـاگرو سـزاو سـوتان، دۆزەخـیش ئاتەشـگەیەکی ئەفسـانەیی گەورەیـە بـۆ سـەرجەم ئەوانـەی لەدەروەی بیروباوەڕە ئاینییەکاندا دەگوزەرێن- بـۆ نموونـە بـە بـڕوای کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکانی ئەوانـەی بـەدکارو بەدڕەوشـتن و بەربادن، یان پیاوکوژو خوێنڕێژو دزو جەردەن کـە دەمـرن ڕوحەکـەیان بـەرەو عەرشـی تـاریکی مـەرگ دەڕوات، بـەڵام کەسـانی بـاشو وەجـاخزادەو شـامانو ***Shuman*** ئیمانـدار کاتـێ کـە دەمـرن ڕووحەکـەیان بـەرەو جیهـانی ڕوحـی ئاشـتیخوازو چـاکەو پیتوبەرەکەتو پارێزگاری ژیان دەڕوات، لەوێدا لەخۆشیو کەیفو سـەفادا بـە نـەمری تـا هـەتا هەتایـە دەمێنێتـەوەو بەشـی ئـەو ژیانێکی دیکەیە لە فەنتازیایەکی بەڵێنپێدراودا.

بـەم پێیـە بـە پێویسـتی دەزانم بچینەوە نێـو دونیـای شـتە پیرۆزەکـانو چـەند نموونەیـەکی دیکـەش بهێنینـەوە بـۆ زیـاتر ئاشنابوون بەو خەیاڵگانـەی نێـو ئـەو روانـینو مـەودا داخراوانـەی بیروبـاوەڕ و دونیـای شـتە ئاساییەکانی ئـەو ئاسـتە ژیارییـەی مرۆڤی تیـا دەگوزەرێـت، بـۆ نموونـە "کڵێسـای" مەسـیحی کـە پەرسـتگایەکی جیهـانی مەسـیحییەکانە لـەلای کەسـێکی ئیمانـداری مەسیحی بریتیە لەگواستنەوە لە جیهانی واقیعەوە بەرەو جیهـانی پـیرۆز.. بـە هـەمان شـێوەش مزگـەوتو پەرسـتگاکانی بـوزیو هیندۆسەکانو زەردەشتیەکانو یەهودیەکان بۆ کەسێکی ئیماندار بەو ئاینە، سەفەرێکی خەیاڵییە لەدونیای شـتە ئاسـاییەکانەوە بەرەو جیهانی پیرۆز- دونیای پیرۆزیش هـەموو ئـەو شـتانە دەگرێتـەوە کـە جێـی گومـانی پرسـیاری منـی هـاوڕوانین نییـە- واتـە بابەتە بەرجەستەبووەکانی یەزدان "خواکردەو پیرۆزکراوەکانی خودا"، کە بۆخۆی درێـژکراوەی یەزدانـە، واتـە ئـەو شـتانەی کـە هێـزو توانـای یـەزدان تیایـدا دەدرەوشـێتەوە، بـۆ نموونـە: وەك خـاچی مەسـیحی، لـەلای مەسـیحییەك وێنـەی خـاچ درێـژکراوەی بیرۆکەی لەخاچدانی مەسیحە "واتە پاکیزەییو ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لە ناپاکیو گوناه"، واتە گوستنەوەی مرۆڤ لە واقیعـەوە بەرەو جیهانێکی دابڕاوی پیرۆز، کە بۆخۆی یادهێنانەوەیکی ئەفسانەییەو پەیوەندییەکی ڕیشەیشی هەیە بـە وێنـە زەینییـەکانی مرۆڤەوە، ئەمەش وەك ئەوە وایە کە کاتێك مرۆڤ بە هێمنی گوێ لە پارچەیەك مۆسیقا دەگرێت خەیاڵ دەیباتەوەو دەڕوا بەرەو فەنتازیاو بیرەوەریە جوانو ئاڵەکانی خۆی، یان بۆ نموونە بینینی شـوێنێکی دڵـڕفێنو جوان دەبێتـە هـۆی یادهێنانـەوەی چـەند بیرەوەرییەکی دوورو نوقمی خـەیاڵێکی فورسمـان دەکات، "میرسیا ئـەلیاد" ئـەم دیـاردە مرۆڤایەتییـە بـەم شـێوەیە ڕاڤـە دەکات

"مرۆڤايەتى بە بـەردوامى كـارتێكراوى وێنـەو هێماكـانى دەرەوەى خۆيـەتى"، هـەر بۆيـە وێنـەى "خـاچ" قـەوارەيكى سـەنگينو پانتاييـەكى گـەورەى خـەياڵى مەسـيحييەكانى داگيركـردووە- بـە هـۆى ئـەم ڕەمزەشـەوە مەسـيحييەك لەتوانايدايـە.. بـەبێ هـيچ ئەزێتو هيلاكييەك بگەڕێتەوە بەرەو يادەوەرىو ئەفسانەو پەرجووەكانى مەسيحو يەزدانو ڕزگاربوونى سـەرتاپاى مرۆڤايـەتى، بەمپێيە ڕەمزەكان لە توانايانداية ببنە شەمەندەفەرێكى وێنەيىو خەياڵى بۆ گواستنەوەى مرۆڤى واقيعى بەرەو جيهانى پيرۆزو يـەزدانى. بەهـەمان شـێوە پەرسـتگاكانيش دەرگايـەكى كـراوەو پـيرۆزن بـۆ مرۆڤايـەتى تـا لـەوێوە ڕزگاريـان بێـتو بـڕۆن بـەرەو ئاسـودەگىو ئيمـانو خـەڵوەت، خـەڵوەتيش قاڵبوونەوەيـەكى دەروونـىو سـۆفيگەرانەيە لـە پێنـاو بەرجەسـتەكردنى وێنـە زەينييەكانو يادەوەرىو ئايندەيەكى بێكۆتا، ئەم دياردەيەش بۆ خۆى وێكچواندنێكى خەياڵييە لەپێناو سـەروەرىو ڕزگاربوونـدا، واتە گەڕان بەدواى سەروەرىو باڵايدا. ئەمەش بۆ خۆى وێناندنێكى ڕەمزييـە بـۆ خۆدەربـازكردن لـە بێمانـايىو خۆفرێدانـە نـاو مـەوداكانى دووبارەبوونـەوەى ماناكـانى ژيـانو ماناكـانى زەمـەن و مـەرگو ئـەو مەودايانـەى كـە تـەواوى بوونـەوەرەكان داغڵى خولگەيەكى نەبراوەو هەتاهەتايى دەكەن.

**بە بڕواى "كێرتزەر" هێماكان سێ تايبەتمەندى سەرەكيان هەيە. كە بريتين لە:**

1-چڕكردنەوەى ماناكان: بۆ نموونـە: بـوونى ئـەو بيرۆكەيـەى كـە ولايەتـە يـەكگرتووەكانى ئـەمريكا كۆدەكاتـەوە پێكهـاتووە؛ لەيەك نەتەوەيى لەژێر سەروەرى يەزداندا، هەروەها وەك ڕەتكردنەوەى حوكمى چەوسـێنەرانى ئـەوروپىو سـەپاندنى ماناكـانى نيشـتمانپەروەرىو خۆشەويسـتىو سـۆزى بـەرگريكردن لەنيشـتمان لـەبارودۆخى شـەڕو سەربەسـتىو ديموكراسـيەتدا، ئەمانـە هـەمووى نوێنەرايـەتى ڕەمزەكـان دەكـەنو بـەهۆى ئەمەشـەوە ماناكـان لـە كلێشەسـازى ئەسـتێرەو هێڵـەكانى ئـاڵاى ئـەمريكادا كۆدەبێتەوە "وەك گوزارشتێكى ناديارى ڕەمزەكان"

2.-هێماكان ماناى جۆراوجۆر لەخۆدەگرن"، واتە ڕەمزەكان پێكهاتوون لە مەودايەكى بەرفراوانى مانا جياوازەكان. بۆ نموونە خاچى مەسيحى وەك تاكە هێمايەك لەلاى زوربەى مرۆڤەكان ماناى جياجيا لەخۆدەگرێ.

3-هێماكـان خـاوەنى تايبەتمەندييـەكى ئـاڵۆزو سەرلێشـێوێنەرن، بـەهۆى ئەمەشـەوە: ناتوانرێـت بـە شـێوەيەكى ديـاريكراو دياريبكرێتو هەروەها مانايەكى دياريكراويشيان نييە.[3]

بە بڕواى ئيماندارێك جيهان هەمووى پيرۆزە، بۆ نموونە ئاسمانو زەوىو ئەستێرەكانو خۆرو كێڵگەو مەزراكانو شاخو داخو كانياو و درەختەكان، دەريا، باران، دياردە سرووشتييەكانو مرۆڤ و.. هتد. پيرۆزن، بە هۆى پانتاييەكانى ژيـانو سروشـتەوە هـەر لەمێژەوە مرۆڤايەتى لەهەوڵى خولقاندنى وێنـەو ڕوخسـارى بوونـەوەرەكانى سەروسروشـتدايە. واتـە هەميشـە خوازيـارى گـەڕان بووە بەدواى ناديارەكانى ئەوديو سرووشتدا، بەڵام هەوڵێكى بێئاكام بـووە لـەڕووى زانسـتييەوە، بـە ڕەنگێكـى ديكـەو بـە ديـوێكى ديكەدا هەوڵێكى گەورەى مرۆڤايەتى بووە؛ ئاكامێكى ئاينىو بيروباوەڕگەيى بووە، ئەمەش بۆخۆى دەرئـەنجامى وێنـەو وێناندنـە زەينييەكانى خۆى بووە لەسەر سروشتو دياردەكانى سروشت.

هەر لە سەرەتاوە سروشت بووە بە شوێنگەيەكى پيرۆز بۆ ژيانو بژێوى، بۆ نموونـە "داروبـەردو درەخـتو كانياوەكـان" هـەر لەسـەرەتاى دروسـتبوونەوەو تـا ئێسـتاكەش پـيرۆزن، هۆكـارو دەرەنجامـەكانى ئـەم پـيرۆزىو بەخواكردنـە بـەردەوام بـووە، بـەڵام ئێسـتاكە ڕاڤـەكردنێكى ئـەكاديمى هەيـە زۆربـەى زاناكـان لەسـەرى ڕێكـەوتوون، ئـەويش ئەوەيـە كـە هـەر لەسـەرەتاى ئاسـتە سەرەتاكانى ژياريپەوە درەخت سەرچاوەى ژيان بووەو ڕەمزێكى كاريگەرى سروشـتيش بـووە بـۆ دروسـتكردنى وێنەيـەكى زەينـى خەياڵىو وێناندنێكى ئەفسانەيى، كە دواجار درەخت لە زۆربـەى ئاينەكانـدا بـوو بـە درێژكراوەيـەكى يـەزدانىو پـيرۆز "وەك لـە تەوراتو ئينجيلو قورئاندا" باس لە پيرۆزيان كـراوە، لـەدواى دۆزينـەوەى ئـاگرەوە درەخـت بـووە بـە پێويسـتييەكى ئـەنتۆلۆژى ژيان، هەروەها بەروبوومو ميوەهاتەكانى لەهەمبەر چێژو لـەزەتو برسـێتى مرۆڤـى كۆنـدا پەيوەندييـەكى ژيـارى ***Animatism***

[3]*Kertzer, David. Ritul. Politics and Power "new Haven conn: Yale University Press- 1988.*

*Relation* خولْقاند، هەروەها ڕاوشكارو بەرگريكردن مانايەكی ديكەی شەڕانگێزی وروژاند، "بەرد"يش بە هەمان شێوە ماناكانی بەرگريكردنو كارئاسانی ژيانو ژياری هەبووە كە بۆخۆی خولْقێنەری وێناندنە پيرۆزەكانی سەرتاسەری بيروباوەڕەكانو ئاينەكان بووە.. وەك چۆن لەتەوراتو كتێبی پيرۆزو قورئانو بيروباوەڕە سەرەتاييەكانی كۆمەلْگە سەرەتاييەكانيشدا باسی لێوە كراوە" بۆ نموونە هەر لەكۆنەوە بەردە پيرۆزەكان" وەك ياقيقو زمرودو شيلانەو پيرۆزەو شەوەو بەردی ڕەشو.. هتد" پيرۆزبوونو ڕاكێشەری بەختو مەنزلگەی نزاو مەرامەكان بوونو پەرستوويانەو نوێژيان بۆ كراوە، يان لە سروتەكاندا بەكارهێنراون.

بەهەمان شێوە لەبەرئەوەی كانياو و ڕووبارەكان سەرچاوەی ژيانو ئاسودەگیو پاكيزەيی بوون بۆ مرۆڤ، هەر لەسەرەتاوە بوون بەڕەمزی پيرۆزیو لە زۆربەی ناوچەكانی جيهاندا كانياو و ڕووبارەكان پەرستراونو سروتی تايبەتی خۆيان هەبووە، وەك لەلای يۆنانييە كۆنەكان: كانياو و ڕووبارو دەرياكان پانتاييەكی زۆر گەورەی وێناندنيان داگيركردووە لە ئەفسانەو چيرۆكو داستانەكاندا. هاوكات لە زوربەی ناوچەكانی جيهاندا خوای كانياو و ڕووبارو دەريا هەبوون كە بەرپرس بووە لەبوونەوەرە ئاوييەكانو ژيانو پاكيزەيیو پەريەكانی دەرياو عيشقو ئەو كەنارە دووردەستانەی لە خەيالْی مرۆڤايەتیدا بوون بە سەرچاوەگەلێكی ئەفسانەيی سەفەر.

شتێكی سروشتيش بووە، كە هەر لەكۆنەوە زوربەی ئەو شوێنانەی كانياو و ڕووباری تيادا بووە چواردەوريان دارو درەختو سەوزايی بووە. ئەمەش بووەتە هۆی كەوتنەوەی ئاوەدانیو بووەتە مەنزلگەی دونيای شتە پيرۆزەكان، هەروەها بووەتە مەنزلگەی شامان *Shuman*و ڕەبەنو ئيمانداران، كە لەوێدا هەر كۆمەلْو كۆمەلْگايەك بەپێی شێوازو ئارەزوی خۆيان هەستاون بە نمايشكردنی سروتو كاری ئاينیو بلاْوكردنەوەی بيروباوەڕ. خەسلْەتە بنچينەييەكانی ئاو و دەرياش پاكبوونەوەو پاكيزەييە، واتە ڕۆشتن بەرەو دونيای پيرۆزو پاكيزەيیو يەزدانی.

## قەيرانی زەمەن و وێنەی يەزدان

يۆنگ دەلْێت: هەر لە بەراييەكانی مرۆڤايەتييەوە مەيلێكی ديار هەبووە بۆ وێنەكێشانی سنوری كاريگەری سەروسروشت *Super- Natural*، توندوتيژیو بالاْدەستی، ئەمەش بە داڕشتنی ياسای دياريكراو بووە، هەروەها بەدرێژايی ئەم دوو هەزار سالْەی كە تێپەڕی، بۆ نموونە دەبينين كلْێسەی مەسيحی ناوەندێكی خۆپاراستنو بەرگريكردنی لەنێوان مرۆڤو كاريگەرييەكاندا بۆخۆی خواستووە.[4]

لەپانتايی هزرييەكانی ئاوەزی مرۆڤی كۆندا هێزەكانی سەروسروشت تايبەتمەندييەكی بالاْو هەمەڕەنگيان هەبووە، وەك توانستی لە ڕادەبەدەری ژيانو مردنو جادوو و بوونەوەرە ڕۆحييەكان، وێنەی ئەو بوونەوەرانەش پانتاييەكی دياريكراو و خەيالْی لەزهنی مرۆڤەكاندا داگيركردووە، وەك پالْەوانێكی بەتواناو سەردار بەسەر ژيانو پێكەوەبوونو پيتوبەرەكەتو خواردنو خواردنەوەو بژاڤی ڕۆژانەی مرۆڤ، بەردەواميش ئەو هێزانە لە پەيوەندييەكی كاريگەرو بەرچاودان لەگەلْ ويستو خواستو

[4] دين من نظرة علم النفس –ترجمه- نهاد خياطة دمشق-1988- ص27.

داواكارییەكانی مرۆڤدا، هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ تامەزرۆی ئاڕاستەكردنی ئارەزووەكانی خۆیدا بووە بەرەو ڕووناكیو ژیانو ئاسودەگیو چێژوەرگرتن، هەر بۆیە بە بەردەوامی لەهەوڵی گەڕانو پشكنیندا بووە بۆ زانینو پەرستنو جیاكردنەوەی دنیای شتە پیرۆزەكانو ئاساییەكانی ناو ژیانو پێبەندییەكانی بەخۆیو سروشتو هێزەكانی دەرەوەی خولگەی روانینی ئاسایی.

ڕەنگە كاریگەری هێزەكانی سەروسروشت سەرجەم پانتاییەكانی ژیانی مرۆڤی سەرەتایی داگیركردبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو سروتو ئەفسانەو چیرۆكانەن كە بازنەگەلێكی ئەفسانەیی بە دەوری بیروباوەڕە سەرەتاییەكانی مرۆڤی بەراییەكاندا كێشاوە، كە بۆخۆی دواجار بووەتە یاسایەكی سەرەتایی غەیبانی ژیانی ڕۆژانە تاكەكەسو كۆمەڵ، وەك لە ڕێسا ئاینییەكانی "ئۆبانیشاد"دا، كە پێناسەی "براهمان"* دەكات. لەسەدەی پێنجەمی پێش زایندا، كە بۆ خۆی پێناسكردنی هێزێكی سەروسروشتە :

-ئەو بەچاو نابینرێت.
-ئەو بە گوێ نابیسترێت.
- لەوەوە گوێكان دەبیستن.
-ئەو باسی لێوە ناكرێتو ڕوون نابێتەوە.
- بەهۆی ئەوەوە باسەكان ڕوون دەبنەوە.
-هیچ عەقڵێك لەئاستی ئەودا نییە.
-بە هۆی ئەوەوە ئەقڵەكان ئاقڵ دەبن.
-ئەو جیاوازە لەوەی كە دەیزانین.
-ئەو جیاوازە لەوەی كە نایزانین.
-ئەو براهمانە.
-لە ناخدا هەستی پێبكە.
-بێجگە لەو هیچ شتێكی دیكە مەپەرستە.

" *Ken Opanishad 1\5*-"

**دوابەدوای ئەوە ئەم چەند دێڕەش دەخوێنینەوە:**

-لەو باوەڕەدا مەبە كە هیچ شتێك دەربارەی بزانم.
-لەو باوەڕەدا مەبە كە هیچ شتێك نازانم.
-ناچێتە عەقڵەوە مرۆڤ بیناسێت.
-هەروەها ناچێتە عەقڵەوە كە نەیناسێت.
"واتە لە نێوان ناسینو نەناسیندایە"
"واتە لە نێوان تواناو بێتواناییدایە"
-هەركەسێك ئەم قسانە لە من وەربگرێت
-لەوانەیە كەمێك بیناسێت.
-منم ئەو پێغەمبەرەی لە حوزوورییەوە پەیامێكم پێیە.

---

* براهمان: واتە نەگۆڕی نەزەلیو قووڵایی تەواوی بوون.

-به دەریاكانی وەهمدا تێپەڕدەبیٚو دەچێتە نێو سەرمەدییەتەوە. Ken "[5]
"Opanishad 2\2-5

ئەمەو چەندین نموونەی دیكە كە ئێستاكە لەڕێی مانەوەی ئاسەواری ئەو نووسینە كۆنانەوە وەك پەرتووكێكی پڕبایەخ گەشتۆتە دەستی ئێمەی مرۆڤ "مرۆڤی هاوچەرخ"، ئەوڕۆكە ئاسەوارناسانو مرۆڤناسانو ئایینناسانی جیهان لە لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستیدان لەمەڕ ئەو میراتە كولتوورییە پڕ نهێنییەی كە بۆ ئێمە جێماوە؛ لەم بەڵگانەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە مرۆڤایەتی هەر لەسەرەتای بوونەوە لەبەردەم دیاردەكانی سروشتو گەردوندا دۆشداماوەو تێڕاماوە لەهێزەكانی سەروسروشت، هەر بۆیە بەپێی بنەمای بیرۆكەیەكی سەرەتایی هەستاوە بە داڕشتنەوەی وێنەو وێناكراوەكانی خۆیو كۆمەڵگەكەی بەپێی توانستو ڕووكارو ئەو هێزانە، كە بوونەتە شتێكی پیرۆزو سۆزدار، دونیای شتە پیرۆزەكانی مرۆڤی سەرەتایشیان وەك هێماو ئامادەییەكی سەرەتایی بۆ شتە پیرۆزەكان خۆیان نمایش دەكەن. نەوەك وەك بیروباوەڕێكی سەقامگیرو دەزگایەكی تەواو ئاینی، "فراس سەواح" لەم بارەیەوە دەڵێ: "هێمای پیرۆزی زۆر كۆنترە لە پەیكەری یەزدان، هەروەها لەپێش وێنەی كێشراوی یەزدانەوە بووە لەمێژووی ئاینی مرۆڤایەتیدا"[6] ، واتە هێماو ئاماژە پیرۆزەكان لەوێنەی زەینی مرۆڤەكاندا دەخەملێنو گەلاڵەدەبن" بەتایبەتی هێمای توانستە بێئەندازەكانی هێزەكانی سەروسروشتو ڕوحی نەوەكانی پێشوو، هێمای پیرۆزی ژیان "دیمەنی سروشتو ئاژەڵ، توانای ئاژەڵ، ڕاوشكارو سیحری فڕین.. هتد".

# وێنەی یەزدان

# "دەربازبوون لە زەمەن"

"ئەستەمە لەوە تێبگەین كە بۆچی یادكردنەوەی ئەم زەمەنە دیاریكراوە ئیماندارانی خوماركردووە، هەروەها زانینی ئەو هۆیەی كە ئیماندار بە جدیو بە شێوەیەكی بەردەوام لەهەوڵی تێپەڕاندنیدایە: لەو زەمەنەدا یەزدان ئەوپەڕی توانستی خۆی نیشاندا، هەروەها دروستبوونی جیهانیش درێژكراوەیەكی یەزدانی دیاریكراوە؛ هەروەها بزاڤێكی نموونەییە بۆ هەموو هێزو بوونەوەرێكو فرەییەك، ئیمانداریش گرنتییە بۆ واقیع. ئیماندار بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات خۆی بئاخنێتە نێو سەرچاوەی جیهانی سەرەتاوە "واتە كاتی لەدایكبوونی جیهان"[7].

ئێستاكیٚ.. واتە ژیانی ڕۆژانە، یان زەمەنی ئاسایی گوزەركردنی ژیان، ڕابردووش واتە یادەوەری، زەمەنی ئێستاكێی ڕۆژانە پێكهاتەی ئەو دووبارەبوونەوە سەرمەدیەی جیهانی مرۆڤەكانە بەرەو ڕەهەندێكی دوورو ئایندەیەكی نادیار، چارەنووسیش بە تەواوەتی پەیوەستە بە ژیانی كۆمەڵایەتیو پانتاییەكانی دەروونو ژینگەو واقیعەوە، گەر زەمەن هاوكێشەیەكی سادەی ژیانی

---

[5] .Kath Opanishad- Ch2

[6] فراس السواح –دین الانسان- ل31

[7] مرسیا ئە لیاد- المقدس و العادی- ترجمه عادل عوا.سنة:1994 ص73.

ڕۆژانـه بێـت. ئـەوا دەرئـەنجام خەسـڵەتێکی دیـاریکراوی خـۆی هەیـە. بـەڵام زەمـەن تـەنها هاوکێشـەیەکی سـادەی ژیـان نییـە لەبەرئەوەی پەیوەسـتە بـە ناوەنـدێکی پەیوەندیـدارەوە، گـەر کـەمێك خۆمـان بـەدوور بگـرین لـە پێناسـەو ڕاڤەکردنـە فیزیـای‌و فەلسەفییەکانی زەمەن، ئەوا پێویسـتە زۆر بـە وردی بچینـە نێـو شـیکارییەکی ئەنترۆپۆلۆژییـەوە بـۆ زەمـەن، لەبەرئـەوە دەبێـت بگەڕێینەوە بۆ بیرۆکەی "ناوەندی زەمەن"، لەنێو سەرجەم بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگـە سـەرەتای‌و کۆنەکانـدا، ئێسـتاکێ نێوەنـدێکی ئەفسانەیی هاوبەشـە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندییـەکی مێـژوویی ئەفسانەیی لەگـەڵ ڕابـردوودا، واتـە دروسـتکردنی پەیوەندی لەگەڵ یادەوەری‌و ئەفسانەو کولتوری دێریندا. ئەم پەیوەندییەش لەڕێی ئەو تەرزە ئەفسانەییەوەیە کە بیروباوەڕێکی سـەنگین داپۆشیووە. کـە بـە تـەواوەتی بەسـەر ڕابـردوودا گشـتگیر بووەتـەوە، وەك ژیـانی سـادەو سـاکاری ڕۆژانـە، ئەفسانەکان‌و بیروباوەڕی نەوەکانی پێشوو" واتە باووباپیران؛ نەوەکانی پێشوو". بەهەمان شێوە ئەم پەیوەندییە بەسـەر یادەوەریشدا گشتگیر بووەتەوەو ڕەوایەتییەکی پیرۆزی بەخشیوە بەخەیاڵ‌و وێنە زەینییەکانی ڕابردوو.

بیروبـاوەڕە سـەرەتاییەکانی مـرۆڤ توانـای سـەپاندنی ڕەوایەتییـەکی پیرۆزیـان هـەبووە بەسـەر ڕابـردوودا، وەك ڕەوایـەتی ئەفسانەو ڕووداو و دیاردە سەیروسەمەرەکانی ئەفسانەو داستانی پاڵەوانە بە تواناکانی مێژوو.

لێرەدا پێویستە باس لەخەسڵەت‌و وێنەی پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی شارستانییەتەکان بکەین، بـەم پێیـە خەسـڵەت‌و سـیفاتە یەزدانییەکانی پاڵەوان دەبێتە دەروازەیەك بـۆ ناسـاندن‌و پێناسـکردنی ئـەو کەسایەتییە یەزدانیـەی کـە بـە پاڵـەوان بەخشـراوە، لەکلێشە ژیارییەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان‌و مرۆڤی دێرین‌و مرۆڤی ناوچە دواکەوتووەکانی دنیادا، واتە کۆمەڵگە داخراوەکـان، پاڵەوان ئەو هێزو توانستە لەڕادەبەدەرەیە کە مرۆڤایەتی خەونی پێوە دەبینێت‌و پانتاییەکی گـەورەی لەخـەیاڵ‌و وێنانـدنـەکانی مرۆڤی داگیر کردووە، بووەتە خەیالگەیەکی ئەفسانەیی بۆ دروستکردنی حیکایەتە گەورەکان‌و ئەو پەیوەندییە قوڵـەی مـرۆڤ بـە بەراییەکانی ئەو مەودا پیرۆزە.

پاڵـەوان توانسـتێکی غـەیبانی پـیرۆزی هەیـە، ڕزگارکـارو و فریادڕەسـی بێدەسـەڵات‌و کەمدەرامـەت‌و عاشـقان‌و چەوسـاوەو بەندکراوانە.. پاڵەوان ئائەوپەڕی جوانی جوانەو سەرنج ڕاکێشە، ئازادو سەرکێش‌و ئازایـە، بەهەیبـەت‌و میهرەبانـە، خـەڵکانێکی زۆر تامەزرۆی دیداری ئـەون، پاڵـەوان دونیایـەکی دڵفـڕێن‌و پـڕ سەرکێشی هەیـە، جیهـانی سـەفاو عیشـوەتە، فڕینـە بـە پانتـایی ئاسماندا، فڕینە بەرەو عەرشی خواکان (سیفاتەکانی پاڵەوان لەگەڵ خەون‌و خەیاڵی یاخیبووندا یەکدەگرێتەوە، مـرۆڤیش بڕێـك لـەواقع‌و خـەیاڵ‌و یـاخیبوون‌و فـڕین دەوری داوە، واتـە پاڵـەوان توانسـتێکی لەڕادەبـەدەری ئەفسانەییەو ڕەوایەتییـەکی پـیرۆزو خەیاڵی بەشە نادیارەکەی مرۆڤە (لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی مۆریس گۆدۆلیەدا). لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وێنـەی پاڵـەوان پەیوەندییـەکی ئـەوتۆی هەیـە بـە وێنـەی زەمەنـەوە، بگـرە هەمیشـە لـە پەیوەندییـەکی ئەفسانەییدایە لەگـەڵ ئێسـتاو ڕابردوو و ئایندەی مرۆڤدا، بەم پێیە ئەگەر سەرنجێکی خێرای بیروباوەڕە سەرەتاییەکان بدەین لەسەر یەزدان، ئەوا دەبینین بـە بڕوای زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان یەزدان ئەو توانستە لـە ڕادەبەدەرەیـە کـە لـە توانایدایـە تەحـەکوم بکات بـە جیهانـەوەو هەروەها هەر لەسەرەتای بوونەوە ئەو هێزو توانستەی خۆی لە دروسـتکردنی بوونـەوەرەکان‌و سروشـت‌و ئاسمانـدا نەخشـاندووە، یەزدان دروستکەری ئاسمان‌و ئەستێرەکانە، دروستکەری زەوی‌و سروشت‌و دەریاو شاخ‌و کێوو درەختەکانە، هـەروەها دروسـتکەری هەموو بوونەوەرەکانە، باڵندەو ئاژەڵ‌و مرۆڤو.. هتد، واتە یـەزدان پاڵـەوانێکی ئەفسانەیی پـیرۆزەو ئافەریدەیـەکی گەردوونییـە، هەر بۆیە ڕەوایەتییەکی ئاینی‌و ڕەوشتی پیرۆزی هەیە، ئەگـەر سـەرنجێکی ئـەو ئامۆژگارییـە یەزدانییانـە بـدەین کـە بـۆ (موسا) نێردراوە، دەبینین کە لە(تەورات)دا زۆر بە ئاشکرا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە یەزدان توانستێکی غەیبانی‌و پـیرۆزو ئەخلاقییـە، کـە بە "دە ئامۆژگارییەکە" ناسراوە:

1-تەنها من خوای زاناو تەنیای ئێوەم، جگە لەمن ناوی خودایەکی دیکە مەهێنە.

2-هیچ وێنەیەك یان پەیکەرێکی خودایی هەڵمەگرەو مەنەخشێنە.

3-ڕۆژی شەممەتان لەیاد نەچێت، ڕێزی لێبگرنو بە پیرۆزی بزانن.
4-گوێ لە ئامۆژگاری دایكو باوكتان بگرن، خۆشتان بوێنو ڕێزیان لێبگرن و دڵیان مەشكێنن.
5-كەس مەكوژە.
6- لەگەڵ ژنی كەسانی تردا زینا مەكە.
7-دزی مەكە.
8-بە درۆ شایەتی مەدە.
9-جگە لە چاكە، كارت بە كاروباری هاوسێكانتەوە نەبێت.
10-بە درۆ بە ناوی خوای خۆت سوێند مەخۆ.

لەلای ئیمانداریك یەزدان ڕەوایەتییەكی ئارامبەخشی زەمەنی هەیە، هەر لێرەشەوە زەمەنە پیرۆزو ناپیرۆزەكان (ئاساییەكان) جیادەبنەوە، ئەو زەمەنەی پەیوەندییەكی دێرینی هەیە بە ڕابردوو و یەزدانو پێغەمبەرانو دروستبوونو لەدایكبوونەوە، لەڕاستیدا زەمەنێكی هێندە پیرۆزە كە لە توانایدایە بە بەردەوامی لەئێستاكێی ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە ببێتەوە، گەر لێرەوە كەمێك بگەڕێینەوە بۆ ئەو هێمایانەی كە مانای (خۆدەربازكردن لە زەمەن) وەردەگرن، ئەوا زیاتر دەڕۆین بەرەو یەكالاكردنەوەی زەمەنو پیرۆزی، لە ڕاڤەكردنەكانی پێشوودا پیرۆزیو بەردەوامی زەمەنمان بۆ ڕوون بۆوە، بەو واتایەی زەمەن لەوێنەی زەینی مرۆڤەكاندا دەبێتە دووبارەبوونەوەیەكی پیرۆزو ڕەوایەتی (مردن)و (ژیان)و (لەدایكبوون)ە، ئەمەش خولقاوی دەستی فەنتازیاو حیكایەتە گەورەكانی ژیانو خەلیقەیە.

مرسیا ئەلیاد؛ ڕەگوڕیشە وێنەییەكانی دەربازبوون لەزەمەن، دەگەڕێنێتەوە بۆ سێ خاڵ:

1-ئەو وێنەیەی كە دەلالەتی سڕینەوەی زەمەنە، لە ئاكامدا دەلالەتیشە لەسەر ئەو دەروشانەوەیەی كە كاری داپچڕانی ئاستەكانی گرتۆتە ئەستۆ، وەك لەوێنەی (هێلكەی شكاودا)و، هەورەتریشقەو حەوت هەنگاوەكەی بوزادا دەردەكەوێت.

2-ئەو وێنەیەی كە گوزارشتە لەو دۆخەی كە مەحاڵە تێگەیشتن لێی: وەك جێگیركردنی خۆر لەگەردووندا، نەمركردنی هەستو ئاگایی، هەروەها هەناسەنەدانی تەواوەتی لە گوزەركردنی یۆگادا.

3-وێنەی (ساتی هاتوو) هەڵگری بەربەرەكانییەكان. كە بۆخۆی پارچەیەكە لەزەمەنو گۆڕاوە بۆ (ساتی دەروشانەوە).[8]

بەمپێیە خۆدەربازكردن لەزەمەن دەربازبوونە لەمانا هەمیشەییەكانی ژیان، بە بڕوای بیروباوەڕە ئاینییەكانی كۆمەڵگە سەرەتاییەكانی وەك (هندییە سورەكانو دەشتەكییەكانی ئوستورالیاو بۆنیزیاو باشوری ئەفەریقیاو غینیایی نوێو.. هتد).

هاوكات بیروباوەڕی یۆنانییە كۆنەكانیشو ئاینی یەهودییەتو مەسیحییەتیش هەوڵدانێكی وێنەیی بوون بۆ ڕزگاربوون لەزەمەن، بۆ نموونە گەڕانەوە بۆ ئەفسانەكانی سەرەتاو ڕۆژانی پیرۆزی ڕابردوو كە ئێستاكێ بووەتە جەژنو ساڵانە یاددەكرێتەوەو دووبارەدەكرێتەوەو خۆی دووبارەدەكاتەوە كە پێكهاتووە لە بەخشینی ڕەوایەتی بە سەرمەدییەتی زەمەنو هێزو توانای زەمەن، كەواتە هەموو ئەو هەوڵانە هەر لەسەرەتاوەو تائێستا خۆڕزگاركردن بووە لەمردنو ناسۆرییەكانی ژیانو نەخۆشیو درمو ئالوودەبوون، هەر لەسەرەتاوە ئەم ترسە وای لەمرۆڤ كردووە مانایەكی باڵای یەزدانی ببەخشێتە زەمەنو دووركەوێتەوە لە یەكالاكردنەوەی زەمەنو فرە ڕاڤەكردن. هەر بۆیە هەستاوە بە كۆكردنەوەی بیروباوەڕە سەرەتاییەكانو لە ئەفسانەیەكی یەكگرتووی ڕەمزیدا چەمكی زەمەنی داڕشتووە، بۆنموونە كاتێ ئەڕوانینە ئەفسانەكانی هەر كۆمەڵگەیەك دەبینیت كە هیچ بایەخێك بە زەمەن نەدراوە، وەك ئەوەی سەرجەم ڕووداوەكانی ئەو ئەفسانەیە لە ڕابدروویەكی دووردا ڕوویدابێتو هەموو وێنەو هێماكانیشی پەیوەندییەكی كاریگەریان هەیە بە ئێستاوە، چونكە ئەفسانە دەسكاریكردنێكی خەیاڵی دونیاو گەردوونو جیهانە.." وەك ئاسمانو ئەستێرە، زەوی، شوێنە بەرزەكان، دەریا، تۆفان، گركان، عیشوەت، ئەوینو مەرگ"، زۆرجار ئەفسانە شەڕێكی گەردوونییە لەگەڵ مەرگدا، حیكایەتێكە بۆ نەمریو خەلیقەو كلێشەسازییەكی ئەنتۆلۆژییە بۆ

[8] مرسیا الیاد- صورة والرموز- و: حسیب كاسوحة- لا 112، ساڵی 1998.

ڕاڤەکردنی دنیا بە کۆمەڵێك کەرەستەو ئامرازی پێویستی نێو ئاستە ژیارییە، واتە سووڕانەوەیەکی فەنتازییە لەنێو دیاردەو ڕووداوەکانی سروشتدا، خەیالگەیەکە لەنێوان بوون و عەدەمدا، بەڵام بەبێ دەستنیشانکردنی زەمەنێکی دیاریکراو کە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەفسانە تیایدا ڕوویاندابێت و تێکستێکی زانستی بن بۆ ئێمە، نەخێر ئەفسانە تێکستێکی خەیاڵییە، بەڵام پەیوەندییەکی گەورەی هەیە بەناخی مرۆڤەوە. بەڵام دواجار هەموو هەوڵەکان بێئاکام بووە، لەبەرئەوەی مەرگ زۆر بە سانایی توانیویەتی زەمەنی ئێستای نەوەکان دیاریبکات.

مەرگ بەو مانا سەرتاپاگیرە کە جیهانی سروشت و بوونەوەرەکانی مۆنۆلپۆلکردووە، (واتە مەرگی سروشت و باڵندەو ئاژەڵەکان، تەمەنی کورتی وەرزەکان، تەمەنی کورتی مرۆڤو دیاردەی مردن و شکبوونی گەڵاکان).

لەزۆربەی ئەفسانەکاندا وێنەی پاڵەوانێکی نەمرمان بەرچاو دەکەوێت، ئەو پاڵەوانەی هەرگیز نامرێت و زەمەن چۆکی پێدانادات، واتە مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە پاڵەوانێکی خەیاڵی نەمری لەزهنی خۆیدا نەخشاندووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ تەواو تامەزرۆی نەمرییەو تامەزرۆی ژیانێکی ئەبەدییە، شەڕی هەرە گەورەشی لەگەڵ مەرگدا تەنها لە خەیاڵ و وێناندنە ئەفسانەییەکانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ. دکتۆر "*H.Broysch*"چەند کورتە پێناسەیەکی شوناسی یەزدانی پێشکەش کردووە. کە بۆخۆی جێی پرسیارو لێکۆڵینەوەیە، ئەم پێناسانە هەر لەسەرەتای شارستانییەتەوە سەرچاوە دەگرێ و بەنێو بیروباوەڕە ئاینیەکانی میسرییەکاندا(فیرعەونەکاندا) تێپەڕدەبێت و ئێستاو ئایندەی مرۆڤایەتیش دەنەخشێنێت:

-خودا یەکەو نابێت بە دوو، تەنهایەو، شەریکی نییە.

-خوایەکە، هەر ئەو دروستکەری هەموو شتەکانە.

-خوا ڕوحە، ڕوحێکی پەنهان، ڕوحی ڕوحەکان ڕوحی گەورەی میسرییەکانە.

"خوا لە سەرەتاوەیەو، لە سەرەتاوە بووە، هەر لە کۆنەوە هەبووە، بەرلەوەی هەر شتێك بوونی هەبووبێت ئەو هەبووە، پێش ئەوەی هیچ شتێك هەبووبێت ئەو هەبووە، پێش ئەوەی هەر شتێك هەبووبێت کە ئەو دروستیکردوون ئەو هەبووە، ئەو باوکی سەرەتاکانە".

..خودا تاکوتەنهایەکی ئەزەلییە، سەرمەدییەو دیاریکراو نییە "سنوردراو نییە" هەتاهەتایە هەر دەمێنێت، بە درێژایی زەمەن، بەردوام هەبووەو هەر ماوە، هەتا ترۆپکی سەرمەدییەت هەر دەمێنێ و نامرێ.

.. خودا بوونەوەرێکی شاراوەیە "پەنهانە"، هیچ کەسێك نەیتوانیووە وێنەی دیاریبکات، هیچ کەسێك نەیتوانیووە هاوتای ئەو بدۆزێتەوە، ئەو خۆی لە پەروەردگارو مرۆڤ شاردۆتەوە. ئەو شاراوەیە لە بوونەوەرەکانی خۆی.

-کەس نازانێت ئەو چۆن ئەوان دەناسێت و پەروەدگارە، ناوی ئەو هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، ناوی ئەو نهێنییە لەلای مناڵەکانی، ناوەکانی لە ژماردن نایەت، چەندین ڕوخساری هەیە، کەس نییە ژمارەیان بزانێت.

-یەزدان حەقیقەتە، ئەو بە حەقیقەت دەژی، خواردنی حەقیقەتە، تا ئەوکاتە کە پادشای حەقیقەتە، ئەو حەقیقەت لەهەموو جیهاندا جێبەجێ دەکات.

-"یەزدان باوك و دایکە، باوکی باوکانە، دایکی دایکانە، لە کەس نەبووەو لەدایك نەبووە، بەبێ زیادوکەم بەردەوام دەبێت، ئەو ملیۆنەها جار خۆی چەندجارە دەکاتەوە، دەستی گرتووە بەسەر فرەبوونی شێوەکان و زۆربوونی ئەندامەکاندا.

"یەزدان گەردوونی خەڵق کردووە، خەڵقی هەموو ئەو شتانەی کردووە کە هەیە: واتە ئەو دروستکەری هەموو ئەو شتانەی جیهانە، هەموو ئەو شتانەی کە هەبووە، ئەو دروستکەری جیهانە، ئەو بە دەستەکانی دروستیکردوون، بەرلەوەی لە سەرەتاوە هەر شتێك هەبووبێت، دامەزرێنەری هەموو ئەو شتانە بووە کە لێوەی دروستبووە. ئەو دروستکەری ئاسمان و زەوی و ڕۆخی دەریاو زەریاکانەو دروستکەری چیاکانە یەزدان، ئاسمانی نەخشاندووەو زەوی دامەزراندووە. هەموو ئەو دڵانەی دەکەونە

خەیاڵییەوە. هەر زوو دەگەنە ئاکامی خۆیان، ئەوکاتەی ئەو دەدوێ وتەکانی ئاکام دەگرێ (جێبەجێ دەبێ). هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت".

-ئاسمان لەسەر سەری جێگیر دەبێ: زەویش پێکانی جۆش دەدات، ئاسمان ڕۆحی دەشارێتەوە، زەویش وێنەی دەشارێتەوە، جیهانی ژێر خاکیش نهێنیەکانی کلۆم دەدات، جەستەی وەك هەوایە، ئاسمان لەسەر سەری جێگیر دەبێت، زریانی تازەی ڕووباری "نیل"یش، پێکهاتەی ڕووکاری ئەوە.

-یەزدان بەخشندەیە بۆ ئەوانەی کە حەمدوسەنای بۆ دەکەن، گوێی لە هەموو ئەوانەیە کە بانگی دەکەن، ئەو پارێزەری بێدەسەلاتە لە بەهێزەکان، ئەوەی یەزدان بناسێت یەزدان دەیناسێت، پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە خزمەتی دەکەن، پارێزگاری ئەوانەش دەکات کە داوای دەکەن.

ئەستەمە خۆمان بەدووربگرین لەو ڕاستییەی کە سەرچاوەی بیروباوەڕە یەزدانییەکانی میسریە کۆنەکانی لەنێو خۆیدا حەشار داوە، لەم ڕاڤەکردنە پێناسەکاریەی (*H. Brogsch*)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وێنەی یەزدان وەك دیاردەگەرایەکی گەردوونی ئەزموونی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگە دێرینەکانی شارستانییەت بە وێنەی زەینی مرۆڤەکانی ئەوکاتە نەخشاوە، بەڵام زۆر ڕاوتێڕوانینی جیاواز هەیە، بۆ نموونە ئایینناسەکان لەو باوەڕەدان کە بیرۆکەی خواوەندێکی ئاسمانی لە بابلیەکانو ناوچەی میزۆپۆتامیاوە سەرچاوەی گرتووە. بەو بەڵگەیەی کە لە "4000"ساڵ(پ. ز)دا مەیلێکی ڕووحانی زۆر گەورە لەئارادا بووە بۆ یەزدان، بۆ نموونە سۆمەرییەکان ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزیان هەبووە، لە لایەکی دیکەشەوە لەڕووی شارستانییەتیشەوە خاوەنی چەندین شاری گەورەبوون، وەك شاری "ئور *Ur*" ئیرس *Erech*، کیش *Kish*، هەروەها ڕێنووسی بزماریشیان داهێناوە، چەندین بورجو پەرستگایان دروستکردووەو ناویان لێناوە "زاقورات"، دامەزرێنەری چەندین یاساو ڕێسای ئاینیو شارستانیو ڕۆشنبیری بوون، دامەزرێنەری ئەدەبو ئەفسانەبوون. بەڵام ئەم شارستانیەتە زۆر دەوامی نەکێشا، ئەوە بوو لە ساڵی 2000 پ. ز "ئامورییەکان.. المعموریون" شکستیان بە شارستانیەتی سۆمەریە ئەکەدییەکان هێناو بابلیان کرد بە پایتەختی خۆیان، ئەم حوکمە "500" ساڵی خایاندو دواتر ئاشوریەکان لەهەرێمی ئاشوری دراوسێوە بابلیان داگیرکردو لەسەدەی هەژدەیەمی پێش زایندا، بە هۆی ئەم داگیرکردنەوە فۆلکلۆری "بابلی" کەوتە ژێر کاریگەری ئەفسانەو ئاینی "کەنعانییەکانەوە"و نیشتمانی کەنعان بوو بە سەرزەمینی بەڵێنپێدراوی ئیسرائیلییە کۆنەکان. بابلیەکان لەو باوەڕەدا بوون کە "بابل" وێنەیەکی وێکچووی ئاسمانەو، هەموو پەرستگایەك لە پەرستگاکانیان وێنەی ئەو تەلارە ئاسمانییەیە. هەروەها ساڵانە ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی ئەو پەیوەندییە پیرۆزەی کە هەیانە لەگەڵ جیهانی پیرۆزدا. خواوەندی بابلییەکانیش هاوشێوەی خواوەندە چەندجارەبووەکانی میسرو میزۆپۆتامیاو ڕۆمانیو یۆنانییەکان بووە بەوەی کە لەو ناشوێنە سەدیمیەوە جێگیربوونی خوڵقاندووەو دواتر جیهانی دروستکردووە. لە ئەفسانەی دروستبوونی بابلیەکانەوە ئەم چەند کۆپلەیەمان بەرچاو دەکەوێت:

-ئەوکاتەی شیرین لەگەڵ تاڵدا تێکەڵ دەبێت، قامیشی شەکر پێناگات.

-لافاویش ئەو ئاوە بە زۆنگاو لیخن دەکات.

-ئەوکاتە یەزدان بێ ناو بووە، بێ سروشت بووە، بێ ئایندە بووە.[9]

بەهەمان شێوە لەئەفسانە دێرینەکانی یۆنانەوە بە وردی لەچامە شعرێکدا کە بە بۆنەی یاری ئۆڵۆمپی سەدەی شەشەمی پێش زاینەوە خوێنراوەتەوە ئەم چەند کۆپلەیەمان بەرچاو دەکەوێت:

-تەنها تاکێکی تەنها ڕەسەنە، تاکێکی تەنها

-ڕیشەی مرۆڤو یەزدانە.

-لە تاکە یەك دایکەوە هەناسە دەدەین.

---

[9] ڤلق البابلی، ن. ک. ساندراس: ترجمة قصیدة السماویة في بلاد مابین نهرین، لندن 1971.

-بەڵام جیاوازییەك لەنێوانماندا هەیە هەمیشە دورمان دەخاتەوە، ئەویش تواناو توانستە بەسەر هەموو شتەكاندا.

-لەبەرئەوەی مرۆڤ وەك هیچ وایە، بەڵام ئاسمانی مسی وەك ماڵێكی جێگیری هەتاهەتایی دەمێنێتەوە.

-لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا دەتوانین هەروەك یەزدان نەمر بین لە ڕێڕەوی مەزنی جەستەو عەقڵدا.[10]

لە ئامۆژگارییەكانی "براهمان"یشەوە یەكتاپەرستی یەزدانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە چەند سەدەیەك پێش زاین ئەم ئامۆژگارییانە بە ناوچەكانی هندستاندا پەخشكراوە:

-ئەو پەروەردگاری ئەورۆ و سبەینێیە.

-بەڵام ئەو دڵەی هێندەی پەنجەیەك گەورەیە.

-پایەگاو شوێنی ئەوە.

-ئەوەی لەنێو دڵیدا دركی پێ بكات "پێی بزانێ".

-ترس و ناخۆشی نازانێ.

-لە ناخی دڵا نیشتەجێیە.

-هەناسە دەرئەهاوێژێتە دەرەوە.

-هەناسەدانەوەش ڕائەكێشێتە ناوەوە.

-هەر پێنج هەستەوەرەكە خزمەتكاری ئەون.

-چی دەمێنێتەوە لەم بوونەوەرەدا "واتە مرۆڤ"

-لە دوای دابڕانی لە سەروەری ناخی خۆی.

"*Kath Opanishd، Ch2، 1\12-، 2\3-4* "

بەمپێیە دەبینین پەیوەندییەكی مەعریفیو ئەفسانەیی هەیە لەنێوان بیروباوەڕە ئاینییەكاندا. بەتایبەتی ئەو پەیوەندییەی كە لەنێوان ئاینی مەسیحیو یەهودیو ئیسلامو ئاینی زەردەشتیو بیروباوەڕە سەرەتاییەكانی هندۆسو بابلییەكانو یۆنانیەكانو ئاینە سەرەتاییەكاندا هەیە. بەڵام ئەم شیكردنەوەیە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەو پەیوەندییە مەعریفییەی ئاینەكان بنیات نانێت، بەڵكە گەڕانە بەدوای ئەو میراتە بەجێماوەی ژیاریدا كە سەردەمانێكە گەردوونگەرای ژیانو شارستانییەتەكانی كردووەو ڕابردوو و ئێستای بەیەكەوە گرێداوە.

دواجار دەبێت پرسیار لەوە بكەین، ئایا بیروباوەڕە سەرەتاییەكانی ئاین بوونەتە سەرچاوەیەكی ئەفسانەیی بۆ نەخشاندنی دەقە ئاینییەكان؟ ئاخۆ شارستانییەتەكانی پێشوو سەرچاوەی بیروباوەڕە ئاینییەكانی ئێستان !! یان مرۆڤایەتی لەڕێی وێناندنەكانی خۆیەوە بۆ سروشتو دیاردەكان، بیرۆكەی بیروباوەڕێكی سەرەتایی لەلا گەڵاڵە بووە یان هەر كۆمەڵگەو بەپێی ڕاوبۆچوونو وێناندنی خۆیان بیروباوەڕە سەرەتاییەكانی ئاینیان كردووە بە پەیڕەوێكی ئاینیو ژیانو سروشتو گەردوونیان پێ ڕاڤە كردووە..؟

---

[10]*Pindar. Benin. Part. 6-4. Pinar Songs. Translated by C. M. Lora "Harmiondthors - 1069 P 206"*

# ئاینو تارماییەکانی

# "ترادسیۆنی گەڕانەوە"

3

**دەروازەیەکی جیاوازە بۆ لێکدانەوەی ئاینو بیروباوەڕی نەوەکانی پێشوو، هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لەمەوداکانی دەرەوەی تازەگەریو بازنەی داخراوی نەریتی باوی ڕوانینی سەلەفیەت.**

سەرباری ئاڵۆزیو وێکنەچوونی ژیارییە مرۆییەکانو بەریەککەوتنی ئاستە ژیارییەکانی جیهانو دیاردەکان، قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵو پێکهاتەو کایە کۆمەلأیەتی، سیاسی،مێژوویی،ئابوورییەکان، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئامێرە دەستییەکانەوە بۆ ئامێری بوخاریو کارەباو وزەی ئەتۆمو تەکنۆلۆژیای سەربازیو جەنگی ئەستێرانو دۆزینەوەی پانتاییەکی دیکەی دەرەوەی ئەم دنیایە، هاوکات لەتەك ململانێو بەریەککەوتنە ژیارییەکانی ئەو گۆڕانکارییە پیشەسازییانەی هاتووە بەسەر ژیانو گوزەرانو پەیوەندییەکاندا، سەرباری ئەو پێشکەوتنە ئابورییەی لەمڕۆدا باڵیکێشاوە بەسەر سەراپای جیهانو ئەو هەرێمە دووردەستانەشدا کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی تیادا دەژین. جیهانگیریش بۆخۆی لەم سەردەمەدا هەماهەنگ لەتەك پێشکەوتنە ژیاریو سیاسیو ئابورییەکاندا تەواو ڕۆچۆتە نێو هەنووکەبژێری گۆڕانکاریو پێشکەوتنە جیهانیەکانەوە. بێگومان سەدەی بیستەم سەدەی زانیاریو پێشکەوتنە چاوەڕواننەکراوەکانو سەدەی تەکنۆلۆژیاو دووجەنگی جیهانی کە تیایدا

زیاد له "50"ملیۆن مرۆڤ گیانیان لەدەستدا. شوناسی ئەم سەدەیە لە ڕێی ئەو تۆمارە مێژوویییەوە ئاشکرا دەبێت کە وەك ئارشیفێکی وێنەییو بەڵگەنامەیی بۆ ئێمەی مرۆڤ ماوەتەوە. ڕەنگە لە تونادا نەبێت زۆر بەئەمەکەوە مێژووی دێرینی بەر لەزایینو دوای زایینو سەدەکانی ناوەڕاست تاوتوێبکەینو تەواو ڕەخنەی لێبگرینو ڕاڤەیبکەینو هەڵیسەنگێنین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دووری ئەو مێژووەو کەمی ئەو بەڵگەو تۆمارو وێنانە لەچاو بەسەرهاتەکانی ئەو مێژووەدا. بەڵام درۆیەکی گەورەیە، ئەمڕۆکە زانستی مێژوو بەئاسانی ناتوانێ مێژووی سەدەی بیستەم ڕاڤەبکات، کە تیایدا زۆرێك لەو ڕەوتە فیکریو فەلسەفیانەی دنیا گەیشتنە ئاستێکی گەورەی هزری راڤەکارو رەخنەو کەوتنە بەر ڕەخنەو کاڵبوونەوە، مارکسیزم باری پراکتیزەبوونی هاتەگۆڕێو سۆشیالیزم باڵیکێشا بەسەر نیوەی گۆی زەویو مارکسیزمی نوێو قوتابخانەی فرانکفۆرتو بوونگەراییو تازەگەریو کۆمەڵناسی نوێو رەخنەبژێرگەری نوێو مرۆڤناسیو ڕەگەزناسی هاوچەرخ هاتەکایەوەو جوگرافیای سیاسی جیهان گۆڕاو کۆلۆنیالە ئیمپریالییەکانی دەستەبژێری خۆرئاوا لەنێوچوونو دیواری بەرلین تیایدا ڕوخاو، بلۆکی سۆشیالیزمی تیادا توایەوە، جەنگی ساردی هەشتا ساڵەی نێوان جەمسەرگیری خۆرهەڵاتو خۆرئاوا تێکەڵ بەسیستمی نوێی جیهان بونەوە. هاوکات ناشونالیزمیش لە تاقیگەی ئەم سەدەیەدا بەسەدان شێوەو ناوەڕۆك تاقیکرایەوە، شوناسی دیاریکراوی خۆی وەرگرت. دواجار سەدەی نوێ سەرباری ئەوەی سەدەی مۆدێرنیزمو پۆست مۆدێرنیزمو جیهانگیرییە، سەدەی ململانێ گەورەکانی شارستانیەتو نەتەوەکانە. هاوکات سەدەی درێژبوونەوەی پێکهاتەی گەشەکردنی ئایینە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمو کۆمەڵگا دواکەوتوو و پەراوێزەکانی دونیادا. سەرلەنوێبوونەوەی ئاین وەك کایەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریو سەربازی جێی پرسیارو لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەو ئاماژەیەکە بۆ بەهەندگرتنی ئەو قۆناغە سەرتاسەرییەی مێژوو کە تیایدا ئاین پانتاییە کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتورییەکان داگیردەکاتو بەشداردەبێ لە ململانێو بەریەككەوتنە ژیارییەکانو دیاردەی جیهانگیریو ناشونالیزمو سیستمی نوێی جیهان. ئەو نمونانەی لێرەدا جێی باسن تەنها ئاماژەیان پێدەدەین: ململانێی ئاینیو سیاسی نێوخۆی جەزائیر، کە بۆخۆی خوێناویترین ململانێیە تا ئەمڕۆکە لەجیهاندا کە تیایدا بە هەزاران هاوڵاتی ئەو وڵاتە کەوتنە بەر ئۆپراسێونی نهێنی قڕکردنو ئاوارەبوون، بەهۆی لایەنگیریو هاوڵاتیبوونەوە بەناشرینترین شێوە تیرۆردەکرێن، نموونەی دووەم جەنگی ئایینی نێوان ئایینزاو ڕەوتە ئایینیە توندڕەوەکانی ئەفغانستان "کە دەیان ساڵە بە تەکنۆلۆژیایەکی سەربازی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە کوشتارگەو تیرۆرو جینۆسایدی وا هاتۆتەئاراوە کە هاوتای نیە، دەرەنجام زیاد لە "5" ملیۆن ئەفغانی ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون"، هاوکات چەندین بزوتنەوەو ڕێکخراو و ناوەندی ئیسلامی تیایدا دروستبووەو بەردەوام لەبەریەككەوتنو شەڕی گەورە گەورەدان لەتەك خۆیانو کولتورو جیهانی کوفری دەرەوەی خۆیان. هەروەها دروستبوونو سەرلەنوێبوونەوەی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئیران، عیراق، تورکیا،لوبنان، فەلەستین، کوردستان، لێرەدا ئێران وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی کاریگەرو خاوەن هێزو چەکی ئەتۆمیو دۆستو هاودەمی ڕیکخراوە ئیسلامییەکان ناوی دەبرێ لەناوچەکەدا، هاوکات دەوڵەتو کۆمەڵگایەکی مەزهەبی داخراوە، وەك (گراهام فولەر) لە گوتارێکیدا بەنێوی ئایدیۆلۆژیای ئایندەوە لە گۆڤاری ***Foreign policy*** ئاماژەی پێداوە، هاوکات تەواوی وڵاتانی نیمچە دوورگەی عەرەبیو هندستانو پاکستانو هەندێك وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، سریلانکا، ئەندەنوسیا، باشوری گۆی زەوی، واتە وڵاتانی ئەفریقیا، ململانێی ئایینی مەسیحی نێوان ئێرلەندای باکورو بەریتانیا، ململانێی خوێناوی سربو کرواتەکانی بۆسنەو هێرسكو هەرێمەکانی یۆگسلافیای جاران، کە لەدوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە ئەو دژایەتییە ئایینیو نەژادییە هێندەی تر توندوتیژ بووەو بەهەزارەها خەڵکی ئەو وڵاتە بوونەتە قوربانیو سەرلەنوێ کۆمەڵێك مەترسی ئاینیو نەژادی هێناوەتە ئاراوە. هاوکات دیاردەی کۆچیش وەك دیاردەگەرایەکی جیهانی لەدەرەوەی ئەو کاریگەرییەدا ناژیو ئاوێزانی ئەو گۆڕانکاریانە بووەو تەواو پەیوەندییەکی بەرابەری لەنێو خودی ئەو گۆڕانکاریانەدا دروستکردووە، سەرباری ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئیسلامی سیاسیو توندڕەوانی ئایینی بە وڵاتانی ئەوروپاو خۆرئاوادا بڵاوبوونەتەوە، بەڵگەش بۆ ئەم بیرخستنەوەیە یازدەی سێپتەمبەری ئەمریکاو گروپێکی تیرۆرستی گەورەی وەك قاعیدە، کە گەورەترین گروپی تیرۆرستی جیهانییە لە دنیادا.

ڕەنگە دەروازەی باسەکەمان تەواو جیاوازبێت لەناوەڕۆکی بابەتەکە، بەڵام ئەو فلاشباگەی ئاماژەمان پێدا بایەخ و گرنگی ڕاڤەکردنی سەرلەنوێبوونەوەو هەژموونی ئایینی دەخاتەبەر دیدی خوێنەران و پرسیارگەلێك دەوروژێنێ، کە تا ئەوڕۆکە بووەتە جێی باس و لێکۆڵینەوەی سۆسۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی و کولتوری و فەرهەنگناسی لەسەر دەکرێ، کەواتە بەمپێیە؛ ئاینگەرایی یان بووژانەوەگەرایی ئاینی هاوشان لەتەك ناشونالیزم و پۆست مۆدێرنیزم و جیهانگیریدا دەکەوێتە نێو ململانێ و بەریەککەوتنی شارستانییەت و ئاستە ژیارییە جیاوازەکانەوە.

# ئاین و تارماییەکانی

دەروازەی باسەکەمان بەسەر چەند تەوەرێکدا دەکرێتەوە، هاوکات بەسەر چەند ناوەندێکی بیردا دابەش دەبێت و کۆی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەوێنای کۆتایی شتەکان و ستاندەری بیروباوەڕەکان لەمیانەی تێکەڵاوبوونی بەکایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابوری و بژێوی ژیان و دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکانی تاك و کۆ لەچوارچێوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتی و شارستانییەت و پێکهاتە ژیارییەکانی کۆمەڵگە بەرباس دەخرێ. ڕەنگە لە تاوتوێکردن و شیکردنەوەی ئەم باسەدا بەناچاری بچینە سەر کۆمەڵێ پانتایی دی کە تیایدا مرۆڤایەتی لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ڕوحی و دەرونی و مادیدایە پێوەیان. یەکێك لەو بابەتە هەرە سەرەکیانەی کە پەیوەندی بەبنەڕەتی باسەکەوە هەیە، وەك بونیادو شیکار و ڕاڤەکردن دنیای پیرۆزییە لەلای مرۆڤ و پۆلینکردنێتی لەهزری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکاندا. بەهەمان شێوە لەم باسەوە تێکەڵ دەبین بەخودی بیروباوەڕ و بۆچوون و وێناکردنی مرۆڤ لەسەر سروشت و وێنەی بوونەوەرە خەیاڵییەکانی سەروسروشت، هەروەها نائاگایی خودی مرۆڤایەتی و ئەرکی لە کڵێشەسازییە خەیاڵییەکانی بۆ گەردوون و دنیاو ژیان و خەڵقکردنی تارماییەکان.

بۆ واڵاکردنی ئەم دەروازەیە، پێویستە بچینە سەر ئاین و ئەو فەرهەنگەی لەڕووی دابەشبوونییەوە بەسەر دوو پانتایی ناکۆکدا بەردەوامبوونی خۆی پێشکەش دەکات و بەردەوام لەسەردەمە نوێکاندا بەڕەنگی خۆیەوە، بەسیمایەکی دیکەوە، بە پەیامی دێرینی خۆی و ریفۆرمی نوێوە، بەیاسای ئاینی کۆن و بۆچوونی گەردوونی هەنوکەوە خۆی دووبارەدەکاتەوەو دواجار نوێ دەبێتەوە.

دۆرکهایم پێیوایە: خەسڵەتێکی هەرە جیاکەرەوەی ئاین بریتیە لەدابەشکردنی جیهان بەسەر دوو مەملەکەتدا کە ناکۆکن لەگەوهەردا، یەکەمیان پێکهاتووە لەسەرجەم ئەوانەی کە پیرۆزن و ئەوی دیکەش پێکهاتووە لەسەرجەم ئەوانەی کە ناپیرۆزن "ناپاك یان قێزەون")[1]

تەواوی دنیای شتە پیرۆزەکان وەك بەهاو نرخ و پیرۆزی لەسروشت و سەروسروشتدا، بەرامبەر بەدنیای ناپیرۆزی لە ناپاکی و بەهای نزم و نائاینیدا خوڵقێنەری پۆلینکردن و دروستکردنی سەرجەم ئەو پەیوەندییە پەنهانەی نێو خودی مرۆڤن بەشتەکان و کایەو ناوەندو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. یەکێك لەو پەیوەندییە ترادسیۆنانەی نائاگایی مرۆڤەکان گرێ دەدات بەئاگایی کۆمەڵایەتییانەوە لەڕێی ئاینەوە دروست دەبێت و کامڵ دەبێت و دواجار گەشەدەکات بۆ توانایەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ دابەشکردن و پۆلینکردنی چاکەو خراپە، پیرۆزی و ناپیرۆزی، ئاسایی و نائاسایی، هاوکات ئەوەش بۆخۆی خولقاندنی پێوەرێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتورییە کە ژینالۆژیای مۆڕاڵ دەکارێ ئەو ڕەچەڵەکانە بدۆزێتەوە کە ئەو سەرەداوە مەعریفیانە پێکەوە دەبەستێتەوە. جیابوونەوەی ئەو دوو مەملەکەتە، جیابوونەوەی ئاگاییەکانی مرۆڤە لە دیاریکردن و هەڵبژاردندا کە بەرامبەرە لەتەك بێئیرادەیی و ناهەڵبژاردندا. هەروەها تەواوی ئەو جیابوونەوانەش لەخۆدەگرێ کە نائاگاییەکانی مرۆڤ لە شارستانییەتەکاندا کایە فەرهەنگی و وێناکارییەکانی خودی خۆیانی تیادا بەرهەمدێنن. لەڕووی فەرهەنگییەوە ئاین *Religion* سیستەمێکی

---

[1] *Emil Durkhiem , Elementary form of Religious life – study of Religious sociology . trans .Joseph ward swain . new York .free press 1965 –21-33.*

کۆمەڵایەتییە، وەستاوە لەسەر پەیوەندی مرۆڤ بەبوونو سروشت یان بوونەوەرەکانەوە، یان پەیوەندی بەهێزەکانی سەروسروشتەوە *Supernatural force*، یان خوداوە، یا پەروەردگارەوە کە باوەڕی پێیەتیو دەیپەرستێ، لەڕێی ئەو نێوەندانەوە کە لەو باوەڕەدایە ئەوانە نوێنەرایەتی دەکەن یان نوێنەرایەتیان دەکات(لەبەشی یەکەمو دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەمان پێداوە). هاوکات ئاین لە سیستمێکی هەڵسوکەوتئامێزو یاسای ئەخلاقیدا بەرجەستەدەبێت، وەك چۆن پەیوەندی نێوان پەرستیارو پەرستراو شێوەیەك لە سیستمی کۆمەڵایەتی *social system* بڕیاردراو وەردەگرێت، دواجار شێوازێکی جێگیریشی هەیە. لەبەرئەوەی کۆمەڵگا هەست بەبوونی هێزو دەسەڵاتی ئاینەکەی دەکات، هەڵسوکەوتێکی نمونەییە. گرنگترین خەسڵەتەکانی ئاین: باوەڕو وەرگرتنی هەڵوێستی سۆزئامێزە بەرامبەر پەرستراوو هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بۆ نزیکبوونەوە لێی، بەجێگەیاندنی ئاهەنگو سروت ***Rites & Ritual***[2].

گەڵاڵەکردنی پەیوەندییەکانی خودی ئاین لەنێو خۆیدا وەك کولتوری ئاینی لەڕێی باوەڕو وێناکردنەکانەوە، وەك ڕێکخەرێکی ئاگایی مرۆڤایەتییە بۆ تێگەیشتن لەدەرەوەی پانتایی خودو ژیانو جەستەوە. لێرەدا ئەگەر ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە ئاینە مەبەستمان جەستەیەکی تەواو ئەندامی بێت، ئەوا جەستەیەکی زیندووە بە بەڵگەی ئەوەی ئەو جەستەیە: بیروباوەڕ، وێناکردن، بیرکردنەوە، ترادسیۆن، پەرستن، پیرۆزی، ناپیرۆزی، پاکبوونەوە، سروتو بەجێهێنانی ئەرکی ئاینیو ژیاریو کارلێکردنی لەتەك خودی خۆیو هەرێمەکانی دیکەی جەستەو بەشە نزیكو دوورەکانی باوەڕو وێناندنو ژیاری، کەواتە جەستەیەکی پەیوەندیدارە بەدەرەوەی خۆیەوە کە ئاستە پێوانەییەکەی ژیارییە، ئەم پێکهاتەیەی دوایی فەرهەنگو کولتورو بیرکردنەوەو شارستانییەتو دیاردە کۆمەڵایەتیو ژیانییەکانو خەیاڵو سەرجەم ئاگاییو نائاگاییەکانی خودی مرۆڤو مرۆڤایەتی دەگەیەنێ لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، بەڵام بە ڕەنگێکی دیکەو شێوازو خەسڵەتێکی دیکەوە. لێرەدا ژیاری دەبێتە جەستەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتی پەرشوبڵاو و یەکانگیر، کارلێکارو کارتێکار، وەرگرو پەخشکەر، پانتاییو ناپانتایی، ناوەندو کەنار. . .تاد. بێگومان ئەم جەستەیە، جەستەیەکی تەواو زیندووە، لەبەرئەوەی کارلێکردنو پەیوەندیو بەرزبوونەوەو دابەزینو جیاکردنەوەو پۆلینکردن تیایدا لە بزاوتدایە، ئەندامەکانی ئەم جەستەیە بریتیین لە : فەرهەنگ، ترادسیۆن، سیاسەت، کولتور، میرات، نەریت، ڕەچەڵەك، زمان، پاشماوە دێرینەکان، بەها روحیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، بیرکردنەوەو خوونەریتو نائاگایی کۆمەڵایەتی، نەتەوەو بیری نەتەوایەتیو ململانێو ناکۆکییە نەتەوەییو نەژادییەکان، مێژوو، فەلسەفە، بیروباوەڕە دێرینەکان. . .تاد. هاوکات ئەم جەستەیە لەڕێی ئاگاییو نائاگاییە ژیارییەکەی خۆیەوە دەبێتە هەڵگرو وەرگری سەرجەم ئەو پەیوەندییانەی دەرەوەی خۆی کە ئاڕاستەی دەکرێ، لەوێشدا، واتا لەخاڵی بەیەکگەیشتنی پێکهاتەکانی دەرەوەی خۆیو جەستەی مەزنی بێکۆتایی خۆی، جومگەیەکی کارلێکردن دروست دەبێت، کە بۆخۆی خولقاندنی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو ژیاریو بەرجەستەکردنی ئایندەی ئەو قۆناغەش کەوتۆتە سەر وەرگرتنو ئاستی هێزی بڕینی ئاگایی ئەو پێکهاتەیەی کە لەناوەوەو دەرەوەی ژیاریدا ئامادەگی هەیە."هەموو پێکهاتەیەك پێکهاتووە لە: مەعریفەو بیروباوەڕ، هەروەها هونەرو ئەخلاق، یاساو نەریت، بێجگە لەمانە ئەو توانستو خوونەریتانەش لەخۆدەگرێ کە مرۆڤ بەهۆی ئەوەوەی کە ئەندامێکی کۆمەڵە وەریگرتووە."[3]، ئاشکرایە هیچ دیاردەو پێکهاتەیەك نییە لەدنیادا کۆمەڵێ بیروباوەڕی تەباو ناکۆکی لەخۆنەگرتبێ، سەرەڕای بیرکردنەوەو ڕوانینو وێناکردنو دروستکردنی چیرۆك بۆ خودی ژیانو ململانێکانی، بۆ گۆڕانکاریو بەسەرهاتەکانی، بۆ دیاردەو ڕووداوەکانی. لێرەوە گەڵاڵەکردنی ڕوانینو وێناکان جومگەی پێکەوە گرێدانی قۆناغەکانی دروستبوونی پێکهاتەو بونیادە ئایینیو سیاسییەکانە. هەروەها هیچ پێکهاتەیەکیش نییە لەدنیادا یاساو نەریتو جووڵەی خۆی نەبێ. لە مێژەوە پێکهاتە دێرینەکانی بیروباوەڕ ئاماژەیەك بوون، یان پاڵپێوەنەرێك بوون بۆ گەشەکردنی شارستانیو ژیاریو ئاین بەهەمان شێوە، سیاسەتو پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانی، ئەمڕۆکەش فەرهەنگێکن لەو فەرهەنگە تەبایانەی لەنێو خودی خۆیاندا چەندین ناکۆکیو هەمەچەشنیان هەڵگرتووەو نائاگاییو ئاگاییو پەیوەندیو بیرکردنەوەکانی مرۆڤیان سەرتاسەری

---

[2]-قاموس الانثروبولوجيا –تاليف: د. شاكر مصطفى سليم –1981–ص 813

[3]*E. Taylor .primitive culture Lon.: Johan Marray 1871.*

كردۆتەوەو هاوشێوەبوونێكی تەواو تەبایان خوڵقاندووە بۆ مـرۆڤو مرۆڤایـەتیو پێكهاتـە جۆراوجۆرەكـانی ژیـانی كۆمەڵایـەتیو شارستانی. لەمێژەوە ئاین ئەو ڕۆڵە دەبینێ، خەیاڵپێكراوەكانی ئـاین دەرەنجامی ڕوانـینو بەرجەسـتەكردنی زەینـی شـتەكانە لـە بـیری مرۆڤایەتیـدا. هەڵبــەت بــۆ وێنــاكردنو خــەیاڵ بــۆ دروســتكردنی شــتە پیرۆزەكــان یــان دنیــای پــیرۆزی بەشــوێنو ساتەوەختەكانیەوە گەردوونگـەرایی ئـەو خەیاڵـە دەكـەن كـە پێكهاتـەی بیرۆكەیـەكی ژیـارین بـۆ چەسـپاندنو ڕێسابۆدانانی لـە پانتاییـەكی ژیـانی كۆمەڵایـەتیو فەرهەنگیـدا، واتـا داگـرتنو دابەزانـدنی لـە هەرێمـەكانی سەروسروشـتەوە بـۆ هەرێمـەكانی سروشتو ناوانو وێناكردنی دیاردەو قۆناغە وەرچەرخاوە مێژووییەكەی ئاین وەك بەسەرهاتو گێڕانەوەو حیكایەت.

پیرۆزی شێوازێكە لەشێوازەكانی پەیوەنـدی بەبنەڕەتـەوە كـە تیایـدا نـەوە خەیاڵییـەكان جێیخـودی مرۆڤـە حەقیقییـەكان دەگرنەوە، بەواتایەكی دی، پیرۆزی شێوازێكە لەشێوازەكانی پەیوەندی مرۆڤ بەبنەڕەتی شتەكانەوە كە مرۆڤ تیایدا غەیب دەبێو لەجێیاندا نەوەكانی خودی خۆیان، واتە پیاوە خەیاڵییەكانی نێو خودی خۆیان دەردەكەون)[4]. لێرەدا ئەو دونیا پیرۆزەی ڕوانینو وێناكردنـەكانی مـرۆڤ خوڵقاندویانـەو لـە دێرزەمانــەوە وێنـەی جۆراوجـۆرو ڕوانینـی تـەباو نـاكۆكو پـڕ بایـەخو بێبایـەخی دروسـتكردووە بـۆ دیـاردەو ژیـانو پێكهاتـەو ژیـانی كۆمەڵایـەتی. ئـاین لـەڕێی دنیـای پـیرۆزەوە بەمێـژوو و سەرگوزشـتەو پاڵەوانییەكانییەوە، بەفەرموودەو خەونەكانی مرۆڤەوە لـە زەمەنـە جیاوازەكانـدا دەگەڕێتـەوە، بەمانایـەكی دیكـە تارماییـەكانی ئـاین لەهـەموو زەمەنێكدا ئامادەییـان هەیـەو شـەڕ بـۆ ئێسـتایەكی پـڕ یـادەوەریو نادیـاری خۆیـان دەكـەن، هاوكـات لەهـەوڵی دەستەبەركردنی زۆرترین پانتایی گێڕانەوەدان بۆ دروسـتكردنی گرێچنەیەكی ژیـاری كـە بتـوانێ ئێسـتا گرێبـدات بـەڕابردووەو ڕابردووش داوەت بكات بۆ سەر خوانی ئێستاو لە ئایندەیەكی نادیاریشدا ڕوانینێكـی تـەباو هاوسـۆزو هـاوبیر دروسـتبكات لەتـەك فەرهەنگو ژیاریو گۆڕانكاریو پێشكەوتنو ترادسیۆنو بیروباوەڕە هاوتەریبەكانی نەوەكانی پێشوو. دیارە ئەمەش لەڕێی فـەزڵی شـتە پیرۆزەكانــەوە دەبێـت بەسـەر شـتە ناپیرۆزەكانـدا، ئـەوەشمان لەبیرنەچـێت؛ ( كۆمەڵگـە هەڵئەسـتێ بەپـەروەردەكردنی ئەندامەكانی لەسەرئەوەی چی لەتوانادایە پرسیاری لێبكرێ، بپشكنرێ، ئەزموونبكرێ، هاوكات چی پێویستە بەبێ هەڵبـژاردن... دیاریكردن، بمێنێتەوە)[5]. دیارە سەرچاوەی دیـاریكردنو شـوناس بـۆ دانـانی پـیرۆزو نـاپیرۆز لـە كۆتایـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ مـرۆڤو حـوكمی وێناكردنـەكانی مـرۆڤو ئەندێشـەو خەیاڵـە ژیـاریو ئایینییـەكانی مـرۆڤ. وەك لەپێشدا باسمـان لـەوەكرد كـە ئـاین وەك جەستەیەكی كاریگەرو كارتێكەر كارلێكراو دەبێ بە ژیانی كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو جەستەی هەڵگرو وەرگری ژیاری. سەرەنجام ئاین وەك كۆمەڵبوونێكی جەماوەری مرۆڤەكان بۆ بەجێهێنانی كارو ئەركی كۆمەڵایەتیو ئـاینیو سیاسـیو ئـابوریو ئەفسانەیی هەڵئەستێت بە سازكردنی یاساو بیرو حوكمی ئەزموونی خـۆی، ئەمـەش لـەخۆڕا دروست نابێـت، وەك هەنـدێك لـە كۆمـەڵناسو مرۆڤناسو ئایینناسەكانی سەدەی نۆزدە جەختیان لەسەر دەكردەوە. ئـەزموونی حوكمی ئـاینی لەتوانایدایـە مـرۆڤ دابـەش بكات بەسەر دوو پانتایی نـاكۆكو دوو خەیالگـەی ناتـەبادا؛ پانتـایی یەكـەم ئەندێشـەی ئـەو مرۆڤـە واقعییـە كـە ژیـانی كۆمەڵایـەتیو فەرهەنگیەكانی خودی خۆیو كۆمەڵگەكەی بەسەردەبات، واتا مرۆڤی ڕۆژانە. پانتایی دووەم، ئەندێشەی ئەو مرۆڤە خەیاڵییەیە كە ڕوانینو بۆچوونو بیروباوەڕەكانی وێنادەبێو دەبێتە بوونەوەرێكی ئەفسانەیی كە تیایـدا پـیرۆزی وەك بەهایـەكی گـەردوونی بـاڵای سەروسروشـت جیادەبێتـەوە لەسـادەییو نـاپیرۆزی ڕاسـتی شـتەكانو بیروبـاوەڕو ڕوانینـەكان. دوو خەیالگـەی ناتـەباش، لەخەیالگەی یەكەمدا وێنەی سروشتو ڕوانینو تاوتوێكردنی دنیاو ئەو دنیاو ئەوانی دیو وێنـەی خـوداو فـەرموودەكانی دەبـن بەهێزێكی خەیاڵی بۆ بزواندنی بیری ئەفسانەیی لەنائاگایی هـزری خـودو كۆمەڵدا. خەیالگەی دووەمـیش بەسـەرجەم وێناكـانی خۆییــەوە وەك بوونــەوەرێكی كـارتێكراو بــەژیانو حەقیقــەت گرفتـاری پرسـیارو گومانــەكانی خـۆی دەبــێو بەناچـاری وەك

---

[4] موریس گودولیة –لغز الهبة –المقدس-ل213

[5] نظریة الثقافة –تالیف: *Michael Thompson-Richard Ellis-Auron Wildavasky Oxford UN 1990* ترجمة:د.علی سعید الصاوی (لەم باسـەدا ئامـاژەدراوە بـە مارى دۆگلاس بە تایبەتی ئەو تویژیانەی کە تایبەتە بە جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی دنیای شتە پیرۆزەکانو پۆلێنکردنو وێناکردنی مرۆڤ بەسەر دنیای دابڕاو لەپیرۆزیو دنیـای تـەبا لەتەک پیرۆزی)

ناتەبایەکی خەیاڵی لەنێو خودی خەیاڵگە تاریکەکەی خۆیدا بمێنێتەوە؛ بەڵام ئەم بوونەوەرە نامرێ‌و هەمیشە گرفتاری نارەزاییی‌و وێناکراوەکانی خۆی دەبێ‌و گومانەکانی ناگاتە ئەو سنورەی حەقیقەتە ڕەهاکانی پێ ڕاڤەبکات‌و لەو سونەتە داخراوەی روانین دەرچێت. دواجار لەکانگا تاریک‌و نادیارەکەی خۆیدا بەسەرسامی دەمێنێتەوەو تێکەڵ بە تارماییەکانی ئاین دەبێ‌و دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی نەوەکانی پێشووەوە.

# ترادسیۆنی گەڕانەوە

# "سەلەفیەت‌و تارماییەکانی"

تەوەری دووەمی باسەکەمان تەرخان دەبێ بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ‌و پڕ بایەخی دنیای ئەمرۆی ئاین‌و ئەو گۆڕانکارییە ژیاری‌و فەرهەنگی‌و سیاسیانەی هاتووە بەسەر ئاین‌و بیروباوەڕی نەوەکانی پێشوودا. تایبەتمەندی ئەم باسە لەوەدایە کە بەبێ بیرکردنەوەو تاوتوێکردنی فەرهەنگی گەڕانەوەو ئامادەبوونی سەرتاسەری بیروباوەڕی نەوەکانی پێشوو؛ ناتوانین دەستنیشانی مەرجەکانی دروست بوون‌و سەرلەنوێ دروستبوونەوەی ئەو تارماییانەو گەڕانەوەو بوونی تارماییەکان ڕاڤەبکەین‌و لایەنە تاریک‌و نادیارەکەی ڕۆشنبکەینەوەو بچینە سەر بابەتێکی هەستیاری جیهانی خۆرهەڵات‌و پەیوەندییە رۆحی‌و ژیاری‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەفسانەییەکانی دیاریبکەین‌و دەرگا کلۆمدراوەکانی واڵابکەین‌و کایە گۆشەگیرو کەنارگیرەکانی تاوتوێبکەین، هاوکات بگەڕێینەوە سەر سەرەتاکانی ئەو تەوژمە روحی‌و دونیاییەی کە باڵیکێشاوە بەسەر مانەوەو سەرلەنوێبوونەوەی ڕەوت‌و مەزهەبە ئاینی‌و فەرهەنگە نەریتییەکان. لێرەدا بەڕای من زانستی مرۆڤناسی "ئەنترۆپۆلۆژیا" و کۆمەڵناسی هاوچەرخ ئەو ئەرکەی لەسەرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک، یەکێک لەو هۆیانە ئەوەیە ئەم دوو زانستە، بەتایبەتی زانستی مرۆڤناسی هاوچەرخ لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە ڕووبەڕووبۆتەوە لەگەڵ تابۆو دنیای بەها پیرۆزەکان‌و قەدەغەکراوەکان‌و ئاین‌و ئەخلاق‌و پابەندبوونە کۆمەڵایەتی‌و ئاینییەکانداو هەروەها بەردەوام لەهەوڵی هەڵوەشانەوەو ڕاڤەکردن‌و شیکردنەوەی ئەو بابەتانەدا بووە، هاوکات دەمێکە سەرگەرمی دۆزینەوەی پێناس‌و شوناسێکی تایبەتە بۆیان، لەو ڕووەوە هەستاوە بەچاودێریکردنی مەودای کۆمەڵگە سەرەتایی‌و تازە پێشکەوتووو خێڵەکی‌و نیمچە دەوڵەتی‌و پێشکەوتووەکان ، سەرەڕای تاوتوێکردن‌و پۆلینکردنی دیاردە کۆمەڵایەتی‌و ئاینی‌و سیاسی‌و ئابورییەکان. هەڵبەت بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی ژینالۆژیانەی بیروباوەڕو ئەفسانە دێرین‌و هاوچەرخەکان‌و ئەرکی ئاین‌و سیحرو سروتە هەمەڕەنگ‌و جۆراوجۆرەکانی ئاین. ئەنترۆپۆلۆژیا تەنها وەك چاودێرێکی مەیدانی نەمایەوەو هاوکات لە ڕێی لێکۆڵینەوەو پشکنینی بنەڕەتی ئەو بیروباوەڕانەی بەردەوامبوونێکی هەمیشەیی بۆ ئەم زانستە خولقاند. سەرەتا بیروباوەڕە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤی دێرین دەروازەیەکی پڕ پرسیارو گومانبوون بۆ گەڵاڵەکردنی باوەڕو تێڕوانین‌و ڕاڤەکردنی سەرەتایی بۆ دیاردەکان. دواجار دروستبوونی ئاین‌و دەقی ئاینی‌و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی بیروباوەڕەکان‌و هەروەها ساکارترین پرۆژەی بەدامودەزگاکردنی پرسیارو گومان‌و ڕوانیەکانی مرۆڤ بووە لە قۆناغی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی‌و ژیاریدا. هەڵبەتە؛ پێویستە ئاینە دێرینەکان وەك مەسەلەی دامەزراو (دامودەزگا) سەیر بکەین، نەوەکو وەك نەریتێکی تۆکمە یان وەك ئاینێکی کامڵ وەك ئەوەی ڕەوتی ئاینی کۆن بەشێك بووە لە کیانی کۆمەڵایەتی کە ئەندامانی لەسایەیدا ژیاون. پێویستە وشەی تەرز لێرەدا بەمانای کرداری کە وێکچووی ڕازمان بێت، کاتێك کە باسی ڕەوتی سیاسی دەکەین، نەوەك بەمانای بونیادێکی ڕێکخراو بە بیرو ڕوانینە لاهوتییەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئاین لەو سەروەختەدا پێکهاتبوو لە زنجیرەیەك حوکم‌و سروت کە نمایشکردنی

پێویستی بووە یان خۆشەویستییەك بووە بۆ دابینکردنی ڕەزامەندی خواوەندو ڕەواندنـەوەی تووڕەبوونیـان. هـەموو تاکێـك لـە ئەنـدامانی کۆمەڵگـە بەشـێکی لـەم سـروتانەدا هەیـەو بـۆی دیاریـدەکرێن، ئـەم دیاریکردنـەش یـان بـەپێی پەیوەسـتبوونیەوە بەڕەچەڵەکی یەکێك لە تیرەکان یان بەپێی ئەو شوێنگەیەیە کە خۆی بۆخۆی لـەنێو خێـزانو کۆمەڵگـەدا دابنیکـردووە، بـەهیچ شـێوەیەك تاکەکـەس خـۆی بۆخـۆی ئاینەکـەی هەڵنەبـژاردووە؛ بـەڵکو وەك بەشـێك لـە کۆمـەڵێك فـەرزو پابەنـدبوونی سـەپاو بەسەریدا بۆی ماوەتەوەو بەشێوەیەکی سروشتی بەپێی ئەو شوێنگەیەی کە لەخێزانو کۆمەڵگـەدا هەیـەتی. بەلایـەنی کەمـەوە سەرجەم ئەندامان دەبێ لەئاستێکی ئیمانداریدا بن کاتێ لایەنگیرییەکان بۆ کۆمەڵگـە هاوسـەنگە؛ واتـا ئەرکـە ئاینییەکـەیان بـە ڕێژەیـەکی حەماسـی وەسـتاوە لەسـەر کەسـایەتیو لایـەنگیرییان، بـەڵام بـەهیچ شـێوەیەك لەشـێوەکان ئاینیـان بەتـەواوەتی ڕەتنەکردۆتـەوە. لەسـەر هـەموو ئیمانـدارێك پێویسـت بـوو کـەمێك ئیمانـدار بێـت، بـەجێهێنانی فـەرزە ئاینییـەکان لەئاسـت پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتیدا بووە، هەروەها هـەموو کەسـێك بەشـێکی تیـادا هـەبووە)[6]. لـەم پەرەگرافـەدا (ڕۆبرتسـن سمـیس) مێژووی دێرینی ئـاینو پەیوەنـدی ژیـاری ئـاینو کۆمەڵگـە شـیدەکاتەوە، بـەڵام تـەواو نایـەت ئـەو بـارە یـان ئـەو مێـژووە دیـارە دیاریبکاتو لەچوارچێوەی پێناسەیەکی دیاریکراودا بیانهێڵێتەوەو ناو لەو قۆناغانە بنێت کە ئاینی پیادا تێپەڕییـەوە، هەڵبـەت ئەو ڕای وایە ئاین بۆ خۆی گوزەراوەو بەکۆمەڵایـەتی بووەتـەوە، هاوکـات لـەم خاڵـەدا هـاوبیرو هـاوڕای دورکایمـە، کـە کۆمەڵگـە دروسـتکەرو ڕێکخـەری کۆمەڵایـەتیو سیاسـی ئاینـەو خواوەنـدیش هـەمان ئـەو کۆمەڵگەیـە پـیرۆزی دەکـات کـە سـنوورەکانی پیرۆزیو دنیاکانی پاکیو پـیرۆزیو بەرەکـەتی پـێ دەبەخشـێ." هاوکـات ئـەو لایەنگیرییـە ئامـادەی دەکـات بـۆ هەنـدێك مـافو جیـاوازیبوون، لـەم ڕووەوە جیهـانی کـۆنو نـوێ دەچـنە یـەك ئاسـتەوە، بـەڵام بەجیاوازییـەکی پـڕ بایەخـەوە، کـە کۆمەڵگـە خێڵەکییەکان یان نەتەوەییەکان لەجیهانی کۆندا تەواو سروشتی نـەبوون بـەمانای نـوێی وشـەکە. خواوەنـد ڕۆڵو شـوێنگەیەکی وای هەبووە کە هاوسەنگی ڕۆڵو کاریگەری مـرۆڤو شـوێنگەی بـووە. ئـەو بازنەیـەی کـە تاکەکەسـی تیـادا بەرهەمـدەهات، تـەنها کۆمـەڵێك کەسوکارو کۆمـەڵێك خێـڵ نـەبوو، بـەڵکو پێکهـاتبوو لـەو کیانـە پیرۆزانـە، کـە بریتـی بـوون لەخواوەنـدی خێـزانو خواوەندی نەژادو نـەتەوە، ئەمانە ئەو کیانانە نەبوون کـە بـەلای ئەقڵیـەتی کۆنـەوە نوێنەرایـەتی بەشـێك لەکۆمەڵگـە دەکـەنو پەیوەستن پێوەی بەهـەمان پلـەی ئـەو پەیوەسـتبوونەی کـە بەئەنـدامانی بازنـەی کۆمەڵایەتییـە مرۆییەکەیـەوە پەیوەسـتن"[7].

لێرەدا ئەوەمان بـۆ ڕووندەبێتـەوە کـە جیهـانی کۆن دەچێتە ئاسـتێکی بـاڵای ئەفسانەییەوە کـە تیایـدا دووجـۆر لـە پەیوەنـدی ئەخولقێ، یەکێك لەو پەویەندییە سەرتاسەریانەی هاوشان لەتەك تـەبایی زەمـەنی ئێسـتای جیهانـدا یەکدەگرێتـەوە پەیوەنـدی شـوناسو ڕۆڵـی کاریگـەری کـۆنو نـوێی ئـەو ڕەوتـە دەردەخـات کـە تائـەم کاتـە مرۆڤایـەتی کەوتۆتـە نێـو سەرسـوڕمانو کەنارگیرییـەوە لەبـەردەم ئـەو دەورو کاریگەرییـە جیهانییـەی کـە ئـاین لـەمڕۆدا هەیـەتی، هاوکـات هاوشـان لەتـەك دیـاردەی جیهانگیریدا دیاردەی ئاینگیریی سەرتاسەری پۆلینکراو هەیە لەجیهاندا، کە ئەمڕۆکە ئەم دیاردەیەی دوایی بەسـەر چـوار ئـاینی جیهانیـدا دابـەش دەبـێ، واتـە مەسـیحیەتو ئیسلامو یەهودیـەتو بـوزی. بێجگـە لـەو هـەزاران ئاینـەی بۆتـە شـوناسو ناسینەوەی ئەنترۆپۆلۆژییانەی ئەو خێڵو نەتەوە سەرەتاییانەی لە جیهانی ئەمڕۆدا ماونو بـەردەوامن لەسـەر ژیـانی داخـراوی کۆمەڵایەتیو ئاینیو فەرهەنگیو سیاسیو ژیاریو کولتوری خۆیان.

لەسەرەتای شارستانییەتەوە پەیوەندی مرۆڤ بەدەوروبەرەوە جێی پرسیار نەبووە، بەڵکە مەرجی بنـەڕەتی باسـەکە لێـرەوە دەست پێدەکات، ئەوڕۆکە باسو خواستی ئەو پەیوەندییە ڕاڤەدەبێ کە شوناسێکی دیاریکراوی نەبووە لـە پێشدا، تـەنهاو تـەنها پەیوەندییـەکی ڕووتو دامـاڵراوی مرۆڤـەکان بـووە بـەخۆیانو دەوروبەریانـەوە. کەواتـە پەیوەندییـە نێوخۆییـەکانی مـرۆڤ بـەخودی خۆیـەوە، پەیوەندیگـەلێکی بارگاوییـە بـەپانتاییو کایەکانـەوە. هاوکـات کایـە کۆمەڵایـەتیو ژیـاریو کولتـوریو

---

[6] *دیانة سامیین، روبرتسن سیمس ، ل 29-30*

[7] -هەمان سەرچاوە –ل30

ئاینییـەکان لەسـەرەتاوە تـا بـەردەوامبوونی زنجیرەی قۆنـاغی گەشەسـەندنی ژیـاریو مرۆڤایـەتی دەورو کاریگـەری ئـەوتۆیان هەبووە لەسەر مرۆڤایەتی، دواجار بـۆ دۆزینـەوەی شوناسـێکی دیـاریکراوو پڕمانـا بـۆ ئـەو پەیوەندییانـە مرۆڤایـەتی هەسـتاوە بەتێکـەڵکردنی ژیـانو خـەیاڵ، خـەونو واقیـعو وێنـاکردن، ڕۆژانـەو خـەون، تێکـەڵبوونی دووانـەی واقـعو خـەیاڵ بەسـەرجەم ڕەهەندو ماناکانییەوە، گەڕانە بـەداوی دۆزینـەوەی شوناسـێك یـاخود مانایـەکی دیـاریکراو بـۆ دنیـا. هـەروەها تـاکو ئـەمڕۆ ئـەو تێکەڵکرنـە گەڕانـە یـاخود هەوڵێکـە بـۆ ڕاڤـەکردنی ژیـانو ژیـاریو سروشـتو سەروسروشـت."مـۆریس گۆدۆلییـە" سـەرباری ڕاڤەکردنی پیرۆزیو دنیای پیرۆزی لە کتێبی ( نهێنی بەخشش)دا بەتەواوی لەچەند ڕوویەکەوە ئەمـە ڕووندەکاتـەوە: پیـرۆزی شـێوازێکە لـە شـێوازەکانی پەیوەنـدی بەبنەڕەتـەوە کـە تیایـدا نـەوە خەیاڵییـەکانی خـودی مـرۆڤ جێـی مرۆڤـە حەقیقییـەکان دەگرنەوە، بەواتایەکی دی، پیرۆزی شێوازێکە لـە شـێوازەکانی پەیوەنـدی مـرۆڤ بەبنـەڕەتی شتەکانەوە کـە مـرۆڤ تیایـدا غـەیب دەبـێو لـە جێیانـدا نـەوەکانی خـودی خۆیـان واتـە پیـاوە خەیاڵییـەکانی نێـو خـودی خۆیـان دەردەکـەون"[8]. واتـە کـاتێ مـرۆڤ ڕووبەڕووی ئـەوە دەبێتـەوە کـە پێویسـتە لـەدنیاو سروشـتو دیاردەکـان تێبگـات، بەناچـاری هەڵئەکوتێتـە سـەر واقـعو خـەیاڵ، لێرەوە مرۆڤەکان دووانەیی دەبنەوەو دابەشدەبن بەسەر ژیانێکدا، یان دنیایەکدا کە تـەواو واقعـیو ڕۆژانەییـەو تـەواوی ئەرکـە ژیاریو دنیاییەکانی تیادا دەگوزەرێ، لاکەی دیکەشی دابەش دەبێ بەسـەر دنیایـەکی خەیاڵیـدا کـە تـەواو دوورە لـە حەقیقـەتو ڕەهاکـانی ژیـانی واقعـی، ئـەو دنیایـە زیـاتر دنیـای وێنـاکراوی مرۆڤـە بـۆ سروشـتو سەروسروشـتو دیاردەکـانو خواوەنـدو ڕزگاربوونو ڕاڤەکردنێکی وێناکراوی مرۆڤەکانە، پڕ ئەفسانەیی دەخەملێ. ئـەم دنیایـەی دوایـی، یـان دیـوی دووەمـی مـرۆڤ لـە نائاگاییەوە سەرچاوەدەگرێو منی هۆشیار تیایدا غائبەو منی خـەیاڵ تیایـدا ئامادەیـەو بیردەکاتـەوەو لـە فـۆرمێکی سـەرەتاییدا لەڕێی خۆیەوە ڕاڤەی ئەم دنیاو ئەو دنیا دەکات.

بـۆ دەرچـوون لـە دەروازەی باسـەکە، هەڵبـەت دەبێـت بگەڕێینـەوە سـەر تـەوەرەی دووەمـی باسـەکە، ئـەویش سـەلەفیەتو تارماییەکانێتی، بۆئەوەی دانەبڕێین لە تەواوی بابەتەکە، هاوکێشەیەك دەخەینە ژێر ئەزموونەوە: ئەو دنیا پیرۆزو خەیاڵییـەی مرۆڤایەتی کە لەناخیدا پەیوەندییەکی ئەفسانەیی دروسـتکردووە لەتـەك دنیـای واقعـیو ژیـانی ڕۆژانـەدا، هاوکـات لـە خاڵێکـدا یەکدەگرنو دواتر کارلێك دەکەن. کەواتە پرسیارکردن لەم هاوکێشـەیەو دواتـر ناسـاندنو ڕاڤـەکردنی لێـرەوە دێتەکایـەوە: ئـەو دوو دنیایە لە کوێدا یەکدەگرنو لەکەیدا کارلێك دەکەن ؟ مرۆڤایەتی لەڕێی ئەو خەیاڵە ئەفسوناویەی خۆیـەوە کـە شوناسـێکی پەنهانە بۆ کەسایەتییە ژیاریو ڕۆحیەکەی، هەمیشـە لـە دۆزینـەوەی پەیوەندیدایـە بـە بوونـەوەرەکانی سەروسروشـتو هێـزە نادیارەکانەوە، وەرگرتنی هێزو توانای خەیاڵیو واقعی بۆ هەردوو دنیاکەی خۆیو تیرەو خێڵو کۆمـەڵو نەتەوەکـەی، دڵنیـاییو هۆشیاریو ڕێکخستن دەخوازێ کە زۆرجار ئـەم دڵنیاییـە لـە ئاینـدا بەرقـەراردەبێ، یـان لەگەڕانـەوەدا بـۆ بیروبـاوەڕی نـەوەکانی پێشـوو، یـان بـۆ بـاوو بـاپیرانی مـردوو(واتـە پشـتە دوورەکـان) ڕوودەداتو بەرکـەماڵ دەبـێ( واتـە ئـەو خـەیاڵە گەڵاڵـە دەبـێ). سەرباری ئاڵۆزی ڕاڤەکردنەکە دەکرێ ئەم هاوکێشەیەی دوایی ناوبنێین ئامادەکردنـەوەی ڕابـردوو لـە ئێسـتادا بـۆ شـەرحکردنو تێگەیشتنو ڕووبەڕووبونەوەی ژیانو واقعی ئێستا. پارێزگاریکردن لە بەها ئەفسانەییەکانی پێشوو هەوڵێکـە بـۆ بەهەنـدگرتنو شەرحکردن لەسەر بیروباوەڕی نەوەکانی پێشوو، گەر لێـرە بـەدواوە دەرئـەنجامی ئـەم هاوکێشـەیە نێـوبنێین (سـەلەفیەت) بـەمانا گشتییەکەی ئەوا:"سەلەفیەت بەدەست دووکێشەی گەورەوە دەناڵێنێ، یەکەمیان/ سەلەفیەت بـەردەوام خوازیـاری ئەوەیـە خـۆی لەسەردەمە تازەکاندا دووبارەبکاتەوەو هەرگیز دەسبەرداری ئەو ئارەزووە نابێت. دووەمـیش/ سـەلەفیەت لەبەرامبـەر پرسـیارو کێشـەکانی ئـەمڕۆدا هیچی دیـاریکراوی نییـە بیڵێـت، وە لـە قـەیرانی ئـەوەدا ئـەژی کـە وەڵامـی کێشـە مـەعریفیو شارسـتانیو فیکرییـەکانی ئـەم سـاتەی بـۆ نادرێتـەوە"[9]. کەواتـە لەڕاڤـەکردنی سـەلەفیەتەوە دەچـینەوە سـەر ئاشـکراکردنی ڕەهەنـدە

---

[8] موریس گودولیه –لغز الهبة –المقدس –ل213–دار المدى .

[9] بەختیار علی –ئیمپراتۆریەتی وەهم –دیار / نادیار – گۆڤاری ڕەهەند –ژ5/1998

نادیارەکانی سەلەفیەتو هەوڵ ئەدەین دیوە تاریكو پەنهانەکانی دەربخەین: چەمکی سەلەفیەت شتێکی نوێ نییە، تەواو دێرینیش نییە، بەڵکو بۆ خۆی دیاردەگەرایەکی هەنوکەییە، بەردەوام جەخت لەسەر نوێبوونەوەو هاوچەرخبوونی خۆی دەکاتەوە، لەسەرەتای شارستانیەتەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو رۆشنبیرییو سیاسیو ئابوریو ژیارییەکان بەرئەنجامی جۆراوجۆریان لێکەوتۆتەوە، یەکێك لەو ترادسیۆنە ژیاریانەی کە تا ئەمڕۆکە باس لە دێرینیو کۆی حەقیقەتەکانی خۆی دەکات، ئاینە. ئەم دیاردەیە هەتا ئەمڕۆکە گەردونگەرای بیروباوەڕو نەریتەکانی خۆی دەکات بەسەر پانتاییە جوگرافیەکانی دنیادا. بۆ نموونە جوگرافیای جیهان بەسەر چوار پانتایی ئاینیدا دابەش دەبێ کە مەسیحیەتو ئیسلامو یەهودیەتو بوزیە؛ بێجگە لە ئاینە بچووکە نێوخۆییەکان. لەم باسەدا مەبەست لە دیاریکردنی ناوچە پیرۆزەکانی ئەم ئاینانە نییە، بەڵکو مەبەست لە ڕوونکردنەوەی ئەو ململانێ ژیاریانەیە کە لەنێو خودی ئەو ئاینانەدا بە نێوی کۆنو نوێوە گوزارشت لە تازەییو دێرینیو ترادسیۆنیو ریفۆرمیستی، خوداییو ناخودایی خۆیان دەکەن، زۆرجاریش ئەم ململانێیانە گەشتۆتە شەڕو کوشتارو داگیرکاری، بۆ نموونە هەموو مەسیحیەکی پرۆتستانتی خۆی بەنوێتر دەبینێتەوە بەرامبەر کاسۆلیکییەك، بەپێچەوانەشەوە کڵێسای کاسۆلیکی خۆی بە دێرینترو خوداییترو پیرۆزتر دەبینێتەوە. بەهەمان شێوە لە ئاینی ئیسلامیشدا شیعەکان خۆیان بەنوێترو نزیکتر لەخوداوە دەزانن لە بەرامبەر سوننییەکان، هەردوو مەزهەبەکەش باس لە پاکیو پیرۆزیو جیهانیبوونی خۆیان دەکەن. ئەم ململانێو دژایەتیەی بووەتە پێکهاتەی دووبەرەی رووبەڕوو کە تەواو بەرگری لە دێرینیو نوێبوونی خۆیان دەکەن، تەنها بونیادە بنەڕەتیەکە ناگرێتەوە کە پێکهاتەی ئاینەکەیەو تەواو، بەڵکو پیاوانی ئاینیو ئیمانداران‌و یاوەرانیشیان دەگرێتەوەو چەرخاوچەرخ، ساڵ بەساڵ ئەم ململانێیە دەبێتە حیکایەتو نەوەکانی پێشوو خۆیان لەئێستادا پێ نوێ دەکەنەوەو نەوەی نوێی ئیمانداران ڕەوانەی فەردوسی دێرینی پاشماوەی نەوەکانی پێشوو دەکەن، هاوکات ئەم ململانێیەی نێوان کۆن‌و نوێیە فەرهەنگی نوێو فەرهەنگی کۆنیش دەگرێتەوە. تارماییەکانی دەرەوەی مرۆڤ بەردەوام لە نوێبوونەوەدان، لە درێژبوونەوەدان، هەروەها لە داگیرکردنی پانتاییەکانیو سیخناخکردنی هەرێمەکانی ڕوانین‌و جڵەوکردنی دیاردەیەك لە دیاردەکان‌و سەپاندنی بەسەر تەواوی بوونەوەرەکاندا، کەواتە ناچار لێرەدا پێویستە باس لەدیوە تاریکەکانی تارماییەکان بکەین، باس لە ڕووە شاراوەو تورەکەی بکەین: تارماییەکان زادەی ئێستاو هەنوکەو مێژوو و ئایندەن، خۆیان لەئێستادا دووبارەدەکەنەوە، شانازی بە ڕابردووی پڕ سەروەری خۆیانەوە دەکەن‌و لەهەوڵی ڕاڤەکردنی ئایندەو هەنوکەدان. کەواتە تارمایی چییە؟ ئایا شوناسێکی دیاریکراوی هەیە؟ تا لەوێوە بگەڕێن بەدوای پێناسەیەکی شیاودا بۆی، ئایا سنوردراوێکە، تابتوانین بەرزاییو نشێویەکانی جوگرافیاکەی دیاریبکەین‌و ڕووەکانی شەرحبکەین، گەر تارمایی تەنها سێبەری شتەکان بێ، واتە دیوی یەکەمی خۆی بێ، ئەوا خۆی چییە؟ ئایا دروشمەکان بۆ خۆیان نابنە تارمایی، ئایا بەڵێنەکان، دیاردەکان، فەتواکان، گۆڕانکاریەکان، حزبەکان، دەسەڵاتەکان، ئاینەکان، مژدەکان، خەونەکان، ستراکتۆرێکی نادیاریکراوی تارماییین؟ کەواتە تارمایی کۆمەڵێك دیوی هەیە، فرە ڕەهەند، فرەئاقار، فرە ڕوو، فرە دیووە، لێرەوە ئەتوانین بڵێین تارماییەکان زۆرن‌و هەر تارماییەکیش بۆخۆی هەڵگری کایەیەکی جیاوازی ڕوانین‌و بۆچوون‌و زانینە، هاوکات بەدیوێکی دیکەدا هەڵگری نادیاریو فرە بۆچوونیو دژاودژەو تێنەگەیشتن‌و گوزارشتکردن لەسەلەفیەتو بیری کۆن‌و ئامۆژگارییەکانی نەوەکانی پێشوو. زۆرجار تارماییەکان لەدوورەوە باس لەدنیای ئەوڕۆو جیهانگیریو فەلسەفەی نوێو ئاین‌و علمانیەت. . .تاد، دەکەن. تارمایی هەیە خۆی بەتازەگەریو نوێبوونەوەوە هەڵدەواسێتو تیرۆری نەوە نوێکانی دنیای ئەمڕۆی پێشکەوتن‌و گۆڕانکارییەکان دەکات. دواجار هەر لەڕێی کایە سەیرو سەمەرەکانییەوە وەك پەرجوویەك باس لەخەون‌و پڕۆژەی مەدەنیو هاوچەرخ دەکات، هاوکات تارماییەك ڕاڤەی سەلەفیەتو کۆنەپەرستیو ڕەخنە لەترادسیۆنی باو دەگرێ، بەدیوێکی تر داو لەڕێی دیوە تاریکەکانی خۆیەوە دەبێتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتن‌و نوێبوونەوەداو دەبێتە زمانحاڵی دیموکراسیەتو مافی

مـــرۆڤ، دواجـــار بـــەدیوێکی دیکەشـــدا مـــرۆڤ لەهەمبەریـــدا دەکەوێتـــە بەرامبـــەر ئـــازادیو تـــیرۆرەوە، ســـەلەفیەتو تازەگەرییەوە....هتد. کەواتە تارمایی لەناخی هەموو یەکێك لە ئێمەدا دەژیو بەردەوام لە نوێبوونەوەشدایە.

تارماییـەکان لـە دەرەوەی سـەلەفیەتدا نـاژین، گـەر تـەنها بـاس لـەخودی ئـەم مەسـەلەیەش بکـەین وەك فەرهـەنگ، وەك ئامرازێك کـە چـەندین پانتـایی بـۆ دابەزانـدنی تارماییـەکان ئەرەخسـێنێ. واتـە دیـوە تاریـكو نادیارەکـەی سـەلەفیەت گومـانی گەورەو پرسیاری ئاڵۆزمان لادروست دەکات، بەم پێیە ناتوانین شوناسێکی دیـاریکراو بـۆ سـەلەفیەت دیاریبکـەین، هاوکـات خـۆی بۆخـۆی چـەمکێکی دیـاریکراو نییـە تـا لەرێیـەوە مانایـەکی دیـاریکراوی بـۆ بدۆزینـەوە. ڕەنگـە سـەلەفیەت پێکهاتـەی چـەند مانایەکی نادیاریکراو بێت لەمانایەکی گشتگیرو دیاریکراودا. کەواتە پێکهاتەی چەند مانایـەکی جیـاوازە، لەبەرئـەوە لـەرێی ئـەو ماناو مەدلولانەی خۆیەوە ڕوانینەکانی خۆی ئاراستەی دنیاو فەرهەنگو رۆشنبیریو سیاسەتو حوکمڕانی دەکات، وەك حـزب، وەك ناوەندو دەزگای هاوشێوە کە مەرجەعی بنەڕەتی خۆی لە فەرهەنگی نەوەکانی پێشوودایە.

لەلایـەکی دیکـەوە سـەلەفیەت وەك چـەمکێکی بـاو لـەدنیای ڕۆشـنبیریو فەرهـەنگی میلەتانـدا وەك بیروبـاوەڕە کۆنـەکانو دۆگماکان سەیردەکرێ، یان چەمکی نەوەکانی پێشووە لەئێستادا بۆ ڕاڤەکردنو خوێندنـەوەی ئێسـتاو ئاینـدەو گۆڕانکارییـەکان. هاوکات سەلەفیەت وەك مۆدێلێکی دیکەی ئاینی یان ڕەوتێکـی تـەواو جیـاوازی ئـاینی لەفەرهـەنگی ئیسلامناسـیدا تۆمـاردەکرێ. بەڵام سەلەفیەت مـۆدێلێکی دیـاریکراو نییـەو شوناسـێکی دیـاریکراوی نییـە، هـەروەها فەرهـەنگێ نییـە گەردوونگـەرای ئێسـتاو ئایندەی خۆی بکات، بەڵام ئەکرێ بڵێین سـەلەفیەت وەك تارمـایی فەرهـەنگێکی شـێواو تـەواو دابـڕاو لـەدنیا، بێبـەش لەئێسـتای گۆڕانو ئەرکە هەرە بنەڕەتیـەکاتی مرۆڤایـەتی بیروبـاوەڕێکی نادیـاریکراوی دوولایەنەیـە کەتیایـدا گوزارشـت لەئێسـتا دەکـرێو هاوکات هەنوکە نـەوەی گـۆڕانو نـەوەی نـوێی رۆشـنبیریو بـوارە رونـاکبیریو تـەکنۆلۆژیو سیاسـیو ئابوریـەکان دەکەونـە نێـو ناکۆکییەکی سەرتاسەرییەوە بۆ رێکخستنو گونجاندنی تارماییەکانی نەوەکانی پێشوو لە دنیای نوێدا .

بـەختیار عـەلی پێیوایـە سـەلەفیەت بـەردەوام خوازیـاری ئەوەیـە خـۆی لەسـەردەمە تازەکانـدا دووبارەبکاتـەوە... کەواتـە سەلەفیەت بەردەوام لەهەوڵی دۆزینەوەی شوناسـێکی دیـاریکراو، مـۆدێلێکی دیکـەو، سـەردەمێکی خۆبـژێوو دنیاکـەی خۆیدایـە، کەواتە بەردەوام خۆی بەخاوەنی هەموو ئەو سەردەمانە دەزانێت، بە خاوەنی هـەموو حەقیقەتـەکان، یاسـاکانی ژیـان لای ئـەوە، دواجار خۆی بەخاوەنی کۆی ئەو بەهەشتانە دەزانێت کە ئەگەری خەیاڵ دەیانگرێتەوە، هەروەها خـۆی بـەخاوەنی هـەموو ئـەو دۆزەخانەش دەزانێت کە ئەگەری لادانو بـێ بـاوەڕی دەیانگرێتـەوە، فەرهەنگێکـە بـۆ قـۆرخکردنو دەستبەسـەراگرتنی ڕوانینـە جیاوازەکان، هەمیشە لەهەوڵی بچوککردنەوەی ئارەزوو و خەونەکانی نوێخوازیدایە.

سەلەفیەت؛ گەر خەونێکیش بێت، ئەوا ئەفسانەیەکی دێرینـی نـەوەکانی پێشووە. خەونێکـە بـۆ وێنانـدنی جیهـان لەتاکـە یەك وێنەدا، بەڵام ئاڕاستەو فەزایەکی دیاریکراوی نییە. بەردەوام ئـەو جیاوازییـە ئاشـکرایەی لـەنێوان تـاك ئاڕاسـتەییو دیـووە نەبینراوەکانی ئاراستەکانی دایە، بووەتە خوڵقاندنی وێنەی جیاواز بەدەوری خۆیدا، ئەو وێنە ئەفسانەییانەی لە کایـەکی نوێـدا خـۆی نمایشـدەکات دەبێتـە هـەڵگری وێنـەی عەدالـەتی کۆمەڵایـەتیو بـیری نـەوەکانی پێشـوو، ئـیرادەی کۆمەڵایـەتی، دۆزی نەتەوایەتی، دەسەڵاتی بـاوەڕە سـەرەتاییەکانی هەنوکەو خـەونی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتیو خواسـتی نـوێی سیمای شارسـتانی وەك پرۆسەی هەڵبژاردن، دیموکراسیەت، ئـازادیو سەربەسـتیو مـافی چارەی خۆنووسـین، جیهـانگیری، بـازاڕی ئـازاد... تـا تـەواوی دروشمـەکان..... لێـرەوە سـەرجەم ئەنـدامانی کۆمـەڵ داوەتـی ژیـان دەکـرێنو لـەڕێی ئـەو کـەناڵو مژدانـەوە دەگەنـە وادەی بەهەشتو خۆشگوزەرانییە وەهمییەکانی سەلەفیەتو ئەو ناوەندە رەجعیانەی نەریتی داخراوی نەوەکانی پێشوو..

یەکێك لەخواستە هەرە ژیارییەکانی ئەمڕۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانیو ئارامی سیاسیو مسۆگەرکردنی بژێوی ژیانە بۆ کۆمەڵگەو ئەندامانی کۆمەڵ، لەجیهانی ئەمڕۆدا ئەو خواستە بەردەوام لەململانێ دایە، پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەموو شوێنێکدا لەوپەڕی باشووری کەمدەرامەتەوە تا ئەوپەڕی باکوری دەوڵەمەند لە سەرقاڵی دابینکردنی ئەو خەونە کۆمەڵایەتەدان. زیاتر؛ خۆشگوزەرانی کارتێکە بەدەست هەموو پالێوراوێکەوە، چەکێکە بەدەست هەموو سەربازێکەوە، خەونێکی ڕەنگاڵەیی حزبە، مەزهەبێك نییە لەدنیادا باس لە خۆشگوزەرانیو ئاسودەیی مرۆڤ نەکات، ئاینێك نییە لەدنیادا ئاسودەییەکانی مرۆڤی بەلاوە مەبەست نەبێتو نەیکات بەدروشم، ئایدۆلۆژیایەك نییە لە دنیادا بە چەپو راستەوە ئاسودەگیو خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی نەخستبێتە بەری پێشەوەی دروشمو خواستە وەهمەییەکانییەوە، لەبەرئەوە ئەو دوو چەمکە زۆر تازەنین، لەڕاستیدا کۆنترینو فەقیرترین چەمکن کە مرۆڤایەتی لەسەرەتای شارستانییەتەوە دەستەمۆیکردونو بەپێی خواستەکانی خۆی بەکاریاندەهێنێت، هاوکات دیموکراسیەتو مافی مرۆڤ وەك دروشمێکی گەردوونی، سەلەفیەت ڕاژەی جۆراوجۆری بۆ دەدۆزێتەوە، وەك کەرەستەیەکی خاو لەکارخانەکانیدا بەکاردەبرێ، شێوەی هەمەجۆری لێدروست دەبێ، کەواتە شێوەیەکی تەواو پیشەیی یان هولامی وەردەگرێ، کە تا ئەندازەیەك هیچ ڕوانینێکی کۆمەڵایەتی لەتوانایدا نەبێت رەمزەکانی ڕاڤەبکات، گرێکانی هەڵوەشێنێتەوە، ئامازەکانی یەکلابکاتەوە.

بۆنموونە دیموکراسیەت رەمزێکی بەرفراوانە بۆ داگیرکردنی پانتاییەکانی بیرکرندنەوەو بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی. کەس نییە لەدنیای ئەمڕۆدا خوازیاری ئەم مۆدێلە نوێیەی ژیان نەبێت. هاوکات سەلەفیەتیش لەڕێی چیرۆکەکانیەوە وادەی ژیانێکی دیکەو حوکمێکی دیکە، خەونێکی دیکە دەدات بەکۆمەڵو گروپو تاکەکەس.

لەهەندێ شوێنی دنیادا بنەڕەتخوازەکان وەك فۆرمێکی ئاینی خوازیاری کۆنترۆڵکردنی پانتاییەکانە، لەڕێی کەناڵەکانیەوە ڕۆدەچێتە نێو هەرێمەکانی کۆمەڵو دامودەزگا کۆمەلایەتیو رۆشنبیریو فەرهەنگییەکانەوە. لەو دنیایەشەوە بانگەشە بۆ ژیانێکی دیکە دەکات، فۆرمێکی دیکە بۆ ژیان پەخش دەکات، ناچار لەژێر سایەی کایە ئەفسانەییەکانیدا سەودای مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکات، بنەڕەتخوازی وەك هەموو ناوەندێکی رۆشنبیریی یا فەرهەنگی یان سیاسی، شێوەی نوێی ژیانو گەڕانەوە بۆ ڕیشەی مێژوویی کە تیایدا ئارەزووە دەستەمۆکراوەکانی مرۆڤ بەهەند دەگیرێو لەمڕۆدا ئێستاو ئایندە تاوتوێ دەکات. هەرگیزیش دەستبەرداری ئەو پێگەیە نابێت، پێگەی نوێکردنەوەی خۆی، نوێکردنەوەی ئارەزووەکانی، نوێکردنەوەی کایەکانی( بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم تێزە بگەڕێرەوە سەر سەلەفیەتو کەلاوە مەعریفییەکانی). کەواتە ئاخۆ سەلەفیەت لەدنیای کامە ئەفسانەوە حیکایەتەکانی دەگێڕێتەوە ؟ لەکامە کەناڵەوە باس لەدنیای ئەمڕۆ دەکات؟ کامە دروشم لەدنیای ئەوڕۆدا دەکەوێتە تەداولو ئاڵوگۆڕکێی سیاسیو فەرهەنگییەوە؟ نەوەکانی ئێستا لەدەروازەی کامە ڕوانینەوە دەگەنەوە بەنەوەکانی پێشوو؟

ئەفسانە تامەزرۆبوونێکی هەمیشەیی مرۆڤە دەرهەق بەپێشینەو بەسەرچوونی دنیای خەونەکان. حیکایەتێکی سەرتاسەری مرۆڤەکانە بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو و ئێستاو ئایندەو تێگەیشتن لە دیاردەکان. تەواوی ژیاریش بەپێی پێکهاتەو کایەو ناوەندو کەنارو پانتایی تەباو ناکۆك دابەش دەبێت بەسەر دووبەرامبەری جیاوازدا کە کۆمەڵناسەکان تاکو ئێستا هەندێکیان لەو تەبایيو ناکۆکییە پۆلینکردووە: کۆمەڵناسی غەرقی دووانەیی بووە: فەرهەنگو بونیاد، گۆڕانو جێگیری، بزوێنەرو جوانکارییەکان، تاکێتی میتۆدیو کۆمەڵی، بەخواستی خۆو بەزۆر، سروشتیو رەسمیەت، بابەتیو خودیی، ڕاستیەکانو بەها، یەکە بچووکەکانو گەورەکان، ماتریالیزمو ئایدیالیزم. ئەقڵانیەتو نائەقڵانیەتو شتی دیکەش. هەرچەند ئەم دووانەییانە هەندێکجار سوودبەخشن وەك دابەشکارییە شیکارییەکان، بەلام زۆرجار دەبێتە هۆی سەرئەنجامێکی خراپ، کە بریتییە لەشاردنەوەی ڕوخساری پشتیوانی ئاڵوگۆڕکێی نێوان دیاردەکان. وە زۆرجار زانایانی بواری کۆمەڵایەتی کارلێکدەبن

بەئیشکالیاتێك کەهیچ پێویست نییە، بەوەی تاکە لایەنێك لەو دووانەییانە دەگرن‌و بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەن کە گرنگی زیاترە. تیۆری فەرهەنگی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە پێویست بەهەڵبژاردن ناکات لەنێوان کۆمەڵ‌و تاکی‌دا. بۆنموونە یان لەنێوان بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان لەنێوان گۆڕان‌و جێگیریدا. لەڕاستیدا ئێمە هەوڵدەدەین بەلگە بهێنینەوە لەسەرئەوەی کە پێویستییەك هەیە بۆ ئەوەی هەڵنەستین بەمە(واتە جیاکردنەوەی دووانەییەکان‌و بەرز ڕاگرتنی هەندێکیان"[10]

جیاکردنەوەی کایەو پێکهاتەکانی فەرهەنگ، تاوتوێکردن‌و دروستکردنی دووانەیی ناکۆك لە ئەنجامدا، هەوڵێك بووە بۆ دیاریکردنی شوناسی شارستانییەکان، هەروەها سەرەتایەکی مەعریفی بووە بۆ تێگەیشتن لە ڕووکاری دیاردەکان‌و ڕاڤەکردنێکی سەرەتایی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و پێکهاتەکانی ژیاری. گەلێ گۆشەنیگای جیاوازو هەمەجۆر هەیە لەمەڕ جیاکردنەوەو پۆلینکردنی فەرهەنگ‌و کولتورو میرات‌و ژیاری. لێرەدا تەنها مەبەست لەگەڕانەوە نییە بۆ بیروباوەڕی ئەو بیرمەندانەی لەم بابەتەدا باس‌و ڕاڤەکردنی جیاوازیان هەبووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە خاوکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییە خێرایەیە کە هاتووە بەسەر فەرهەنگ‌و شارستانیەت‌و ژیاری‌و دیاردەکاندا، بەواتایەکی دی ڕامانە لەچەمکەکانی ناوەوەی گۆڕان‌و تارماییەکانی نائاگایی مرۆڤایەتی.

"زیمیل" ئەوەمان بیردەخاتەوە کە" بەهای بوونی مرۆڤایەتی جیاوازیەکی گەورەی هەیە لەبەهای کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی ئەوەی کۆتایی لەبنەڕەتدا هەڵئەستێت بەکارکردنە سەر تاکەکان، بەڵام بەها مرۆییەکان بوونی ڕاستەوخۆی مرۆڤی لەخۆگرتووە"[11] ، گەڕان بەدوای شوناسی دیاری مرۆڤایەتی‌و بەهاکانی مرۆڤو کاریگەری لەسەر ڕووبەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ژیاری‌و ئاینی‌و چەندین بواری جیاجیا کە ڕۆڵی سەرەکی تیایدا بینیوەو دەبینێ. یەکێکە لەئەرکە هەرە گرانەکانی ڕاڤەکردن بۆ دیاریکردن‌و شیکردنەوەی ئەو جیاکاریانەی کە لەسەرەوە باسیان لێوەکرا، خەسڵەتی ئەو ناوەندو ڕووبەرانەی کە مرۆڤایەتی تیایدا کاریگەرەو پەیوەندییە مرۆییەکانی خودی خۆی تیادا گەڵاڵە دەبێ‌و قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی تیادا بەسەردەبات. لێرەدا بەهۆی بەریەککەوتنی ڕاستەخۆی ئێمە لەتەك شتەکان‌و ناوەندەکان‌و پێکهاتەکاندا بەرامبەر دەوەستینەوە لەگەڵ خودی خۆماندا وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌و دەرەوەی خۆمان وەك خواست‌و گۆڕانکاری‌و دیاردە جیهانییەکانی وەك جەنگ‌و وێرانکاری‌و ئارامی‌و دیموکراسیەت‌و مەدەنیەت‌و لیبرالیەت‌و بازاڕی ئازادو کرانەوەی کۆمەڵگەو کۆمەڵگەی خۆشنودگەراو کۆمەڵگەی داخراوو دواکەوتوو، سەرەڕای فەرهەنگی جیاوازی میللەتان تاك‌و کۆمەڵ لەهەر جێیەك بن، لەهەر زەمەنێکدا بووبن، لەهەر بارودۆخێکدا بووبن هەمیشە خوازیارو داواکارو هەڵگرو وەرگری میرات‌و کەلەپووری نەتەوایەتی‌و ڕەگەزی‌و فەرهەنگی خۆیان بوون. پێداویستییە ئابوری‌و ژیانیەکانی مرۆڤ لەبەری پێشەوەی سەرجەم پێداویستیەکاندا بووە، بەڵام بەها مرۆییەکان قۆناغێکی پێشکەوتووی ژیاری بووە بۆ دیاریکردن‌و پۆلینکردن‌و بەخشینی ماناو هێمای جیاواز بە ژیان‌و پەیوەندییەکان.

ڕووبەرێکی دیکەی ڕاڤەکردنەکەمان تەرخان دەبێت بۆ دیاردەی تازەگەری‌و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان‌و بیروباوەڕو ڕوانین‌و خەیاڵە ڕۆمانسیەکانی مرۆڤو ویژدان‌و هەستی سۆزئامێزی دنیای ڕووبەرە پیرۆزەکانی ئاین‌و ئەرکی خوداو جیابوونەوەی خودو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی بابەت‌و تایبەتمەندییە ئەفسانەییەکانی بیری مرۆڤایەتی. ئالان تۆرین پێیوایە: تازەگەری ئەو جیهانە پیرۆزەی پارچە پارچەکرد کە لەیەك کاتدا خودایی‌و سروشتی بوو، وە بوونەوەرو شەفاف بوو

[10]نظرية الثقافة، مجموعة من كتاب، ترجمة:د.على سعيد الظاوى،طبعة الاولى1997،ل95

[11] العولمة" النظرية الاجتماعية الثقافية والكونية، رونالد روبرتسن، ترجمة: احمد محمود، نورا امين، ل(53-54)

بەرامبەر ئەقڵ، بەڵام جیهانی ئەقڵو جیهانگیری شوێنی نەگرتەوە، تازەگەری ویستە کۆتاییەکانی بۆ جیهان ڕاگەیاند، چیتر مرۆڤ ناتوانێت پێی بگات، جیابوونەوە دامەزرا لەنێوان خودی دابەزیوو لەئاسمانەوە بۆ زەوی کە ڕوخسارێکی مرۆیی بۆخۆی وەرگرتووە، لەنێوان جیهانی بابەتەکان کە تەکنیکات گەمەی پێدەکات. تازەگەری ئەو یەکبوونە جیهانییەی کە ئیرادەی خودایی دروستی کردبوو، داگیرو وێرانکرد. یان ئەقڵ یان مێژوو، هاوکات بەئەقلانیکردنو ئەنجامگیرکردنی خود جێی گرتەوە."[12] ، فەرهەنگ پردی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لەنێوان رەخنەکانی تازەگەریو ترادسیۆنی باوی کۆمەڵایەتیو کولتوریو میراتی مێژوویی نەتەوەو مرۆڤایەتیدا. لەم تێزەوە خاڵی هاوبەشی باسەکەمان دیاری دەکەین. ئالان تۆرین لەڕێی ئەو تەفسیرەوە خاڵی بیرکردنەوەی باسەکەمان دەوروژێنێ : سنورە وەهمیەکانی ئەو جیهانە پیرۆزەی کە پێیوایە لەیەك کاتدا خوداییو سروشتییە، هاوکات فەرهەنگو میراتە، بیروباوەڕی نەوەکانی پێشووەو ڕوانینی هەنوکەیی نەوە نوێکانی ئەم چەرخەیە. پەیوەندییەکانی دیاریدەکاتو گەلەڕوانینێکی ناکۆك دەخولقێنێ، بەڵام لێرەدا بەناچاری دەبێ ئەو پرسیارە ئاڕاستەی ئەو پەیوەندییە راستەوخۆیە بکەین کە بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئایا دەسەڵاتی مانا لە فەرهەنگدا میراتێکی بەجێماوی نەوەکانی پێشوو نییە بۆ ڕاڤەکردنی هێماو شفرەکانی ئەم سەردەمەو ژیان لە ئێستایەکی وابەستە بە رابردوویەکی نادیاریکراوەوە؟ ئایا ترادسیۆنی کۆمەڵایەتیو کولتوری لەبەریەککەوتنێکی بەردەوامدا نییە لەگەڵ نوێبوونەوەی خوێدا، داخۆ ئەو پانتاییە جیهانییەی نێوان دنیای پیرۆزی لەماناو گەوهەردا تەبایە یان لەناکۆکی خۆیدا گەمە بەمرۆڤایەتیو ماناکان دەکات؟ سەرەڕای ئاڵۆزیو پەرشوبڵاوی میراتی کولتوریو فەرهەنگی مرۆڤایەتی، تائەمڕۆکە زۆرێك لەو میراتە روحیو فەرهەنگیانە نەبوونەتە پاشماوەو ئاسەوار لەپەراوێزداو کاریگەری جیهانی خۆیان بەسەر دنیای ئاینو خەیاڵی مرۆڤی مۆدێرنەوە بەجێهێشتووە؟ سەرەڕای ئەم پرسیارانە، پرسیارێکی دەروازەیی دێتە گۆڕێ کە مەحاڵە لەم باسەماندا جێی بایەخی بەهەندنەگرین، پرسیارەکەش بریتییە لە: ئایا فەرهەنگ لەکام پانتایی ژیاری مرۆڤایەتیدا دەگوزەرێو پەیوەندیەکی ئەوتۆی دروستکردووە لەنێوان خودی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی وەرگرو کایە کۆمەڵایەتیەکانی فەرهەنگو ژیاریدا؟ فەرهەنگ لەڕێی پێکهاتە هاوجۆرو هاوتەباو جیاوازو ناکۆکەکانیەوە بەسەر چەند ناوەندو پانتاییەکی جیاوازو وێکچوودا دابەش دەبێ، پۆلینکردنی ئەو ناوەندو بازنە دابەشبووانە، لەوڕۆدا کارێکی قورسە، چونکە تێکئاڵۆزیو پەرشوبڵاویو هاوپەیوەندی هەمەجۆری خودی فەرهەنگ بەپێکهاتەکانی دیکەی ژیارییەوە پۆلینکردنو ئاشکراکردنی ڕەچەڵەکی ڕیشەیی ئەو ناوەندانە گرانو گرانتر دەکات. هاوکات بەدەر لەم گۆشەنیگایە، دیدگایەکی دیکە هەیە کە لەڕێی شیکارکردنی کولتورەوە دەچێتە سەر پۆلینکردنی پانتاییەکانی. کولتور : سەرباری ئاڵۆزبوونی لەسەردەمی نوێدا، ئەم پێکهاتانە دەگەیەنێ : زمان، ئاین، ئایدۆلۆژیا،بیری نەتەوایەتی، سیاسەت، میرات، بیروباوەڕ، دنیای شتە پیرۆزەکان، دنیای شتە ئاساییەکان، پەیوەندی کۆمەڵایەتی،. . .تاد. سەرجەم ئەم پێکهاتانە پەیوەندێکی ئەوتۆیان هەیە بەیەکترییەوە، بەدەر لەو پەیوەندییە دەرەکیەش پەیوەندیەکی نێوخۆیش لە ئارادایە. گەر لێرەدا تەنها ئاماژە بدەین بە ئاین، ئەوا ئەو پەیوەندییە کولتوریو کۆمەڵایەتییە هاوبەشمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکانەوە هەیە، ڕەنگە لەڕێی کاریگەری سروتە ئاینیەکانەوە ئەو دەرئەنجامەمان بۆ ڕوونببێتەوە : دورکایم گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە سروتە ئاینیەکان، هەستی تاکەکەس زیاددەکات، بۆ پابەندبوونی بە کۆمەڵەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەستبوونی تاکەکەس لە ئاستی وێرانکردنی ئەوی دیدایە، بە واتایەکی دی زیادبوونی هەستی پەیوەستبوونی تاکەکەس بە کۆمەڵەوە شێوازی ژیانی تاکەکەس وێراندەکات، کە پێشکەشدەکرێ بە ئازادبوونی تاکەکان لە کۆنترۆڵی کۆمەڵەکان، بەڕای ئێمە سروتە ئەرکئامێزەکان بۆ یەکسانیو ئاستەکانە، بەڵام ئەرکێکی تاکەکەسی نییە)[13] ، وێناکردنی فەرهەنگی وێرانکردنو سڕینەوەی ئەوی بەرامبەر لە

---

[12] الان تورين، نقد الحداثة، ترجمة: انور مغيث، دار المجلس للاعلى للثقافة، مشروع القومي للترجمة، 1997، ل23

[13] نظرية الثقافية، ل230

دەرەوەی گروپ، پێشکەشکردنی پەیوەستنامەیەکە لە نێوان تاکەکەس‌و گروپدا، واتە ئاین یان کۆمەڵ، دەستەو تاقم‌و تیرەو خێڵێکی دیاریکراو. دۆرکایم لەڕێی سروتە ئاینیەکانەوە ئەو پابەندبوونە سەرتاسەریەی تاکەکەس بە تەواوی ئەو دوو دنیایەوە، ئەو پابەندبوونە سەرتاسەریەی تاکەکەس بە کۆمەڵ‌و ئاینەوە ڕادەگەیەنێ، بەلاّم ڕەنگە مرۆڤەکان لەڕێی وێناکردنەوە بگەنە پابەنبوون‌و وێرانبوون‌و خەیاڵ، یاخود ڕەنگە تاکەکەس لەڕێی دیووی دووەمی خۆیەوە کە خەیاڵە بگاتە گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕی نەوەکانی پیسّشوو، بگاتە بێدەربەستییەکی هەمیشەیی لەتەك خۆی‌و خەیالگە هەمیشەییەکانی نائاگایی کۆمەلاّیەتی کۆمەڵ. لێرەدا ڕادەوەستین؛ بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین کولتوری وێناکردن‌و فەرهەنگی ئاینی ڕاڤەبکەین‌و مێژووی پڕ هزری ئاینی گەلان تاوتوێبکەین. ڕەنگە لەم باسەدا تەنها کۆمەڵێك مەودای بیروباوەڕی ئاینیمان ڕاڤەکردبێ.

*　　　　*

*

# دیالۆگ‌و رەخنە

**دەربارەی :**

**کۆمەڵگا، کولتور، دەسەڵات**
**نەوەی نوێو کۆمەڵگای داخراو**
**رۆشنبیرو دەسەڵات**

**پاشبەند**

# ناسینی رۆشنبیرو
# دیاردەکانی رۆشنبیری

**رامان/با بزانین رۆشنبیری کاریگەر لەناو کۆمەڵگادا کامەیە، چۆن کەسانی خوێندەوار لەکەسانی رۆشنبیر جیادەکرێتەوە...؟**

ئاسۆ جەبار: هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لە کۆمەڵگای کوردییە، کەواتە پێویستە زۆر بەئاگاییەوە بڕوانینە ئەم بابەتە، ئەوەی لێرەدا من دەخاتەوە بەردەم بەرپرسیارێتیو گفتوگۆوە ئەو دەروازەیەیە کە بەسەر کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە، دیارە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی کراوە نییە، هاوکات ناچێتە ریزی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیاوەو تازەپێشکەوتوش نییە، هەروەها تەواو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوش نییە، نەکۆمەڵگایەکی پیشەسازییەو نەتەواو کشتوکاڵیەو نەتەواو پشتی بەبازرگانی گشتیو بازاری ئازاد بەستووەو هاوکات کۆمەڵگایەکی سەربەخۆش نییە. لەڕووی ئابوورییەوە تەواو ژێرخانێکی وێرانو بێمیراتو بێ کۆڵەکەی هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کاریگەری خۆی لەسەر کایەو دامودەزگاکانو بونیادی تەواوی کۆمەڵگاو سیاسەتو ئاین جێبهێڵێت. سەرباری ئەوەش زیاد لە چەند سەدەیەکە کورد شوناسی دیاریکراوی خۆی نەبووەو بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوونو فەوتانو جینۆسایدو وێرانکاریدا بووە، هیچ ئەمارەتێکو نیمچە دەسەڵاتێکی تا سەروەختێکی دیاریکراوی بەڕێوەبردنو حوکمکردن بڕی نەکردووەو نەگەیشتووەتە ئەوەی ئیدارەو دەسەڵاتی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا.

هەر لە سەرەتای شارستانییەتەوە تا ئەم سەروەختە کۆمەڵگەی کوردی بەداخراوییەکانی خۆیەوە ماوەتەوەو بەردەوام لەخۆ بچوککردنەوەو پەراوێزبووندا بووە، لەم کەنارەوە بۆ ئەو کەنار، تا ئەوپەڕی داخران دەروازە شارستانییەکانی دنیای بەسەردا دادەخراو لەدەرەوەی بزاڤی ژیاریداو لەدەرەوەی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو ئاستی پێشکەوتنی کولتوری ژیان بەسەردەبات، لێرەدا کە باس لەدەرەوەی بزاڤی ژیاری دەکەین، مەبەستمان بێئاگاییو نابەرپرسیارێتی گەلێکە بەرامبەر کۆمەڵگاو پێشکەوتنو گۆڕانکاریو، کولتورو رۆشنبیری، ئاگایی، ئاین، هاوسەنگی هێز، دەسەڵاتو کایە گۆڕاوەکانی ژیاری. ئەوەش بۆخۆی دابڕانێکی سەرتاسەری ژیارییە لەبەرپرسیارێتیو بەشداریکاری قوناغەکانی گەشەکردنی رۆانیننی مرۆڤایەتی بۆ دنیا.

رۆشنبیریش زادەی ئەم کۆمەڵگاو کولتورو، ئاین، سیاسەت، ئابوریو ژیارییە. لەبەرئەوە کاتێك باس لە رۆشنبیری دەکەین دەبێت باس لەو ئاستانەش بکەین کە ئاگاییەکانی مرۆڤ گەورە دەکات. لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی زۆر سەرتاسەری هەموو یەکێك لەمانە پێکەوە دەبەستێتەوە، رەنگە من تەنها لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیو کۆمەڵناسییەوە ئاماژە بدەم بە رۆشنبیریو کاریگەرییەکانی، رۆشنبیر یەکەیەکی دانەبڕاوی ژیارییەو ئامادەبوونێکی پێبەندی هەیە بە ژیانی رۆژانەو فەرهەنگو کۆمەڵگاو گۆڕانکارییەکانەوە، هیچ گۆرانێك نییە لەگۆڕانکارییە ژیاریو سیاسیو ئابوریو فەرهەنگییەکانی دنیا باکگراوندێکی رۆشنبیری بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەپشتییەوە ئامادە نەبێت. کەواتە شتێك نییە بە ناوی رۆشنبیری رووتو دامڵراوەوە. هاوکات شوناسێك نییە بەتەنها، دابڕاو لەئاستەکانی دیکە، دیاردەیەك لەدیاردەکان، دنیایەك لەدنیاکان دابڕاو لەمەوداکانی دیکە.

لەم دەروازەیەوە دەگەینە سەر پەیوەندیو ئەرکی ڕۆشنبیری لەنێو کۆمەڵگادا :پانتایە بەرینو بەرتەسکەکەی ژیاریو کۆمەڵایەتی پەیوەندیگەلێکی شاراوەو نادیارو ئاشکرای حەشارداوەو ئەم پەیوەندیانە تەواوی ئەو ڕەهەندانە دیاریدەکەن کە لەنێو خودی ئەو پەیوەندیانەدا کاریگەری یان جێگری خۆیان بەسەر کایە یان پانتایەکەدا جێدێڵن . کەواتە ئەرکی ئەو پانتاییانە چیە لەکۆمەڵگادا ؟، شوناسی ئەو پەیوەندیانە چین ؟ کاری کۆمەڵایەتی کایە ڕۆشنبیریو ژیاریەکان چین لەسەر ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگەو قۆناغە ژیاریەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتورییەکان؟ لێرەدا تەنها دەتوانین باس لەئەرکی ڕۆشنبیری بکەین لەنێو پانتایە کۆمەڵایەتیەکاندا. لە دەروازەی سەرتاسەریگەرایەوە بۆ ڕۆشنبیری بەو پەیوەندیانە ئاشنادەبین، ڕۆشنبیری بەدیوێکدا ڕاگەیندراوە کە بۆخۆی ئەو ڕووە دیارو ئاشکرایەتی کە ئامەدەبوونێکی بەردەوامی هەیە لەژیانی کۆمەڵایەتیو ژیاری. هاوکات رووە نادیارو دیوە نائاشکراکەی ئەو رۆشنبیرە دیاری نییە کە ئامادەبوونێکی نادیاری هەیە لەنێو نائاگایی کۆمەڵایەتیو ئاینو کولتورو ئاستە ژیاریو فەرهەنگیو سیاسییەکەدا. پەیوەندی ئەو دوو پانتاییە رۆشنبیرییە ئەرکێکی سەرتاسەرییان لەئەستۆدایە بۆ وروژاندنی کایە رۆشنبیرییەکانو هزری ترادسیۆنی کۆنو نوێ. سەرباری ئەوەش سەرجەم ئەو کەرەستە رۆشنبیریو ژیاریانە دەخاتە ژێر ئەزمونەوەو مامەڵەو سەودایان پێوەدەکاتو خۆی دەخاتە ململانێیەوە لەگەڵ نێوەندو کەناری ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگا. دەرئەنجام هاوکێشەکە دەبێتە کارلێکێکی هەمیشەیی کە تیایدا شوناسی پەیوەندییەکانی تاکەکەسو کۆمەڵگا لەگەڵ تەواوی ئەو پێکهاتە رۆشنبیریو کولتورییانەدا کارلێکدەکەنو دەکەونە نێو ململانێو بەریەککەوتنەوە. رەنگە دوا بەرهەمی ئەو کارلێکە تەنها کۆی ئەو پەیوەندییانەی مرۆڤ بەرجەستە بکات بە کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانەوە، یان لەوانەیە دامەزراوەکان دوابەرهەمی ئەو ململانێیە بن. بەڵام دواجار کایەکی دیکە دێتە ئاراوە کە ناکرێ بگەینە دڵنیابوونەوەیەکی بێسنور دەرهەق بەو ناکۆکییە گەوهەرییەی کە لەنێوان خۆیو پانتاییو پەیوەندیانەدا گەڵاڵە بووە. کەواتە بۆ دەرچوون لەو هاوکێشەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوەو سەراپا رۆتینێکی وێرانکارەی پێویستە، بەلایەنی کەمەوە رۆشنبیر خۆی لەکۆی ئەو پەیوەندیانە قوتاربکات کە لە چوارچێوەی دەدەنو لەپانتاییەکی ترادسیۆنیدا بەرجەستەی دەکەن، واتە دەکرێ تۆوی یاخیبوون لەکۆی ئەو پەیوەندیانەدا بچێنێت. هاوکات رەخنەو هەنوکەرێژکردنی رەخنەیی روانینەکانی گەڵاڵەبکات. گەر ئەو رایە ئاڕاستەیەکی پەروەردەیی یان ئامۆژشانە وەرنەگرێت، ئەوا رەخنەی هاوچەرخو بێترسو ناتەباو ناهاوشێوەو دوور لە ترادسیۆنی باو ئەو کاریگەریو بوون بابەتییە دەخولقێنێت، هەر چەند کۆمەڵگا داخراویش بێت، بۆنمونە ئەوەی بۆ ئێمە ماوەتەوە لەناوەندە فەلسەفییەکەی یۆنانی کۆن ئەو گومانو رەخنەو

پرسیارە فەلسەفیانەیە کە تا ئەوڕۆکە بەشێوازی جیاجیا راڤەدەکرێو سەودایەکی مەعریفییان لەگەڵ دەکرێتەوە. هاوکات دنیای سیاسەتو ئابوریو کۆمەلآیەتیو کولتوریو رۆشنبیری بەسەرجەم بوارەکانیانەوە بەردەوام لەپێشدەم رەخنەو لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەو راڤەکردنی جیاوازدان.

ئەوەی ئێمەی کورد لە جیهان جیادەکاتەوە نابەرپرسیارێتیمانە بەرامبەر خودی خۆمانو ئەدەبو فیکرو سیاسەتو دنیای رۆشنبیریو دنیابینییەکان، بەرامبەر رەخنەو ناسینی ئەوی دی. ئێمە تا ئەوڕۆکە نەگەیشتوینەتە ئاستێکی باشی ژانری رەخنەیی. نەگەیشتوینەتە جیاکارییەکی ئەکادیمیو تویژکاری بۆ پۆلێنکردنی دنیای رۆشنبیری خۆمان، لەبەرئەوە تا سنورێکی نادیار کاریگەریمان لەسەر کۆمەلگاو کایەو پێکهاتە مەعریفیو فەرهەنگییەکان تەواو نادیارو هەڕەمەکییە. رەنگە هۆکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو میراتە شەقوشڕەی کولتوری رۆشنبیریمان کە بۆمان بەجێماوە. هەروەها پەرتەوازەییو ئەو ناتایبەتمەندییە رۆشنبیرییەی کوردیش هۆیەکی دیکەیە، هەڵبەت نەبوونی رەخنەش لەو نێوەندەدا هۆیەکی دیکەیە، بەلآم ئەوەی لێرەدا مەبەستی من دەیگرێتەوە ئەوەیە تا ئەوڕۆکە نەتوانراوە لەڕووی کۆمەڵناسی هاوچەرخەوەو بەپێی ئاستە پێشکەوتووەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاسەری زانستی بکرێت لەسەر کۆمەلگای کوردیو کایەو پێکهاتە رۆشنبیریو فەرهەنگییەکەی، ئەمەش بۆخۆی ئەرکێکە لەسەر شانی زانکۆو ناوەندە ئەکادیمییەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان.

هاوکات رۆشنبیری کوردیش لەدەرەوەی کۆمەلگاو کولتورو کایەکاندا ناژی، زادەی ئەو کولتورو بیرباوەڕانەیە، یان بەئاگایە، یان خۆی بۆخۆی دەستخەڕۆی نائاگاییەکی گەورەی کۆمەلآیەتییەو ناتوانێت لەو ترادسیۆنە کۆمەلآیەتییە دەربازبێتو گوتاری جیاوازو خوێندنەوەی جیاوازو بیروڕوانینو هەڵوێستەی جیاواز وەربگرێت، رۆشنبیری کورد پێی وایە گەر هەڵوێستەیەکی دژی هەبێت بەرامبەر کۆمەلگاو کولتورو دەسەلآتو حیزب، یان کەمێك رەخنەگرانە بڕوانێتە ئەو پێکهاتەو کایە کۆمەلآیەتیو کولتوریو ئاینیو سیاسیانە کە دەیخەنە پەراوێزەوەو فەرامۆش دەبێت، بەلآم بێئاگایە لەوەی کە ئێستاکە کەوتۆتە نێو ئەمبارێکی گەورەی پەراوێزو فەرامۆشەوە، واتە تا هەماهەنگ بێت لەگەڵ بیروباوەڕی نەوەکانی پێشوودا، تا دەسخەڕۆی نائاگاییەکانی کۆمەلگا بێت، تا ملکەچی ئەو دامەزراوانە بێت کە باوەڕیان وایە بەبێ گەڕانەوە بۆ ترادسیۆنی باوی کۆمەلآیەتیو سیاسیو ئاینیو کولتوری، مەحاڵە لەم سەردەمەدا بژی، ئەوا زیاترو زیاتر دەکەوێتە پەراوێزەوەو فەرامۆش دەبێت تا ئاستی لەبیرچوونەوە.

ئەوەی ئێوە باسی لێوە دەکەن، لەکاتێکدا رۆشنبیر لەوڕۆدا نازانێت باسی چی بکات، ئەوە قەیرانێکی دیکەیە، بەڕای من دەرئەنجامی ئەوانەی سەرەوەیە کە باسم لێوەکرد. هاوکات بەڕاستی هەمووەمان بەرپرسین لەدۆزینەوەی شاڕێکانی پەیامی رۆشنبیری نوێو رەخنەگرانەو ئەکادیمیانە. بەلآم دەکرێ پرسیارێکی دیکەش بکەین، ئایا کێ بەرپرس نییە؟، کێ بێئاگایە لەم پرۆسەیەو بەناوی رۆشنبیرو روناکبیریو دیاردە هەستیارەکانەوە قسەدەکاتو خۆی بەخاوەنی ئەو کەلەپورە رۆشنبیرییە دەزانێتو هاوکات خۆی بەخاوەنی ئێستاو داهاتوش دەزانێت؟ بەڕای من ئەوەی لەم بازنەیەدا دەخولێتەوە خاوەنی هیچ نیەو بێئاگایە لەدنیای رۆشنبیریو نوێگەریو پاش نوێگەریو سەرجەم قوتابخانە فیکریو فەلسەفیو ئەکادیمییەکانو هاوکات تەنها تاکە تێکستێکی بۆ نامێنێتەوە سەروەرییەکانی خۆی پێ برازێنێتەوە، چونکە رەهێڵەی دنیابینییە نوێکان تەڕو وشکی ئەو میراتییە رادەماڵێ.

**رامان: تا ئێستا لە کوردستاندا توخمە کاریگەرییەکانی پەیامی رۆشنبیری کورد بزرە، واتە رۆشنبیر نازانێت بەتەواوەتی باس لەچی دەکاتو باس لەچی ناکات، کێ بەرپرسە بە دۆزینەوەو خستنە سەر رێی پەیامێکی رۆشنبیری..؟**

ئاسۆ جەبار: وابزانم مەبەستی ئێوە گەر بەهەڵەدا نەچوبم، هەمان مەبەستی پرسیاری پێشووە، بەلآم لەدەروازەیەکی دیکەوە، لێرەدا دەکرێ بوترێ ئەرکی رۆشنبیری کورد چییە؟ نەوەك پەیام؛ کاتێك تەواوی ئەو ئەرکە رۆشنبیریانەی خۆمان روونەبێتەوە، ئەوکاتە دەبێت بیر لە پەیامێکی دیاریکراو بکەینەوە، گەر ئەو پەیامە هەمان دروشمی نەوەکانی پێشوو بێت،

ئەوا ناگەینە هیچو لەدەروازەی هیچ روانینێکەوە ناگەینە مەبەست، لێرەدا مەبەست لەوە نییە ئەرکو ماندوبوونی نەوەکانی پێشخۆمان بەهەندنەگرینو موجامەلەیان بکەین، بەڵکە پێویستە تەواوی ئەو میراتییە بخرێتە بەر رەخنەو لێکۆڵینەوەو بەرپرسیارێتییەوە، ئەوەی بۆ ئێمە عەیبو شەرمە ئەوەیە کە ئەو میراتە برێکی هەرە زۆری یاداشتو بیرەوەریو سەرگوزشتەی رۆژانەی خۆیان بووەو هیچی تر، ئەو میراتە شتێکی تیادا نییە بەناوی ناکۆکیو ناتەباییەوە، هەمووی لەهێڵێکی گشتیدا یەکدەگرێتەوە، بەکەمێك جیاوازی زۆر بچوکەوە، بەردەوامبوونی زامن کردووە. هەڵبەت ئەوە روانینە رەخنەییەکانی خۆمە دەربارەی کولتوری نەوەکانی پێشوو، دواجار باریگرانی ئەو بەرپرسیارێتییەش ناکەوێتە سەرشانی ئەوانو میراتەکەیان، بەڵکە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمەی هەتیوو، دابڕاو لە دنیای نەوەکانی پێشوو، بێبەش لەمێژوو و ئاییندە.

**رامان/ هەمیشە رۆشنبیران گازندەو گلەیی لە سیاسەتمەداران دەکن لەسەر ئەوەی لەبواری بەڕێوەبردنو دەسەڵاتدا دەمارگیرنو رای پێچەوانە لەیەکتر قبوڵناکەن، باشە رۆشنبیران خۆیان لەناو کایەکانی زانینو لەئاست پەیوەندی نێوان خۆیاندا چەندە گونجاونو راوڕای بەرامبەریان لەیەکتر قبوڵکردووە، ئەگەر نەیانتوانییەوە ئەم کارە"واتە کاری قبوڵکردن"ئاسان بکەن، ئیتر چۆن سیاسییەکان دەکەنە بەهانەو هۆکاری دروستنەبوونی کەشو هەوای هەمەڕەنگی..؟**

* هەرگیز رۆشنبیری کورد بەم حاڵەی ئێستایەوە ناگاتە دۆزینەوەی ئاراستەی دیاری خۆی، لەبەرئەوەی کەرەستەکانی زۆر سەرەتایی دواکەوتوون، هاوکات تا ئاستی ژیاری نەگاتە گۆڕانو ئاڵوگۆڕکێی شارستانیو ئاستی رۆشنبیری ئەو قۆناغەی ئێستا تێنەپەڕێنێت، ناگەینە ئاستێکی جیاوازی روانینو دنیابینی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە رەهەندی بیرکردنەوەی ئێمە رەهەندێکی سایکۆسیاسی سەرەتایی رۆژانەیەو رابردوو و ئێستاو داهاتومانی پێ راڤەدەکەین، نەگبەتییەکەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت....!!

**رامان: یەکێك لەو ئیشکالیاتانەی کەسێتی رۆشنبیری کوردی دووچاری قەیران کردووە، خودی ئەو ئیزدواجیەتەیەکە رۆشنبیر لەنێوان پەیامەکەیو رەفتارەکەی کە هەیەتی، جا بەڕای ئێوە هۆکارەکانی لەکوێ دایە؟**

* هەڵبەت قەیرانەکانی رۆشنبیری کورد لەژمارە نایەت، لەبەرئەوە لێرەدا دەکارم باس لەهەندێکیان بکەم، بۆ ئاشنابوون بە سوڕی متبوونی رۆشنبیری کورد، گەر زۆر نێوخۆیی باس لەو قەیرانانە بکەین، ئەوا قەیرانی تێکەڵاوبوونی حیزبایەتی بە ئاستە جیاجیاکانی رۆشنبیری، قەیرانی نێو پەیوەندی عەقڵی حیزبو خێڵو ترادسیۆنی باوی رۆشنبیری، واتە میراتی سەپێنراو بەسەر ئەو ناوەندەدا، قەیرانی نابەرپرسیارێتی رۆشنبیرو ناوەندی رۆشنبیریی بەرامبەر دیاردەو گۆڕانکاریەکان. قەیرانی بێرەخنەیی، نەبوونی رەخنەی مۆدێرنو هاوچەرخ، قەیرانی یەکلانەبونەوەی روانینەکان، قەیرانی پەیوەندی نێوان رۆشنبیرو ترادسیۆنی باوی هزری نائاگای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، قەیرانی داخران بەسەر خۆداو بێئاگایی لەدنیای هزری نوێو قوتابخانە فەلسەفیو ئەکادیمییەکانی ئەوروپای کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆژیاو ئیستاتیکاو میدیاکانو بڵاوکردنەوەو وەرگێڕانو لێکۆڵینەوە، قەیرانی تێنەگەیشتن لە بەریەککەوتنی شارستانییەکانو جیهانگیریو کۆنزێرڤاتیزمو تیرۆریزمی نێودەوڵەتیو ئایدۆلۆژیای ئاییندەو راڤەکردنی دنیای گۆڕانکارییەکانی ئەوروپاکە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە رۆشنبیری کورد هەرگیز دەستبەرداری ئەو ئارەزووە نابێت کە گەیشتۆتە تامەزرۆبوونێکی یەکجارەکی تیایدا، ئەو ئارەزووەش باوەشکردنو گەڕانەوەیە بۆ کەلەپووری بەجێماوی نەوەکانی پێشوو، بۆ میراتی ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی، بەمەش بەردەوام پرۆسەکە دووبارە دەبێتەوەو هێندەی دیکە بەسەر خۆماندا دادەخرێینو لەپەراوێزی گۆڕانکارییە ژیارییەکانی ئەوروپای جیهانی رۆشنبیریو روناکبیریدا بە کۆڵێ دواکەوتوویی خۆمانەوە شەمەندەفەرە تیژڕەوەکانی گۆڕانکاریو دنیابینییە نوێکان بەجێماندەهێڵن.

لێرەدا باس لە ئیزدواجیەت ناکەم، لەبەرئەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی ئیزدواجیەت ئاراستەی دەکات، بەڵام کورد نەیتوانیوە سود لەو ئیزدواجیەتە سەرەتاییەی خۆی وەربگرێت. هەڵبەت من پشتگیری لەو دیاردەیە ناکەم، بەڵکە تورەم لەناخی وێرانی بیروڕوانینی رۆشنبیری کوردو رەهەندەکانی خوێندنەوەو راڤەکردنو ترادسیۆنی گەڕانەوەی ئەو توراسە وێرانە.

**رامان/ به ئامادەبوونی مێژوویەك لە شیعرو غیابی میتۆدە مەعریفییەكان رۆشنبیری كوردی بووەتە رۆشنبیرێكی ئەدەبی، ئایا تا چەند هەوڵی بەرچاو لەبوارە زانستییەكاندا لەئارادایە؟**

★ هەڵبەت مێژووی شیعری كوردی تەنها مێژووەو هیچی تر، كەلەپوورێكی بەجێماوی نائامادەیە لەئێستاداو دابڕاوە لەدنیای ئەمڕۆ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە تا ئێستاكە نەمانتوانییەوە بە چەند روانینێكی جیاواز، بەچەند خوێندنەوەیەكی جیاوازەوە ئەو كەلەپوورە رۆشنبیرییە بخەینە ژێر پرسیارو رەخنەو خوێندنەوەی نوێو راڤەكارییەوە. ئەو هەولانەشی كە تاكو ئێستاكە لەو بوارەدا پێشكەشكراوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێنو زوربەشیان لەیەكدەچن. ئەوەی مەبەستە هێڵی گشتی ئەو كەلەپورەیە، لەڕاستیدا ئەو میراتە كەلەپورێكی كەڵەكەبووی شیعرییەو تێكەڵو شێواوە، بەئەندازەیەك ئاڵۆزە كە ناتوانیت رێبازەكان جیابكەیتەوەو شوناسی دیاریكراویان دیاریبكەی، هاوكات سەرجەم شاعیرانی پێشوو شیعریان بەسەر داروبەردا وتووە، خۆیان لە قەرەی عیشقو نەتەوایەتیو ژیانی رۆژانەو گوزەرانو سۆفیگەریو عیرفانو سروشتگەراییو ئاینیو ویژدانیو ...تاد. هاوزەمەن ئەدەبی بەرگریش بێبەش نەبووە لەو میراتە. ئەمە وەك شیعر، هەرچەند من ناتوانم بەشێوەیەكی میتۆدی لە روانینێكی فەلسەفییەوە غیابی میتۆدە مەعریفییەكان تاوتوێبكەمو تەواوی هۆكارەكان دیاریبكەم. بەلام ئەو میراتەی لێرەدا بەرباس خرا كە بڕواناكەم بەشداربوانی ئەم گفتوگۆیە تەواو ناكۆك بن لەگەڵمدا، ئەو میراتە بێبەش بووە لە لێكۆڵینەوەو وتارو توێژینەوەو راڤەكاری، هاوكات سەر بەهیچ قوتابخانەو رێبازێكی فیكری نەبوون. بەلام لەدوای راپەرینەوە، یان چەند ساڵێكی كەم بەر لە ڕاپەرینو تا ئەورۆكە كۆمەڵە هەوڵێكی میتۆدیو ئەكادیمی لەئارادان بۆ هێنانە سەرپێی سەرەتای فەرهەنگێكی نوێی هزرو بیركردنەوەو روانین كە سەرجەم بوارە جیاجیاكانی گرتۆتەوە، وەك بوژاندنەوەی بواری ئەكادیمی زانكۆكان"كە لە هەولێكی زۆر كز دایە"، دەركردنی گۆڤارە فیكریو ئەدەبیو زانستییەكانو سیاسەتی بلاوكردنەوەیان، دامەزراندنی چەندین ناوەندی چاپو چاپەمەنیو بلاوكردنەوە، زۆری میدیاكانو دامەزراندنی كەناڵی فەزایی جیهانی كە ئەمەش بۆخۆی هەولێكی گەورەیە"بەلام ئەمانە هەمووی نابنە پڕۆژەی رۆشنبیری، هاوكات تا ئەورۆكە هیچ كام لەو ناوەندو دامەزراوە رۆشنبیریانە دنیابینی خۆیان نییەو سەربەخۆ نیین، بەلام چەندین پسپۆر لەبوارە جیاجیاكاندا لەناوەو دەرەوەی كوردستان دروستبوون، هەرچەندە بواری كارو چالاكییان سنوردراوەو كەمترین مۆڵەتیشیان پێدەدرێت. لەهەمووی گرنگتر لەدوای راپەرینەوە تا رادەیەك دەرگاكان بەسەر تاكی كوردیو كۆمەڵگای كوردیدا كرانەوە، بەئەندازەیەك بووە هۆی ئەوەی مەوداكانی روانینی فراوان كردوو، تارادەیەك كۆمەڵە چێژێكی نوێی هێنایەوە ئاراوە. هەڵبەت فراوانبوونی ئەو مەودای روانینە لای زووربەی تاكەكانی كۆمەڵ بەكۆچی بەلێشاو كۆتایی هات، لای هەندێكی دیكە بە بوژاندنەوەی كولتوریو فەرهەنگی دەستیپێكرد، لەلای كەمێكی دەستەبژێر بە رەخنەو پرسیار دەستیپێكردو بە راڤەكردنو بیری هاوچەرخ سەرجەم ئەو پەیوەندیانەی گەلاڵەكردووە، هەڵبەت ململانێش لەنێوان ئەو دوو زەمەنەدا هەڵگری كۆمەڵێك ئیشكالیاتی زۆرە، لێرەدا بەتەواوەتی شیناكرێتەوە، بەلام لەوەلامی پرسیاری دووەمدا وەلامم داوەتەوە، دواجار سوپاس بۆ ئەو گفتوگۆیە.

*ئەم چاوپێكەوتنە بە مێزگرد لە گۆڤاری (رامان)دا لە ژمارەكانی(64-65-66)ی ساڵی (2001)دا بلاوكرایەوە، لەبەر گرنگی قسەكردن لەسەر رۆشنبیر لەو ساتەوەختەدا بەپێویستم زانی بەكۆكراوەیی جارێكی دیكە بكەوێتە بەر دیدەی خوێنەران. بەشداربوان: د..رەشاد میران، رێبین ئەحمەد هەردی، ئاسۆ جەبار، دیار عەزیز شەریف، ئیسمائیل كوردە، رێبین رەسوڵ ئیسمائیل، مهاباد عومەر خۆشناو ، شیرین ئیبراهیم حەیدەری، عوسمان یاسین.

# پاشگەزبوونەوە لە مەرگ

بوونەوەرانی سەرڕووی زەوی بەردەوام سەرقاڵی مامەڵەکردنن بە مەرگو دیاردەکانییەوە، بەردەوام لەخستنەڕووی ئەو ئەرکەدا شێوازگەلی جۆراوجۆرو هەمەڕەنگیان بەکاربردووە. مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هۆشیاری سەر ئەم هەسارەیە بێبەش نەبووە لە بەشداریکردنو هاوکاریکردنی مەرگو نیشاندانی ڕووی گەشو بەختەوەری ئەو دیاردەیە، لێرەدا وشەی مەرگ تەنها میتافۆرێك نییە، بەڵکە دروستکراوێکی ژیاری مرۆڤەکانە، هەڵقولاوی وێناندنو خەیاڵو بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە. هەر لە سەرەتای شارستانییەوە تائەوڕۆکە ئەو وشەیە نیشاندەری تاکە یەك ڕووی خۆی نەبووە، هاوکات دەرخەری تاکە یەك دیووی خۆی نەبووە، بەڵکە مەرگ بەهۆی توانای لەڕادەبەرییەوە تەنها گوزارشت نەبووە لەمردنی بوونەوەرەکانو ڕووی فیزیکیو فیسۆلۆژی خۆی، هاوباس لەتەك ئەم وێنەیەدا دنیایەك وێنەی هەمەڕەنگو جیاوازی خۆی نمایشکردووە، کەواتە مەرگ شانۆگەرییەکی گەورەی مرۆڤایەتی مرۆڤەکانی سەر ڕووی ئەم هەسارەیە بووە، هەروەها ئەم شانۆیە دێرینترینو مێژوویترین

شانۆی جیهانە تا ئەوڕۆکە شانۆگەرییەکی لەو جۆرە لە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە پێشکەشدەکرێ، بەڵام تەواوی کارئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە بوونەوەری زیندوون نەوەك مردوو.

کەواتە مەرگ پێکهاتەیەکی دیاریکراو یان دیاردەو بەسەرهاتو روداوێك نییە، بەڵکە بەدەر لەهەر پێناسەیەکی ژیاریانە بۆ مەرگو دەرخستنی چەند ڕووەیکی ئەو ڕووبەرە ژیارییەی سەرلەبەری دنیای گرتۆتەوە؛ مەرگ وێنە جۆراوجۆرەکانە. بۆ نمونە ئەگەر وێنەی مەرگ تەنها جەنگو شەڕی ناوخۆو کوشتنو خۆکوشتنو جینۆسایدو بەتاڵانبردنی ژیان بێت لەلایەن دەسەڵاتە جیاجیاکانەوە، هەموو ئەمانە چەند ڕووەیەکی ئەو دیاردەیەن. مەرگ جوانی خویو ناشرینی خۆی هەیە، مەرگ هەیە جوانە وەك مەرگی جەلادێكو دیکتاتۆرێكو زاڵمێك، یان مەرگی بوونەوەرێکی دڕندەو زیانبەخش، هاوکات مەرگی ناشرینیش هەیە وەك مەرگی ئەو ملیۆنەها خەڵکەی لە جەنگی جیهانی یەکەمو دووەمدا کوژران، وەك مەرگی هاوڵاتیانی یۆگۆسلافیا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، وەك پێنج هەزار شەهیدی هەڵبجە، وەك بێسەروشوێنبوونی 182 هەزار هاوڵاتی کورد بەناوی ئەنفالەوە، وەك شەڕی ناوخۆی کوردستانو مەرگی ئەو هەزاران گەنجەی لەبەرەکانی شەڕدا لەپێناو هیچدا کوژران، وەك خستنەوەی ئەو نائومێدییە گەورەیەی کە شەڕی ناوخۆ خستییەوە.

لەم دەروازە کورتەوە دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی ئاشتبوونەوەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار پاش شەش ساڵ شەڕی ناوخۆو بێئومێدکردنی خەڵكو شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگەو بێسەروشوێنبوونی چەندین هاوڵاتیو ئاوارەبوونی هەزاران هاوڵاتی لەبەرەکانی جەنگو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، پاش کەوتنەوەی چەند دەرئەنجامێکی خراپی شەڕ کە هەڵاتنی هەزاران گەنجی ئەم وڵاتەی لێکەوتەوە(کە مەزەندە دەکرێ لە سێ سەد هەزار زیاتر بێت، بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی پەنابەرانو وەزارەتەکانی کۆچ لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا)، پاش بەتاڵانبردنی سەروەتو سامانی ئەم میللەتەو تەرخانکردنی بۆ جەنگو براکوژی .

ئاشتبوونەوەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەم دەڤەرەدا، گەورەترین نرخو بەهای هەیە لای خەڵکانی کوردستانو تەواوی رۆشنبیرانو نەوە نوێکانی ئەم وڵاتە لە ناوەو دەرەوەی کوردستان، بەڵام ئەگەر ئەم ئاشتبوونەوەیە پاشگەزبوونەوەیەکی گەورە نەبێت لە مەرگو شەڕو براکوژیو نابەرپرسیارێتی، دواجار کێ گرنتی ئەوەمان دەداتێ جارێکی دیکە لەسەر قازێكو لەسەر کەلەرەقی پێشمەرگەیەكو یاخبوونی ئەندامێکی عەسکەری حیزبێكو دابەشکردنی گومرگ شەڕ هەڵنەگیرسێتەوەو دووبارە بە شێوازێکی توندو خراپتر براکان بکەونەیەكو یەکتری تەواو بکەن. شەڕی ناوخۆی ئەم دەڤەرە قەسەمو یەقینێکی گەورەو بێلەزەتی لە پشتەوە بوو، کە تەواو جێی داخێکی گەورەبوو، قەسەمی یەکتر تەواوکردن، قەسەمی قڕکردنی ئەوی بەرامبەر، قەسەمی ناشرینکردنی یەکتری، کوشتنو سەربڕینی یەکتری، یەقینی گەورەیی خۆمو بچوکی ئەوی بەرامبەر، یەقینی سەرفکردنی پارە بۆ پڕچەککردن، یەقینی کوشتنی برا لە زێدی خۆیدا، یەقینی قبوڵنەکردنی جیاوازییەکانو ئەو هەمەڕەنگیانە، ....تاد. ئەگەر ئەم ئاشتبوونەوەیە تەنها داوای لێبوردنێکی رووکەشیانە بێت لەدایکانی شەهیدو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەوا بە مانایەك لەماناکان ئەم پرۆسەیە گەورەترین خەلەلو کەموکڕی تیادایە، هەروەها ئاشتبوونەوەیەکی نادیارو پڕ گومانو پرسیارە. ئەگەر ئەم ئاشتبوونەوەیە بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئابووریو رووناکبیریو سیاسی نێو کۆمەڵگادا نەڕوات، ئەوا ئاینەدەی ئەم ئاشتبوونەوەیەش ئاینەدەیەکی نادیاری هەیەو پڕ تەمومژاوییە .

بەڕاستی ئەگەر ئەم ئاشتبوونەوەیە نەتوانێت بەلایەنی کەمەوە بژێوی ژیانو گوزەرانی خەڵك باشتر بکات، ئەوا ئاشتبوونەوە نییە ئەگەر نەتوانێت هاوڵاتیانو ئەندامانی حیزبی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار فێری پێکەوەژیانو پێکەوە هەڵکردن بکاتو سەرلەبەری کۆمەڵگا بەوە ڕازیبکات کە چیتر شەڕی ناوخۆ ناگەڕێتەوەو ئەم ئاشتییە لە ئاشتییەکەی جاران ناچێ. ئەگەر ئەم ئاشتییە نەتوانێت فەرهەنگی شەڕو براکوژی نەسڕێتەوە لە خەیاڵو عەقڵیەتی حیزبو میلیشاو ئەندامەکانیاندا، ئەگەر تەواوی حیزبەکانی کوردستان نەگەنە ئەو باوەڕەی چیتر بەهێزکردنی میلیشیاو چەکدارکردنی حیزب هیچ دەرئەنجامێکی باشی

لێوەناکەوێتەوە، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم پتر پێویستی بە سوپایەکی یەگرتووی هۆشیار هەیە بە نەتەوەو کۆمەڵگاو فەرهەنگی ئاشتی، ئەوا ئەم ئاشتبوونەوەیە ڕووکەشیانەو کاتییە .

بەڕاستی دەبێت هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بە توندی داوای لێبوردن لە گەنجانی کوردستانو ڕۆشنبیرانی کوردستان بە تایبەتیو خەڵکانی کوردستان بە گشتی بکەنو بەکردەوە ئەم داوای لێبوردنە بسەلمێنن، لەبەرئەوەی ئەم ئاشتییە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فەزڵی سەرجەم هاولاتیانی کوردستانو فشاری ڕۆشنبیران. کەواتە هەر لەسەرەتاوە پێویستە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵكو جەماوەری کوردستان پێش بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی حیزب بکەون، دەبێت حیزب دەست نەخاتە ژیانی ئازادانەی هاولاتیانو دامەزراوە مەدەنییەکانەوە، هاوکات حیزب ئەگەر راستەکا تەنها ئەتوانێت هاندەری دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنیو حکومی بێت، لەبەرئەوەی ئەرکی هاولاتیانو حکومەتە دامەزراندنی ڕێکخراو و دەزگای مەدەنی. ئەگەر ئەم ئاشتبوونەوەیە یەکتر قبوڵکردنو قبوڵکردنی جیاوازییەکانی لێکەوتەوە، ئەگەر بەهاو نرخەکانی پێکەوە ژیانو دنیابینی بە هەندگیرانو بوونە جێی گفتوگۆ و بەرژەوەندی سەرتاسەری، ئەوا ئەم ئاشتییە ڕەنگە بتوانێت وەرچەرخانێکی گەورە بێت لە مێژووی ئەم نەتەوە پەراوێزەدا کە بێباکانە ئەڕوانێتە خۆیو دنیا .

دواجار ئەگەر ئەم ئاشتییە پاشگەزبوونەوەیەکی گەورە بێت لە مەرگو کوشتنو شەڕی ناوخۆ ... ئەوا لەلایەکی دیکەوە پاشگەزبوونەوەیەکی کتوپڕو خێرایە هەروەك کتوپڕی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی شەش ساڵ لەمەوبەر. شەڕی ناوخۆ سەرجەم ڕووە ناشرینەکانی ئێمەی بۆ خۆمانو دەرەوە ئاشکراکرد، قێزەوەنترین خەیاڵی ئێمەی خستە واقیعەوە، ئەو شەڕە بوو ئێمەی خستە نێو گەمە ناشرینەکانی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرانەی دەروردراوسێ، ئێمە دڵسۆزی دراوسێکمان بووین، بەڵام ئەوان چەكو هەڕەشەیان پێئەفرۆشتین تا پتر شەیدای مەرگو کوشتنی براکان بین، ئەوەشمان لەبیرنەچێت سەرجەم گروپو ڕێکخراوە تیرۆریستە توندڕەوەکان لەو سەردەمی شەڕەدا دروستبوونو گەشەیانکردو ئێستاش هەڕەشە لە ژیانو ئاسایشی کوردستان دەکەن.

*ڕۆژنامەی هاولاتی 9/10/2002

# خوێندکارو گەنج لەبەردەم پرۆسەی ڕەخنەلێگرتنو بەرگریلێکردندا

**گفتوگۆیەك لەگەڵ ڕۆشنبیر: ئاسۆ جەبار**

**سازدانی: برایم، محەمەد، نەوزاد**

***لەرادەی کاریگەری زانکۆو کۆمەڵگا بەسەر یەکترییەوە، لەبچوکترین سەرنجدا دەشێت بڵێین: زانکۆ کەوتۆتە ژێر باری قورسی ئەو کولتورە داخراوەی کۆمەڵگا، ئەمەش لەپەیوەندی کچو کوڕێکدا بەئاشکرا دەردەکەوێت، کە لە هەڵسوکەوتو مامەڵەی ئاسایی ڕۆژانەدا ئاسودەو دەم بەخەندەن، هەر کە لە پرسگەی زانکۆ دێنە دەرەوە یەکسەر دەبنەوە بەو دوو مرۆڤە داخراوەی کە کۆمەڵی ئێمە بەرهەمی هێناوەو ترس داگیریان دەکاتەوە، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

ئاسۆ جەبار: بەرلە هەر شتێك دەبێت باس لە کۆمەڵگای کوردی بکەین، یان ئەوەتا ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین ئایا کۆمەڵگای کوردی چ جۆرە کۆمەڵگەیەکە؟ بە واتایەکی دی ئێمە لەبەردەم چ کۆمەڵگاو کولتورو فەرهەنگێك داین؟ بۆ

وەلاّمدانەوەی چەندین پرسیاری لەو جۆرە، دەكرێ بگەڕێینەوە بۆ ناساندنی كۆمەڵگای كوردی لەڕووی كۆمەلاّیەتیو كولتورییەوە، ئەوەشمان لەبیرنەچێت، بەر لە هەر سەرەتایەك كۆمەڵگای كوردی كۆمەڵگایەكی داخراوە، سیستەمی نەریتی باوكسالاریو ژیانی كۆمەلاّیەتیو تەواوی پەیوەندییە كۆمەلاّیەتیو فەرهەنگییەكان دەبات بەڕێوە، كەواتە بۆ ناساندنی كۆمەڵگای داخراو دەكرێت بگەڕێینەوە بۆ بنەماكانی سیستمی كۆمەلاّیەتی كۆمەڵگا، هەر لەم راڤەكردنەشدا ئەو پێكهاتانەش دەخەینە بەرباسو راڤەكاری كە لە كۆمەڵگای كوردیو كولتورەكەی پێكهێناوە. بۆ نمونە خێزان یەكێكە لەو پێكهاتە كۆمەلاّیەتییە توندوتۆلاّنەی كە سەرەتای ژیانی كۆمەلاّیەتیو فەرهەنگیو كولتوری تاكەكەسی لێوە دەستپێدەكات، هەڵبەت سەرەتای چرۆكردنی پەروەردەو كۆنترۆڵكردنو رێكخسنی سیستمی كۆمەلاّیەتی كۆمەڵگایە. خێزان وەك سەرجەم پێكهاتەكانی دیكەی كۆمەڵگا داخراوەكان دەكارێ ببێتە گەورەترین پێكهاتەو گەورەترین سەرەتا بۆ كۆنترۆڵكردنی تاكەكەس لەنێو چوارچێوەیەكی سنورداری كولتوریو ئەخلاقیو هۆشیاریدا. رواندنی جۆری بیركردنەوەو وشیاری بەدنیاو كۆمەڵگاو ئەخلاقو نەریتو روانینی باو لەناخی تاكەكەسدا میكانیزمێكی كاریگەرە بۆ كۆكردنەوەو پەیوەستكردنی تاك بە نەریتی باوی كۆمەلاّیەتیو ئەخلاقی كۆمەڵگاوە، ئەو پانتاییە كۆمەلاّیەتییانەی دیكەش كە لە سەرەتاوە پێكهاتەی كۆمەلاّیەتینو بەناچاری تاكەكەس ناتوانێت لە كۆتو پەیوەندی ئەو ناوەندانە دەرچێت.

لەدەرەوەی خێزان سیستمێكی گەورەتر لەئارادایە، ماشێنێكی گەورەتر تەواوی كەسەكانی كۆمەڵگای هەڵگرتووەو لە نەریتێكی باودا لێیاندەخوڕێت. ئەو ماشێنە گەورەیە پانتاییو پێكهاتە كۆمەلاّیەتییەكانە، لەدوای خێزان تاكەكەس فڕێدەدرێتە ئەو ماشێنە بێرەحمەوە.

ناكرێت لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاكانی دروستبوونی كولتورو گەلاّڵەبوونی فەرهەنگو رەوشتو ئاكاری كۆمەلاّیەتی كۆمەڵگاو بوون بەكۆمەڵگا. بەڵكو لەو نێوەندو پانتاییە كۆمەلاّیەتییانە نزیك دەبینەوە كە تاكەسو گروپو چینو توێژەكانی كۆمەڵگا، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەستەمۆ دەكەنو كەمتازۆر دەیخەینە پەراوێزی ژیانو گوزەرانو خۆشگوزەرانییەوە.لێرەدا دەكارین باس لەو ناوەندە تەقلیدیانە بكەین كە دنیایان پڕكردووە لە رۆتینو بێباكیو دووبارەبوونەوە.

لێرەدا من دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەكەتان، لەكاتێكدا كۆمەڵگا بەو داخراوییەی خۆیەوە تەواوی ناوەندو پێكهاتەو سەنتەرەكانی ژیانو گوزەرانو تەواوی پەیوەندییەكانی داگیركردووە، لەكاتێكدا ئاینو كلتوری نەوەكانی پێشوو خۆیان كردووە بە هەموو ماڵێكی ئەم كۆمەڵگایەدا، خۆیان كردووە بەتەواوی ناوەندە كۆمەلاّیەتیو فەرهەنگیو رۆشنبیرییەكاندا ، لەوپەڕی تەقلیدیەوە بۆ ئەوپەڕی ئەو ناوەندانەی بانگەشە بۆ دیموكراسییەتو مەدەنییەتو ئازادی تاكەكەس دەكەن، زانكۆش ناوەندێكی گەورەیە بۆ بەخێوكردنی بیری سەلەفیو كۆنخوازیو ئەخلاقیاتی باوی كۆمەلاّیەتیو نەریتێكی كونی پەیوەندی كۆمەلاّیەتی، هاوكات زانكۆ گەر وا بڕوات، دەبێتە كارخانەیەكی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی سوپایەك لە گەنجی ترسنۆكو بێ پرسیارو بێ خەون. سیستمی پەرەوەردەیی زانكۆ سیستمێكە بۆ كوشتنی خەونەكانو پڕۆژەكان، لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە لە نادیارەوە كۆمەڵێك تەقالیدی كۆنی هەیە بۆ وەرگرتنی خوێندكاران لە كۆلیژەكانداو رازیكردنیان بە خۆیندنێكی تەقلیدیو دەسەلاّتێكی تەقلیدی بەناوی حەرەمی زانكۆوە.

پەیوەندی كوڕانو كچان لە زانكۆدا بەم حاڵەی ئێستاوە بەڵگەن بۆ ملكەچبوونو دەستەمۆبوونی زانكۆ بۆ كولتوری داخراوی كۆمەڵگاو ئاكاری داخرانی كۆمەڵگاو دەسەلاّتو حیزب، ئەوە راستییەكە كە ناكرێ خۆمانی لێ گێلبكەین. لەبەرئەوەی زۆر بەئاشكرا لە هەڵسوكەوتو كردەی كۆمەلاّیەتی لاوانی زانكۆدا رەنگی داوەتەوە، هاوكات گەنجانی زانكۆ بەردەوام لەبەردەم مەترسییەكی دەروونی خراپدان لەكاتی مامەڵەكردنو پەیوەندیاندا لەگەڵ خۆیاندا بەكوڕو كچەوە، لەگەڵ مامۆستاو ناوەندەكەشدا.

ئەو ترسەی کوڕانو کچانی زانکۆی داگرتووە کاری کردۆتە سەر ئاستی هۆشیاریو هونەریو کولتوریو ئەخلاقییان، لەبەرئەوە دەرئەنجامەکەی یان راکردنو هەڵاتنە یان ماکیاجو جلی جوانە، سەرجەم ئەو دەرئەنجامانەی دەرهاویشتەی ئەو ترسەیە لە پەیوەندییەکی هاوسۆزو نا ئازاد لەنێوان کوڕانو کچاندا.

***کوشتنی پرۆسەی پرسیارکردنو رەخنەگرتن سیستمێکی ناڕەواو داپڵۆسێنەرە بەسەر ویستی گەنجو خوێندکاران لەلایەکەوە، بێ باکیو کەمتەرخەمی خۆشیان لەلایەکی دیکەوە، شوێنەواری خراپی ئەم حاڵەتە ناهەموارە بەسەر ئێستاو ئایندەی گەنج چۆن دەبینیت؟ ئایا سیستمی پەروەردەیی ئێمە ئایا پرسیار دروستکەرە یاخود پرسیار کوژە؟**

* ئێوە باس لەوە دەکەن کە کوشتنی پرۆسەی پرسیارو رەخنەگرتن، پرۆسەیەکی ناڕەوایە، ئەی باشە بۆ پرسیار لەوە نەکەین ئایا بۆچی سەرباری ئەوەی لەم سەردەمە نوێیەدا ، کە تەکنۆلۆژیا گەیشتۆتە ئەوپەڕی گەشەکردنو سەردەم سەردەمی کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێتو جیهانگیریو بەرییەککەوتنی شارستانییەکانو تێکەڵاوبوونی کولتورەکانە، بۆچی ئا لەم سەردەمە نوێیەدا ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە هەر وەك خۆی بەداخراوی ماوەتەوە؟ لەکۆمەڵگا داخراوەکانی دنیادا گەلەخەڵکێکی بێباكو نابەرپرسیار دەژین، گەلەخەڵکێك کە بایەخو گرنگی ژیان لای ئەوان بەتەنها خواردنو پەیداکردنی نانو گوزەرانو هیچی تر، واتە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بەکاربەرو بخۆر، بەئەندازەیەك خەمی هەرە گەورەی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە وەرگرتنی بایەعیو موچەی مانگانەو سەرکزکردنە، ئیتر چی چاوەڕواندەکرێت لەئەندامانو تاکەکسانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە، ئێمە داوایان لێدەکەین پرسیارو رەخنە بگرن، کەچی خەمی هەرە گەورەی لاوەکانمان راکردنە لەم وڵاتە بەناچاری، خەمی بەرپرسەکان کڕینی کۆشكو زەویو تەلارو ماشێنی ئاخر مۆدێلە، خەمی حکومەتەکەمان دابینکردنی خواردنە لەبەشی فرۆشتنی نەوتو فێرتاوکردنی گەرەکەکانو هەڵکەندنەوەی بەشێکیو لابردنی فولکەو دانانی فولکەو کارکردن بۆ ئەو پەنابەرە کوردانەی کۆچیانکردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا نەیانگەڕێینەوە، چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بەبڕینەوەی نەسریەو بەخێوکردنی گروپە تیرۆریستییەکان، چی چاوەڕێدەکەی لەم حیزبانە بێجگە لەشەڕ و ئاشت نەبوونەوەو نەدانی کارەباو دابەشکردنی زەوی بەسەریەکتریداو خستنەوەی پیاوی گرگنو دانانیان لەناو دامودەزگاکاندا. چی چاوەڕێدەکەی لەم کۆمەڵگەیە کەنەخۆیو دامودەزگا ڕۆشنبیریەکانی باوەڕیان بەگۆڕان هەیە نەناوەندو ڕێکخراوەکانیشی ، هەمویەکێك لەمانە بەرژەوەندی لەوەدایە بەزووترین کات دەوڵەمەند ببێتو بارودۆخەکەش وەکو خۆی بمێنێتەوە هەریەکە بەپێی توانای خۆی پارە بخواتو بەها مرۆڤایەتیەکان بخاتەژێر پێیەوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەوە ئازادیەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە بەقەدەر خواستەکانی لاوانو نەوەنوێیەکان نییە ، هاوکات چەند حیزب لەکوردستاندا هەیە ئەوەندەش ڕێخراوی لاوانو خوێندکاران هەیە، بگرە زیاتریش، بەڵام زۆربەی کات لەم ڕێکخراوانە بەقەدەر ڕۆژنامەیەکی جدی لەناو زانکۆ و ناوەندە پیشەیو ڕۆشنبیریەکانی لاواندا دەورو کاریگری ئەوتۆیان نەبووە لەڕەخنەگرتنو دروستکردنی پرسیاردا. لەبەرئەوەی ئەو سەرگەردانیە گەورەیەی کە ئێمەی تیادەژین خوڵقاوی دەستی خۆمانە، خەتای کەسی تیانیەو کەس تاوانبار نیە، ئەمەی ئێستاکە تیایدا دەژین قەدرێکە خۆمان هەڵمان بژاردووە کەس بۆی هەڵنەبژاردوین.

***خوێندکارێکی کچ یان کوڕ کەدێتە زانکۆ ، هەر لەسەرەتاوە نیەتی گەیشتنە بە ڕەگەزە جیاوازەکانی خۆی، نەك بەرەودان بە ئاستی زانستو مەعریفی . ئایە ڕێکخراوە خوێندکاریەکان توانیویانە ئەم فەراغە پێش وەختەی کەلەپەیوەندی کچانو کوڕاندا هەیە پڕبکەنەوە .(ئاسۆ جەبار) وەك گەنجێکی چالاك بیری بۆ چ پرۆژەو هەنگاوێك دەچێت لەم بارەیەوە ؟**

-* لەم پرسیارەوە دەکرێ بگەڕێینەوە بۆسەرەتاکانی زەبرو زەنگو کپکردنو چەپاندنو خەساندنی تاکەکەس، لەسەرەتاکانی تەمەنەوە تاکۆتاییەکانی ژیانی، هەڵبەتە بەلای زۆرێك لە کۆمەڵناسو دەروونناسە هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمە زەبروزەنگ تەنها کردەیەکی دەرەکی نیە، بەتەنها هۆو دەرئەنجامو ئاکامی دیاریکراوی خۆی هەبێت، بەرادەیەك کە بتوانین سەرەتاو شوێنگەو دەورو کاریگەرییەکانی دیاریبکەین، کەواتە لێرەدا بۆ دەگەڕێینەوە بۆ زەبروزەنگ؟ ناکرێ ئەوە لەیادکەین، کە لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا کانگاکانی زەبروزەنگ لەئازادیەکی سەرتاسەریدا بەپێچەوانەی تاکەکسەوە ژیانو کولتورو پەیوەندیەکان دیاریدەکەن. یەکێك لەسەرچاوە هەرە کاریگەرەکانی زەبروزەنگ چەپاندنی سێکسیو چەپاندنی پەیوەندییە دەرەکیەکانی

دەرەوەی نەریتی  باوی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای داخراو بۆخۆی پانتاییەکی گەورەیە بۆ چەپاندنی تاکەکەس‌و نەوە نوێکانی، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا تاکەکەس وەك بووەیەکی کردەیی بوونی نییە کە لە پەراوێزی ژیاندا دەگوزەرێ، گەر تاکەکەس ئەو خەیاڵی دەرچوونە لەلای گەلاڵە بوو ئەوا نەریتی کۆمەڵایەتی تۆڕە ئەخلاقییەکانی تێدەگرێ‌و وەك نێچیرێکی جەنگەڵی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لەم کۆمەڵگەیەدا نەریتی باوی پەیوەندییەکانی سەرتاسەری ژیان‌و بیرکردنەوەو جوڵەی تاکەکەسی داگیرکردووە. بۆ نمونە سێکس یەکێکە لەو کردەوە حەرامانەی کە هەر لە سەرەتای ژیانی تاکەکەسەوە لەخێزانەوە بۆ نێو کۆمەڵگاو پەروەردەی کۆمەڵایەتی‌و قوتابخانەو تا زانکۆو ژیانی کۆمەڵایەتی‌و بگرە تا مردن بەبێ زەواج حەرام‌و قەدەغەکراوە، ئەو چەپاندنە سێکسییە، یان نەبوونی ئازادییەکی سێکسی، یان نەبوونی ئازادییەکی کەمتازۆر کراوە لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا، دەروونێکی شێواوو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیری ناکامڵ لەنێوان تاکەکەسەکاندا درووستدەکات، ئەوە راستییەکە ناتوانین خۆمانی لێگێل بکەین، هاوکات مەترسییە ئەگەر لەو باوەڕەدابین بەو داخران‌و زەبروزەنگ‌و کەمتەرخەمی‌و پەیوەندییە ناکامڵ‌و کۆمەڵگا شێواوەی خۆمانەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی تەندروست‌و پێشکەوتوو ملدەنێین. ئەگەر کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگاو سەنتەرو ناوەندەکانی گەنجان‌و رێکخراوە پیشەییەکانی لاوان لەخراپترین حاڵەتدا گوزارشت لە خواست‌و داواکارییەکانی خۆیان بکەن، وەك دروشم. ئەوا بەر لە هەر شتێك شوناسی دیاریکراوی خۆیان لەدەستداوە کە گەنجایەتی‌و تازەیی‌و شەڕکردنە لەسەر ئازادییەکانی تاکەکەس‌و ئەلفوبێکانی ژیانی ئازادانەی لاوان، بەڕاستی رێکخراوێکی لاوان یان خوێندکاران نەتوانێت کەمێك لە ئازارەکانی ئەو توێژە کەمبکاتەوە، نەتوانێت خەونێك‌و پڕۆژەیەك بۆ ئەندامانی باقی توێژەکەی بهێنێتە دی، ئیتر زەرورەتی بوونی ئەو رێکخراوانە دەبێت چی بێت، بێجگە لە پارەخواردن‌و دابەزاندنی داهاتی سالأنەی حکومەت‌و حیزبەکان‌و بەهەدەردانی بودجەی رێکخراوەکەو ئەو یارمەتییە زۆرانەی بەناوی پڕۆژەوە وەردەگیرێ‌و کەس نازانێ چی لێدێت. ئەم رەخنەیە ئەوە ناگەیەنێت ئیتر ئەو رێکخراوانە دوکان‌و بازاڕی خۆیان کۆبکەنەوەو بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، نەخێر ئەم رەخنانەی ئێمە ناچارکردنی ئەو رێکخراوانەیە بۆ ئەوەی زیاتر دڵسۆزبن‌و هاوکات چیتر بە نوێنەری راستەقینەی خوێنکاران‌و لاوان نەزانن، لەبەرئەوەی ئەو نوێنەرایەتییەی ئەوان بەبێ هەڵاوێرد(واتە تەواوی رێکخراوە خوێندکارییە حیزبی‌و بەناو سەربەخۆکان) نوێنەرایەتییەکی موزەیەفە، کە نوێنەرایەتییەکە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەو هیچی تر، نوێنەرایەتییەکە بۆ رایکردنی خوێندکارانی تەواوی خوێندن‌و گێلکردنیان لەناو نەریتێکی باوی ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتی‌دا، دەستەمۆکردنیان لەناو قەفەزێکی شوشەیی بەناوی زانکۆوە، هەڵخەڵەتاندنیان بە دروشمی خەیاڵی‌و یۆتۆبی، کەواتە با کەمێك لەدروشمە بریقەدارەکانیان دووربکەوینەوەو بچینە سەر خزمەتکردنی راستەقینەی لاوان‌و خوێندکاران. رێکخراوێك کە نەتوانێت دیفاع لە خوێندکارێك بکات کە مامۆستاکەی رقی لێیەتی، دەبێت چ رێکخراوێك بێت، نەتوانێت پشتیوانی ماددی گەلەخوێندکارانێکی کەمدەرامەت بکات ئەبێت چ رێکخراوێك بێت، رێکخراوێك نەتوانێت مامۆستایەکی زانکۆ بەوە رازی بکات کە چیتر چاودێری کوڕو کچێك نەکات لەکاتی گۆڕینەوەی عیشق‌و هاوسۆزی‌دا ئەبێت چ رێکخراوێك بێت، رێکخراوێك نەتوانێت حیزبەکەی رازیبکات بەوەی چیتر حەقی نەبێت بەسەر رێکخراوەکەیەوەو ئازادی تەواوی پێببەخشێت، هەرچەند تەواوی ئەو رێخراوانەی حیزب لەپشتییانەوە ئامادەیە گەلەرێکخراوێکی فاشل‌و پاشکۆن‌و هیچی تر، رێکخراوێك نەتوانێت ئارەزووە بچووکەکانی لاوان بهێنێتە دی‌و شوێنێك بۆ ئەو هەموو گەنجە دابینبکات کە لەبەردەرکی سەراو شەقامی سەهۆڵەکەی سلێمانی بێهودە پیاسەدەکەن‌و دەوەستن، کافتریایەکی مۆدێرن نییە کوڕو کچەکانی ئەم شارەی تێبچێت‌و پەیوەندی تێکەڵاوبوونی سروشتی بخولقێنێت، ئەبێت چ رێکخراوێك بێت، رێکخراوێك نەتوانێت کچانی شاری هەولێر بەوە رازیبکات بە پۆشاکی مۆدێرنەوە بێنە دەرەوەو پیاسەبکەن، پیاوە کۆنەپەرستەکانیش بەوەی چیتر جوێن‌و توانج نەگرنە ئەو کیژە لالەزارانە؛ ئەبێت چ رێکخراوێك بێت، رێکخراوێك حکومەت‌و حیزبەکان ناچاربکات بۆ ئەوەی چیتر بایەخبدەن بەکێشەو گرفتەکانی لاوان‌و ئاستی ژیان‌و گوزەرانیان بەرزبکەنەوەو ئەو هەزاران لاوە، ئەو خێزانە نوێیانە لەکرێی سەخیفی کرێچێتی رزگاربکەن‌و شوقەیان بۆ دروستبکەن، لەبری ئەو هەموو کۆمپانیا بازرگانییەی داروبەردیان کردووە بە تەلەفیزیۆن‌و ڤیدۆسیدی‌و سەلاجەو خواردن، ئەبێت چ رێکخراوێك بن کە ناتوانن ئەو کارانە بکەن،  لاوان دەبێت حکومەت‌و حیزب ناچاربکەن بەرنامەو پڕۆژەی باشتریان

هەبێت بۆ چاکردنو پێشخستنی ژیانو گوزەران، نەوەك رازیبوون بەو قەدەرەی کە پارە نییەو حکومەت ساوایەو باری ئابوری ولأت زۆر سەختەو گەمارۆی ئابووری لەئارادەیە(کە درۆیەکی گەورەیە)، لەکاتێکیشدا دەوڵەمەندەکانی کوردستان سەرقاڵی کردنەوەی چێشتخانەو کەبابخانەو کافتریای گەورەن، لەبری دروستکردنی شوقەو پرۆژەی ئابوری بەرهەمهێن، وا ئەزانن خەڵکی کوردستان لەبرسا مردووە، بەپێچەوانەوە. رازی بوون بەو قەدەرە بەرپرسو حاکمەکان زیاترو زیاتر دەوڵەمەند دەکات.

ئەوانەی باسمان لێوەکرد، کەمتازۆر کۆمەڵە زەبروزەنگێکی بێدەنگو کاریگەریبون لەسەر لاوانو خوێنکاران، هاوکات ئەم پرۆسەیە چەسپاندنو کپکردنێکی سەرتاسەری دەخولقێنێت بۆ لاوانو زانکۆو تەواوی کۆمەڵگا، بەڕای من لێرەدا لەم ماوە کورتەدا لەتوانامدا نییە پرۆژەیەکی وا گەورە وەك هەنگاوێك گەلاڵەبکەم بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە، رەنگە لە بوارێکی دیکەدا باس لەو پرۆژەیە بکەم.

***بیری خوێنکار هێندەی لەلای کۆچو مەنفایە، هێندە لەلای خوێندنەکەی نییە، بێگومان نەبوونی ئینتمایەکی بەهێز بۆ ئەو ناوەندە کە تیایدا دەخوێنێت بە زەرەری کۆمەڵگا تەواو دەبێت، ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە خوێنکارەکان دوای تەواوکردنی خوێندن بێئیش و پەراوێزن؟ ئایا بەڕای تۆ کۆچ لەچ بارێکدا شەرعییەت وەردەگرێت ؟**

-ئەم پرسیارە ناچارم دەکات کەمێك ئەکادیمییانە وەڵامبدەمەوە، کەواتە با کەمێك لەسەر دیاردەی کۆچ قسەبکەین، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم دیاردەی کۆچ دیاردەیەکی زۆر جیهانییەو ناکرێت لەدووتوێی ولأتێکدا یان ناوچەیەکدا عاسی بکەینو راڤەیبکەین، بەڵکو کاتێك باس دێتە سەر ئەو دیاردەیە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە دیاردەیەك نییە لەجیهاندا پەیوەندی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نەبێت بە سەرلەبەری ژیانی شارستانییەوە، واتە هەر یەك لەم چەمکانەی ئەمرۆکە بووەتە جێی باسو وتوێژ، وەك سیاسەتی ئەمرۆی جیهانو دیموکراسییەت، کۆمەلگای مەدەنی، ململانێی شارستانییەکان، ناشونالیزم، رەگەزپەرستی، نەژاد شوناسی، ململانێی رەگەزونەتەوە جیاوازەکانی دنیا، مەسەلەی تیرۆریزم، ئایدۆلۆژیای ئایندە، سیستمی پاش مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی ئاینو ئاینزاکان، گروپە توندڕەوەکانی دونیای ئەورۆ، جیهانگیرو پانتایی بازرگانی جیهانی، ئەنتەرنێتو تۆڕی گەردوونگەرایی جیهانی، بچوکبوونەوەی گەردون بۆ گوندێکی پڕ زانیاریو پەیوەندی، بزوتنەوەی ناشوێنالیزمی نوێو کێشە نەتەوایەتیو ئیتنییەکانی جیهانی سێیەمو پەیوەندی سەرتاسەری سەرجەم ئەم چەمکانە بەدیاردەی کۆچەوە، هەڵبەتە کۆچ وەك دیاردەدەگەرایەکی جیهانی بێبەش نییە لەو گۆرانکارییە بچوك بکەینەوە لە ولأتێکداو زۆر نێوخۆیی بکەینەوە، هاوکات جێی بایەخی بەرجەستە بکەین لەچوارچێوەی ولأتێك یان نەتەوەیەکی پەراوێزی جیهاندا، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئاشکراکردنی دیووە هەرە جیهانییەکەی دیاردەکەیە دۆزینەوەی زۆرێك لەو پەیوەندیانەیە کە مێژووی مۆدێرنی کۆچ دەبەستێتەوە بە ئێستاو داهاتوو و مێژوویی دێرنی کۆچەوە.

دواجار کۆچی بەلێشاوی کوردیش بەرەو خۆرئاوا بێبەش نییە لەدیاردەی کۆچ لەجیهانداو راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە گۆرانکارییەکانی جیهان لەرووی ژیانو تەکنۆلۆژیو سیاسیو ئابوریو کولتوری کۆمەڵایەتی ئەتەکێتەوە، هەر بۆیە کۆچی کوردان بەرەو خۆرئاوا زیاتر لەساڵانی حەفتاکانەوە دەست پێدەکاتو لەساڵانی هەشتاشدا، بەهۆی جەنگی (عێرا ق - ئێران )ەوە خەڵکانێکی زۆر ئاوارە دەبنو کەمێکیان پەنادەبەنە بەر ولأتانی خۆرئاوا، بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکاندا، بەتایبەتی لەدوای راپەرینەکەی باشوری کوردستانو هەرەسپێهێنانی دەسەڵاتی رژێمی عێراق لەناوچەکەداو کردنەوەی دەروازەکان بەرووی دنیای داخراوی کۆمەلگای کوردیداو ئاوارە بوونی زیاد لە(3) ملیۆن هاوڵاتی بەهۆی هێرشە وەحشیگەریەکەی دەزگای سەربازی رژێمی عێراقو خۆرانەگرتنو ورەی نزمی شۆڕشو سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو کاتەداو بەجیهانیبوونەوەی کێشەی کورد لەرووی ئیعلامیو سیاسیو ویژدانییەوە، دواتر بەهۆی ترسی هەرەگەورەی کوردی باشوور لەگەڕانەوەی رژێمو هەروەها شەڕی سەختی خوێناوی نێوان حیزبەکانی کوردستان لەساڵی (1993-1997)و هەڕەشەکانی رژێمو تیرۆرو توندڕەوی لەکوردستاندا، هاوکات بەهۆی بێکاریو باری گرانی گوزەرانی خەڵكو بژێوی ژیانو کەمی داهاتی ساڵانەی تاکەکەس لەو هەرێمەداو نایەکسانیو نابەرابەری لەخزمەتو تواناو داراییەوەو تێکەڵبوونی ترادیسیۆنی خێڵو حیزبو نەریتی کۆنی بەرێوەبردنو گەندەڵی ئیداریو داراییو

لەهەموشی گرنگتر کردنەوەی دەروازەکان بەرووی خۆیدا، کردنەوەی دەرگا داخراوە ژەنگاوییەکەی کە رژێمە یەکلەدوایەکەکانی عێراق بەسەر کوردستاندا دایان خستبوو، سەرجەم ئەوانەی سەرەوە کەباسمان لێوە کردن هاندەرێکی باش بوون بۆ کۆچی بەلێشاوی کوردو پاڵنەرێکی هەڵکەوتووی واقعی کوردی بوون بۆ کۆچێکی هاوشێوەی جیهانی، بەڵام لەزەمەنێکی نوێدا.

دواجار ئەوەی لای هەموان ئاشکرایە، لەهەموو دنیادا نەوە نوێکانو لاوان کۆچ دەکەن، ئیتر پتر ئەو نەوە نوێیە خەیاڵی سەفەرو گۆڕانو راکردنو هەڵاتن دایگرتوون. من بۆخۆم لە کتێبی(کۆچو سەفەر)دا کە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیی ئەنترۆپۆلۆژییە، سەبارەت بەکۆچ لە جیهانداو کۆچی بەلێشیاوی کورد بەرەو خۆرئاوا، ئاماژەم زۆربەی لایەنەکانی ئەو دیاردەیە داوە لەرووی جیهانیو ناوچەییەوە، بەڕای من گرفتی هەرە گەورەی دیاردەی کۆچ لەوەدایە کە تەواوی چینو توێژەکانی گرتۆتەوە هیچ ناوەندو دەزگایەکی بەرپرسیش بیر لەهۆکارەکانی ناکاتەوە بایەخیش نادەن بەو هاوڵاتیانەی کە لەم وڵاتەدا ماونەتەوە.

ئەوڕۆکە زیاتر لەسێ ملیۆن کوردی پەنابەر هەیە، لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیا، کەچی تا ئیستا نەمان توانیوە لۆبێکی کاریگەری پەنابەرانی کورد دروستبکەین، هەر بە پەرتەوازەیی ماوینەتەوە.

هەڵبەت من ئاگادارم تەواوی گەنجانی کوردستان خەونەکانیان بەرەو وڵاتانی ئەوروپایە، ئەو کۆچەش بەقاچاغو خەیاڵی گەیشتنە بە خۆشگوزەرانی.

من زۆر بەئاشکرا لەدووتوێ لێکۆڵینەوەیەکی (420) لاپەڕەییدا دیاردەی کۆچم ڕاڤەکردووە، ڕە نگە لێرە زۆربواری ئەوەم نەبێت بچمە سەر کۆمەڵێك پێناسەو ڕاڤەکردنی ژیان بۆ ئەو دیاردەیە، بەڵام تا ئەوڕۆکە، هاوکات لەو باوەڕەدام کورد پەنابەرە نەك کۆچبەر. هاوکات دیاردەی کۆچ هاوشان لەتەك سەردەمی نوێو جیهانگیریدا گەشەدەکاتو زادەی تەواوی ئەو گوڕانکاریانەیە.

هاوکات هاوکێشەیەکی دیکەش لەئارادایە ئەویش ئەوەیە، تا سەفەر یاساغو قەدەغە بێت لە وڵاتێکدا هاوڵاتیان زیاتر بە قاچاغ کۆچدەکەن.

ئەو کۆچە بەلێشاوەو چۆڵکردنی وڵات بەو شێوەیە لەلایەك زەرەری هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە قازانجێکی ئابوریو فەرهەنگیو شارستانی هەیە، گەنجێکی کوردستان چۆن خەیاڵی لای سەفەر نییە دوای تەواوکردنی خوێندن، لەکاتێکدا سوپایەك لەگەنجو زانکۆو پەیمانگاکان پاش بیست ساڵ خوێندن بڕوانامە وەردەگرن زۆریان بێئیشو بێکار دەسوڕێنەوە، یان کارێکی دەستگیردەبێت بە موچەیەکی کەم، هاوکات بەهۆی باری گرانی ئابوریو موچەی کەمدەرامەتیان ،ناتوانن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ژیانی دوای زانکۆو خوێندن بەرنبەڕێوەو جێگیرببن، لەکاتێکدا گەنجان خاوەنی زەوی نینو پارەی خانوی کرێشیان پێنادرێو ناتوانن بەدڵی خۆیان ژن بهێنن یان شووبکەن، ئیتر چۆن خەیاڵی سەفەرو ڕاکردن لەم وڵاتە هەڵنابژێرن.

دنیایەك ڕێکخراو هەیە لەم کوردستانەدا کەچی هیچ کام لەم ڕێکخراوانە ئامادەنین هاوکاری مادیو مەعنەوی لاوان بکەن، تا ئەم وڵاتە جێنەهێڵنو بەئارامی لەم وڵاتەدا بژین، هەڵبەت هۆکاری کاریگەری هەڵهاتنو کۆچ سەرگەردانی سیاسیو ئابوریو فەرهنگییە، هاوکات ئەبێت ئاگامان لەو ڕاستیە بێت کە ئێمە نەمانتوانی ئەو ئازادیەی دوای ڕاپەڕین بەخێوبکەین، تەواوی کۆمەڵگاش بەرگەی ئەو ئازادیە بێ سەروبەرەی نەگرت.

* (ڕۆژنامەی گوڕان، ژ82، 4/7/2002)

## ڕۆژنامەی زادگا :

**سازدانی: ئاسۆ عوسمان**

**پ: دەربارەی لەسەرکار لابردنی ڕۆشنبیران و فایزکردنیان بەبیانووی بارودۆخی ئابوری لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکاندا دەڵێن چی و سەبارەت بەم ئەخلاقە هەڵوێستەیەکتان هەیە ؟**

ئاسۆ جەبار : گەر لێرەدا دووربکەوینەوە لە شتە تایبەتەکان و تایبەتمەندییەکان و بەگشتی قسەبکەین، ئەوا دەکارم جیاوازییەك بکەم لە نێوان ڕۆشنبیری بێئاگاو پابەندی دەسەڵاتو ئایدۆلۆژیستو بەرامبەر بە ڕۆشنبیرێك کە ڕەخنەی جدی لە حکومەتو حیزبو دەسەڵات دەگرێ بۆ باشترکردنی دەسەڵاتی حکومەتو ناچارکردنی حکومەت بۆ ئەوەی زیاتر گوێ لە هاوڵاتیان بگرێت. ئەوا ئەو ڕۆشنبیرەی کە ناتوانێت تاکە یەك ڕوانین لەدەرەوەی دەسەڵات دروستبکات ، ناتوانێت تاکە یەك جیاوازی قبوڵبکات، ئەو تاریکبیرەی

بەبێ پڕۆكجوتەرەكانی دەسەڵات بوونی نییە بەبێ ئەو ناتوانێت بیربكاتەوە، بەبێ ئەو ناتوانێت گوتارێك بنوسێت، بەبێ ئەو ناتوانێت كتێبێك دەربكات، بەبێ ئەو ناتوانێت دەمبكاتەوە. ئێمە چەند ساڵە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرەمان دروستكردووە، ئەو ڕۆشنبیرە خەسیوەی دەستی دەسەڵات، گرفتاری دووبارەكردنەوەكانی خۆیەتی؛ پڕۆژەیەكی نییە بۆ ئاینده، ناتوانێت بۆ تاكە یەك چركە سەربەخۆ بیربكاتەوە، ئەو بەبێ درۆكردن لەگەڵ خۆیو ناوەندەكەدا ناتوانێت بژی، ڕۆشنبیر تەنها ئەو بوونەوەرە گرگنەی دەسەڵات نییە كە لە دیوەخانەكانی ئەودا نەبێت نانی بۆ ناخورێت، ئەو جۆرە لە ڕۆشنبیر دەستیكردووە بە گیرفانی حیزبو دەسەڵاتو حكومەتداو تاڵانی دەكات، ئەو دەیەوێ لەبەردەرگای دەسەڵاتدا بمرێو لە باخچەكەی ئەودا بینێژن، ئەو دەیەوێ فەنتازیاكانی دەرەوەی خۆی، خەیالگەكانی دەرەوەی خۆی بكوژێت، ئەو دەیەوێت تەواوی ڕاستییەكان بشێوێنێت. ئەو كە لەڕووی مەعریفییەوە ئیفلاس دەكات دەستدەداتە شتی گەورە(وەك مەسەلەی نەتەوایەتی، كاروباری دەوڵەت، ریفراندۆم، موئامەرە، خانەنشینی، بەرزكردنەوەی دروشمی گەورە، فرۆشتنەوەی هەڵوێست ..تاد)، ئەو بۆ ئەوەی كەس لە یادی نەكاتو كاڵنەبێتەوە، هەزاران جار بە ڕوخساری دەمامككراوەوە لەسەر شاشەو كەناڵە ئاسمانییەكان دەردەكەوێت، ئەو جۆرە ڕۆشنبیرە بێجگە لە دووبارەكردنەوەی خۆی هیچی دیكەی پێنییە. ئەو بۆ ئەوەی دەسەڵات لێیرازیبێت خۆی هێندە بچوكدەكاتەوە كە بچێت بە گیرفانیاندا، كە بچێت بە گوێیاندا، خۆی بكات بە باڵەخانەكانیانداو بەبێدەنگی بێتەدەرەوە.

ئەوڕۆكە ئەو ڕۆشنبیرە بەرژەوەندیخوازو بودەلانە بەو كەرەستە كۆنانەی خۆیانەوە لە بێئاگاییەكی گەورەدا دەگوزەرێن، لە خەیاڵێكی پڕ لە یادەوەرییدا دەژین، لە ئاكامێكی سەرتاسەریدا ئێستاو ئایندەو مێژووییان پێكەوە گرێداوە، خاوەنی خەیاڵدانێكن بۆ بەخێوكردنی بێماناییەكان، بۆ پەروەردەكردنی مرۆڤی گوێڕایەڵ، بۆ تۆكمەكردنی ناوەندو سەرتاسەرییەكان، بۆ دانانی ئەو كۆڵەكانەی كۆنخوازی لەسەری ڕادەوەستێ. بۆ داگیركردنی پانتاییەكانی بیركردنەوەو تێڕوانینی نوێ، بەلایەنی كەمەوە هزرێكی تاریك لە دیوە نادیارەكانەوە ئامادەیە بۆ داگیركردنی ئێستاو دووبارەكردنەوەی خۆی، ئەوان نایانەوێت لە ئێستادا نەژین، دەكارن بەناوی ڕێكخراوێكەوە، بەناوی حیزبێكەوە، بەناوی حكومەتێكەوە، بە ناوی دەزگایەكی ڕۆشنبیرییەوە، بەناوی مۆدرێنترین خەیاڵەوەو بە ناوی تەواوی هاولاَتیانیشەوە قسەبكەن، لەبەرئەوە ئەوانە دەسەڵاتێك بەكاردەبەن كەمتازۆر ناوەندو گروپە نوێكانو تاكەكەسەكان ناتوانن بەكاریبهێنن. بەردەوام بەدوای درێژكراوەكانی خۆیانو لێكچووەكانی خۆیاندا دەگەڕێن، بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی بۆشاییە گەورەكاندان بۆ جێكردنەوەی خۆیان لە دنیابینییە نوێكاندا. نایانەوێت لە ئێستاو داهاتوو دابڕێن، خوازیار نیین تەنها لە مێژوویەكی تاریكو لە شارستانییەتێكی دووردا بگوزەرێن، بێزار نین لە بێماناییەكانی خۆیانو شەیدای ژیانێكی نوێن لە ئێستادا، بەلاَم بەهەمان كەرەستەو هزرو عەقڵی پێشووەوە، بەهەمان خەیاڵو رامانو بێئاگاییەكانی خۆیانەوە دەیانەوێت لە ئێستادا ئامادەگییەكی هەمەلایەنیان هەبێت، دەكارن لە سفرەوە دەستپێبكەنەوە، دەكارن تا دوایەمین ژمارە وەك ڕۆشنبیرێكی سەلەفی لەگەڵ نەوە نوێكاندا گوێزی خۆیان بژمێرنو ناوەندەكانی بڕیار مونۆپۆلبكەن.

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەكەتان، گەندەڵی ئەو دامودەزگایانە لەوەدایە، سەرباری دژایەتیكردنی تۆو سەرباری لەسەركار لابردنت دەیانەوێت منەتیش بكەن بەسەرتدا، بەلاَم ئەو خەیاڵە ناشرینەی ئەوان كە سەرچاوەكەی حیزبو ستەمكارییە نەریتییەكانەو بەو نادنیابینیو ڕوانینە فەقیرەو كەمخوێنەیانەوە ناتوانن منەت بكەن بەسەر ئێمەدا، ئەوان؛ واتە هەندێك ئەندامانی ئەنجومەنی دەزگای سەردەم بەچیوە منەت بەسەر ئێمەدا دەكەن، لەكاتێكدا سێ چوار موچەی خەیاڵی لە حكومەتو حیزب وەردەگرن، هەندێكیان موچەی سۆشیالەكەی ئەوروپاشیان نەبراوە(واتە لێرەو لەوێش بەلاشە دەخۆن)، لەكاتێكدا هەندێكیان بێجگە لە كۆمەڵێك لە گوێڕایەلاَنی حیزب هیچی دیكەنیین، لەكاتێكدا زوربەیان غەرقی بەرەكەتی حیزب بوونو تا بینەقاقایان هاتووەو قسەیان بۆ ناكرێ، ئازیزان ئەوان باس لەوە دەكەن كە یەكی پارچەیەك زەویان بۆ وەرگرتوین، ئەمە منەتێكی زۆر ناشرینە، لەبەرئەوەی من هاوڵاتییەكی ئەم كوردستانەم، هەڵبەت بەقەدەر سەربەخۆییەكەی خۆم خزمەتی ئەم وڵاتەم كردووەو چالاكبووم‌و پێویستە حكومەتیش دوای هەموو كەسێ پارچەیەك زەویم بداتی، پێویستە لەسەری، لەبەرئەوەی ئەم پارچەخاكە نە موڵكی حیزبە نەموڵكی حكومەت، نەموڵكی عەنتەرەو نە عەتریس، بەڵكە موڵكی تەواوی هاوڵاتیانە. نەك هەر ئەم خاكە بەموڵكی تەواوی هاوڵاتیان دەزانم، بەڵكە هەروەها پارەی سەرمێزو خواردنەوەو كەیفو سەفاكانی دەسەڵاتو ئەو جۆرە ڕۆشنبیرە بە موڵكی هاوڵاتیان دەزانم. ئێمە

لەبەرئەوەی سەربەخۆ بووین کەمترین موچەو کەمترین پاداشتمان وەردەگرت، من خۆم چونکە رەخنەم دەگرت، چەند ساڵە لەبەردەم مەترسی دەرکردنـدام (مـن دوای ئـەوەی کتێبـێکم بـەناوی " تازەگـەری"یـەوە کـە خوێندنەوەیـەك بـوو بـۆ قەسـیدەی رەنگـدانی شێرکۆبێکەس، لەبەرئەوە کۆمەڵێك رەخنەی زانستیو ئەکادیمی هەستیاری تیادایە، لەبەرئـەوەی موجامەلـەی کەسـم تیـادا نـەکردووە، بەشایەتی چەندین رۆشنبیرو کارمەندی دەزگاکە هێندەی نەمابوو چەند برادەرێك وەك وەفایەك بۆ موجامەلەچیەتییەکەی خۆیان، لە غیـابی کـاك شـێرکۆدا دەرمبکـەنو لەسـەر کـار لامبـەرن ).ئـەو ناعەدالەتییـەی ئـەوان تـەنها لـە رۆشـنبیری بێسـەلیقەی وەکـو ئەوانـە دەوەشێتەوە، بەڕاستی ئەو برادەرانە لە حیزب خراپتر مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەدا کرد.سەرباری ئـەوە چـوون لـەلای سـەرۆکی حکومـەت بـەڕێز دکتـۆر بەرهـەم ساڵح شـکاتیان لـە ئێمـە کـردووەو وتویانـە: (ئـەو برادەرانـەی کـە لـەدەزگای سـەردەم لەسـەر کـار لامـانبردوون رەخنەیەکی زۆریان لێگرتوینو رۆشنبیرانی ناوەو دەرەوەی کوردستانیان لێئاگادار کردووینەتەوەو بەیاننامەیەکی توندیان لەسەر ئێمە دەرکدووە، لەبەرئـەوە دەبێـت داوای لێبوردنمـان لێبکـەن دەنـا بۆیـان نییـە لـەهیچ دائیرەیـەکی حکومیـدا وەك فەرمانبـەر دامـەزرێن)؛ رۆژگارێکی سەیرە کێ داوای لێبوردن لەکێ بکات، زاڵم دوای زوڵمەکـەی داوادەکـات فەرزەنـدەکانی شـەفاعەتی بـۆ بکـەن، ئـەم ئەخلاقـە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. مـن بـۆ خـۆم بەنامەیـەك وەڵامـی حکومـەتم دایـەوە کـە دەبێـت ئـەوان بـەرەسمی لـە رۆژنامەکانـدا داوای لێبوردن لە ئێمە بکەن، سەرباری ئەوە من بۆخۆم زۆر بەلامەوە ئاساییە لەهیچ دائیرەیەکی حکومیدا دانەمـەزرێم لەبەرئـەوەی بـەری ئاسمان بە تورەهات نەگیراوە برادەر، دنیاش هەروا کاولنابێتو گەشبینم بەوەی کە رۆژێك لە رۆژان حیزب ئەو دەسەڵاتەی نامێنێت.

بەڕای من کێشەکە لەوەدا نییە ئەوان ئێمەیان لەسەر کار لابـرد، نـەخێر کێشـەکە لەوەدایـە ئـەوان بـەم کارەیـان خۆیـان لەبـەردەم تەواوی رۆشنبیرانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا ناشرینکردو ئەو نەوە نوێیە رەخنەگرانەیان لە خۆیان وروژاند کە لەمەودوا حسابی رۆشنبیری بەرژەوەندیپەرستو حیزبیان بۆ دەکەن. ئێمە ناتوانین لەوە دیموکراتی ترو لەوە مۆدرێن تر بین، پـاش کۆکردنـەوەی زیـاد لە هەزار ئیمزای ناڕەزایی دژی ئەو بڕیارەیان(دوو ئەوەندەی مانگی یەکەمی ریفراندۆمەکەی ئەو برادەرانە ئیمزامان کۆکردۆتەوە، واتە دیارە مەسەلەکەی ئێمە زوَر لە ریفراندۆم گەورەترە)،بەڵام ئەم وڵاتە بێساحەبەو وڵاتی قەزاوقەدەرەکانو دیارە وڵاتی پیاوەبچوکەکانە، هاوکـات بەیانامەیـەکی ناڕەزایمـان بـە تـیراژی(1500) دانـە لـە دەرەوەو نـاوەوەی کوردسـتان بڵاوکـردەوە. پاشـان نوسـینمان لەسـەر بڵاوکـردەوە. ئـیتر لەمـە دیمـوکراتی تـر ئـیتر چـی بکـەین، ئـەوان وەك دیکتاتۆرێـك مامەڵـەیان لەگـەڵ ئێمـەدا کـرد، بـەڵام ئێمـە وەك نەوەیەکی نوێ رەخنەمان لێگرتن.

دواجار هیچ رۆشنبیرێك ناتوانێت لەسەرکار لابردنی کۆمەڵێك رۆشنبیرو هونەرمەندی جدی لەیادکات، کە لەم چەند ساڵەی دوایدا لەلایەن کۆمەڵێك دەزگای بەناو رۆشنبیرو هونەرییـەوە لەسـەرکار لابـران (وەك هـۆرێن غـەریبو شـوان عـەتوفو دیـاری قـەرەداغیو نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد، ئـازاد سـوبحی،. . .چـەندین رۆشـنبیری دیکـە )، ئـەو برادەرانـە هیچیان حیزبـی نـەبوونو تـەنها کۆمـەڵێك رۆشنبیری جدی بوون لەبوارەکەی خۆیاندا، هاوکات رەخنەیان هەبووە. ئـەم ئـەخلاقی لەسـەرکارلابردنە فـایلێکی رەشـە لـە دۆسـییەی دەسەڵاتو ئەو دامودەزگایانەدا کە باس لە دیموکراسییەتو مەدەنییەت دەکەن، بەڵام درۆیەکی گەورەیە باس لە سەربەخۆیی بکەیتو تاسەرئێسقان هاوتەریب بیت لەگەڵ ئەخلاقی حیزبو دەسەڵاتدا، مەترسی بێدەنگبوون لەم ئەخلاقـە دەرئـەنجامی وەك عەنتـەریاتی دەزگـای سـەردەمو دەزگاکـانی راگەیانـدنی هـەردوو ئیدارەکـەی لێدەکەوێتـەوە. پێویسـتە حیـزب کـەمێك دووربکەوێتـە لـەدەزگا رۆشنبیرییەکانو ناوەندە هەستیارەکانو چیتر پیاوە موئامەرەچییەکانی خۆی تێفرێنەدات.

دەبێت دەزگای سەردەمو باقی دەزگاکانی دیکە داوای لێبوردن لەو رۆشنبیرە رەخنەگرو جدییانە بکەن کە بـە بیـانووی پڕوپـوچو بەبێ هیچ سەلیقەیەك لەسەرکار لایان بردوون، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەو رۆشنبیرانە داوای گەڕانەوە دەکەن، نەخێر ئەم هەڵوێستە پتر رەخنەیەکی توندە بەرامبەر ئەو دەزگاو ناوەندانە بۆ ئەوەی ئەو ئەخلاقی دەرەبەگایەتییە نەکەنە نـەریتێکی هەمیشـەیی بـۆ هـەموو دامودەزگاکانی کوردستان.

# دەبێت نەوە نوێکانی ئەم کۆمەڵگایە بەتوندی رووبەڕووی دەسەڵاتە نەریتیو نائەخلاقی سەلەفیەکانی کۆمەڵگا بوەستنەوە

ئاسۆ جەبار

قسەکردن لەسەر لاوان و ئایندەی لاوان، یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بەقسەکردنی زۆرو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی مەیدانی چڕوپڕ هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر لاوان و کاریگەری ئەو توێژە پڕبایەخەی کۆمەڵگەو کۆچی لاوان پاش پرۆسەی رزگاری عیراق، کە زۆرێک لەهاوڵاتیان چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەش دەکەن، بەڵام زۆرێک لەلاوان ئەو ئایندەیە وانابینن و لەئێستاشدا بڕیاری کۆچکردن دەدەن بۆ قسەکردن لەمەڕ ئەم مەسەلانە بەپێویستمان زانی رووناکبیر (ئاسۆ جەبار) بەسەر بکەینەوە کە خاوەنی چەند کتێبێکەو یەکێک لەکتێبەکانی ناونیشانی (کۆچ و سەفەر)ە کە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەخۆگرتووە لەمەڕ دیاردەی کۆچ لەکۆمەڵگەدا...

*هەندێ لەلاوان هۆکاری کۆچکردنیان دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کەدەسەڵاتی کوردی چەندین بڕیاری چارەنووسسازی داوە، بەبێ ئەوەی هیچ پرسێ بەتوێژی لاوان بکات، بەڕای تۆ بایەخ نەدانی دەسەڵاتی کوردی بەلاوان و خستنە پەراوێزی لاوان (کەهەموان دەزانین ئایندە هی لاوانە)، بۆچی دەگەڕێتەوە...؟

ئاسۆ جەبار:-لەڕاستیدا تەواوی هاوڵاتیان لەوەدا ئازادن سەرفەربکەن یان بمێننەوە جا بە هەر شێوەو شێوازێك بێت، کەس بۆی نییە بڵێت بۆ سەفەر دەکەیت، یان بۆ سەفەر ناکەیت، سەرەتا باباس لەو نەوەیە بکەین کەهەر جارەو ناوێکی لێدەنێن، جارێك دەڵێن لاو، زۆجار دەڵێن گەنجان، یان دەڵێن نەوەی نوێ. بەهەرحاڵ: من لێرەدا کارم ئەوە نییە نەوەیە پەیوەستبکەمەوە بەسەرلەبەری ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیو ژیاریو کولتوریو سیاسیو ئابورییەی گەمارۆی داوەو تیایدا دەگوزەرێ. هەڵبەتە ئەوڕۆکە نەوەیەك هەیە زادەی کۆمەڵگایەکە کە تاڕادەی چەپاندنو پەراوێزبوون لەپەراوێزدا دەژی، نەوەیەکە رازیە بەداخرانی کۆمەڵگاو کولتورو رۆشبیرییەکەی، لەجوغرافیایەکی داخراودا دەژی، سەر بە کلتورێکە تا سەرئێسقان داخراوەو دنیایەك ترادسیۆنی سەر بە کایەو پێکهاتەی نەریتی هەیە بۆ پەراوێزکردنی دنیابینیو کولتوری نوێی بیرکردنەوەو روانینی جیاوازو قبولکردنی جیاوازییەکانو کوشتنی بیرۆکەی تاکەکەسو ئاڕاستە جیاوازەکانی روانین. کۆمەڵگای کوردیش بۆخۆی ناوەندێکە بۆ بەخێوکردنی ئیرادەی کۆ و توراسی دەستەجەمعی کۆمەڵگاو بەستنەوەی تاکەکەس بەسەرلەبەری نەریتو ترادسیۆنە داخراوەکەی خۆی، کۆمەڵگایەکە بۆ هێشتنەوەی دۆخی رابردوو لەئێستادا بۆ دابینکردنی پانتاییە ژیارییەکانی داخرانو سادەبوونەوەی ژیانو روانینو کوشتنی خەیالگەکانی دەرەوەی کۆمەڵگا. لەڕاستیدا کۆمەڵگا بۆخۆی هەڵگری دەسەڵاتێکە کە خوازیارە تەواوی دەوروبەری خۆیو پانتاییەکانی ژیان فڕێبداتە نێو ناوەندەکەی خۆیەوەو کە لەڕێی ئەم هێڵەشەوە کار بۆ ناوەندێکی نەریتی بۆ ئەو هێزە داگیرکارییە دروستدەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرۆکەی تاکەکەسایەتیو روانینو چالاکی تاکەکەس.

بێگومان کۆمەڵگای کوردی لەچەند رووەیەکەوە داخراوە ، ئەو کۆمەڵگایە پەیوەندییەکی ئەوتۆی نییە بەدەرەوەی خۆیو باقی کولتورو ژیارییەکانی دیکە. لەپەراوێزی رووداوە جیهانیەکاندا کارتێکراوبووەو هیچی دیکە، هاوکات دەمێ ساڵە سەفەرو گەشتو باقی خۆشگوزەرانیەکانی دیکە بۆ تاکەکەسو گروپو تەواوی کۆمەڵگای یاساغ بووە، هیچ جێی بایەخ نەبووە، ئەمەش بۆخۆی کاریکردۆتە سەر روانینو بیرکردنەوەی تاکەکەسو هەستکردن بەداخرانو کەمبایەخی، ئەوەشمان بیرنەچێت تەواوی کوردستان چەندین ساڵە لەسایەی کۆمەڵە حکومەتو رژێمێکدا شارستانی خۆی دەگوزەرێنێ کەهیچیان کەمتر نەبووە لەهیتلەرو مۆسۆلۆنیو تەواوی دیکتاتۆرو رەگەزپەرستەکانی دنیاو تەواوی هێزە شۆفینیو جینۆسایدکارەکانی دنیا. هەر لەشاهەنشاکانی ئێرانەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانیو لەوێوە بۆ حوکمی ئینگلیز و عەرەبە شۆفینێیەکانو ئەتاتورکی رەگەزپەرەستو حکومەتە یەکلەدوایەکەکانی عیراقو دوایەمین دیکتاتۆرو فاشیستی ناوچەکە سەدام حسێن...تاد. هەڵبەت زۆر هەڵئەگرێت قسەکردن لەسەر کۆمەڵگاو کلتورو ژیان لەتەواوی کوردستانی گەورەدا، من ئەم باسەم لەکتێبی (کۆچ و سەفەر)دا بەوردی باسکردووەو راڤەکراوە، هاوکات تەواوی هۆو دەرەنجامەکانو ئاکامەکانی ئەو داخرانەم بەرباس خستوەو لێکمداوەتەوە.

بەڵام ئەوڕۆکە کەدیاردەی سەفەر لەهەندێك لەوڵاتو کۆمەڵگایانەدا یاساغەو کاری جدی بۆنەکراوە، رەنگێکی دیکەی وەرگرتووەو بووە بەدیاردەی کۆچ، لەکورستاندا بەهۆی تەواوی ئەو هۆکارانەوە کەباسمانکرد ئەو دیاردەیە بووە بەدیاردەیەکی ئاساییو جێی بایەخی کۆمەڵگاو ناوەندە نوێکانەو کاری بۆدەکرێ. گەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا من هۆکارەکانی دەگەڕێنمەوە بۆچەند سەرچاوەیەکی بابەتیو هەنوکەیی کە تەواو پەیوەندی هەیە بەمیراتی بارودۆخەکانو گۆڕانکاریەکانو سەرلەبەری ئاشکرابوونی ئەو بێئومێدیو بێ هیواییەی کە تا سەروەختێك بەر لەئێستا باڵی کێشابوو بەسەر ناوچەکەماندا، هەر لە شەڕی ناوخۆوە تا گەندەڵی ئابوریو کۆمەڵایەتیو کولتوریو روناکبیرییەوە بۆ ترس لەئایندەو داهاتوی ئەو ئەزموونەی ئێستا کەتێیدا دەژین. بەڵام من پێموایە ئەوڕۆکە هاوڵاتیان بەگشتیو توێژی گەنجو خوێنەوارو زانکۆیەکان پتر بیر لەسەفەرو گەشت دەکەنەوە بەشێوەیەکی یاسایی، نەوەك بیر لە کۆچ بکەنەوە. واتا هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە. لەبری ئەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کەخەیاڵی سەفەرو گەڕان دایگرتوون رێگەی هاتونەهات بگرنەبەر بەقاچاخو لەژێر رەحمەتی قاچاخچییەکانی سەر سنوردا سنورەکانی پاسدارو جەندرمەو میتی تورکیو پۆلیسی یۆنانیو ئیتاڵی ببڕن، ئەوڕۆکە خەیاڵێکی لەو جۆرە چووتە نێو یادەوەرییەکی تاڵی رابردووەوە. لەکاتێکدا ئەڵتەرناتیڤی ئەو خەیاڵە بووە بە سەفەرو گەشت وەك مرۆڤ. بەڵام تا چ رادەیەك ئەم ئەڵتەرناتیڤە جێی بایەخی حکومەتی نوێی عیراقو ئیدارە نوێیەکەیە ئەوە جارێ دیار نییە، بەڵام ئەوە دەڵێم هەموو کەسێ مافی خۆیەتی سەفەربکاو دنیا بگەڕێ، ئیتر بە هەر کارو شێوەو شێوازێك بێت گرنگ نییە.

***من پێموایە ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان و عیراق، زیاتر لەهەموو توێژەکانی دیکە پێویستی بەلاوانە، بەڵام تاهەنووکە لاوان نەخۆیان بەبەرپرسیاری دەزانن و نەدەسەڵاتی کوردیش لاوان بەبەرپرسیار دەزانێ هۆکاری ئەم دوو بێ بەرپرسیاریە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟***

-لەڕاستیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە سەر بەشی کۆتایی پرسیارەکەتان لەڕاستیدا هۆکارەکانی بەرپرسیارێتی لەم کۆمەڵگایەدا دەگەڕێتەوە بۆچەند سەرچاوەیەکی زۆر کاریگەرو هاوکات جێی لێکۆڵینەوەو گفتوگۆن، من لەچەندین نوسینو گفتوگۆدا باسم لەوە کردووە کە کۆمەڵگای عیراقی بەگشتیو کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی دوو کۆمەڵگای داخراونو سەرلەبەری ئەو دەسەڵاتە فەرمانڕەوانەش کە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیان لەئەستۆدا بووە بەرەو داخرانی زیاترو پەراوێزبوونی زیاتریان بردووە، هەڵبەت پەشیمانیش نیم لەو بۆچوونە، من بەبەڵگەوە لەکتێبی (کۆچ و سەفەر)و گفتوگۆکانمدا سەلماندوومە، بەڵام ئەو بۆچوونەی من تاچەند هەندێك لەلایەنو ناوەندی سیاسیو حزبیو حکومی بێتاقەت دەکات، ئەوە کەیفی خۆیانە، ئەوان ئازادن لەوەی کە بڵێن دنیا  زۆر خۆشە (کەواش نییە). لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی لەم کۆمەڵگایەدا یەکەمین جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگا داخراوەی کە بەرپرسیار لەبوونی خۆی وەك کارەکتەرێکی کاریگەرو ئەکتیڤو ئەو کەلتورە داخراوەی لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە کۆنە هیچی دیاریکراوی نییە بیلێتو پێشکەشی بکات، هاوکات کارئەکتەری خەساندنو چەپاندنو فەرامۆشکردنو بێبایەخکردن لەم کۆمەڵگایەدا نەریتێکی باوی ڕۆژانەیەو بەردەوامە کە تەواو کاریکردۆتە سەر تاکەکەسو ناوەندو پانتاییە کۆمەڵایەتیەکە، نەبوونی پرسیارو ناڕەزایی لەم کۆمەڵگایەدا وایکردووە لەئەنجامدا کۆمەڵگایەکی نەخۆشو ترسنۆکمان دەست بکەوێت، من تەواو دژی ئەو قسیەم کەدەڵێ ؛ (کورد جوامێر و ئازایە) ، بەڵکو پێچەوانەکەی راستە، ئەزانی بۆچی؟ لەبەرئەوەی کوان ئەو هاوڵاتیە ناڕازییانەی هاتنە سەرشەقامەکان ناڕەزاییان دەربڕی، تا ئێستا چ ڕێپێوانێکی ناڕەزایی کراوە دژی کەمی مووچەی هاوڵاتیان دژی بەرپرسانو پیاوکوشتنو حەپەلوش کردنی سەروەتو سامانی کوردستان. هەڵبەتە سەرباری ئەمانە تۆ کۆمەڵگایەکت هەیە؛ کۆمەڵگای بایەعیو بەکاربردنی خواردنو کاڵاکانو هیچی دیکە، ئیتر ئێمە داوای چ بەرپرسیارەتیەك لەهاوڵاتیان بەگشتیو گەنجان بەتایبەتی بکەین. گەنجانی ئەم وڵاتە هەمیشە لەپەراوێزدابوونو پرۆسەی فەرامۆشکردنیان بەسەردا سەپێنراوە، هاوکات ناڕەزاش نین، پرسیاریشی نییە، قسەش ناکات، ئەمە بۆخۆی لەهەردوولاوە پرۆسەی پچووککردنەوەی توێژێك بەکاربراوە کە توێژی گەنجانو نەوە نوێکانە. هاوکات حکومەتو ناوەندە بەرپرسەکان لەبەر گومرکو موچەی وەزیرو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانو مەسئولە حزبیەکانو کادرە حزبیەکانو نەسریەی حزبەکان و نەسریەی سیحری مەسئولەکان ئاگایان لەهیچ شتێك نەماوەو هاوکات ئەو بەرپرسیارێتیەش ناگرنە ئەستۆی خۆیان، ئەم رەخنانەی من ئەوە ناگەیەنن من رقم لەحکومەت و زەڕبم بەسەر حزبو مەسئولەکاندا هێناوە، بەڵکە مەبەستی من ناچارکردنی ئەو ناوەندانەیە کەدەبێت بەسەر خۆیاندا بچنەوە، زۆرنا  کەمێك عادیل بنو بەعەدالەت بیربکەنەوە ، نەك وەك ئێستا عەقڵیان چۆتە گیرفانەکانیانەوە و ماوەی (13) ساڵە ئەو ئەقڵە داماوە لەو گیرفانە سیخناخ بەپارەیەدا گیری خواردووەو نایەتە دەرەوە تۆزێك هەوای عەدالەت هەڵمژێ. من پێموایە دوای هەڵمژینی ئەو هەوای عەدالەتە دەمرنو فەرامۆش دەبن.

***ساڵانێ بەر لەئێستا کۆچ زیاتر بۆ سودی مادی بوو، بەڵام ئێستا کۆچ لەو قاڵبە دەچێتە دەرەوە و مانای جەوهەری وەردەگرێت کەئەمەش لەئەنجامی ئەو ریپۆرتاژەی کە لە رۆژنامەکەماندا بڵاومانکردەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامە، چ جیاوازیەك لەنێوان ئەم دوو کۆچە هەیە؟ کامیان پەسەندتر؟**

-ئەوەی جاران کۆچ بوو دیاردەیەکی تاڕادەیەك ترسناكو پڕلەئازارو سەرکێشی بوون، بەڵام ئەوڕۆکە بیر لە سەفەرێکی جوان دەکرێتەوە کە گەڕانەوەیە بۆ مانا رەسەنەکەی خۆی کە گەشتو دنیابینیو  گەڕانو تێگەیشتنە بە کەمترین ئازارو نەهامەتی، ئەمەش بۆخۆی هەموو هاوڵاتیەك دەگرێتەوە بە گشت توێژەکانی ناو کۆمەڵگاشەوە.

***تاهەنووکەش لاوان ئایندەیان لەعیراقی سبەینێدا دیارنیە، پێتوایە لەعیراقی ئایندەدا لاوان بتوانن ئایندەیەکی گەش بۆخۆیان مسۆگەر بکەن؟**

-لەڕاستیدا ئەگەر لاوانو نەوە نوێکان بەم حاڵەی ئێستایانەوە رووبەڕووی ئەو گۆڕانکاریانەو ئەم بارودۆخە ببنەوە ئەوە حاڵیان لەجاران خراپترو پڕئازارتر دەبێت، دەبێت نەوە نوێکان توێژێکی گەورەو گرانی ناڕەزایی بن. دەبێت پرسیارو گومانی

خۆیان هەبێت، دەبێت چی دیکە لەو خەیاڵە سادانەدا نەژین کە ژیانی کورتکردبووەوە بۆ خوێندنو خۆشەویستیو ژنهێنانو قسەنەکردنو دامەزراندن لەدەزگاو دائیرەیەکی حکومیدا، بەڵکو دەبێت بەرپرسیار بن لەتەواوی ئەو گۆڕانکاریانە، دەبێت هەڵگری بەیداخی رەخنەو پرسیار بن لەدەسەڵاتو حکومەت، دەبێت چیتر رازینەبن دزیان لێبکرێتو قسەنەکەن، تاڵانیان بکەنو هیچ نەڵێین فەرامۆش بکرێنو ئەوان بەگیرفانی بەتاڵەوە پیاسەبکەنو بخرێنە پەراوێزەوەو سەرکزبکەن. دەبێت نەوە نوێکانی ئەم کۆمەڵگایە بەتوندی رووبەڕووی دەسەڵاتە نەریتیو نائەخلاقیو سەلەفیەکانی کۆمەڵگا بوەستنەوە.

لەڕاستیدا ئەرکی هەرە گەورەی نەوەی نوێ هەڵوەشانەوەی سیستمی نابەرپرسیارێتی کۆمەڵگاو دەسەڵاتە لەم ساتەوەختەدا. ئەو ئەرکی رەخنەو ناڕەزاییو رێپێوانو لێپرسینەوەیە کەوتۆتە سەرشانی نەوەی نوێ. بەڵام لەلایەك من رەشبینم بەرانبەر ئەم نەوە نوێیە. ئەوڕۆکە نەوەیەك هەیە بێئاگا کەوتۆتە نێو گۆڕانکارییە جیهانیەکانو پێشکەوتنەکانەوە، کەوتۆتە نێو دنیای کلیپەکانو فەرامۆشبوونەکانی خۆیەوە، بێئاگا رازییە لەپەراوێزبوونی خۆیو نابەرپرسیارێتیەکانی، لەبەرئەوە ئەو نەوەیە چەند جێی ئومێدە هێندەش جێی رەشبینیو نابەرپرسیارێتیەکانە، ئەوڕۆکە لەتەواوی جیهاندا خوێندکارانی زانکۆو ناوەندەکانی خوێندنو بەتایبەتی لاوان توێژێکی رەخنەگرو توڕەو بەرپرسن لەگۆڕانکاریەکانو بڕیارەکانی دەسەڵاتو ناوەندە بەرپرسەکان. بۆ نموونە ناکرێ ئێمە راپەڕینی خوێندکارانی ساڵی (1968)مان بیربچێتەوە، ناکرێت راپەڕینو لاوانی دانیشگاکانی تاران بەهەند وەرنەگرینو راگوزەر بەسەرماندا تێپەڕێت.

لێرەدا ناتوانم باس لەعیراقی سبەینێ بکەم، لەبەرئەوە لەکۆتایدا دەڵێم؛ ئەگەر لاوان بەهەمان تەرزی جاران بیربکەنەوە هەمان ئەو کوڕو کچە ترسنۆکانەی شارەکان بن، ئەگەر هەروەك جاران رازی بن بەپەراوێزبوونی خۆیانو فەرامۆشکردنیان ئەوا حاڵیان لەئێستا باشتر نابێتو هەرهەمان ئەو ناوەندو رێکخراوە کارتۆنیانەی کە بۆ فێرخوازانو لاوان دروستکراون وەك هەموو دەزگا حزبییەکانی دیکە کە گیرفانی حکومەتیان تاڵانکردووەو هیچیشیان نەکردووە، بێجگە لەدووبەرەکیو ململانێی سیاسی، ئەوا هەر ئەو رێکخراوانە دەبنە نوێنەری ئەو و ئەویش وەك نەوەیەکی ترسنۆك دەمێنێتەوە.

*(رۆژنامەی رێبازی ئازادی، گفتگۆ، 2003)

# حکومەتو رۆشنبیری گرگن*

**ئابووری موڵکی کۆمەڵگایەو موڵکی حیزب نییە، هەر کاتێکیش ئابوری حکومەت لە ئابوری حیزب جیانەکرایەوە، قسەکردن لە دیموکراسییەت، نوکتەیەکی گەورەیە.     (بەختیار عەلی)**

لە پشت هەموو حکومەتێکی دیموکراتەوە، لەو دیو دەستەی سەرۆکایەتیو ئیدارەی حکومەتەوە هێزێکی گەورەی پسپۆری ئامادەیە کە بەردەوام لە گفتوگۆدایە لەگەڵ حکومەتو ناوەندە هەستیارەکاندا، بەردەوام کەوتونەتە نێو ئەو تۆڕی پەیوەندییانەوە کە حکومەتو خەڵك پێکەوە دەبەستنەوە. بەڵام لە کۆمەڵگا داخراوەکانو وڵاتە دواکەوتووەکانی دنیادا دەستەیەك لە قسەنەکەرو کەسانی جاسوسو سەلەفیو گرگنو دەسەڵاتی لۆکاڵی بێئاگا ئامادەگییان هەیە، دەستەیەك لە

* (بەشێکی کەمی ئەم وتارە رەخنەییە لە رۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە 2003)

خەمخۆرانی گیرفان حزوریان هەیە، دەستەیەك لە بەرژەوەندیپەرست حزوری بەردەوامیان هەیە، کە زۆرجار حکومەتو دەستەو تاقمی بەرپرسو بەڕێوبەرانی وڵاتیان بەرەو گومڕایی و خراپ تێگەیشتنو بەدگومانی بردووە. لەهەموو دنیادا دەستەیەك لە پسپۆری بوارە جیاجیاکان هەیە بۆ گفتوگۆو قسەکردن لەسەر بڕیارو کێشەو دیاردەکانی ناو کۆمەڵگاو پێشهاتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاینیو ئابوریو روناکبیری، ئەو دەستەیە مرۆڤگەلێکی هوشیارن بە ژیانو گوزەرانی خەڵك، هوشیارن بە سیاسەتو ئابوری، هۆشیارن بە ئەنترۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسیو ئاستی مەعریفی کۆمەڵگاو کولتورو ترادسیۆنو جیاوازییەکان، تا رادەیەکی باش بە ئاگان لە دنیاو دنیابینی خۆیان هەیە لە تەواوی جیاوازییەکانیاندا. ئەو مەعریفەیەی ئەوان لە تاکە یەك سەرچاوەوە هەڵنەقولاوە، بەڵکە بەلایەنی کەمەوە لەسەرچاوەگەلێکی مەعریفیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە پشت حکومەتە نادیموکراتو ناعادیلەکانەوە  دنیایەك حیزبی بەرژەوەندیخواز ئامادەیە، دنیایەك بیرۆکراتی نابەرپرسو سەلەفیو پارەبەفیرۆدەر هەیە، دنیایەك رۆتینو نابەرپرسیارێتی ئامادەیە، کەسانی رۆشنبیری نارۆشنبیری موئامەرەچیو بەرژەوەندیخوازو درۆزنو پڕۆژە دز هەیە،  دنیایەك بوونەوەری بێئاگا مێشکی حکومەتییان بەرداوەتەوە(بێجگە لەو کەسە ئیداریو فەرمانبەرە ونبووانەی  کە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، بەڵام بەداخەوە دەستیان ناڕواتو گوێیان لێناگیرێت)، ئەم باسە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو بێئاگاییە گەورانەی حکومەت لە بارودۆخی روناکبیران.

لەڕاستیدا دەبێت حکومەت لەوە تێبگات کە لەم ساتەوەختەدا گەر لە نەوەکان تێنەگات، گەر لە جیاوازییە گەورەکانی ئەو دنیابینییانە تێنەگاتو لە ئاستی روناکبیریو ژیاری کۆمەڵگا تێنەگات لە بێئاگاییەکی گەورەدا دەگوزەرێ، ئەبێت دان بەو راستییەدا بنێت کە بێجگە لە نەوەکانی پێشوو، بێجگە لەو رۆشنبیرە بەرژەوەندیخوازانە ئاگای لە هیچ نەوەیەكو لە هیچ بوارێکی جیاواز نییە، بێئاگایە لە سەرزەمینە روناکبیرییەکانی دیکە، بێجگە لەدەرەوەی ئەو مەودا تاریکەی نەوەکانی پێشوو هیچ ناوەندێکی دیکە ناناسێت، ئەوڕۆکە ئەگەر حکومەتو دەسەڵات خوازیاری ئەو بێئاگاییەبن ئەوا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە بەدگومانێکی خراپەوە لەمەڕ ئەو ئاستە ژیاریو رۆشنبیرییەی کە کوردستانی پیادا تێدەپەڕێ. .دەبێت حکومەتو هەزارانی وەکو ئەو ناوەندی بڕیارانە تێبگەن کە ناتوانن تا هەتاهەتایە دەستبخەنە ناو ژیانو گوزەرانی هاوڵاتیانەوەو ناوەندە ئابوورییەکان مۆنۆپۆلیزەبکەنو ئەوەی رەخنەیان لێدەگرێ گوێی لێ نەگرنو لەسەرکار لایبەرنو لەهیچ وەزارەتێك دایانەمەزرێنن(ئای لەو گەندەڵییە دیموکراتییەی ئێمەی تیادا دەژین).

ئەوڕۆکە ئەو رۆشنبیرە بەرژەوەندیخوازو بودەڵانە بەو کەرەستە کۆنانەی خۆیانەوە لە بێئاگاییەکی گەورەدا دەگوزەرێن، لە خەیاڵێکی پڕ لە یادەوەرییدا دەژین، لە ئاکامێکی سەرتاسەریدا ئێستاو ئایندەو مێژووییان پێکەوە گرێداوە، خاوەنی خەیاڵدانێکن بۆ بەخێوکردنی بێمانایییەکان، بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی گوێڕایەڵ، بۆ تۆکمەکردنی ناوەندو سەرتاسەرییەکان، بۆ دانانی ئەو کۆڵەکانەی کۆنخوازی لەسەری رادەوەستێ. بۆ داگیرکردنی پانتاییەکانی بیرکردنەوەو تێڕوانینی نوێ، بەلایەنی کەمەوە هزرێکی تاریك لە دیوە نادیارەکانەوە ئامادەیە بۆ داگیرکردنی ئێستاو دووبارەکردنەوەی خۆی، ئەوان نایانەوێت لە ئێستادا نەژین، دەکارن بەناوی رێکخراوێکەوە، بەناوی حیزبێکەوە، بەناوی حکومەتێکەوە، بە ناوی دەزگایەکی رۆشنبیرییەوە، بەناوی مۆدرێنترین خەیاڵەوەو بە ناوی تەواوی هاوڵاتیانیشەوە قسەبکەن، لەبەرئەوە ئەوانە دەسەڵاتێك بەکاردەبەن کەمتازۆر ناوەندو گروپە نوێکانو تاکەکەسەکان ناتوانن بەکاریبهێنن.  بەردەوام بەدوای درێژکراوەکانی خۆیانو لێکچووەکانی خۆیاندا دەگەڕێن، بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی بۆشاییە گەورەکاندایە بۆ جێکردنەوەی خۆی لە دنیابینییە نوێکاندا . نایەوێت لە ئێستاو داهاتوو خۆی دابڕێت، خوازیار نییە تەنها لە مێژوویەکی تاریكو لە شارستانییەتێکی دووردا بگوزەرێ، بێزارە لە بێمانایییەکانی خۆیو شەیدای ژیانێکی نوێیە لە ئێستادا، بەڵام بەهەمان کەرەستەو هزرو عەقڵی پێشووەوە، بەهەمان خەیاڵو رامانو بێئاگایییەکانی خۆیەوە دەیەوێت لە ئێستادا ئامادەگییەکی هەمەلایەنی هەبێت، دەکارێ لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە، دەیەوێت تا دوایەمین ژمارە وەك رۆشنبیرێکی سەلەفی لەگەڵ نەوە نوێکاندا گوێزی خۆی بژمێرێو ناوەندەکانی بڕیار مونۆپۆلبکات.

مـن لێـرەدا دەمـەوێت جیاوازییـەك بكـەم لـە نێـوان رۆشـنبیری بودەڵـەو سەرشـۆری حیـزبو ئایـدۆلۆژیو بەرامبـەر بـە رۆشـنبیرێك كـە رەخنـەی جدی لـە حكومـەتو حیـزبو دەسـەلاٚت دەگـرێ بـۆ باشـترکردنی دەسـەلاٚتی حكومـەتو ناچـارکردنی حكومەت بـۆ ئـەوەی زیـاتر گـوێ لـە هاولاٚتیـان بگرێـت، ئـەو رۆشـنبیرەی ناتوانێـت تاكـە یـەك روانـین دروسـت بكـات لـەدەرەوەی دەسـەلاٚت، ناتوانێـت تاكـە یـەك جیـاوازی قبوڵبكـات، ئـەو تـاریكبیرەی بـەبێ پرۆكجوتـەرەكانی دەسـەلاٚت بـوونی نییـە بـەبێ ئـەو ناتوانێت بیربكاتەوە، بەبێ ئەو ناتوانێت  بنوسێت، بەبێ ئەو ناتوانێت كتێبێك دەربكات، بەبێ ئەو ناتواتنێت دەمبكاتـەوە. ئێمـە چەند ساڵە ئەم جۆرە رۆشـنبیرەمان دروسـتكردووە، ئـەو رۆشـنبیرە خەسـیوەی دەسـتی دەسـەلاٚت، گرفتـاری دووبارەكردنـەوەكانی خۆیەتیو پرۆژەیەكی نییە بۆ ئاینده، ناتوانێت بۆ تاكە یەك چركە سـەربەخۆ بیربكاتـەوە، ئـەو بـەبێ درۆكـردن لەگـەڵ خـۆیو ناوەندەكەدا ناتوانێت بژی، رۆشنبیر ئەو بوونەوەرە گرگنەی دەسەلاٚت نییە كە لە دیوەخانەكانی ئەودا نەبێت نانی بۆ ناخورێت، ئـەو جـۆرە لـە رۆشـنبیر دەسـتیكردووە بـە گیرفـانی حیـزبو دەسـەلاٚتو حكومەتـداو تـالاٚنی دەكـات، ئـەو دەیـەوێ لەبـەردەرگای دەسەلاٚتدا بمرێو لە باخچەكەی ئەودا بینێژن، ئەو دەیەوێ فەنتازیاكانی دەرەوەی خـۆی، خەیالٚگـەكانی دەرەوەی خـۆی بكوژێـت، ئەو دەیەوێت تەواوی راستییەكان بشێوێنێت. ئەو كە لە ڕووی مەعریفییەوە ئـیفلاس دەكـات دەسـتدەداتە شـتی گـەورە، ئـەو بـۆ ئـەوەی كـەس لـە یـادی نـەكاتو كالٚنەبێتـەوە، هـەزاران جـار بـە روخسـاری دەمـامككراوەوە لەسـەر شاشـەو كەنالٚـە ئاسمانییـەكان دەردەكەوێت، ئەو جۆرە رۆشنبیرە بێجگە لە دووبارەكردنەوەی خۆی هیچی دیكەی پێنییە(دەكرێ بلٚـێین رۆشـنبیرێكی زارەكییـە، یان تەنها رۆشنبیری شاشەیە). ئەو بۆئەوەی دەسەلاٚت لێیرازیبێت خۆی هێندە بچوكدەكاتەوە كە بچێت بە گیرفانیاندا.

لێـرەدا ئەگـەر بەتـەنها بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو گەندەڵییـە روناكبیرییـەی كـە لـەپاڵ ئـەو رۆشـنبیرە دنیـابینو نوێخـۆازو سـەربەخۆیەدا ئـەژی ئـەوا دەكـرێ بگەڕێینـەوە بـۆ تێڕوانینێكـی بـەختیار عـەلی لەسـەر رۆشـنبیر كـە دەڵـێ : "پێویسـتمان بـە كۆمەلٚگایەكو ستراكتۆرێكی سیاسی هەیـە... كـە رۆشـنبیر وەك راوێـژكار یـان كەرەسـتەی جوانسازیو رازاندنـەوەی گۆڤارەكـانو ئیستگەكان تەماشـانەكات، بـەلٚكو رۆشـنبیر وەك ئـەو مرۆڤـە تەماشـاكات كـە دەتوانێـت شـتەكان رووتبكاتـەوە، درۆو ئەفسـانەكان بشكێنێت، هەموو ستەمە وردو درشتەكان بخوێنێتـەوە، هـەموو كەلەبـەرەكانی نـاو ئاكـاری كۆمەلاٚیـەتی ئاشـكرا بكـات، دەسـەلاٚتی رابــردوو رووتبكاتــەوە، خــراپ بــەكارهێنانی موقەداســاتەكانو قوربانییــەكان بخاتــە روو، ئــەو میكانیزمانــە ئاشــكراكات كــە ئایدۆلۆژیاكان كاری پێدەكەن بۆ گوتنی نیوەی راستیو شاردنەوەی نیوەكەی دیكە."[1] ، كەواتـە رۆشـنبیر كێیـە، ئایا رۆشـنبیر ئـەو بوونـەوەرە نوێخـوازو سـەربەخۆیەیە كـە رامـین جـەیهانبگلو جیـای دەكاتـەوەو راڤـەی دەكـات، یـان رۆشـنبیر ئـەو كەسـەیە كـە هەلٚدەسێت بە سـەختڕینو ئـالٚۆزترینو وردەكـارترین پڕۆسـە كـە ئـەویش بەشـداریكردنە لـە دیـاریكردنی مانـای وشـەی (كـۆن)و (نوێ)دا لە هەموو بوارەكانی ژیاندا كە بەختیار عەلی بەبەخشینی جورئەتو بوێری پێناسەیان دەكات؟ رۆشنبیر تێكەلٚەیەكە لەم دوو تەفسیرە، بەڕاسـتی ئەگـەر ئـەو جورئـەتو ئازاییـە لـە رۆشـنبیرانی نوێخـوازو سـەربەخۆ دامـالٚی رۆشـنبیرییەكی هـەزیلو نەخۆشو بێدەسەلاٚتمان دەستدەكەوێت، بەمانایەك كاتێك رۆشنبیر دەگاتە رادەی سەربەخۆیی كە نەریتی كۆنو ترادسیۆنی باوی روانینی دامەزراوە داخراوەكان قبولٚناكات، كاتێك دەلٚێت نەخێر بۆ داخستنو سەرڕاوەشاندن بۆ دروشمو مژدەكان، بـۆ پێشـنیاری لێكچوونو رەتكردنەوەی جیاوازییەكان، بەلایەنی كەمەوە ئەو جۆرە لە رۆشـنبیری سـەربەخۆ لـە گەمـەكانی دەسـەلاٚتو حیـزبو دنیـا داخراوەكـانی حیزبـدا بەشـداری ناكـات بـۆ خۆشـكردنی ئـاگری داخسـتنو سـڕینەوەی ئـەوی بەرامبـەرو دروسـتكردنی ڕقو جیاكردنەوەی رۆشـنبیرە نوێخوازەكـان بـەوەی كـە هـیچ شـتێكیان بـۆ كۆمـەلٚگاو حیـزبو دەسـەلاٚت نـەكردووە، ئـەوەی پێـی وایـە رۆشـنبیر كـائینێكی گوێڕایەلٚـە، بوونەوەرێكیملهوڕە، فەرزەندەیـەكی عاقلٚـە، پێشـمەرگەیەكی گیـان لەسەردەسـتە خـەیالٚیان لـە وەهمێكی سەرتاسەرییدا دەخولێتەوە، لەبەرئەوەی رۆشنبیری جدیو نوێخـواز ئـەو رۆشـنبیرە سـەربەخۆو ئازادەیـە كـە رەخنـەی تونـدو راڤـەكردنی جیـاوازی هەیـە بەرامبـەر دەسـەلاٚتو حیـزبو كۆمـەلٚگاو نـەریتو ئـەو خێلٚـە رۆشـنبیرانەی لـەپاڵ حیـزبو دەسەلاٚتدا لافی سەربەخۆیی نویخوازی لێدەدەنو موزایەدە بە گوێڕایەلٚیانەوە دەكەنو وێنەی رۆشنبیران لای خـەلٚكو حكومـەتو

[1] بەختیار عەلی/رۆشنبیر ،كۆمەلٚگا، دەسەلاٚت. لە بلاٚوكراوەكانی نێوەندی رەهەند بۆ لێكۆلٚینەوەی كوردی /2000 / ل12

دامودەزگاکان ناشرین دەکەن[2]. بێگومان لەم رەخنانەوە دەگەینە ئەوەی دەسەلأتی رۆشنبیر جۆرە دەسەلأتێکی رەمزییە، واتە دەسەلأتێکی ماددیو یان ئابووری نییە، بەلکو دەسەلأتێکی رەمزییە، واتە دەسەلأتی قسەکردنو نوسینی هەیە لەبەرامبەر دەسەلأتی شمشێرو پارەدا. بەلأم دواجار ئەویش هەر دەسەلأتە[3]. ئەوەی پێی وایە رۆشنبیر لە پەراوێزدایە، یان رۆشنبیران خویان رازین بەو قسەیەی کە بەردەوام باسی لێوەدەکرێ کە دەلێ رۆشنبیر لە پەراوێزی دامودەزگاو حکومەتو کۆمەلگادایە، ئەوا ئەم رازیبوونە دەستەمۆبوونو دوورکەوتنەوەی رۆشنبیرانی لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی لەم حالەتەدا ئەو رۆشنبیرانەی لەناوەوەی حیزبو دەسەلأتو دامەزراوە حیزبییەکانداو بێ رەخنە ماونەتەوە شانازی بە سەنتەریبوونی خۆیانو پەراوێزبوونی ئەوانی دیکەوە دەکەن، لەبەرئەوە پتر شەیدای ئەو دەستەمۆبوونەن، هاوکات ئەو رۆشنبیرانەی کە رازین بە پەراوێزبوونی خۆیانو بەردەوام ئەو بەیتو بالۆرەیەوە دەلێنەوە تا رادەی داخران بەسەر ئەو رازیبوونەدا دوور دەکەونەوە لە کۆمەلگاو رەخنەکانی، بەلأم بە پێچەوانەی ئەم رایانەوە ئەو رۆشنبیرە سەربەخۆو ئازادانەی خەمی گۆرانو راڤەکردنو رەخنە دایگرتوون کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەیە لەسەر کۆمەلگاو جەماوەرو قوتابیانی زانکۆو توێژی لاوانو نەوە نوێکان، ...

نەوەیەك هەیە لەدەرەوەی ستراکتۆرە داخراوەکانی کۆمەلگە، لەدەرەوەی حیکایەتەکانی دەسەلأتو حیزبو دامودەزگا داخراوەکانی ئەو ترادسیۆنە ئیفلیجەی کە توانای بەرهەمهێنانی خەیالگەیەكو دنیابینییەکی جیاوازی نییە.

مەریوان وریا لە هاوکێشەکانی دەسەلأتدا دەرئەنجام دوو قوربانی گەورەی مۆنۆپۆلیزەکردنی حیزبو دەسەلأتمان بۆ راڤەدەکات کە چۆن تەواوی کایەو پێکهاتە کۆمەلأیەتیو رۆشنبیریو سیاسیو ئابوورییەکان مونۆپۆل دەکات؛ دەلێ "ناچارکردنی هێزە کۆمەلأیەتییەکانی دیکە بە تەسلیمبوون بە حیزب،وەك وتمان بەناو مەرگو هێزە کۆمەلأیەتییە لەبەریەکهەلوەشاوەکاندا تێپەردەبێت، بەناو پرۆسەی هەرچی زیاتری پارچە پارچەکردنی کۆمەلگادا. بەرێگەی کایە جیاجیاکانەوە بە مەوقیعە جاجیاکانی ناو حیزبەوە، لێرەوە قوربانی یەکەم بلۆکی مێژووییە. کە تەعبیرە سیاسییەکەی غیابی ئیجماعی سیاسییە." هەروەها قوربانی دووهەمی ئەم دۆخە، رۆشنبیرانن، حیزب کە ئابووری مۆنۆپۆلیزە دەکات مانای وایە کە حیزب پێشوەخت بریاری ئەوەی داوە بیرۆکەی هەیمەنە بەمانا ئایدۆلۆژیو فیکرییەکەی کەنارگیربکات. نەك هەر ئەمە بەلکو بریاری ئەوەشی داوە کە کایەی رۆشنبیریو ئایدۆلۆژیش بەهەمان شێوەی هەموو کایەکانی دیکەی کۆمەلگا، وابەستەی ئەو پرۆسەی مۆنۆپۆلیزەبکات. لێرەوە کە ئابووری یان راستر بلێین مونۆپۆلیزەی ئابووری ئەبێتە ستراتیژیترین کاری حیزب، ئەوکات رۆشنبیران لەباتی ئەوەی ببن بە عەقلی حیزب، دەبن بەگرفت بەسەر حیزبەوە، لێرەوە کاری سەرەکی حیزب بەرامبەر بە رۆشنبیران دەبێتە سنوربەندیکردنو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆی پێکهاتەی کۆمەلأیەتی، لەباتی ئەوەی حیزب رۆشنبیران بکاتە دەروازەی چوونە ناو کۆمەلگاو پەیوەندیکردن بەیەکە کۆمەلأیەتییە جیاجیاکانەوە، کاری ئەبێتە کەنارگیرکردنی رۆشنبیران."[4]، ئەزموونی چەند سالی رابردوو شایەتی حالن لەسەر ئەو لێکدانەوەو پشکنینەی مەریوان وریا بۆ قوربانییەکانی مونۆپۆلیزەکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانو تەواوی سەرمایە گوزارییەکان لەلایەن حیزبو دەسەلأتە لۆکالییەکانییەوە.

کاتێك حیزب درێژکراوەکانی خۆی لەکایەو پێکهاتە کۆمەلأیەتیو رۆشنبیریو ئەو ئاستە ژیاریو ئابوورییەی کۆمەلگادا بەگشتی دەخاتەکارو سەرچاوەکانی ئەو مومارەسە ستەمکارییە دەدۆزێتەوە، یەکرا هەلئەسێت بەدابینکردنی کەرەستەگەلێکی جیاواز بۆ مونۆپۆلکردنو کۆنترۆلکردنی ئەو ناوەندانە، ئەو کۆششە لە خۆراو لەرێکەوتێکی سەیردا روونادات. لەبەرئەوەی لە کوردستاندا حیزب تەنها بەوەوە نەوەستاوە کاری جەماوەریو سەندیکاییو میلیتاریو میلێشاییو داگیرکاری ئەنجامبدات، بەلکە ستراکتۆری کاری حیزب لەم پارچە خاکەدا ئیفلیجکردنی کەسایەتی سیاسیو رۆشنبیریو کۆمەلأیەتی تاکەکەسو گروپو دەزگاکان بووە. کاری بۆ خەساندنی ئاستێکی ژیاری واکردووە کە مەحالە دەرچوون لە دەرئەنجامەکانی، هاوکات کاری لەسەر ئیفلیجکردنی روانینو دنیابینییەکانیش کردووە، کاری لەسەر کوشتنی ئێستاو ئایندەسازییەکان کردووەو لەپێناو

---

[2] لە گوتاری گەندەلی روناکبیرییەوە/ دەروازە/ ئاسۆ جەبار/ر.هاولأتی 2002

[3] بیری رەخنەیی هاوچەرخ- کۆمەلێ وتار –و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد- لە وتاری رەخنە لە رۆشنبیر – قەیرانی رۆشنبیر- عەلی حەرب- لا 123

[4] مەریوان وریا، هاوکێشەکانی دەسەلأت،"سزا، کۆنترۆڵ، کاریزما"، گۆڤاری رەهەند، ژ2/1997

زیندووکردنەوەی رابردوو و ستراکتۆرە نەریتیو داخراوەکانی زاکیرەی مێژوودا. ئەو بۆ ئەوەی مێژوو بکوژێت، مێژوو پڕ دەکات لە سەروەرییەکانو حیکاتەکانی خۆی. هەڵئەسێت بە زیندووکردنەوەی سەروەرییە کارتۆنییەکانو خەیاڵگە خورافییەکانی خۆی. ئەو بۆ ئەوەی خۆی بکات بە حاکمی موتڵەقی ئێستا هەڵئەسێت بەکوشتنی ستراکتۆری تاکەکەسو شوناسی گروپو کۆمەڵە جیاجیاکانی فشار. ئەو بۆئەوەی بێمانایی بەرهەمبهێنێت دەرئەنجام هەڵئەسێت بە ناشرینکردنی نرخو بەها مرۆییو ژیاریو رۆشنبیریو ئەخلاقییەکان. ئەو بۆ ئەوەی رابردووە بەباچووەکانی خۆی زیندوو بکاتەوە هەڵئەسێت بە دابینکردنی سەرچاوەگەلێکی نامەعریفیو نامەنتیقی بۆ بەلگەهێنانەوەو ئەو پێشمەرجانەی کار بۆ ئەو سەرزەمینە خاڵییەی ئەو دەکەن. ئەو بۆ ئەوەی بەتاڵییەکانی خۆیو خاڵیبوونەوەکانی خۆی بشارێتەوە پەلاماری شتی گەورە دەداتو کێشەی ناشرینو سەریەشەی گەورەگەورە بۆ تەواوی کۆمەڵگا دروستدەکات، وەك شەڕی ناوخۆو ململانێ نامەنتیقی سیاسیو ئابووریو رۆشنبیریی، ئەوەشمان لەبیرنەچێت ئەو رۆشنبیرە گرگنو بودەڵەیەش بەشدارە لەو بێمانایی مونۆپۆلیزەکردنی ئابورییەی حیزبو دەسەڵاتو حکومەتداو پارەی بچوکیو نۆکەریی خۆی وەردەگرێ.

ئەو بۆئەوەی لە سەرزەمینە داخراوەکەی خۆیدا تەواوی شتەکانو کایەو ناوەندەکان جێبکاتەوە، هەڵئەسێت بە فراوانکردنی سەرزەمینە داخراوە بێشومارە بچوکەکانی، وەك کردنەوەی مەڵبەندو دەزگا رۆشنبیرییەکان، دەرکردنی کۆمەڵێك رۆژنامەو گۆڤاری پاشکۆ بۆخۆیو دەسەلاّتەکەی، مونۆپۆلکردنی ئابوری هاولاّتیان بەگشتیو رۆشنبیران بەتایبەتی، بێگومان لەو فەزا ناکۆكو بێمانەییەی حیزبدا، لەو ناوەندە داخراو و نەریتە شێواو پڕ لە دەوالیزمەدا ئاستێکی دیکەی رۆشنبیری دەردەکەوێت، کە سەر بە جوگرافیایەکی دیاریکراو و شوێنگەیەکی داخراوی ئایدۆلۆژی یان حیزبی نییە، بەمانایەك رۆشنبیرێك هەیە لەدەرەوەی ترادسیۆنو ستراکتۆرە داخراوەکەی دەسەلاّتو ستەمکاریو مۆنۆپۆلەکان.

ئێمە تەنها باس لە رۆشنبیری گرگنو بودەڵە ناکەین، بەڵکە باس لە رۆشنبیری سەربەخۆو رەخنەگریش دەکەین، کە لەو کەنارەدا ئەو جیاوازییە گەورەیەی نەوەیەك لە رۆشنبیرانی مولتەزمو جیاواز دەردەخەین کە بەتەنها لەڕێی دنیابینیو جیاوازییەکانیەوە دەیناسینەوە، باس لە رۆشنبیرێك دەکەین کە خەیالگەیەکی مەعریفی جیاوازی هەیە لەدەرەوەی نرخو بەها داخراوەکانی حیزبو دەسەلاّتو پێکهاتە نەریتیو کۆنپارێزەکانی دەسەلاّت. باس لە خودی رۆشنبیر دەکەین وەك بوونەوەرێکی کەنارکەوتووی خورافاتەکانی بێدەنگی، لەبەرئەوە دەچینە سەر تێڕوانینێکی ئیدوارد سەعید دەربارەی رۆشنبیر کە دەڵێ : رۆشنبیر بوونەوەرێکە بەروونو راشکاوی بۆچوونو تێڕوانینەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، سەرباری هەر کۆسپو تەگەرەیەك گوزارشت لە فیکرەکانی خۆی بۆ جەماوەر دەکات. رۆشنبیران کەسانێکن ئامادەییەکی خۆڕسکیان بۆ دەربڕین تیادایە، سا بەوتن بێت یان بە نوسین یان بەدەرکەوتن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا. ئەم ئامادەییەش لەوەدا گرنگە کە دەشێت ئازاو جەسورانە ئیلتیزامیان هەبێتو لەهەمانکاتیشدا قابیلی هەڵکردنن.[5] لێرەوە چیتر رۆشنبیر ئەو بوونەوەرە هەزیلە نییە کە لە ترادسیۆنە فەقیرەکەی حیزب یان دەسەلاّتە داخراوەکانی ناوەندەدا ونببێت، ئەو رۆشنبیرەشی ونبوونو کاڵبوونەوەی خۆی لەناو حیزبو دەسەلاّتە ترادسیۆنەکاندا هەڵبژاردووە، هەڵبەت رازیشن بە مونۆپۆلیزەکردنی عەقڵو روانینو هزریان لەلایەن دەسەلاّتو ئەو دەزگا چەواشەکارانەی دەسەلاّتەوە.

دواجار رۆشنبیر بوونەوەرێکە تا سەرئێسقان ئاوێتەیە لە رەخنەو جیاوازییەکانیدا، نەوەك لەگەڵ بێدەنگیو داخرانو قبوڵنەکردنی جیاوازییەکان، ئەو رۆشنبیرە نارۆشنبیرەشی کە لە پەنا گوێی حکومەتو دەسەلاّتدا گرگنی خۆی چەندجارە دەکاتەوە، لە گەندەڵییەکی روناکبیری وادا دەژی کە مەحاڵە دەرچوون لە ناشرینییەکانی خۆیو لە بودەڵییەکانی خۆی، ئەو کە کار بۆ شێواندنی راستییەکان دەکات، کاریش بۆ بچوکردنەوەی خۆیو ئیفلیجکردنی خۆی دەکات.

ئالیاتی کارکردنی ئەو رۆشنبیرە گرگنو بچوکە بەکاربردنی کەرەستەگەلێکی نامەعیرفییە بۆ ناشرینکردنی وێنە جیاوازەکانی بواری رۆشنبیری، بەلایەنی کەمەوە ئەو کار لەسەر کوشتنی جیاوازییەکانو قبوڵنەکردنی ئەوی بەرامبەر دەکات،

---

[5] *ئیدوارد سەعید، وێنەکانی رۆشنبیر، و.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،ل100*

کار دەکات بۆ مانەوەی خۆی لەسەر حیسابی کۆششە مەعریفیو رۆشنبیرییەکانی دەرەوەی خۆی، ئەو تا سەر ئێسقان گرگنی خۆیو بودەڵەیی خۆی قبوڵە بۆ یە هیچ روانینێکی دیکەو هیچ خەیاڵگەیەکی دیکە لەدەرەوەی دنیا داخراوەکەی خۆی قبوڵناکات.

لەراستیدا لەهیچ سەرزەمینێکدا بێدەنگیو قسەنەکردن پاداشت ناکرێ، بەلاّم لەلای ئێمە هەموو بێدەنگییەكو هەموو قسەنەکردنێكو هەموو گرگنییەكو هەموو بودەڵییەك لەلایەن دەسەلاّتو حکومەتو حیزبەوە پاداشت دەکرێ ، ئالێرەوە هەموو دەروازەکان لە جیاوازییەکان دادەخرێتو روانینە کراوەکان بۆ دنیا قبوڵناکرێت، لەم کەشو هەوایەدا دنیایەك دیکتاتۆری بچوكو دنیاك ستەمکاریی بەرهەمدێت.

بانگەشە بۆ دیموکراسیەتو کۆمەڵگای مەدەنی زامنی ئازادییەکانی تاکەکەسو گروپو ناوەندە سەربەخۆکان ناکات بۆ دەربڕینی راوبۆچونەکانیان بەئازادی و سەربەخۆییو بەبێ فشارو پەراوێزخستنیان، بەڵکە ئەوەی ئازادییەکانو دادپەروەرییەکان جوانتر دەکات هەستکردنە بە بەرپرسیارێتیو لێپرسینەوەو مەحکومکردنی گەندەڵیو مشەخۆریو دەرەبەگایەتی نوێو جیاکردنەوەی حیزبو مەزهەبو رەگەزخوازی لە تەواوی ناوەندو دەزگا فەرهەنگیو حکومیو پیشەییەکاندا. دیکتاتۆرێك نییە لە دنیادا بانگەشەی بۆ دیموکراسیەتو خوشگەزەرانی کۆمەلاّیەتی نەکردبێتو دنیایەك رێکخراو و دەزگای بەناو مەدەنیو سەربەخۆوە دروست نەکردبێت، بەلاّم ئەوەی دیموکراسیەتو کۆمەڵگای مەدنی لە بانگەشەو حەقیقەت جیادەکاتەوە بەرپرسیارێتیو لێپرسینەوەو گروپەکانی فشارو راوبۆچونی ئازادو دەسەلاّتی هاولاّتیانو میدیای ئازادە بەرامبەر ستەمکاریو گەندەڵیو ئەو دەرەبەگایەتی نوێیەی کە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا لەئارادایە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان


1-*Arnooff، Myron . j. Religion and politics: Political Anthropology Books، p54، 1984*.

2-*Emile Duarkheim، The Elementary forms of Religions Life- P 50*.

3-*Edward Taylor- Primitive Culture P63 (animism*.(

4-*E. B. Taylor - Primitive culture P12*

5-*E. D. Taylor- Primitive Culture Part: 1- P23*.

6-*Jims Frezar- the Golden Bough P: 164*.

7-*Max Muller- introduction to the Science of Religion. P13 London Oxford 1988*.

8-*Kertzer، David. Ritual . Politics and Power "new Haven conn: Yale University Press- 1988.*

9-*Kath Opanishad- Ch2*.

10-*Kertzer، David، Ritual، Politics and Power" new Haven.. conn: Yale university press. 1988 –p52*.

11-*TEDS Llewellyn- An Introduction*
*Policy anthropology– London- 1993 – P.114.*

*12-Cornelius Castoridis:le monde morcele*

*Politics and Power "Ne Haven Conn: Yale University Press- 1088.، David Ritual،13-Kertzer*

***14-Pindar. Benin. Part. 6-4.***
***Pinar Songs. Translated by***
***C. M. Lora “Harmiondthors- P 206”***


**سەرچاوەکان 1:**

1-**مۆدێرنێتە، دیموکراسی و رۆشنبیران،رامین جەیهانبگلو، و. موسڵح ئیروانی و موراد حەکیم. چاپی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی** ⁄ 2002 ⁄ ل97

2-**بڕوانە گۆڤاری رەهەند، ژ**5⁄1998 ، **دیارو نادیار⁄ ئیمپراتۆرییەتی وەهم_ بەختیار عەلی_** ل40

3-**رۆشنبیر ،کۆمەڵگا، دیموکراسیەت- چەند سەرنجێک بە پێنووسی : بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانع، ئاراس فەتاح. لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی** ⁄2000 ⁄ ل 5

4-**بیری رەخنەیی هاوچەرخ- کۆمەڵێ وتار -و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد- لە وتاری رەخنە لە رۆشنبیر - قەیرانی رۆشنبیر- عەلی حەرب- ل** 123

5-**بەختیار عەلی - رۆشنبیر ، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت- ل** 7-8

**سەرچاوەکان2**

[1] **مەریوان وریا قانع ، ئەخلاقناسی لە دنیای پۆست مۆدێرندا، گۆڤاری رەهەند،** 8⁄1999،ل21

[2] **بەختیار عەلی، کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی، خوێندنەوەیەک لە وێنەو ئەفسانەکانی سەفەرو تاراوگەبووندا، بەشی یەکەم، گۆڤاری رەهەند، ژ**(12-13) **ساڵی** 2001 ، ل34

3-**دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچیهر موحسنی، و. ڕێبوار سیوەیلی، موسڵح ئیروانی، موراد حەکیم، دارا سوبحانی، ئەبوبەکر عەلی، دڵشاد حەمە، تەحسین تەها. لە چاپکراوەکانی دەزگای موکریان- هەولێر** 2002. ل 103.

4-**موسوعە علم الانسان- شارلوت سیمور- سمس** 2000.

5-**الانثروبولوجیة السیاسیة- جورج بالاندی.**

6-**دیانة سامیین- روبرستن سیمس. ل** 55.

7-**دین الأنسان، فراس السواح** 1998.

8-**الان تورین، نقد الحداثة، ترجمة: انور مغیث، ل**53

9-**مالکولم برادبری، الحداثة، جزء الاول، ل**95

10-*TEDS Lewellen- An Introduction Policy anthropology – London- 1993 – P.114.*

11- **بودون بورکیۆ، سوسولوجیة الدولة، ل**144

12-(**لە گوتاری دیموکراسیەت و وەبیرهێنانەوەیەکی زۆر سادەی بنەما نەگۆڕەکانی دیموکراسییەتی زۆرو دیموکراسییەتی کەم - دیموکراسییەتی گەنج و دیموکراسییەتی پیر- لەکتێبی رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسییەت،ساڵی** 2000، ل25)

13-**بەختیار عەلی، کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی؟ بەشدارییەک لەو گفتوگۆیانەدا کە دەربارەی (شوێنی گەنجان لە کۆمەڵگادا) سازدەکرێت.رۆژنامەی هاوڵاتی، ژ**(101) **دووشەممە** 2⁄2⁄2002.ل9

14-**ئالان تۆرین، نقد الحداثة ، ترجمة: انور مغیث، دار الحداثة،** ل22-23

**سەرچاوەکان 3**

1-.(**بەختیار عەلی، دیار⁄نادیار، ئیمپراتۆرییەتی وەهم، گۆڤاری رەهەند،** 1998،5، ل40-41).

*2-"(**رۆژنامەی هاوڵاتی - ژ** 101 ،2⁄12⁄2002- **بەختیار عەلی، کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی ؟***

**سەرچاوەکان4:**

*1-Cornelius Castoridis:le monde morcele.*

رامین جیهانبەگلو، مۆدێرنێتەو دیموکراسیو رۆشنبیران، و. موسڵح ئیروانیو موراد حەکیم، ل100

2-عەلی حەرب، اوهام نوخبة او نقد المثقف، مرکز الثقافی العربی.1998،ل56

3-رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، چەند سەرنجێک بەپێپنوسی: بەختیار عەلی، مەریوان وریا، ئاراس فەتاح، رۆشنبیران لەنێوان رووداو بەرهەمهێنانی گوتاردا_ئاراس فەتاح، لەبڵاوکراوەکانی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، 2000،ل67

4-ئالان تۆرین، نقد الحداثة، ل22-23

5-بەختیار عەلی، دیار/ نادیار(2)ئیمپراتۆرییەتی وەهم، مانای تازەگەریو پەیوەندی بەمیکانیزمی کارکردنی گوتارەکانەوە، گۆڤاری رەهەند، ژ1998،5،ل57

6-تازەگەری، ئاسۆ جەبار ، لێکۆڵینەوە، 2002،ل27

7-بەختیار عەلی، چاوپێکەوتنێکو پاشکۆیەک دەربارەی پەیوەندی نێوان حیزبو رۆشنبیران، لەکتێبی: رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسییەت، 2000،ل17

<u>سەرچاوە 5</u>

1-مرسیا ئەلیاد –المقدس و العادی- فصل الثاني- الزمان و المقدس و الاساطیر، ص 67 – ترجمه د. عادل عوا.

2-مرسیا ئه لیاد- المقدس و العادی-المقدس السماوی والالهه السماویة –ص96

3-سفر التکوین –اصحاح. 18: 27"

4-مقدس والعادی -مرسیا ئه لیاد- ص63 – 1998 ترجمة: د. عادل عوا –دار الصحاری.

5-الصور و الرموز -مرسیا ئه لیاد- 1998 – ص20 ترجمة: حسیب کاسوحه

6-سفر التکوین –اصحاح- 18: 12-9"

7-فراس السواح –دین الانسان- ص57

8-مقدمة: الادیان في تاریخ الشعوب العالم سیرغی ا. توکاریف – و: د. محمد. م. فاضل

9-دین من نظرة علم النفس –ترجمه- نهاد خیاطة دمشق-1988- ص27.

10-فراس السواح –دین الانسان. ص251.

11-مرسیا ئه لیاد- المقدس و العادی- ترجمه عادل عوا. ص73.

12-مرسیا ئه لیاد- الصور و الرموز- ترجمة حسیب کاسوحة ص112-1998.

13-قلق البابلی= ن. ک. ساندراس: ترجمة قصیده السماویة في بلاد مابین نهرین – لندن 1971.

سەرچاوەکان 6:

1-الصور والرموز، میرسیا ئەلیاد- 1998، ترجمة: حسیب کاسوحة.

2-سفر التکوین- اصحاح- 18: 12-9

*3-Kertzer، David Ritul، Politics and Power "Ne Haven Conn: Yale University Press- 1088.*

4-ئاین لەگۆشەنیگای دەروونناسییەوە،و: نهاد خیاته دیمەشق، 1988ل 27.

5-براهمان: واته نەگۆڕی ئەزەلی و قووڵایی تەواوی بوون.

6-فراس السواح- دین الانسان- 251.

7-مرسیا ئەلیاد- المقدس والعادی- ترجمة- عادل عوا- لا 73.

8-مرسیا ئەلیاد- وێنەو هێماکان- و: حسیب کاسوحة- لا 112، سلی 1998.

9-قلق البابلی - ن. ك. ساندراس- "ترجمة" چامەی ئاسمان و دۆزەخ لە ناوچەی میزۆپۆتامیای دێریندا- لندن 1971.

*10-Pindar. Benin. Part. 6-4.*
*Pinar Songs. Translated by*
*C. M. Iora "Harmiondthors- 1069 P 206"*

## لە کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر

1-موسافیرو چاوەڕوانی نەورەسێك/ دیوانە شیعر، چاپی یەکەم 1998، لەچاپکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو روناکبیری گەلاوێژ

* چاپی دووەم 1999 /زنجیرە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی *TDC*.

2-کۆچو سەفەر/ لێکۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی کۆمەڵناسییە دەربارەی دیاردەی کۆچ لە جیهاندا بەگشتیو لە کوردستاندا بەتایبەتی ، چاپی یەکەم 2000 / لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم .

-کۆچو سەفەر/ چاپی دووەم 2001 بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی.

3-تازەگەری/ لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەییە دەربارەی تازەگەریو راڤەکردنی دیووە نادیارەکانی قەسیدەی رەنگدانی شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم 2003 چاپخانەی ئەهلی .

4-کۆمەڵگای داخراو/ رۆشنبیر، دەسەڵات، کۆمەڵگا

وتارو لێکۆڵینەوە، بەڕێوبەرایەتی چاپو بڵاکردنەوە،پایزی 2004

5-کۆمەڵگەی مۆدێرن/ دەربارەی دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، مەترسییەکانی تیرۆر، چاپی یەکەم: لەسەرئەرکی رێکخراوی(*RTI*)ی نێودەوڵەتیو چاپو بڵاوکردنەوەی لەلایەن رێکخراوی(*KIE*)ەوە.

6-غوربەتی فڕین/ دیوانی شیعر/چاپی یەکەم 2005، لەسەر ئەرکی بەڕێوبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی چاپکراوە.

**ئاماده بۆ چاپ :**

*1/دنیای پاش حیکایەتە گەورەکان / وتارو لێکۆڵینەوە*

*2/جەهلو دەسەڵات/ وتاری رەخنەیی*

*3/ کۆمەڵگەی کراوە/ وتارو لێکۆڵینەوە*

## سوپاسنامە:

**سوپاسگوزاری ئازیزو خۆشەویستم رۆشنا غەریب کە لەماوەی نوسینو سەرقاڵیمدا هاوکاری کردم، سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیزم خاتو ئاریان ئومێد کە بەشێك لە هەڵەچنی ئەم کتێبەی بۆ ئەنجامدام، سوپاسی تایبەتم بۆ یادگار ئەورەحمانو هەورامان وریا قانع.**

**ئاسۆ جەبار**


| | |
|---|---|
| گەندەڵی روناکبیری | 12-7 |
| رۆشنبیرو کۆمەڵگای داخراو | 70-13 |
| رۆشنبیرو دەسەڵات | 29-15 |
| -مۆدێلی رۆشنبیریی کۆمەڵگای داخراو | 42-30 |
| -رۆشنبیر بوونەورێکی قسەکەرە | 52-43 |

**پێڕست**


| | |
|---|---|
| -سەلەفیەتو کەلاوە مەعریفییەکانی | 70-53 |
| کۆمەڵگای داخراو | 134-71 |
| -نەوەی نوێو کۆمەڵگای داخراو | 96-73 |
| -کۆمەڵگا، کولتور، ئاین | |
| -تازەگەری کۆمەڵگای داخراو | 110-97 |
| -کۆمەڵگای حیزبسالاری لەبری کۆمەڵگای مەدەنی | 121-111 |
| نەوەی نوێ لەنێوان گرانەوەو داخراندا | 134-122 |
| لێکۆڵینەوە ئاینو کۆمەڵگا | 232-135 |
| ئاینە سەرەتاییەکانو کولتوری مەرگ | 166-137 |
| بەهەشتی ونو قەیرانی زەمەن | 199-167 |
| ئاینو تارماییەکانی... | 234-200 |
| دیالۆگو رەخنە | 295-235 |
| سەرچاوەکان | 297 |